خاوەکاری

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە
لە دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی
کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

التضامن

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە — ژمارە (٣٢٧) ٢١-٧-١٩٧٦ — « ٢٥ » فلس

هەشتەمین بیرەوەری شۆرشەکەتان بایەخێکی مێژویی گەورەو واتایەکی شۆرشگێری قوڵی هەیە ، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوە نیە کە شۆرش ئەو هەشت ساڵە بەردەوام بو ، هەرچەند ئەمە خۆشی گرنگە ، بەڵکە بە شێوەی سەرەکی لەبەر ئەو ڕێبازەیە کە شۆرش گرتویەتی‌و لەبەر ئەو بڵەیە کە پێی‌گەیشتوەو لەبەر توانای ڕەسەن‌و بەهێزیەتی لەسەر درێژە پێدانی ئەو ڕیبازەو بەرەو پێش چونی .

سەروك احمد حسن البكر

سەرۆکی فەرمانده : سۆشیالیستی ئامانجێکی بنەڕەتی‌یە لە ئامانجەکانی شورشی ١٧ی تەموزدا کە بێ‌وچان هەوڵی جێ‌بەجێ کردن‌و بەدی هێنانی ئەدرێ لەگەل گۆڕانی زەمینەو توانادا .

ڕۆژی هەینی ڕابوردو لەوتارێکی نەتەوایەتی گرنگدا کە لە ئیستگەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە بە بۆنەی بیرەوەری هەردو شورشەوەناراستەی کرد تیایا وتی :

سۆشیالیستی بە هەمو جێ‌بەجێ کردنیەکانیەوە بایەتی لێدوان نیە ، بەاس کردن‌و لێکۆلینەوە دو پرۆژەی پێویستن بۆ هەڵبژاردنی باشترین جۆری جێ‌بەجێ کردن کە لە ناخی شورشەوە هەڵقوڵاون وە لەگەل بارو زەمینەو پێویستی نیشتمانی‌و ئەتەوە بیماندا بگونجێ .

سەرۆکی فەرمانده باسی ئەو بڕیارە گرنگانەی کرد کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەری کردوە لە بارەی یەکسانی‌و زامنی کۆمەڵایەتی‌و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی بەشێکی زۆری هاوڵاتیەکان ، وە وتی : ئەم بڕیارانە بەروبومی ڕێبازی سوشیالیستی شورشی ١٧-٣٠ی تەموزی پیرۆزە کە قوڵی‌و بێ گەردی ئەسەلێنن .

سەرۆکی تێکۆشەر باسی ئەو هەنگاوە گەورانەی کرد کە شورش ناوێتی وە وتی : ئەم هەنگاوانە چەند ئەلقەیەکی تێکەوە بەستراون‌و بەرەو روی بنکەی شورشگێرانە ئەڕۆن کە هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەست نیشانی کردوە .

سەرۆکی فەرمانده لە وتارە مێژوییەکەیا باسی ئەو دەسکەوتە گەورانەی کرد کە لە ماوەی تەمەنی هەشت ساڵەی شورشی ١٧ی تەموزی نەتەوایەتی‌و سوشیالیستیدا بە دەست هاتوون وەکو لەناو بردنی کومپانیا ئیحتیکارەکانی سەر بە ئیمپریالیزم بە شێوەی یەکجاری کە بە میللی کردنی سامانی نەوت لەناوبران وە ئەمە بوە هۆی بەهێزبونی بنکەی ئابوری نیشتمانی‌و بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی‌و سوشیالیستی بە شێوەیەکی قوڵ‌و بەهێزبونی هاوبەیمانی نیشتمانی‌و چارە سەرکردنی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتیانەو دامەزراندنی سوبایەکی نیشتمانی نەتەوایەتی کە لە ناوجەرگەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی‌و سوشیالیستی حزبی سەرکردەوە هاتوە .. وتی ئەم دەسکەوتانە نمونەیەکی پاکی ڕێبازی شورش‌و ڕێڕەوەکەیەتی کە ئەبێتە بنکەیەکی بەهێزی بۆڵاین کە لە بواری گۆڕین‌و گەشە کردن‌و بەجێ گەیاندنی ئەرکی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌دا بشتی بێ‌ئەبەستێ .

دەقی وتارەکەی سەرۆك لە لایەرە سێ‌دا ئەخوێنیتەوە

کرێکارانی عیراق بایەخ بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ئەدەن

کرێکارانی عیراق بەیمانیان بە سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆرشی داوە کە زۆرتر لە هەمو کاتێك سور بن لە سەر بە هێز کردنی بەیوەندی‌و خۆ بەستنەوە بە ڕێڕەوی شورش‌و خۆ ڕاگرتن بەرامبەر بە ئەرکی لێ پرسینەوەی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی لە بینای بنیات نانی بنکەی بەرهەم هێناندا .

هەر وەها کرێکاران بایەخێکی زۆریان بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش داوە بەتایبەتی لە بارەی ئەو بەخشینی موخەسەساتەوە کە ئەدرێ بە ماڵ‌و منالیان‌و زامنی کۆمەڵایەتی بۆ هەمو هاو ڵاتیەکی بەکەوتو مسوگەر ئەکرێ .

بڕوانە ل ـ ٦

وەفدی کونگرەی گەلی عەرەب لەگەل سکرتاریەتی ڕێکخراوی گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا کۆبوتەوە

قاهیرە ـ ٢٠ی تەموز ـ ئا.د.ع :

وەفدی سکرتاریتی هەمیشەیی کونگرەی گەلی عەرەب بۆ پشتگیری کردنی جوڵانەوەی نیشتمانی لوبنان‌و بەرگریکارانی فەلەستین دۆئێنی لە گەل سکرتاریتی هەمیشەیی ڕێکخراوی هاریکاری گەلانی ئاسیاو ئەفریقادا لە قاهیرە کۆ بۆتەوە .

بڕوانە ل ـ ١

بڕوسکەیەک بۆ سەرەک کۆمار

سەرۆکی فەرمانده بەرێز احمد حسن البکر وەرامی بڕوسکەیەکی لە شێخ خەلیفەی کوری حەمەدی ئالی سانی نەمیری دەولەتی قطرەوە بێ‌گەیشتوە ، کە سەرۆکی فەرمانده بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخوشبو شێخ جاسم کوری حەمەدی ئالی سانی‌یە وە ، ناردبوی . ئەمەش تەواوی بڕوسکەکەیە ..

برای بەرێزمان فەخامەتی احمد حسن البکر سەرەک کۆماری عیراق .. بەو بڕوسکەی دلنەوای‌یەی ئیرەی بە ڕێز کە بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخوشبو شێخ جاسم کوری حەمەدی ئالی سانی‌یەوە بۆتان ناردبوین دلمانی هێنایەوە جی‌و زۆر سوپاسی ئەو دلنەوای‌یەتان لەکەین‌و داوا لە خوای میهرەبان لەکەین کە بتان هیلێت‌و هەمیشە ڕاوەستاوتان کات‌و لە هەمو بەڵایەک بەدورتان کات .

برایان
خەلیفە کوری حەمەدی ئالسانی

لە کاتی سەردانەکەی دا بۆ وەزارەتی نەوت :

سەرۆکی فەرمانده : بڕیاری میللی کردنی زەمەرکەوت و ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم پاشەڕۆژی گەلی عیراقدا دا کردەوە

سەرۆك احمد حسن البکر ئەوەی سەلماند کە پێویستە بە گورجی کاروباری دۆزینەوەو دیاری کردنی نەوت جێ‌بەجێ بکرێ‌و بیشەسازی پەتروکیمیاوی‌و زیادکردنی وزەی پاڵاوتن دابەزرێ لەپێناوی بەکارهێنانی ناوچەیی‌و ناردنە دەرەوەدا ، وە پێویستە نەخشەیەکی تەواو بۆ جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکانی گازو بەرهەم هێنانیان دابنرێ .

سەر لەبەیانی پیرێ سەرۆك لەکاتی سەردانەکەیا بۆ وەزارەتی نەوت لەگەل بەرێز تایە عبدالکریم وەزیری نەوت‌دا کۆبۆتەوە وەبە تەواوی گوێی‌بۆ باس کردنی فۆناغەکانی جێ‌بەجێ کردنی بڕۆژەنەوتیەکان گرتوە کە لە ولاتەکەی جێ‌بەجێ کردنیەن .. لەگەل سروشتی کارکردنی‌دەزگاکانی وەزارەتدا سەرۆك‌لەم بارەیەوە ئامۆژگاری کردن‌و بایەخی بە چالاکی وەزارەت ودەزگا جۆر بە جۆرەکانی داوە کە لەپێناوی سەرکەوتنی بەرنامەی شورش‌و داخوازیەکانیا هەول ئەدەن کە ئابوری‌نیشتمانی لەدەستی ئیحتیکارە بیگانەکان ڕزگار بێ .

سەرۆك لەکاتی قسەکردنەکەیا لەگەل وەزیری نەوت‌داباسی ئەوەی کردوە کە وەزارەت گەلێك ئەرکی گرنگی‌لە ئەستۆدایەو ئەبێ گەلێك‌لەو بەرنامە گەورانەی کەشە کردنی نەتەوایەتی جێ‌بەجێ بکات کەئەبنەهۆی پێشخستنی‌ڕەو ڕەوەی پیشکەوتن لە ولاتدا .

سەرۆك ئەوەی سەلماند کەبڕیاری میللی کردنە ئەمرەکەسەرکەوت‌و ئاسۆیەکی ڕوناکی نەك هەربۆ دواڕۆژی گەلەکەمان لە عیراقدا بەڵکو بۆ هەمو نەتەوەی عەرەب‌و گەلێك لە گەلانی جیهانا کردەوەکە یەکێتی پەرژەوەندی‌و داخوازی ناوکێی پێکەوە کێی کردوینەتەوە .

لە کۆتایی سەردانەکەیا کەسەعاتێکی خایاند ، سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر لەلایەن بەرێز وەزیری نەوت‌وجێگری وەزارەتەوە بەگەرم‌بەڕێ‌کرا .

ئا.د.ع

سەرووتار

لەبەر ڕۆشنایی وتارەکەی سەرۆکی سەرکرد.دا

بیروباوەڕو نیشانەواقیعیەکان

ئەو وتارە مێژوویەی کە سەرۆکی سەرکردە احمد حسن البکر بە بۆنەی جەژنە نەمرەکانی تەموزەوە دای ، هەموو لایەنێکی ئەو پەرەسەندن‌و گۆڕانانەی گرتەوە کە وڵاتە تێکۆشەرەکەمان لە سای شۆڕشی ١٧-٣٠تەموزی نەتەوەیی بێشکەوتنخوازدا ئەیبینێت‌و ، هەموو هەڵویستەکانی عیراقی شۆڕشی گرتەوە لەگشت کۆڕو لە هەموو بڵەیەکدا ، بەتایبەتیش بەرامبەر بەو پیلانەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم‌و کۆنەپەرستان کە ڕێژیمی سووریا لە لبنان‌دا جێ‌بەجێی ئەکات .

وتارەکەی سەرۆکی سەرکردە موژدەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشیشی پێ‌بڕو کە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی یەکسانی‌و جێ‌بەجێ کردنی دلنیایی کۆمەڵایەتی‌و بەرزکردنەوەی ڕادەی دەرامەتی چەند بەشێکی گەورەی هاوڵاتیانە .

ئەو بڕیارانەی شۆڕش کە کرێکاران‌و کاربەدەستان‌و پلەکانی پۆلیس‌و ئەمن‌و جنسیەو ڕێکاوبان‌و پاسەوانانی سنووری گرتەوە ئەو موخەسەساتەی ماڵ‌و ژندارێتی‌و منداڵی بۆ بڕینەوە کە بە مووچە خۆران ئەدرێت . لەگەڵ زیادکردنێکی ئاشکرای موخەسەساتی کرێکارانی پیشە کرانەکان‌دا ، ویست‌و هەوڵی شۆڕش دەرئەخات بۆ بەدی‌هێنانی بەرزترین بڵەی دەستڕێشتن بۆ هاوڵاتیان .

ئەم بڕیارانەی ئەنجومەن لەکاتێکا کە زیادکردنێکی تەواوی خستە سەر دەرامەتی چەند بەشێکی گەورەی ڕەنجدەرانی گەلەکەمان ، لەهەمان کات‌دا بەڵگەی ڕێگای سۆشیالیستی گرتە بۆ شۆڕشە سەرکەوتووەکەمان‌و نیشانەی چەوهەری فیکری حزبی سەرکردەیە .. حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب .

سەرۆکی سەرکردە دووپاتی کردەوە کە سۆشیالیستی ئامانجێکی ناوەندی‌یە لە ئامانجەکانی شۆڕش‌و ، « سۆشیالیستی بەگشت جۆرەکانی جێ‌بەجێ‌کردنییەوە جێگای گفتوگۆ لەسەرکردن نییە .. گفتوگۆو لێکۆلینەوەی ڕەواو پێویست لەوەدایە باشترین جۆری جێ‌بەجێ کردن هەڵبژێرین کە لە بیروباوەڕی شۆڕشەوە هەڵقوڵابێت‌و لەگەڵ بارودۆخ‌و پێویستیەکانمان‌دا بگونجێت ...

هەنگاوەکانی شۆڕش لەماوەی هەشت ساڵی ڕابوردوودا ڕووی کردبووە بەدی هێنانی دەستکەوتی بنەڕەتی لە کۆرەکانی چاکردنی کشتوکاڵ‌و ، زیادکردنی دەوری کەرتی گشتی لە بازرگانیی ناوخۆو دەرەوەداو ، فراوان‌کردنی بنکەی پیشەسازی‌و ، زۆرکردنی قەبارەی خزمەتگوزاریەکان بە مەبەستی سەرەتای پێویست دانان بۆ گواستنەوە بەرەو سۆشیالیستی .

بڕوانە ل ـ ٢

جەنگاوەرەکانی « تل الزعتر » پەلاماری ژمارە ٦٢ی گۆشەگیرەکانیان شکاند

بیروت ـ ئاژانسەکان :

شەرکەرو فیداکارانی هێزەهاوبەشیەکان گۆشە گیرەکان‌و هاو بەیمانەکانیان کەوەکو دیمەشق بێ تێك شکاندۆتەوەکە ئەیانویست تل‌الزعتر لە ماوەی ٤٨ سەعاتی ڕابوردوا .

سەرچاوەیەکی ئەسکەری لە سەرکردایەتی ناوەندی جوڵانەوەی‌نیشتمانی‌و شورشی فەلەستین‌دا وتویە : پەلاماری ژمارە ٦١ لە هەمو لایەکی هەوارگە کەوە دەستی پێ‌کردو تانک‌و توپ‌و زریلی‌یەکان یەکبین بەچەکی هەمە جۆرەو ساروخ‌و شەستیرەوە ئاگر بارانی هەوارگە کەیان ئەکرد .

سەرچاوەکە ئەڵێ هێزە نیشتمانیە هاوبەشەکان بەربەرچی ئەم پەلامارەیان دایەوەو تۆپەکانی هێزە نیشتمانیەکان لە دەرەوەی هوردو گاکەوە هێزە دەستدرێژ کارەکانیان تۆپ باران ئەکرد .

ئەو هەواڵانەی هاتون وائەگەیەنن کە ژمارەی ئەو گوژراوانەی شەڕی ناوخۆی لوبنان لە سەرتاوە تا ئیستا کە ١٦ مانگ ئەبێ گەیشتۆتە ٣٢ هەزار کوژراو جگە لەوەی کە بە هەزارانی تربرینداربوون .

لەلایەکی ترەوە زایۆنیستە دوژمنەکان لەم دواییەدا دەستیان بەسەر چەند بارچە زەویەکی تازەی تری خواروی لوبناندا گرتەوە خستویانەتە سەر خاکی داگیرکراوی فەلەستین‌و چەند بنکەیەکی ئەسکەریان تیا داناوەو دەورو بەرە کەیان پرکردوە لە نارنجۆکی ژێر زەمینی .

ئەو هەواڵانەی لە خاکی داگیرکراوەوە گەیشتۆتە بیروت وائەگەیەنن کە زایۆنیستەکان لەم دواییەدا ٥٠ دونم زەوی وزاری کشتوکاڵی لە شاری الظهیرە دایر کردوەو کردویتی بە هوردو گاو بەرژینی کردوەو نارنجۆکی لە دەورا شاردۆتەوە .

پتری قسە کەرێك بەناوی باڵوێز خانەی ئەمەریکاوە لە بیروت وتویە : بڕیاردرا رویشتنی ئەو (٤٠٣) کەسە بیگانەیە دوا بخرێ کە (١٤٣) کەسیان ئەمەریکاین بە بۆنەی مەترسی ڕێگای نێوان بیروت‌و دیمەشقەوە .

وەلە بیروت باڵاو کرایەوە کە ڕائد عبدالسلام جلود بە تەلگراف لەگەڵ سەرکردایەتی بەرگریکارانی فەلەستین‌دا قسەی کردوەو ئاگاداری کردون کە لە پرسراوانی ڕێژیمی سوریا ئەیانەوێ بەر لە کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە صوفر لەرۆژ هەڵاتی‌بەیروت وەفدێکی فەلەستینی بچێ بۆ دیمەشق‌و لەگەلیانا کۆببنەوە .

چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژنامە نوسی وایان گەیاندوە کە فەرمانڕەوایانی دیمەشق ئەیانەوی بەر لەکشانەوە چاویان بە وەفدەکە بکەوێ‌و بڕوانگەندە دژی‌یەك ڕابوە ستێنرێ . وەهەروەها وتویانە یاسر عرفات سەرۆکی لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستین ئاگاداری قسەکانی ڕائد عبدالسلام جلود بوە وە داوای کردوە کە ئەوبەڵێنانەی لەمەوبەر ڕێژیمی سوریا داویتی لەبارەی کشانەوەی هێزەکانیەوە بیهێنێتەدی لە صوفرو هەمو ئەوگیراوانە بەرەڵلا بکات بەرلەوەی وتوێژ لە نێوان هەردو لادا دەست پێ بکات .

سەرکردایەتی فەلەستین ئەم مەرجانەی ڕێژیمی سوریای بەوەداناوە کە خۆی ئەخلافێنێ لە کشانەوەی هێزەکانیا بەپێی بڕیارەکانی کونگرەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب .

بریجنیف داوای کشانەوەی هێزەکانی ڕێژیمی لادەری کردوە لە لوبنان‌دا ..

ڕۆژنامەی لوموندی فەرەنسایی پیری هەندێ شوێنی ناو یەناوی ئەونامەیە بڵاو کردۆتەوە کە لیونید

بڕوانە ل ـ ٢

Institut kurde de Paris

راپۆرتی سیاسی

لوبنان لەبەرچی...؟! وەچۆن ؟!

● نوسەری سیاسی هاوکاری نوسیوە ئەڵێ :

لە مانگی نیسانی ١٩٧٥ەوە وڵاتی لوبنان بۆتە مەیدانی بەلامارەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بەو مەبەستەی کە شۆڕشی فەلەستین لە ناو بەرن و جوڵانەوەی نیشتمانی لوبنان تێك بشکێنن ، وە ئەم کۆتاوەش لەلایەن کۆشە گیرەکانی لوبنان و ریژیمی لادەری دیمەشقەوە جێبەجێ ئەکرێ بۆ ئەوەی بەیاری فازانجی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو زایۆنیستەکانا بشکێنەوە .

ئەم بەلامارە ساماناکە خوێناویە کە هەمو روکارە کانی ناشکرایە دوایە دوای ئەو ریکەوتننامەی خۆ بەدەستەوە دانەو جیا کردنەوەی هێزەکان بوو لە بەردەگاکانی سوریاو میسر بەرامبەر بە فەواردی زایۆنیستەکان ..

ئیستا بە هۆی کرداری ریکخراوە راتردوەکانو لادەرەکانەوەو ئەو سیاسەتە نالەبارەی کە لە کەل ئاوات و ئامانجی جەماوەردا ناکونجێ ناوچەکە گیرۆدەی بارێکی ناخۆش و ئالۆز بووە .

ئەم بارە ئالۆزە بە شێوەیەکی سەخت و تیژ وە لە بەر چەند هۆیەکی تایبەتی لە وڵاتی لوبناندا هاتۆتە دی ، وە لە پیش هەمویانەوە بە هۆی سروشتی ریژیمی لەبەرمالردوای لوبنان و فراوان بونی جوڵانەوەی نیشتمانی و یەکانگیربون و هاریکاری لەگەل بەرگریکارانی فەلەستین کە ئەمە گەورەترین مەترسی بۆ سەر قازانجو بەرژەوەندی گۆشەگیرەکان و خۆ بەدەستەوە دەرەکان هەیەو ئامانجە دوژمنایەتکاریە کەیان لاواز ئەکات .

لە ماوەی چەند مانگی رابوردوا بە هۆی ئەو کارەساتە خوێناویەی لوبنانەوە گەلێك شت روون کراوەتەوە لایەنەکانی ئەو پیلانە گەورەیە ئاشکرا کراو ئەوانەش دۆزرانەوەو دەرکەوتن کە دەستیان لەم پیلانەدا هەیەو بۆ چ مەبەستێك ئەم کارە ئەکەن .

ریژیمی لادەری سوریا لە پێشەوەی لایەنەکانی ترەوە بە هەمو هێزو توانایەکیەوە لە گەل هاوکارەکانیا خەریکی جێبەجێ کردنی ئەخشەکانی ئیمپریالیزمە بۆ لەناوبردنی بەرگریکارانی فەلەستین و جوڵانەوەی نیشتمانی لوبنان .. وە بۆ ئەم مەبەستە لە گەل هێزە واسترەوەکانی لوبنانا دەستی تێکەڵ کردوەە بە پێی پلانەکانی واشنتون ئەجولێتەوە .. کە چەندەها جار لە سەر زمانی لێ پرسراوانیانەوە ئەوە ئاشکرا کراوە کە قایلن بەو دەورە تاوانباریەی ریژیمی دیمەشق لە لوبناندا ئەیگێڕن ..

ریژیمی لادەری سوریا رواڵەتی عەرەب و هەلویستی ڕاڕایی بۆ لایەنە کۆنە پەرستەکانی عەرەبی بەکار هێناو پشتگیری کردنی ئەمەریکاو زایۆنیستەکانی بەدەست هێناو هێزێکی زۆری لەو ناوچەو شوێنانە مژڵدا کەهێزەکانی بەرگریکارانی فەلەستینو جوڵانەوەی نیشتمانی لوبنانی تیا هەیەو ئابڵۆقەی ئەو هێزانەی داوەو داوایان لێ ئەکات کە چەکەکانیان بەدەستەوە بدەن . ئەم ریژیمە گومان لێکراوە هەر خەریکی جێبەجێ کردنی نەخشەکانی خۆی بوو ، وە لە چەند شوێنێکیدا جوە بەهاناو هاواری هێزی گۆشەگیرو تایەفە کەریەکانەوە ، وەشان بەشانی ئەو هێزە کۆنەپەرستە دژوارانە لە تل الزعترو بعلبك و الکورەو طرابلس لە گەل هێزە نیشتمانیەکانو بەرگریکارانی فەلەستینداکەوتۆتە شەرەوە .

لە گەل ئەو هەمو بەلامارداناو بە کارهێنانی چەکی هەمە جۆرەبو تۆپی گەورەو شەستیرو ساروخەدا سوشی فەلەستینو جوڵانەوەی نیشتمانی بەگیانێکی بەرلە قارەمانەتیەوە بەر بەرچی دەست درێژیەکانی ریژیمی لادەری سوریاو کۆنەپەرستە گوشەگیرەکانیان داوەتەوە ، وە بە جوانترین شێوەی خەباتی ناوکۆبی و تیانی لە خۆ بوردنەوە بەرەنگاریان کردون .

چارەسەرکردنی کاتی و سەرەتایی بۆ ئەم کارەسانە بەر لە هەمو شتێك ئەویستە هێزەکانی ریژیمی لادەری دیمەشق لە هەمو خاکی لوبناندا بکشێتەوەو لە هەمو لایەکەوە شەرەکە رابوەستێنێ و ئەو گەمارۆدانەی هەواری پەنابەرەکان لا بەرێ و ئینجا ئەتوانرێ پشت بەو بەرنامەی چارەسەر کردنە بەسترێ کە بەرەی هێزو حزبە نیشتمانیەکان وەکو بەلگەیەکی باسایی و بارمنەی کارکردنی لوبنانێکی تازە دایان ناوە .. وەدان بەوەدا بنرێ کە بەرگریکارانی فەلەستین لە خاکی لوبناندا مافێکی شەرعی نیشتمانیەر وەرانەیە .. وە پێویستە لە پێناوی بەدی هێنانی ئامانجە پیرۆزە کانیا خەبات بکات ، وە ئەمرۆ بەتایبەتی لە دوای ئەوەی کە جامیعەی دەولەتانی عەرەب نەیتوانی چارەسەری مەسەلەکەی لوبنان بکات بەهێزی یاخیبونی ریژیمی لادەری سوریاوە کە بە قسەو بریاری جامیعەی عەرەب نەجولایەوە ، ئەوا هەمو وڵاتە عەرەبیەکان بانگ ئەکرێن کە بە پێی توانا و بە هەمو جۆرێك یارمەتی گەلی لوبنان بدەنو پشتگیری ئەو خەباتە رەوایەیان بکرێ .. چونکە ئەرکی قۆناغی ئیستای وڵاتی لوبنان لە ئەستۆی هەمو جەماوەری عەرەبە بەتایبەتی کە مەسەلەی بنەڕەتی شورشی فەلەستین دو جاری ئەم پیلانانە بووە .. وە پێویستە لەسەر هەمو لایەنە نیشتمانیەکانی عەرەب هەمو هێزو توانایان بەکار بخەن بۆ ئەوەی ئەم پیلانە نالەبارە لە ناو بەرن .

ئەوئیمپراتۆریەتەی خەریکە بوگرن ئەگا

ساڵەهای ساڵە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی وەك ئیمپراتۆریەتێك دەسەڵاتێکی تەواوی خۆیان بە سەر پیشەسازی ئەوتداچەسباندوە تا شەڕی تشرین بەرپا بوو بە بەرپا بونی ئەم شەڕە نینۆکی برندەو تیژی وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوتدەرکەوتو کەوتە روشانو بریندارکردنی لەشەفەسانا وێکەی کۆمپانیکان .

لە جارە رەشی ئەو بێجگە لەو ریکەوتنەی لە کۆمپانیایانە وە نەبێت هەر لە دەرەوە بدریندار کرا بێت ، بەلکو لە ناوشەوە گەلێك بریتی کوشندەی لە لەشی کراوە دوایی ئەو زەبرو بریانە بۆژەی ئەو یاسایەیە کە لیژنەی دادگای ئەنجومەنی بیرانی ئەمەریکا ، داوای لەو کۆمپانیایانە کردوە کە لە مەیدانی نەوتودا ئیش ئەکەن ، بیوستە جالاکی خۆیان بۆ یەشتێك لە بەسەکانی ئەو پیشەسازییە تەرخان بکەن .

وەك ئاشکرایە ژمارەی ئەو کۆمپانیا ئەمەریکایە گەورانەی لە مەیدانی نەوتدا کار ئەکەن ژمارەیان ١٨ کۆمپانیایە ئیشوکاریان لە دەمی بیرنەوتەکەوە دەست پێ ئەکات تا ئەگاتە ناو بەنزینخانە .

کۆمپانیکان کانە ئەوتەکان ئەدۆزنەوەو بەرهەمی ئەهێنن و ئەی گوێزنەوە بۆ کارگەی پالاوتن و ئەی پالیون و لە پاشدا بە سەر بەنزینخانەکاندا دابەشی ئەکەن ..

ئابەو جۆرە کۆمپانیکان هەمو مەیانێکی پیشەسازیی نەوتیان گرتۆتە دەست خۆیان قانزاجی وا ناکرێت ..

خاوەن یاساکە وایان لێکداوەتەوە ، کە جێبەجێ کردنی ئەو یاسا نوێیە رێگا لەو کۆمپانیایانە ئەگرێت کە دەست بە سەر بازارەکاندا بگرن و بە ئارەزوی خۆیان نرخ دابنێن ، بەو جۆرە بازارو کریارەکان رزگار ئەکات و ناچار نابن کە مل کەچی ئەو نرخانە بن ئەو کۆمپانیایانە لە بازارەکاندا فەرزی کردوە ، بەو شێوەیە دور نیە لە پاشە رۆژدا نرخ کەم بکاتەوەو کارگە بە رێوەی ئەبات ، وە داشکێت .

ئەم یاسا تازەیە ریچکەی ئەو جۆرەکارکردنە ئەشکێنێتو کۆمپانیکان ناچار ئەکەن کە لایەنێك لەو لایەنانەی کاری نەوت بۆ خۆیان هەلبژێرن ، بەرهەم هێنان بێت ، یا پالاوتن ، یا فروشتن یا ساکە لە ئەنجومەنی بیراندا رەزامەندی وەرگرتوە ، ئەگەر بێتو گونگرەسی ئەمەریکا لە سەری قایل بێت ئەوە بیشەسازی نەوت ئەکەوێتە سەردەمێکی نوێوە .. لایەنگیرانی یاساکە بەلگەی دەرکردنی ئەو یاسایەیان ئەوەیە کە لە بەر ئەوەی لە دۆخێکی تایبەتیدا ئیحتکار نابێت لە ناو وڵاتە یەکگرتۆکانی ئەمەریکادا بکرێتو تەنیا ١٨ کۆمپانیا توانیوێتی بە شێوەیەکی رێك وپێك ئەو ئیحتکارە بکاتو رێگا بە هیچ کۆمپانیایەکی تر نادات کە لەو مەیدانەدا بەربەرەکانی بکات لەو رێگایەوە قانزاجێکی ئەوتۆیان کردوە کە لە هیچ لقێکی پیشەسازی تردا ئەوەی راستی بێت پیشەسازی نەوتی ئەمەریکا لە باریکی ئالوزاوی گەورەدا ئەژی .. چونکە خاون زەوی خاوەنی ئەو نەوتەیە کە لە ژیر زەویکەیدایە .. لە گەل ئەوەی ١٨ کۆمپانیای گەورە لە ناو ئەمەریکادا بە تەواوی دەستی بە سەر پیشەسازیی نەوت داگرتوە لە هەمان کاتدا ١٠ هەزار خاون نەوت هەیەو ١٣١ کۆمپانیای نەوت پالاوتن هەیە کە ٢٧٠ کارگە بە رێوەی ئەبات ، وە

پروانە ل ٧

سەر وتار « پاشماوە »

لەگەل ئەوەشدا کە ئەرکەکانی بەرەو سۆشیالیستی چوون پێویستی بە بەرکارخستنی هەموو توانا مادییەکانی وڵاتەکەمان هەیە بۆ مەسەلەی پەرەپێدانی خێراو دروستکردنی بنکەی پیشەسازی ، شۆڕش - بەپێی باوەڕی مرۆڤایەتی - کرنگییەکی تایبەتیشی بە باشترکردنی رادەی دەرامەتی هاووڵاتیانداە .. ئەویش لە رێگەی بەرزکردنەوەی توانای کرینیانو ئەرکی بارەیەکی زۆر خستنە سەر بودجەی وڵات لەبەرهێنانی فرۆشتەمەنی پێویستو فرۆشتنەوەی بە نرخێکی هەرزان .

لە لایەکی تریشەوە ، وتارەکەی سەرۆکی سەرکردە دووبات کردنەوەیەکی باری سەرنجی بیروباوەڕانەی ئەکۆڕاوی شۆڕشە لە چەندوچوون کردنیداە لەگەل مەسەلەکانی ئەلی کوردمان ، ئەو باری سەرنجەی کە لە هەلویستێکی بیروباوەڕانەو رەوشت بەرزانەی واوە هەلقولاوە کە هیچ بارودۆخو گیرو گرفتێکی ئالۆزو هیچ هەولێکی پیلانگێڕانەی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستان کاری تێ ناکات .

بێداگرتنی سەرۆکی سەرکردە لەسەر هەول دانی زیاتر لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیداە زیادکردنی ئەو هەوڵانە ئەگەیەنێت کە ئیستا ئەدرێتو ، بۆ ئەوەیە هەموو توانایەك لەپێناوی زیادکردنی گشت جۆرەکارێكداە کارکردن لەناوچەکەداە یەك بخرێتو خێراتر بەرەی پێبدرێت تا پالاوبوونەوەی پەلوپۆی شۆڕش ئەنجامو دەستکەوتەکانی بەتەواوی بهێنێتە بەر ، سەردانەکەی داوەو پەیوەندیەیان لە گەل رێکخراوو دەزگاو کۆمەلە ناوچەی و دەوڵەتیەکانو پیاوە گەورە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەداە کردوە .

وەفدەکە لە ماوەی سەردانەکەیانا لە قاهیرە کە دو رۆژ ئەخایەنێ لە گەل یەکێتیو رێکخراوە عەرەبیەکانو پیاوە گەورە سیاسیەکانا کۆ ئەبنەوەو لە بارەی ئەنجامی گەشتەکەیانەوە ئاگاداریان ئەکەن

ئەم دواییەی هاوری تیکۆشەر صدام حسین - جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشیش لە پارێزگاکانی ئەو ناوچەیەدا لە چوارچێوەی گەشتەکەیداە بە ناوچەی باکووردا ، لەم چوارچێوە راستەوە هەلقولاوە کە شۆڕش روی تێ کردووە بۆ هەولی زیاتر گرنگیدانی زیاتر بەم ناوچەیە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامو پلانە گەشەپێدانەکان بەجۆرێك تاقی کردنەوەی ئۆتۆنۆمی قوولتر بکاتەوەو زیاتر بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردمان لە جوارچێوەی یەکێتی عیراقداە بەخاك و گەلو چارەنووسەوە خزمەت بکاتو ، رادەی ژیانی ئابوورییو کۆمەلایەتیو سیاسیی هاووڵاتیان بەرزتر بکاتەوەو ، پێکەوەنووسانی هەموو هێزە خێرخوازەکانی گەلەکەمان بتەوتر بکات لەرووی پیلانەکانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانداە .

سەرکەوتن بۆ گەلە مەزنەکەمان .

● هاوکاری ●

وەفدێکی (پاشماوە)

دکتور مهدی الحافظ ئەندامی وەفدەکە سکرتاریتی ناوبراوی لە بارەی ئەنجامی گەشتەکەوە ئاگادارکردوە کە بە سەرۆکایەتی هاوڕێ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب وە سکرتیری گشتی ئەمیندارێتی هەمیشەیی کونگرەکە سەریان لە براگ و پاریس و رومە وەفدەکە لە گەل پەیوەندیەکانی لە گەل رێکخراوە کۆمەلە ناوچەی و دەوڵەتیەکانو پیاوە گەورە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانەداە کردوە .

وەفدەکە لە ماوەی سەردانەکەیانا لە قاهیرە کە دو رۆژ ئەخایەنێ لە گەل یەکێتیو رێکخراوە عەرەبیەکانو پیاوە گەورە سیاسیەکانا کۆ ئەبنەوەو لە بارەی ئەنجامی گەشتەکەیانەوە ئاگاداریان ئەکەن

بەریوەبەیی دەزگای وزەی دەوڵەتان ئەڵێ :

ئابوریمان توشی هەرەسی هێنان ئەبێ و لەم سەردەمەدا هیچ شتێ جێگای نەوت ناگرێتەوە

کاتی دەزگای وزەی وڵاتان دامەزرا ، وڵاتە خاوەن پرۆژەکانی ئەو دەزگایەوەکە ئەمدەزگایە بە بارسەنگێکی رێکخراو «ئوبك» بە تایبەتی لەوەدا کە بتوانێت کار بکاتە سەر نرخی نەوتومەترسی تر نەهێڵێت .. بەڵام لەو ساڵو نیوی ئەمەنی ئەم دەزگایەدا لە چەند هەنگا وێکی بچوك بەو لاوە هیچی تری جێبەجێ نەکردوە .. بەڵام سەبارەت سیاسەتی وزەدەربارەی ئەو ١٨ وڵاتەی ناو دەزگاکە هەنگاوەکان بایەخدار بون . رۆژنامەی « نیوزیك » ماوەیەك لەمەوبەر سەبارەت نەخشەو پرۆژەکانی ئەو رەزگایەوەگفتوگۆی لە گەل (ئەلف لانتزك) داکردوە کە ئەویش بە رێوەبەری گشتی دەزگاکەیە :

نیوزیك :

بە رای ئیوە ئەم بریارەی دوایی رێکخراوی « ئوبك » کە دوانرخی ئیستای نەوت رەچاو بکات ، مەترسی بەرز بونەوەی نرخی نەوتی نەهێشتوە ؟

لانتزك :

لای من وا نیە . ئەو کارە بەیوەندی بە وزعی بازارە وە هەیە ، چونکە هەر چەند بیویستی بکەوێتە ئەوتەوە ئەوەند بەرەو ئەوە ئەروات کە نرخی بەرزتر بکرێتوە ، کە ئەویش کارێکی گەورە ئەکاتە سەر ئابوری دنیا .

نیوزیك :

لە زۆر لە وڵاتە پیشەسازیکاندا تەنگو چەلەمەی نەوت وەك شتێکی گرنگ لێ هاتوە ، تۆ ئەلێیت چی ؟

لانتزك :

لەوەی راستی بێت دنیا لیرا کەمتر بایەخ بە تەنکوچەلەمەی نەوت ئەدات ، ئەو مەسەلەیە ساڵی ڕابردو ئەوەندە بی بایەخ بو بو وام لی هاتبو کە بەو مەسەلەیە دلتەنگ بم و خەمم لێ بێت چونکە نابێت ئەوەمان لە یاد چێت کە نەوت سەرچاوەیەکی گەورەی وزەیەو رۆژ بە رۆژیش لە کەم بونەوەدایە ، لە بەر ئەوە تەنکوچەلەمەی وزە تەنکوچەلەمەیەکی درێژ خایەنە .. تەواو بونی نەوت لە هەموشتێ زیاتر لێمان دیاری ئەدات ، ئەبی سەرنجی شتێکی گرنگی تر بدەین ئەویش ئەوەیە کە ئابوریمان بەرەو هەرسهێنان ئەروا نێت ، چونکە تا ئیستا پشتمان بە نەوتی وڵاتەکانی رێکخراوی « ئوبك » بەستوە .

نیوزیك :

لەوە ئەچێت ، ئیوە مەبەستان ئەوە بێت کە وڵاتە خاون پیشەسازیی یەکان سەرچاوەیەکی تر بۆ وزە بدۆزنەوە ، بە تایبەتی وزەی ئوتومی ؟

لانتزك :

بەلی .. من وا بە چاك ئەزانم کە دەوڵەتە پیشەسازیی یەکان پرۆگرامیکی تیژوبر بو وزەی ئۆتۆمی دابنێن ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنی کە گورج و گۆڵو چالاکانە بە سەر گیر گرفتەکانی بیئەدا سەرکەونو ئەو گیرو گرفتانە نەبێتە کوسپێکی وا لە بەردەمیدا دابمێنن و دەستە ئەژنۆ بۆی دانیشن .

نیوزیك :

ئەتەوێت بڵێی کە بگەرێنەوە بۆ ئەو دەست پێوە گرتنەی « تقشف » لە سەرەتای تەنکوچەلەمەی نەوتا دەستیان پێ کردبو ، وەك راگرتنی نوتۆمبیل لە رۆژانی پشوودا ، دەست پێ وەگرتن لە بەکار هێنانی گازدا .

لانتزك :

بڕۆگرامێکی لەم شێوەیە تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم گیرو گرفتەکە چارە سەر ئەکات ، وا بزانم ئیمە ئامانجەوێ چارەسەری چارەگرفتی وزە بکەین و چەند ئەو گیرو گرفتیکی ئابوری تر بنێینە کایەوە ، ئەبی رژێمی ئیستالای ئابوریمان بەرەبەرە بگورین ، هەوڵێکی گەورە بدەین کە وزە لە پیشەسازی تواستنەوەدا بەکار بهێنین ، بە تایبەتی لە ئیش و کاری ناومالدا ، ئەمرۆ کە تەکنە لوجیا ئەوەندە پیشکەوتوەو ئەوەندە زۆرە کە بتوانین بە شێوەیەکی ئابوری بە کاربی بهێنین و زۆر نەکەوێت لە سەرمان دەزگا پێشەسازیکان ئەبێ ئەوە لە بیرنەکەن کە بازارێکی گەورەی ئەکنەلۆجیا هەیەو ئەتوانن وەختی سەرچاوەکانی وزە نرخیان زیادی کرد بە کاری بهێنن .

نیوزیك :

بە رای ئیوە ئیستاش رێکخراوی « ئوبك » وەك سەردەمی تەنکوچەلەمەکە وەزی بە توانایە ؟

لانتزك :

من هیچ لاوازیەك لە هەلویستەکانی ئیستای (ئوبك)دا بەدی ناکەم .. هەر چەند هەندێك جیاوازی لە نیوان بیروڕای ئەندامەکانی ناوریکخراوی ئوبكدا هەیە .. بەڵام رێکخراوەکە لە ساڵی سەستەکانەوە توانیوێتی سیاسەتێکی درێژ خایەن دابنێت بە بێچەوانەی ئەو رایەوە کە وا ئەزانن لە ساڵی ١٩٧٣ وە ئەو سیاسەتەی داناوە .. ئەوان سیاسەتێکی پتەوی یەکگرتویان هەبو ، توانیان نرخی نەوت هەلکێشن .. بە رای من هیچ شتێکی ئەوتۆ لە نارادا نیە کە ئەو سیاسەتەیان بڕبگۆڕێت .

نیوزیك :

ئەگەر وڵاتە خاون پیشەسازیکان زیاتر پشت بە بڕۆگرامی کۆکردنەوەو دەست بڕەوگرتنی وزە بەستن ئایە ئەوە نابێتە ئەوەی ئەمە تەنگ بە رێکخراوی ئوبك هەلچنێت بۆ ئەوەی نرخی نەوتی داشکێنێ ؟

لانتزك :

ئا لەم کاتەداو بە ماوەیەکی کەم ئەوە ناکرێتو بێك نایەت ئەویش لە بەر چەند هۆیەك ، ئیمە لە رژێمێکی ئابوری وا دانەژین کە پشت بە سەرچاوەی وزە نەبەستێت کە ئەویش رژێمکە لە ماوەیەکی بەر لە ئیمرۆوە لە سەری رویشتوین و بە کار هێنانی ئوتۆم بە شێوەیەکی فراوان بیویستی بە ٨ ساڵی هەیە بەڵای کەمەوە ! وە دە ساڵیش بۆ بەکار هێنانی بڕۆگرامی دەست پێوەگرتنێکی تر بە تایبەتی لەمەیانی گواستنەوەدا کە ئەویش پیویستی بە گورینی سەرانسەری پیشەسازی ئوتومبیل هەیە . کە ئەویش پیویستی بەماوەیەکی زۆر هەیە تا ئەو دۆخە هەموی بە تەواوی ئەگوردرێت .

نیوزیك :

دەزگای وزەی دەوڵەتان ئەخشەیەکی گشتی ی هاوکاری داناوە کە لە ناو خویاندا بەیرەو بکرێت بە تایبەتی لە مەیانی وەزەداو ئەگەر هاتو ئەکوچەلەمەیەکی تری نەوت رویدا بەوە ، ئەو ئەخشەیە چۆن ئەخرێتە کارو چونە ؟

لانتزك :

سێ شت لە رژێمکی ناناسایدا بە کار ئەهێنرێت یەکەمین :ئەوەیە باشەکەوتەی نەوت بە جورێك کۆنەکەینەوە کە پیشەسازی ئەو کەمی یەی بیوە دیاری نەداو کار نەکاتە سەر رژێمی ئابوری دنیا ، هەوڵی ئەوەش ئەدەین کاتێکی وا دانێین کە بە چاکی لە گەل ئەو دۆخە تازەیەدا رابێین دووهەم .. رێکەوتنێك لە نیوان وڵاتانی ناودەزگای وزەی وڵاتاندا هەیە کە لە کاتی ئەکوچەلەمەدا ئەو نەوتەی دەستیان ئەکەوێت هەر کەسە بە قەدەر پێویستی خۆی هاو بەشانە دابەشی کەن سێهەمین : رژێمی کاری ناناسایی رێگەی ئەوەمان ئەداتی کە لە کاتێکی ئەو تودا گفتو گویەکی راستەو خۆ لە گەل یەکتردا بکەین ئەوە بو لە ئەکوچەلەمەکەی پیشودا هیچ جورە رێکەوتنێکی وا لە ناو وڵاتە پیشەسازیکاندا نەبو .

نیوزیك :

ئەکوچەلەمەکەی جاری پیشو دەرسی وڵاتە خاوەن پیشەسازیکانی داداوە ؟

لانتزك :

بەلی ، بەڵام مەترسی ئەوە هەیە کە بە زویی ئەو دەرسەمان لە بیر بچێتەوە ، هەر وەك بە زویی دەرسە کەمان وەرگرت .

جەنگاوەرانی (پاشماوە)

بریجنیف سکرتیری گشتی حزبی کومونیستی سوفییەت بۆ حافظ ئەسەدی ناردوەو تیایا داوای کردوە کە هێزە کانیان لە خاکی لوبناندا بکشێنێنەوە .

سەرکردایەتی ناوەندی جوڵانەوەی نیشتمانیو شورشی فەلەستینو دوێنی شەوی رابوردو کۆ بونەتەوە و باسی گیروگرفتەکانی وڵاتی لوبنانیان کردوە . وە بریاریان داوە وەفدێك بنێرن بۆ دیمەشق کە مەرجەکانی جوڵانەوەی نیشتمانیو بەرگریکارانی فەلەستین لە کۆبونەوەی نیوان هەردو لادا بگەیەنن .

جوڵانەوەی بەرگریکارانی فەلەستینو هێزە نیشتمانیەکان ئەوەیان سەلماندوە کە پێویستە هێزەکانی ریژیمی سوریا لە چەند شوێنێکی جۆر بە جۆری شاری بعلبك دا خۆیان قایم کردوە ، وە وتویە ئەم هێزانە رێگای لوبنانیەکان نادەن بچنە شارەکەوە ئەگەر فەرمانی رێگادانی تایبەتیان پێ نەبێ .

هەر وەها وتویە : هەمو ئەو کەسانە بە وردی ئەبشکنن کە ئەچنە ناو شاری بعلبکەوە .

نیە هەر وەکو دوا گیروگرفتمان نیە کە دو چاری بوبین . هەر وەها وتویە بەرگریکارانو جوڵانەوەی نیشتمانی بەهێزەو هەلویستمان لەهەموروبەکەوە توانای تەواوی هەیەو ئەتوانین هەمو جۆرە گیروگرفتێك چارەسەر بکەین .

لە لایەکی ترەوە یاسرعرفات سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کردنی رێکخراوی رزگاری فەلەستین بێیری لە گەل وەفدی کەتایبدا کۆ بۆتەوەو داخوازیەکانی بەرگریکارانی لە بارەی کۆتایی هێنان بە گیرو گرفتەکەی لوبنانەوە ئاگادار کردوە .

ئازانسی دەنگو باسی رویتەر وتویە : هێزەکانی ریژیمی سوریا لە چەند شوێنێکی جۆر بە جۆری شاری بعلبکدا خۆیان قایم کردوە . وە وتویە ئەم هێزانە رێگای لوبنانیەکان نادەن بچنە شارەکەوە ئەگەر فەرمانی رێگادانی تایبەتیان پێ نەبێ .

یاسر عرفات لە دوای کۆبونەوەکە وتویە گیروگرفتی لوبنان هەر تەواو نەبێ وە ئەم گیروگرفتەیەکەمین گیروگرفت

Institut kurde de Paris

دەقی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە

لە بیرەوەری هەشتەمی شۆرشی ١٧ی تەموزی پیرۆزدا

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هاونیشتمانەکان !

رۆلەکانی ئەتەوەی خەباتکەری عەرەب !

ئەمرۆ بیرەوەری هەشتەمی شۆرشە ئەمرەکەتان ، شۆرشی ١٧ی تەمەزی ساڵی ١٩٦٨ تازە دەکەینەوە کە حزبە خەباتکەرەکەتان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب تەقاندیەوەو سەرکردایەتی کرد .

برایان ! هەشتەمین بیرەوەری شۆرشەکەتان بایەخێکی مێژویی گەورەو واتایەکی شۆرشگێری قوڵی هەیە ، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوە نیە کە شۆرش ئەو هەشت ساڵە بەردەوام بو ، هەرچەند ئەمە خۆشی کرنگە ، بەڵکە بە شێوەی سەرەکی لەبەر ئەو رێبازەیە کە شۆرش گرتویەتی و لەبەر ئەو بڵەیە کە پێی گەیشتووەو لەبەر توانای رەسەنو بەهێزیەتی لەسەر درێژە پێدانی ئەو رێبازەو بەرەو پێش چونی .

ئەو مەسەلەیە کە ئەمسال لە پێشەوەی وتارەکەمدا بۆتان باس دەکەم کرتیەکی تایبەتی هەیە ، ئەک هەر لەبەر تاقیکردنەوەی ئێمە لەم ولاتەدا کە زۆری تاقیکردنەوەی تاڵی دیتوە ، بەڵکە لەبەر ئەو کرتیە کە بۆ تاقیکردنەوە شۆرشگێریەکانو بۆ هەوڵو تێکۆشانی رزگاریو پێشکەوتن لە نیشتمانی عەرەبیو ولاتانی جیهانی سێیەمدا هەیەتی .

شۆرشێك کە حزبەکەتان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب تەقاندیەوەو سەرکردایەتی کرد هەر بەوەندەوە نەوەستا کە دەسەڵاتی کرتە دەستو جێ پێی ئەو دەسەڵاتەی پتەوکرد ، وە لە رێبازی خۆیدا خەتێکی کۆنی نەکرتە پێش کە لە سنوری ئامانجو ئاواتە سەرەتاییەکاندا بوەستێ ، بەڵکە وەك شۆرشێکی رەسەنو قوڵ کە ئیلهام لە بیرو باوەڕو کەلەپوری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ، حزبی شۆرشی عەرەب وەردەگرێو ئاواتەکانی میلیونەها کەس لەم ولاتەو لە نیشتمانی عەرەبدا بەیان دەکا ، هەمو کاتێك لەبەر جاوی بوو کە پێویستە بەرەو پێش بچێ ، و راوەستان لە قوناخێکی دیاری کراوداو هەست کردن بە رازی بون بەوەندە دەستکەوتانەی بەدی هاتون هەرچەندە کرنگیشن ، وە رۆیشتن بەرەو دلنیابونێکی بەدرۆ ، ئەمانە هەمویان نەخۆشیەکی ترسناکن کە لە سەرچاوە رەسەنەکانیو لە بیرو باوەڕە بنچینەییەکانی دور دەخەنەوەو هێزی بەرهەلستی بەرامبەر بە هەوڵو تەقەلای لادانو لە رێ ترازان کەم دەکەنەوە ، ئەم نەخۆشیانە کە کۆرو کۆمەلە ئیمپریالیستیەکانو هێزە لەرێ دەرچوەکان دەیانەوێ بڵاویان بکەنەوەو بەرهەمیان لێودرکرن ، هەمیشە هەرەشەیان لە تاقیکردنەوەو تێکۆشانی هێزە شۆرشگێرو رزگاریخوازەکانی جیهانی سێیەمو نیشتمانی عەرەب کردوەو دەیکەن .

بناخەی کەلیو بیرو باوەڕی شۆرشی ١٧ی تەمەوزو بەند وەرگرتنی حزبە پێشرەوەکەی لە تاقیکردنەوەکانیو لێکۆڵینەوەی قوڵو دلسۆزانەی لە تاقیکردنەوەکانی رابردوو ئیستای نیشتمانی عەرەبو جیهانی سێیەم ، دەرەتانی خۆگرتنو پێداویستیەکانی بەرەوپێش چونی بۆ دابین کردوە .

ئەو هەنگاوە مەزنانە کە شۆرشەکەتان بەدی هێناونو جێگای شانازی هەمو لایەکمانن چەند ئالقەیەکی پێکەوە بەستراوو لێك نەبچراون بەرەو دامەزراندنی بنکەیەکی شۆرشگێری کە کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەمی حزب ئەرکو نیشانەکانی دیاری کردوە .

بەکردنەوەی مونۆپۆل لە ئیمپریالیستیەکان بەشێوەیەکی یەکجاری بەهۆی خۆمالی کردنی تەواوی سامانی نەوتەوە ، و بەهێزکردنی بناخەی ئابوری نیشتمانی ، و بڵاوکردنەوەو قوڵترکردنی بیروباوەری نەتەوایەتیو سوشیالیستی ، و قوڵترکردنی هاوپەیمانەتی نیشتمانی بە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیو نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازو دانانی رێبازی بەرە بە رێبازێکی ستراتیجیو چارەسەری دیموکراتیو هەموڵایەنی مەسەلەی کورد ، و دامەزراندنی سوپایەکی نیشتمانی بەهێزو چەکدار بە بیروباوەری نەتەوایەتیو سوشیالیستی حزبی سەرکردە ، و مانەوە لەسەر بیروباوەڕو سیاسەتە ناوەندیەکان لە مەیدانی ناوخۆییو عەرەبیو جیهانیدا ، ئەمانە هەمویان رێبازێکی تایبەتی شۆرشن کە ئەمڕو بونە بنکەیەکی بتەو کە شۆرش لە درێژە پێدانی رێبازی خۆیداو لە بەجێ هێنانی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانیدا بسمیان پێدەبەستێ .

ئەو تاقیکردنەوە شۆرشگێریە کە لەم ولاتە خەباتکەرەدا لەپاش چەند تاقیکردنەوەی دژوار بەدی هاتوە ، ئەمڕۆ بۆتە مەشخەڵێکی بریسکەدار لە مەیدانی عەرەبیداو بۆتە جێگای باوەڕو متمانەی خەباتکەرانی عەرەبو بۆتە تاقیکردنەوەیەك کە باوەڕو رێزی هەمو دۆستەکانی بۆلای خۆی راکێشاوە ، ئەوانەی بیروباوەڕو قازانجی هاوبەشیان لەگەل ئێمەدا هەیە .

هاونیشتمانەکان !

ئەو ئەرکە شۆرشگێریانە کە کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەمی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب لە ساڵی ١٩٧٤دا دیاری کردون ، هەر ئەو ئەرکە بنچینەییانەن کە پێویستە کارو تێکۆشانی خۆمان بۆ وەدی هێنانیان درێژە پێ بدەین .

بەرنامەی حزبی سەرکردە کە بوختەی تاقیکردنەوەی شۆرشو ئاواتەکانی میلیونەها کەس لە رۆلەکانی گەلو هێزە خەباتکەرەکانی بو ، بەرنامەیەکە کە رۆژگار دەری خست راستەو بۆ وەدی هێنانی قازانجە بنەڕەتیەکانی کۆمەلانی گەلو قوڵترکردنی رێبازی شورشگێری بەرەو دامەزراندنی سوشیالیزمو دیموکراتی گەلی لەم هەرێمەدا پێویستە ، بۆ ئەوەی ببێتە بالمشتو ناوەندی روناکیدار بۆ جولانەوەی شورشگێری عەرەب .

برایان ! شۆرش بە ئالوگۆڕی سەرخانو ئیسلاحاتی سەرپێستەوە نەوەستاوەو ناوەستێ ، بەڵکە هەر لە سەرەتاوە ئامانجی بەدی هێنانی ئالوگۆڕێکی بنچینەییو هەموڵایەنی لە گشت مەیدانێکداو بناخەدانانی ژیانێکی تازەی خۆشو بێگەیشتو بۆ رۆلەکانی گەلبوە ، ئەو رێبازی بەرەسەندنەش کە شورش گرتویەتیە پێش هەر لەسەر ئەم بناخە راستە دانراوە کە رابەرێتیکی هەموڵایەنی لە گشت مەیدانێکدا دابین دەکاتو بناخەیەکی مادی پێویست بۆ سۆشیالیزم دادەمەزرێنێ .

ئەم رێگایە برایان رێگایەکی سەختو دژوارە کە بێ کەندو کۆسپو گیروگرفت نیە ، و داوا لە هەمومان دەکا کە بەردەوام کاری بۆ بکەینو بە هەستی بەربرسیاریەوە لە گیروگرفتەکانی بکۆڵینەوەو رێگای چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە ، هەروەها پێویستی بەسەبرو سیکەدانەو فیداکاری ئێمە هەیە . ئەگەر بەراوردێکی وەزعی پێش شۆرشو ئێستا بکەین جیاوازیەکی زۆر دەبینین .کە لە سەردەمی شۆرشو لەژێر ئالای حزبی سەرکردەدا بەهۆی ئەو رێبازە راستەوە بەدی هاتوە کە لە چەند ساڵو چەند تاقیکردنەوەی رابردودا گرتویانەتە پێش .

هەمو هاونیشتمانان لەم هەرێمەدا ئەمڕۆ لە بەری شۆرشو رێبازە راستەکەی دەخۆن ، بەهۆی ئەو رێزو کەرامەتەوە کە هەستی پێدەکەنو بەهۆی ئەو پشکەوتنەوە کە لە باری رادەی ئوزەرانو لەش ساخیو رۆشنبیریەوە بۆ ئەوان بەدی هاتوە ، جا چ وەك فەرد ، یا وەك خێزان ، یا وەك دەستەو کۆمەڵ سەیری بکەین .

شۆرش کە بەلێنی پێکهێنانی ژیانێکی تازەو ئازادو پر لە کەرامەتی بە رولەکانی گەل داوە ، بەگوێرەی دەرەتانو بەپێی بەرەسەندنی قۆناخەکانی بنیاتنانو ئالوگۆڕی کۆمەلایەتی بەخشیش لەدوای بەخشیشی پێشکەش کردون .

لە هەر کام لەو قۆناخانەدا شۆرش بەرهەمێك لە بەرهەمەکانی رێبازی خۆی پێشکەشی کۆمەلان کردوە ، و ئەمڕۆش شۆرش بەرهەمێکی تر پێشکەشی کۆمەلان دەکا ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش چەند بریارێکی گرنگی داون کە بەرامبەری و بیمەی کۆمەلایەتیو بەرزبونەوەی بڵەی گوزەران بۆ کۆمەلێکی زۆر لە هاونیشتمانان دابین دەکەن ، شۆرشەکەتان بریاری داوە بیمەی کۆمەلایەتی ئەواو بۆ هەمو موچەخۆرو فەرمانبەرو کرێکارەکان لە کاتی بێ توانایی‌دا دابین بکا ، هەروەك بریاری داوە ئەو موخەسەسانەی بۆ ژنو منداڵ دەدرێ بە موچەخۆرەکان ، بۆ کرێکاران‌و فەرمانبەران‌و هەمو ئیشکەرانی پۆلیس‌و ئەمن وجەسیەو پاسەوانی سەورو پۆلیسی هاتوچۆ دابین بکرێ . هەروەها بریاری داوە زیادەیەکی بەرچاو خرێتە سەر موخەسەساتی ئەو کرێکارانە کە کارێکی دژواریان هەیەو بریاری دابین کردنی موخەسەساتێکی بەش بۆ ئەندازیاران وچەند بریارێکی تری داوە کە بە درێژی پێتان رادەگەیەنرێن .

ئەم بریارانە ، برایان بەرهەمی رێبازی سۆشیالیستی شۆرشەکەتان و سەلماندنو قوڵکردنی ەو رێبازەن ، با ئەوە روون بێ کە رێبازی سوشیالیستی شورش دروشمێك نیە وەختێك بەرزبکرێتەوەو وەختێکی تر بپێچرێتەوە . سۆشیالیزم یەکێکە لەو ئامانجە بنەڕەتیانەکە شۆرش بەردەوام بۆ وەدی هێنانیان کاردەکاو تێدەکۆشێو هەڵو مەرجو دەرەتانیان بۆ بێك دێنێ . سوشیالیزم بە هەمو لایەنەکانی جێبەجێ کردنیەوە جێگای باس‌و قسەلێکردن نیە ، باس‌و قسەی ەواو بێویست لەوەدایە کە چۆن دەکرێ باشترین رێگای جێبەجێکردن هەلبژێرین کە لە بیروباوەڕی شۆرشەوە سەرچاوەی گرتبێو لەگەل هەڵو مەرجو پێداویستیە نیشتمانیو نەتەوەییەکانمان رێك بکەوێ .

برایان !

یەکێك لە لایەنە بنچینەییەکانی تاقیکردنەوەی تایبەتی شۆرش کە رۆژگار دەری‌خستوە راستەو سەرکەوتویە ، ئەورێبازە بابەدارو دلسۆزانەیە کە شۆرش لە رەفتار لەگەل کۆمەلان‌دا و لە دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیو نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازو لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا گرتویەتە بەر .

شۆرشەکەتان لەژێر رێنوێنی بیروباوەڕ و بەرنامەکانی حزبە سەرکردەکەی‌دا . رێگای دیموکراتی لە رەفتارکردن لەگەل کۆمەلانو گیروگرفتو مەسەلەکانیان‌دا گرتۆتە پێش ، هەروەها رێبازی بەهێزکردنی هاوکاریو هاوبەیمانی نێوان هەمو هێزە نیشتمانیو نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانی لەسەر بناخەی بەرنامەیەکی هاوبەش و درێژخایەن گرتۆتە بەر ، لە هەموکاتو هەڵو مەرجێك‌دا سەرەرای هەمو کەندو کوسپێکی سەر رێگا سوربوە لەسەر رێبازی بنەڕەتی هاوبەیمانیو لەسەر ئەو ئامانجە ستراتیجیانەی بۆی دابراون ، وە ئەو گیروگرفتانەی بەکیانی دلسۆزی بۆ هاوبەیمانەتی نیشتمانیو هەوڵدان بۆ قوڵترکردنو بەرەپێدانی چارەسەرکردوە ، بۆ ئەوەی ئەرکە مێژوییەکانی لە جوارچێوەی هەرێمو لە مەیدانی عەرەبی‌دا بەجێ بگەیەنێ .

بۆچونمان بۆ مەسەلەی گەلی کوردمان هەر لە سەرەتاوە بۆچونێکی مەبدەئی بوەو هەڵویستێکی ئەخلاقیمان بەرامبەری هەبوە ، و هەڵو مەرجو گیروگرفتە دژوارەکانو هەوڵو تەقەلای پیلانگێرانی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی کە زۆریش بەرینو مەترسیدار بون ، بۆچونو هەڵویستی ئێمەیان نەگۆڕیوە .

لەم هەڵو مەرجەش‌دا کە هێمنیو دامەزراوی تەواو لە زوروی نیشتمان‌دا هەیەو بەکەتی نیشتمانی لەوێ‌دا بەهێزە ئەرکی سەرشانمانە کە تێکۆشانمان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی شۆرش لە ناوچەی ئوتۆنۆمی‌دا دوچەندانە بکەینو ئاواتو داخۆازەکانی گەلی کوردمان وەدی بهێنینو بەرەپێدانێکی هەمو لایەنی لەو بەشە خۆشەویستەی نیشتمانەکەمان‌دا جێبەجێ بکەین .

شۆرش کە وەفادار بون بە بنچینەکانی سیاسەتی خۆی بە بناخەی هێزو بەردەوام بونی‌دا دەنی هەمو کاتێك زانیویەتیو ئێستاش دەزانێ و دەیسەلمێنێ کە پابەندبون بەو بنچینانە نابێ هەر لە کاتی دژواریو مەترسی‌دابێ ، بەڵکە دەبێ لە هەڵومەرجی سەرکەوتنو خۆشیش‌دا هەر پابەندیان بێ .

برایان ! شۆرش ئیسباتی کردوەو لەمەودواش لە رێبازی داهاتوی خۆی‌دا نیشانی دەدا کە بەپەیمانو ئەرکەکانی وەفاداره . ئەمەرێکایەتیو ئەمەش خوو سروشتیەتی .

هاونیشتمانەکان !

ئەمڕۆ لە مەیدانی عەرەبی‌دا رودداوو ئالوگۆڕی زۆر مەترسی‌دار دەبینرێن ، ئەو سیاسەتو هەڵویستانەی لە مێژ ساڵەو بەتایبەتی لە دوای شەڕی تشرین داوای وریابونمان لە بەرامبەریان‌دا کردوە ، ئەمڕۆ بونە مەترسیەکی گەورە لەسەر نەتەوەی عەرەبو مەسەلەکە بنەڕەتیەکانی .

ئەو رودداوە خوێناویانە کە ئێستا لە لوبنان رودەدەن لەو سیاسەتو هەڵویستانە جیا نین . هەرچەند ئەو هەرێمە عەرەبیە برایە هەڵو مەرجو گیروگرفتی تایبەتی خۆشی هەیە ، بەڵام بڵەیەکی بەربڵاوو ترسناك کە ئەو شەڕە خوێناویە پێی گەیشتوە ، بە ئاشکرا دەگەیەنێ کە رودداوەکانی لوبنان بەشێکی جیانەکراو لەو کێشەیەن کە لە ناوچەکەدا لەئێستوان هێزەکانی خەباتکەر دژی ئیمپریالیزمو سات‌و سەوداو پیلانە گومان لێکراوەکانی‌دا لەلایەك و ئیمپریالیزمو هاودەستەکانیو ئەوانەی دوای ئەو پیلانانە کەوتون لە لایەکی‌تر ، لە گۆڕێدایە . هەر لەسەرەتاوە دورەپەرێزە سەر بە ئیمپریالیستەکان نەیاندەشاردەوە کە دەیانەوێ بەرگری فەلەستین لەناوبەرن یان بێهێزی بکەنو لە ئەنجام‌دا چەکی بکەنو کارێکی وا بکەن کە نەتوانێ بە کردەوە بەرەنگاری سات‌و سەوداکانی ئیمپریالیزم بێ .

لە ماوەی چەند مانگ شەڕی خوێناوی‌دا بەرگری فەلەستین توانیویەتی بە قارەمانەتی بەرەنگاری دەستدرێژی دورەپەرێزەکان بێتەوە ، دیارە یەکگرتنی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانو بەرگری فەلەستین لە خەبات‌دا تەلسیرێکی گەورەی بوە بۆ بێك هێنانی پێداویستیەکانی ئەو بەرەنگاربوونەی دەستدرێژی دورەپەرێزەکانو هاوپەیمانەکانیان‌و ئەو ئامانجە کلاوانەی لە پشت ئەو دەستدرێژیەوە شاردراونەوە . کە یەکێك لەوان بەشکردنی لوبنانو دامەزراندنی چەند قەوارەیەکی تایفەگەری وەك ئەو قەوارە رەگەزپەرستو تایفەگەریە زایۆنیستیە بو کە ئێستا لە فەلەستینی داگیرکراو هەیە .

هەر لە سەرەتای ئەو کارەساتانەوە رێژیمی سوریا سیاسەتی یاری‌کردن لەسەر جەند پەتی بەکار دێنا ، ئەو رێژیمە جارێك وای دەنواند کە پشتگیری بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانەو جارێکیش پشتیوانی لە دورەپەرێزەکان دەکرد . هەر ئەو دەم ئێمە گوتمان ئەم سیاسەتە سەرەنجام ئامانجێکی نیە جگە لە مەباندنی هەڵوێستی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانو هەوڵی بێدەسەلات کردنیان بۆ جێبەجێکردنی پیلانی سات‌و سەودا کە هەر لەپێشەوە دڵنیا بوین رێژیمی سوریا یەکێك لە پایەکانی پێك دێنێ .

لە مێژە ئێمە داوای وشیاربون بەرامبەر سیاسەت‌و فروفیلەکانی ئەو رێژیمە دەکەین ، هەمو کاتیك گوتومانە بەرئوەبەرانی ئەو رێژیمە کە فێڵیان لە حزب‌و سەرکردەو هاوڕێکانی خۆیان کردوە ناکرێ لەگەل دۆست‌و برای خۆشیان راست بن .

بەداخەوە زۆر کەس لایان وابو سەرچاوەی ئەو وشیارکردنەوەیە ناکۆکیو بەربەرەکانی ئێمە لەگەل ئەو رێژیمەیە و پشتیوانی‌یان لێ دەکردوە دەیان پاراست‌و بۆیان دادەپۆشی . بەم کارە زیاتر توشی بێشەرمی و لە ڕێ دەرچون بو هەتا سەرەنجام وەك رێژیمێکی لادەر رووبۆشی لەسەر خۆی وەلاداو دەری‌خست کە دوای پیلانی ئیمپریالیزم دەکەوێو لە پیسترین تاوان نابرینگێتەوە .

شەڕی لوبنان هەر لەسەرەتاوە روون بو ، هەر لە سەرەتاشەوە گوتمان ئێمە لەو کێشەیەدا بێلایەن نین‌و لایەنی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان دەگرین ، هەر لەو کاتەش‌دا گوتمان ئێمە لەگەل یەکیەتی لوبنان و برایەتی رۆلەکانی‌داینو پێمان وایە دەبێ ئاسایش‌و لەناوبردنی بەرش‌و بڵاوی لەو ولاتەدا دەستەبەر بکرێ .

بۆ ئێمە بە تەواوی روون‌بو کە بەرئوەبەرانی دورەپەرێزەکان کە مێژویەکی دژ بە مەسەلەی رزگاری‌و عەرەبایەتی‌یان هەیە ، ئەو گیرگرفتو کەندو کۆسپانە دەکەنە هۆیەك بۆ جێبەجێکردنی پیلانێکی خوێناوی ترسناك کە ئیمپریالیزمو زایۆنیزم نەخشەکەیان بۆ کێشاون‌و هەمو هۆیەکانی جێبەجێکردنیان داونەدەست .

لەبەر ئەوە هەر لەبێشەوە دیاربو کە ئەو دەورە دورویەی رێژیمی سوریا یاری دەکا نە لە زانستەوە هەڵقولیوەو نە لە دلسۆزی بۆ یەکیەتی لوبنان‌و برایەتی رۆلەکانی ، بەڵکە دەورێکی کلاوو پیلانگێرانەیەو لەگەل دورە بەرئوەبەرەکان دەڕوا بۆ جێبەجێکردنی پیلانی ئیمپریالیزم لە ناوچەدا .

ئەو تاوانەی رێژیمی سوریا لە لوبنان دەستی داوەتێو بە هەمو توانایەوەو بە شێوەو رنگای جۆر بە جۆر لەسەری دەڕوا ئالقەیەکی بنەڕەتی‌و جەبەلە لە نەخشەی ئەو سات‌و سەودایە کە ئەمریکا دەیەوێ لەو ناوچەدا جێبەجێ‌بکا .

ئامانجی یەکجاری لە هەوڵو تەقەلای لێدانی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان ئەوەیە کە مەیدانی لوبنان بۆ ئەو پیلانە خۆش بکرێو چەکی بەربەرەکانی لە بەرگری فەلەستین بکرێتەوەو سەرەنجام ناچار بکرێ کە (صیغه)یەکی دەسکاری کراوی بۆژەی ولاتی یەکگرتوی عەرەبی (المملکه العربیه المتحده) قبوڵ بکا . ئەمەش هەموی بەسەرکردایەتی رێژیمی سوریایە کە ئیمریالیزمی ئەمریکا ئەرکی جێبەجێکردنی نەخشەکەی پێسپاردوە . هەر لەبەر ئەوە ، تەنیا هەڵوێستێك کە بارمەتیمان بدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پیلانە هەڵوێستێکە کە دیمەنی تەواوی مەسەلەکەی لەبەرچاوبێو بە فروفیڵی گومڕاکردنو سەرلێشێواندن بەهەڵە نەچێ .

ئەو لایەنانەی لەگەل ئەو پیلانە دەڕۆن گەڕانەوەیان بۆ نیە ، ئەگەر رودداوەکانیش ناچاریان بکەن بە چەشنە پاشەکشەیەك ، بێ گومان خۆیان نامادەدەکەن بۆ ئەوەی جارێکی‌تر تێهەڵچنەوەو فەندوفێڵو شێوەی جۆراوجۆر بەکاربەرن .

Institut kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردو بەڕێز دکتۆر فائق امین مخلص باڵوێزی کۆماری عیراق لە کەنەدا چوتە کۆشکی کۆماری و بەبۆنەی کەرانەوەی بۆ کەنەدا ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداری کۆشکی کۆماریدا تۆمار کردوە .

هەر وەها بەڕێز دکتۆر سلطان الشاوی سەرۆکی زانکوی المستنصریە و دکتور صبری ردیف العانی عەمیدی کۆلیجی زانیاری و دکتۆر یونس العزاوی عەمیدی کۆلیجی یاساو سیاسەت و سلیم دیاب السعدی عەمیدی کولیجی بەڕێوەبردن و ئابوری و حمید مخلف الهیتی عەمیدی کۆلیجی ئەدەبیات لە زانکوی المستنصریە و سعدی عیاش عریم بارێزگاری ذی قار بە بۆنەی سەفەرکردنیان بۆ دەرەوەی وڵات ناوی خۆیانیان لە دەفتەری میوانداری کۆشکی کۆماریدا تۆمار کردوە .

ئا.د.ع

مامۆستا صدام حسین سوپاسی جاك شیراك ئەکا

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە وەڵامدا بۆ بەڕێز جاك شیراك سەرەك وەزیرانی فەرەنسا ناردوە کە وەڵامی ئەوبروسکە پیرۆزبایەبوو بە بۆنەی بیرەوەری هەردوشورشی تەموزەوە بۆی ناردبوو وە بە بۆنەی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی فەرەنساوە پیرۆزبایی لێکردوە .

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

بەڕێزو پایە بەرز جاك شیراك سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بەڕێز سەرۆکو برای خۆشەویست .

ئەو نامە پیرۆزباییە رەنگینەی کە ناردبوتان زۆر بە خۆشحالیەوە وەرمان گرت ، وە لە ناخی دەروونو ڕێزگرتنمانەوە بە بۆنەی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی فەرەنساوە پیرۆزبایتیان لێ ئەکەم ، وە داوا کارم لەیتناوی پیشکەوتنی وڵات و گەلەکەتاناناسێ هەوڵدانتان فراوانتربێ هیوادارین هەمو ساڵێك بادی ئەم دو شورشە سەرکەوتوەی تەموز لە فەرەنساو عیراق بەشادیەوە بکەینەوەو ببیتە هۆی گەشەکردنی بەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردولامان کەخزمەتی هەردو گەلەکەمان و مرۆڤایەتی بکات .. ئەی سەرۆکی بەڕێزو برای خۆشەویستم داواکارم ئەم ڕێزگرتنەمان جێگای خۆی بگرێ .

صدام حسین
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش

هەروەها بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بروسکەیەکی پیرۆزبایی لە لایەن بەڕێز جاك شیراك سەرەك وەزیرانی فەرەنساوە بۆ هاتووە ، ئەمەش بروسکەکەیە :

پایە بەرز صدام حسینی بەڕێز
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش
بەڕێز جێگری سەرۆکو برای خۆشەویستم

بە بۆنەی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی عیراقەوە بێم خۆشە جوانترین پیرۆزبایی بۆ بەڕێزتان و بەختیاری بۆ گەلی عیراق بنێرم وە داوای سەرکەوتنی سیاسەتە کەتان ئەکەم ، لە کاتی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی فەرەنساداو جەژنی نیشتمانی عیراقدا لە ١٤ی تەموزدا دروشمی برایەتی و پروابون بە یەکترئەبینم کە بەیوەندی دۆستانەی هەردولای لەسەردامەزراوە بەڕێز جێگری سەرۆکو برای خۆشەویستم داوات لێ ئەکەم بەدڵسۆزیەوە سڵاوو ڕێزگرتنمان لێ وەربگرن .

جاك شیراك

غیدان پیرۆژەی مایکرۆویفی نیشتمانی کردەوە

ڕۆژی شەممەی ڕابوردو بەڕێز سعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری هاتوچۆو پرۆژەی (المایکرۆویف)ی نیشتمانی کردەوە کە بەغدا بە بارێزگاکانی خوارەوە ئەبەستێ .

وەبەم بۆنەیەوە ئاهەنگێکی گەورە لە هۆڵی کۆشکی پەیوەندیەکانی دەزگای بێسیم و سیمدار سازکرا .

بەڕێز عبدالستار فرمان الراوی سەرۆکی دەزگای گشتی پوستەو تەلگراف و بروسکە تاریکی خوێندەوە تیایا وتی : ئەم پرۆژەیە لە ٤٣ ئیستگەی مایکرۆویف پێکهاتوە، لەدوای تەواوکردنی هەمو لایەنەکانی لەموصلەوە تاکو بەسرە ئەگرێتەوە. وە ئەتوانێ بەرنامەتەلەفزیۆنیەکانی وڵات بە هەمو ناوچەیەکی وڵات بگەیەنێ ، وەلە هەمان کاتا بەرنامەکانی ئیستگەی ڕادیو بەهێز ئەکات وە مەلبەندەکانی زمارەی ئەلەکترونی پێکەوە ئەبەستێ .

بەڕێز سعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیری هاتوچۆ دوای ئەوە بە هۆی پرۆژەکەوە قسەی لەگەل بارێزگاکانی بەسرەو نەینەواو نەجەفدا کردو ڕێگای دان کە بکرێتەوە .

✻⊙✻

سەرکردەی دامەزرێنەرو هاوڕێ العیسمی لە ئالەنگەکەی هاوڕێ بەکردا بەبۆنەی جەژنەکانی تەموزەوە ئامادە بووە

سەرکردەی دامەزرێنەرو هاوری میشیل عفلەق ئەمیندارە گشتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب ڕۆژی شەممەی ڕابوردو چۆتە میوانداری هاوری احمد حسن البکر ئەمیندارە نهینی قیادی حیزب و سەرکردایەتی قیادی سەرەکی کۆمار لە کۆشکی کۆماری بە بۆنەی بیرەوەری هەژدە هەمین ساڵی شۆرشی ١٤ی تەموز و بیرەوەری هەشتەمین ساڵەی شۆرشی ١٧ی تەموزی ئەمرەوە بڕی کردبو . ئەروەها هاوری شبلی العیسمی جێگری ئەمیندارە گشتی حیزب و هاوری صدام حسین جێگری ئەمیندارە نهینی سەرکردایەتی حیزب و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و بەڕێز طەحەی الدین معروف جێگری سەرەکی کۆمار چوتە میوانداریە . بە پشتبەستن سەرکردەی دامەزرێنەرو هاوری عەیسەمی و هاوری البکر و هاوری صدام حسین و بڕێزجێگری سەرەکی کۆمار بۆ هۆڵی پێشوازیی تیپی مۆسیقای یاساوڵی ئەماری سڵاوی نیشتمانیان لیدا ..

سەرۆك بەکر لەوکاتەدا کە چاوی بە النرمانینی ئەفسەرەسوریایەکە کەوتوە :

لە چەژنەکانی تەموزدا :

پیرۆزبایی لە سەرۆکی فرمانده

سەرۆك احمد حسن البکر چەند بروسکەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی بیرەوری هەژدەیەمی شورشی ١٤ی تەموزی پیرۆزو بیرەوەری هەشتەمین ساڵی شۆرشی ١٧ی تەموزی ڕەوانەکردو سوشیالیستیەوە لایەن باشاو سەرۆککانی ولاتانی دوستەو براوە بۆ ئەنێرشتوە .

سەرۆك احمد حسن البکر لە وەڵامی ئەو بروسکانەدا سوپاسی ئەو باشاو سەرۆکانەی کردوە کە بە بۆنەی بیرەوەری هەردو شورشەکەوە پیرۆز بایان لێکردوە ، وە داوای بەختیاری و سەرفرازی بۆ گەلەکانیان کردوە .

ئەمەش ناوی هەندێك لەوانەیە کە بروسکەیان ناردوە: مەلیك بهمول ئولادیچ مەلیکی تایلاند ، فالیری جیسکار دیستان سەرکۆماری فەرەنسا ، بەڕێز پاپاپولصی شەشەم ، حاجی لیشی سەرۆکی ئەنجومەنی تەلی لەکۆماری کەلی ئەلبانیا ، ژەنەرال فیدکس مالوم بیندی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئەسکەری کۆماری چاد ، مارشال جان بیدل بوکاسا سەرکۆماری ئەفەریقای ناوەڕاست دیدیر لاتسمیراکا سەرکۆماری مالاگاشی دیموکرات .

هەر وەها سەرکۆماری پیرۆزبایی لەلایەن ئەمیراتور محمد رضا پەهلەوی شاهەنشای ئیرانو مەلیك ئولاف مەلیکی نەرویجو تیودور جیفکوف سەرۆکی ئەنجومەنی دەولەت لە کۆماری بلگاریای کەلەو سکرتیری یەکەمی کومیتەی ناوەندی حزبی کرمونیستی بلگاریاو نون دوک سەرکۆماری فیتنامی سوشیالیستیو فام فان دونگ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری فیتنامی سوشیالیستیو هواکیونك سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لەکۆماری کەلی چینو شیخ جابر الاحمد الصباح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێنشینی کویتو فخرالدین علی احمد سەرکۆماری هیندستانو محمود ریاض ئەمینداری گشتی جامیعەی دەولەتانی عەرەبو ئەمیر صدرالدین ئاغاخان مەندوبی سامی ڕێکخراوی یەنایەرەکانی نیودەولەتانو ئەمیر بیرتل جەقدار لە سەدر ئەختی سویدو داتوك حسین عون سەرەك وەزیرانی مالیزیاو سالم ربیع علی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرەکایەتی کۆماری یەمەنی دیموکراتی کەلی و ماریان نگوابی سەرکۆماری کۆنگۆی کەلیو حاجی احمد وهیجو سەرکۆماری کامیرونو

له جهژنهکانی تهموزدا :

پیرۆزبایی له سەرۆکی فرمانده

سەرۆك احمد حسن البکر چەند بروسکەیەکی پیرۆزبایی بەبۆنەی بیرەوری هەژدەیەمی شورشی ١٤ی تەموزی پیرۆزو بیرەوەری هەشتەمین ساڵی شورشی ١٧ی تەموزی ڕەوانەکردو سوشیالیستیەوە لایەن باشاو سەرۆککانی ولاتانی دوستەو براوە بۆ ئەنێرشتوە .

سەرۆك احمد حسن البکر لە وەڵامی ئەو بروسکانەدا سوپاسی ئەو باشاو سەرۆکانەی کردوە کە بە بۆنەی بیرەوەری هەردو شورشەکەوە پیرۆز بایان لێکردوە ، وە داوای بەختیاری و سەرفرازی بۆ گەلەکانیان کردوە .

ئەمەش ناوی هەندێك لەوانەیە کە بروسکەیان ناردوە: مەلیك بهمول ئولادیچ مەلیکی تایلاند ، فالیری جیسکار دیستان سەرکۆماری فەرەنسا ، بەڕێز پاپاپولصی شەشەم ، حاجی لیشی سەرۆکی ئەنجومەنی تەلی لەکۆماری کەلی ئەلبانیا ، ژەنەرال فیدکس مالوم بیندی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئەسکەری کۆماری چاد ، مارشال جان بیدل بوکاسا سەرکۆماری ئەفەریقای ناوەڕاست دیدیر لاتسمیراکا سەرکۆماری مالاگاشی دیموکرات .

هەر وەها سەرکۆماری پیرۆزبایی لەلایەن ئەمیراتور محمد رضا پەهلەوی شاهەنشای ئیرانو مەلیك ئولاف مەلیکی نەرویجو تیودور جیفکوف سەرۆکی ئەنجومەنی دەولەت لە کۆماری بلگاریای کەلەو سکرتیری یەکەمی کومیتەی ناوەندی حزبی کرمونیستی بلگاریاو نون دوک سەرکۆماری فیتنامی سوشیالیستیو فام فان دونگ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری فیتنامی سوشیالیستیو هواکیونك سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت لەکۆماری کەلی چینو شیخ جابر الاحمد الصباح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو جێنشینی کویتو فخرالدین علی احمد سەرکۆماری هیندستانو محمود ریاض ئەمینداری گشتی جامیعەی دەولەتانی عەرەبو ئەمیر صدرالدین ئاغاخان مەندوبی سامی ڕێکخراوی یەنایەرەکانی نیودەولەتانو ئەمیر بیرتل جەقدار لە سەدر ئەختی سویدو داتوك حسین عون سەرەك وەزیرانی مالیزیاو سالم ربیع علی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرەکایەتی کۆماری یەمەنی دیموکراتی کەلی و ماریان نگوابی سەرکۆماری کۆنگۆی کەلیو حاجی احمد وهیجو سەرکۆماری کامیرونو

دەوری پیلان گێڕی ڕژێمی گومانی لێکراو لە لوبنان بەپێی نرخشەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە

سەرکۆماری سەرکردەی گشتی هێزی چەکدار مەهب احمد حسن البکر ستایشی ئەو عەرەبی سوریاو سوپا ئارەمانەکەی کرد کە تیستا لە لوبناندا هەیەو ڕیژیمی لادەری سوریا دەستی تیایا سورە وە وتی : ئە هەلوێستەی ڕیژیمی لادەری سوریا عەر لەو زنجیرە هەلوێستە کوەان لێکراوانیە کە تا ئیستا نیشمانیداوە . وە بێ مەلامەت نیە بەو جۆرە عاریکاری لەگەل ئۆشە بیرو تایەفەکەیەکانا ئەکات و بەناشیرینترین شێوە هەول ئەدات ئەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیستەکان لە دژی ئەتەوەی عەرەب جێبەجێ بکات .

النرمانینی ئەقیبی فرۆکەوان بێخۆشحالی خۆی بەرامبەر بەو جۆرە کەوتنەی سەرۆکی فەرماندە تیکۆشەر احمد حسن البکر و براکانی لە سوریای عیراقدا دەربڕی . وە پەیمانی بەسەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر دا کە لەگەل براکانی لە سوریای عیراقدا لەسەر خەبات بەردەوام بن و ریسواکردنی ئەم ڕژێمە و بەرپەرچدانەوەی هەمو کەو پیلانانەی لەرنگای ئەتەوەی عەرەبمانا ساز ئەکرێن .

له بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی فەرماندە :

وەزیری ڕاگەیاندن مەلبەندی موختەبەری ڕەنگاو ڕەنگی کردەوە

سەرۆك ئەیوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابوردو بەڕێز طارق عەزیز وەزیری ڕاگەیاندن لە دەزگای گشتی ڕژگەو تەلەفزیوندا تاقیگای ناوەندی هەمەرەنگی کردۆتەوە ..

ئەم ناقیگایە فلیمی ڕەنگاوڕەنگی (١٦)و (٣٥) فلیمەری هەیە . وە فلیمی لەهەمان قەوارە لەگەل دەنگەکەیدا دەز دەکات ئەم تاقیگایە گەورەترین جۆرە لە ڕژهەلاتی ناوەڕاستدا لە باریدا هەیە کاری فلیمی هەمەجۆرەی دەزگاکانی ڕادیۆ پاش دابین کات .

وە لە لایەکی ترەوە بەڕێز طارق عەزیز وەزیری ڕاگەیاندن هەمان ڕۆژ لە مۆزەخانەی نیشتمانیی هونەری نوێ پێشەنگای هونەری تەشکیلی کردۆتەوە .

بیشمانگاکە بەرتوەبەرایەتی کشتی هونەری سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندە بەڕێژەی بیرەوەری جەژنەکانی تەمموزی بیرۆزەوە سازیی کردبو ، لە بیشمانگاکەدا کەلێك دیمەنی قەشەنگی ئەم لاولای زانی نیادا پیشان درابو ..

ئا.د.ع



کرێکاران (اشماوە)

دوێنێ بەکێتی گشتی ئەقابەی کرێکاران بەیانامەیەکیان دەرکردوە تیایا زۆر ستایشی لەو بڕیارانەیان کردوەو وتویە : ئەم بڕیارە ڕواڵەتی هەوڵو دلسۆزی شۆرش بەرامبەر بە ژیانی جەماوەری ڕەنجدەر دەر ئەخات .

بەیانامەکە وتویە ئەم دەسکەوتەش جوە سەر ئەو زنجیرە دەسکەوتانەی تر کە شورشەکەمان بە سەرۆکایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەیکا لە هەمو بوارێکدا .

بەڕێوەبەری گشتی پولیس دەستی ڕێز لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی ئەنێ

بەڕێز جێگری بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس ستایشی ئەو بڕیارانەی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شورشی کردوە بەرامبەر بەو بڕیارەی دەری کردوەو بەو پێیە .

پولیسەکانی دەزگای پولیسو ئەمنو جنسیە ئەوانیش وەکو فەرمانبەرەکان موچەی خێزانو منالیان بدرێتێ .

وە لە بروسکەیەکدا کە بۆ سەرۆکی فەرماندە مهیب احمد حسن البکری ناردوە تیایدا ئەڵێ :

لە کاتێکدا کە ستایشی ئەم دەسکەوتو بەخشندەیە دەکەین کە شورشە سەرکەوتوەکەمان بۆی بەخشیوین ، پەیمان جۆ بەڕێزتان تازە ئەکەینەوە لە پولیسی عیراق هەمیشە جوکراوە ئەبن بۆ بارستنی ناسایش و شۆرش و دەسکەوتەکانی جەماوەر ، وە بە کردەوە بەشداری ڕژێمی بێشکەوتن و بنیاتنانی وڵاتەکەمان بکات ، وە لەناو بیرو باوەڕی شورشی ١٧ی تەموزی نەتەوایەتی و سوشیالیستی و حزبی سەرکردەمانا حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا بتوانێتەوە بە سەرۆکایەتی یە لیهاتوە کەتان .. هەر بۆیە بۆ کەلی عیراق و نەتەوەی عەرەبی پیرۆز و . بەڕێوەبەری گشتی پولیس

زیادکردنی موخەسەسات

وەزارەتی تەندروستی بڕیاری داوە کە موخەسەساتی هەمو ئەو پزیشکانە زیادکات کە لە دەزگاکانی زانستی تەندروستیدا کارئەکەن وە ئەو پزیشکە بەرانەی پاوەرنامەی شارەزایی یان هەیە

هەروەها وەزارەتی تەندروستی بڕیاری داوە کە موخەسەساتی کاری زیادەی باش دەوامی دایەرە بدات بەو پزیشکانەی پاوەرنامەی دبلومی بەبۆریان هەیە . ئەویش بەپێی جیاوازی ناوچەکانی تەندروستی . هەروەها وەزارەت بڕیاری داوە موخەسەسات بدات بە سەرۆکی تەندروستی و ئەو پزیشکانەی لە دیهاتەکاندا وەك جێگری سەرۆکی تەندروستی لە پشکنینی دەزگا تەندروستیکاندا دوای دەوامی ڕەسمی کاردەکەن ١٥٠٪ی مانگانەکانیان موخەسەساتیان بدرێتێ ..

خوێنەری بەڕێز

● خوێنەری بەڕێز : لە کۆتایی هەفتەی ڕابوردوو سەرەتای ئەم هەفتەیەدا گەلەکەمان بەناو دو بۆاری نیشتمانی نەمردا تێپەڕی ، کە بیرەوەری شورشەکانی ١٤ و ١٧ی تەموزی بیرۆز بو ، گەلەکەمان بەوپەڕی خۆشی و کامەرانی و هەست کردن بەم پراوە بیرۆزە ئەم یادە نەمرەیان بەڕێ کرد .

● ئەو خۆرازاندنەوەو ئارایشتەی کە لەشەقامو ماڵو شوێنەکانی تری ئاهەنگ کردنا دەرکەوت نمونەی ئەوەبو کە چەماوەری گەل تا چ ڕادەیەك باوەڕی بە شورش و سەرکردەو حزبە پیشکەوتوەکەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب هەیە..

● چەماوەری کوردمان کە لە بەرهەمەکانی شورشی ١٧ی تەموزی ئەتەوایەتیو سوشیالیستی زۆر بەهرەی وەرگرتوە وەکو ئوتونومی ، بەڵگەی وەفاداریتی بەرامبەر بە شورشی ١٧ی تەموزو حزبە سەرکردەکەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب نیشانداوە .. هەروەها چەماوەری کوردمان بەم بۆنە پیرۆزانەوە ئەوپەڕی بێخوشحالیو شادمانی خۆی دەربڕیوە وە بەیمانی بە سەرکردایەتی شورشی ١٧ی تەموز داوە کە لە پێناوی باراستنی شورشو سەقامگیربونی ئاسایشداو داکوکی کردن لەسەر ئوتونومی خۆیان بەخت بکەن .

چەماوەری کوردمان بە بیرو باوەڕێکی قایمەوە سەبری دوازۆژی وڵاتو گەلەکەمان ئەکەن .. وە لە پێناوی باراستنی ئەو دەسکەوتانەی کە شورشی ١٧ی تەموزی سەرکردە لێ هاتوەکەی بەخشیویانە بە گەل تێنەکۆشن .

شورش هەلوێستی نەگۆڕاوی خۆی لە بارەی مەسەلەی ئوتونومیەوە ڕون کردەوە ، وە بەسەر تاقمە بەکرێگیراوەکەدا سەرکەوت کە هەوڵی ئەوەی ئەدا شۆرش نەتوانێ ئەم دەسکەوتە گرنگە میژوییە بەدی بێنێو هەمیشە گیروگرفتی لە ڕێگای بەدی هێنانیا سازئەکرد .

لەوکاتەوە کە ناشتی لە هەمو ناوچەکانی زۆروی وڵاتە خۆشەویستە کەمانا سەقامگیربووە ، شورش هەنگاو بە هەنگاوبەرەو ئاواتو داخوازیەکانی جەماوەر پێش ئەکەوێ ، ئەوەبو شورش ئاسای ژمارە (٩٠)ی بڕیارە تایبەتی لە بارەی دیاریکردنی سنوری ملکداری کشتوکاڵەوە دانا لەناوچەی ئوتونومیدا وە بەپێی یاسا کە جێبەجێ کراو فەلاحەکان بونە خاوەن زەوی و زاری خۆیان .

● شورش ئەو بەڵێنانەی زوو هێنایەدی کە بەڵێنی بە جەماوەر دابوو ، وە لەلایەکی ترەوە جەماوەریش بەگەرم پیشوازی لە شورشو دەسکەوتەکانی کردو لایەنگری هەمو جۆرە هەنگاوانێکی بەرەو چارەنوسی ئەکات .

● ئەم جەژنە نیشتمانیانە لە جەماوەر پیرۆزبێ ، وە جەژنەکانی داهاتوش لەسایەی ئالای شورشە سەرکەوتووە کەماناو حزبی سەرکردە حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا بەخۆشی یادیان بکرێتەوە ،

– باوکی شیرین –

Institut Kurde de Paris

دەقی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە

" پاشماوە "

مەترسیدارترین شت کە لەوانەیە توشی بەرگری نەلەستین و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان و هەمو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتوەکانی عەرەب بێ ئەوەیە کە جارێکی تر رابکێشرێن بۆ هەوڵ و تەقەلای مەباندن و سەرلێشێواندن ، ئەمە شتێکە کە لە رابردودا لاوازی کردون و لەمەودواش زیاتر لاوازیان دەکات و دەرفەت بۆ ئیمپریالیزم و لادەرەکان پێك دێنێ کە نەخشەکەیان جێبەجێبکەن و ئامانجەکانیان وەدیبهێنن .

ئەو سیاسەتی هێنان و بردن و سەرلێشێواندنە کە کۆرو کۆمەلە لادەرەکانی نیشتمانی عەرەب و پێش هەمویان ریژیمی لادەری سوریا گرتویانەتەپیش ، هەمیشە بۆ مەسەلەی عەرەب و بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین مەترسی زیاتربوە لە سیاسەت و هەلوێستی بەرەنگاری ئاشکرا . چونکە شەرو کێشەی بە ئاشکرا هێزەکان بەلادەخات و هانیان دەدا بۆ خەبات و بەربەرەکانی ، بەلام هەوڵ و تەقەلای هێنان و بردن و سەرلێشێواندن هێزەکان لەبەر یەك بلاودەکات و ناکۆکی بیروڕایێك دێنێ و دەست بێشخەری لە دەستی خەباتکەران دێنێتەدەر .

هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب کە ئێستا زۆر شتی نهێنی ئەو پیلانە گومان لێکراوەیان بۆ دەرکەوتوە ، پێویستە وشیاری خۆیان زیاتربکەن و ئیرادەیان پتەوتر بکەن و زیاتر بەلەبکرن و رێگا نەدەن جارێکی تر شێوەی سەرلێشێواندن و پیلانگیران و هێنان و بردن بەکاربێنرێ .

کونفرانسی گەلی عەرەب کە مانگی رابردو لە بەغدا بەستراو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی هەموو ئاوچەکانی نیشتمانی عەرەبی تێدا بەشداربون ، دەبێ ببێتە ئامرازێکی خەباتی بەردەوام و کاریگەر کە یارمەتی ئەو هێزانە بدا بۆ لێکدانەوەیەکی راست و دروستی باری ناوچەی عەرەبی و بە دەست هێنانی دەستپێشخەری لەبەربەرەکانی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و هاودەستەکانی دا .

ئەو کارەساتانەی لە لوبنان رویاندا و تاوانی ریژیمی سوریا نابێ بەبێ هەلسەنگاندن و لێکۆڵینەوە بمێننەوە ، وهەروەها پێویستە ببن بە سەرەتای قۆناخێکی تازە لە خەباتی عەرەبدا کە لەوێدا ئیرادە پتەوبێ و دیمەنەکە رون بێتەو رێزە پێشکەوتوەکان بەکگرتوبن .

هاونیشتمانەکان !

کۆمەلانی نەتەوەی نەمری عەرەب !

لەم هەلو مەرجەدا کە نەتەوەی عەرەب و ناوچەکەی پێدادەڕوا بە پێویست دەزانین هێندێك راستەقینە دوباتە بکەینەوە .

ئێمە هەمیشە بەتوندی دژی پرۆژەکانی سات و سەودا وێتاوین بە هەر شێوەیەکو لە هەر سەرچاوەیەکەوە بوبن ، هەمیشەش کوتومانە ئەم هەلوێستەمان بە هەق جۆر زندەڕەوی تیدا نیەو بۆ ناچارکردنی هیچ کام لە براکان و دۆستەکانمان نیە . بەلکە لە پیرویاوەڕی ئێمەوە هەلدەقولێو لە سەر لێکدانەوەمان بۆ هەلو مەرجی ناوچەو سروشتی سات و سەوداکان بنیات نراوە . لەو باوەڕەشدا بوین کە پرۆژەکانی سات و سەودا بەهەمو جۆرەکانیەوە سەرەنجام دەچنەوە سەر نەخشەکەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە هەوڵ دەدا ـ بەتایبەتی پاش شەڕی تشرینی ١٩٧٣ ـ وەزعی ناوچەکە بە جۆرێك رێك بخا کە قازانجی بەر بڵاوی ئەو وپێش هەمویان قازانجە نەوتیەکانی دابین بکات و جێپێی فەوارەی زایۆنی پتەو بکاو دەستەبەر بێ کە وەزعی ناوچەو ریژیمەکان بەرەو قازانجی هێزە دەستە راستی و لادەرەکان بڕواتە پێش کە لە کەل ئیمپریالیزمی ئەمریکا هاوبەیمانن .

ئێمە لە کەل راکەیاندنی ئەم هەلوێستەمان هەمیشە بە توندی و بە پشویەکی درێژەوە هەوڵمان داوە بۆ بەهێزکردنی هاوکاری عەرەب و بەهێزکردنی جەبهەی عەرەبی لە هەر پلەو پایەیەکدا کە بگونجێ و بەسند بێ و ئەو هێزو عونسورە باشانەی تێیدا هەن بەهێزیان بکا . ئێمەلەم سیاسەتەدا تەنانەت ریژیمی سوریا شمان جیا نەکردەوە ، هەر چەند ناوەرۆك و نیازەکانیمان دەناسی و زۆر جاریش هەلوێستی خرابی بەرامبەر ئێمە گرتبوە پێش .

بار لەم وەختەدا داوای دامەزراندنی جەبهەی شیمالی و بەشداربونی هێزەکانی عیراقمان کرد لە کەل هێزەکانی سوریا لەبەجێ گەیاندنی ئەرکی رزگارکردنی خاکی داگیر کراودا . هەر وەك داوامان کرد کە جەبهەکانی تریش بەرەو روی دوژمن بکرێنەوەو بەهێز بکرێن . یەلام لەوەدا دەربارەی ریژیمی سوریا هێندێك مەرجی تایبەتیمان دانابو لەبەر دو هۆ : یەکیان ئەوە کە ناوەرۆکی ئەو ریژیمەو سیاسەتی بەپێچو بەنای ئەومان دەناسی و دەزانین کە بونی هێزەکانی عیراق لە سوریا ، پان باسی برایان لە سوریا وەك وەرەقەیەك لە سات و سەودا دا بەکار بەری . دوهەمیش ئەوە کە بەشداری ئێمە لە جەبهەی سوریادا وەك ئێمە دەمانەوێ بەشداریەکی بەر بڵاوو کوردیە کە هەمو دەرەتانی خۆمانی بۆ دەخەینە کارو بەرادەیەك دەبێ کە هیچ لە هی ئەولایەنانە کەمتر نەبێ کەراستەوخۆ پێوەندیان بە مەسەلەکەوە هەیە . بۆیە هەقیشمانەو ئەرکیشمانەکە رایەکی بنەڕەتیمان لە بەرئەوەبردنی سیاسی و عەسکەری شەڕو لە دیاریکردنی ئەو ئامانجە سەرەکیانەدا هەبێ کە لێی چاوەڕوان دەکرێن .

ریژیمی سوریا کە دەیەویست لە خەتی خەباتی رزگاریخوازی شەریف بجێتە دەرو بە رێگای سات و سەودادا بڕوا هەمو رۆژێك گومانی دەخستە سەر ئەو هەلوێستەی ئێمە . ئەو هەلوێستە مەبدەئی و زانستیەمان هەر لەو کاتەداتوشی هێندێك رەخنەو سەرزەنشتی چەند برایەك دەبو کە گومانمان لە پاکی و دلسۆزی ئەوان دا نیە ، بەلام لە سەر ناوەرۆك و هەلوێستەکانی ریژیمی سوریا بەهەلەدا چوبون . لە راستیدا ئەمە ببوە هوی رون نەبونی بەشێکی زۆر لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب ج لە پلەی رەسمی و ج لەپلەی گەلیدا .

بەلام ئێمە کە باش لەناوەرۆك و فرو فێلەکانی ریژیمی لادەری سوریاش شارەزا بوین ، بە دلسۆزی و لە پلەی گەلیدا کۆتایی نەکەین ، بڕیارماندا هێزە بەرەی پێشکەوتنخوازی عەرەب ج لە پلەی رەسمی و ج لە پلەی گەلیدا کۆتایی نەکەین ، بڕیارماندا هێزە جەکدارەکانی عیراق بێترینە جەبهە بەو مەرجە کە پاش دامەزرانی هێزەکانمان لە خاکی سوریادا حکومەتی سوریا هەلوێستێکی رون بەرامبەر بە پرۆژەکانی سات و سەودا بگرتو رابکەیەنێ کە لە سەر رێبازی خەبات بۆ رزگارکردنی خاکی داگیرکراوی عەرەب بەردەوام دەبێ و لەو هەلوێستە نایەتە خوار . چەند رۆژ پاش راگەیاندنی ئەو بڕیارە بە سەرکردایەتی سوریا هەر چەند سەرکردایەتی وای نواند کە موافیقی بەرنامەکەیە ، هێزەکانی سوریا دەستیان کرد بە دەستدرێژی بۆ سەر لوبنان و لێدانی بەرگری فەلەستین بە جەشنێك کە بەیەکجاری ناوەرۆکی ئەو ریژیمە لادەرەی دەرخست و نیشانیدا کە چەند بەقولی لە نەخشەی سات و سەودای ئیمپریالیزمەوە گلاوە .

ئێمە بە دلسۆزیەوە هەولمان داوە بەرەی پێشکەوتنخوازی عەرەب لەهەمو پلەیەدا بەهێز بکەین و لەو باوەڕە داین کە ئاشکرابونی دەوری ریژیمی سوریا لە بیلانی سات و سەودادا و ئەو هەلو مەرجانەی ئیستاکە بەر ری فەلەستین و مەسەلەی عەرەبی بێداوە دەبەڕێ دەری دەخا کە پێویستە ئەم بەرەیە لە هەمو کاتێکی رابردو بە هێزتر بکرێ . ئەو سوریایە کە تاقمە لە رێ دەرچوو لادەرە بە سەری دا زال بوە بە گەلو سوپاوە هەر سوریای عەرەبایەتی و سوریای رزگاری و پێشکەوتن و سوریای خەباتکەر بۆ مەسەلەی فەلەستین دەبێ .

ئەوەش دوباتە دەکەینەوە کە دەبێ بە دلسۆزیەوە لە سەر رێبازی بەهێزکردنی هاوکاری و هاودەردی عەرەب بەردەوام بین ، بەلام ئێمە لەروی زۆر تاقیکردنەوە زۆر بەدلسۆزی دەلێین هاوکاری عەرەب دەبێ مەبەستی بەهێزکردنی هەلوێستە باشەکانی عەرەبی بێ بۆ ئەوەی نەتەوەی عەرەب بتوانێ بەیلەیەکی باشتر بێداویستیەکانی بەربەرەکانی نەخشەو بلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دابین بکاو هەلوێستی عەرەب لە بنەمالەی دەولەتاندا بەهێز بکا . بەلام ئەگەر هێندێك کەس بیانەوێ ئەو هاوکاریە بکەنە خاوەنتك کە نەخشەکانی ئیمپریالیزم و لەناوبردنی مەسەلەی فەلەستینی لە بن دا جێبەجێ بکرێ ، ئەو دەم ئێمە هەلوێستێکی ترمان دەبێت و هەر لایەنێك دەخەینە بەردەم بەر پرسیاریەکانی خۆی .

ئەو رێبازە کە عیراق لە پێوندی خۆی لە کەل هەمو ولاتانی ناوچەدا گرتویەتیە بەرو لە سەر بناخەی پێکەوە ژیان و هاوکاری لە کەل هەموان بێ لە بەر جاوگرتنی جیاوازی سروشت و شێوەی ریژیمەکان رەوای هەمو لایەنەکان دا رێك دەکەوێ و هەلو مەرجی دانراوە لەو باوەرەمانەوە هاتبوە کە لە کەل قازانجی لە بار بۆ دامەزراوی و پەرەسەندنی ناوچەکە پێك دێنێ ، و ئەوە بۆ ئێمە رێیازێکی نەگۆڕاوەکە وەك هەمو رێبازەکانی سیاسەتی خۆمان لە سەری دەرۆین . هەر لە سەر بناخەی ئەو رێبازەش پەردەوام هەولی دامەزراندنی پێوەندی باش لە کەل هەمو ولاتانی ناوچەمان دا وەودەیدەین .

لێرەدا پێویستە باسی مەسەلەیەکی گرنگ بکەین لە سەر بناخەی ئەو سیاسەتەمان داوامان کرد کە نازادی کەشتیەوانی لە خەلیجی عەرەبی دا دەستەبەر بکرێ ، چونکە ئەم خەلیجە رێگایەکی حەیاتیە بۆ هەمو ولاتانی دەورو بەری و بۆ هەمو جیهان چونکە لە هەمو رێگا جیهانیەکان حەیاتی تره و ئەورەترین رێگای سامانی نەوتە لە جیهان دا . ئێمە بەرونی و راستگۆیی لە کەل هەمو لایەنەکانی پێوەندیدار دواوین و لە وڕایەدابوین کە قازانجی گشت ولاتانی دەوروبەری خەلیجو قازانجە رەواکانی خەلکی جیهان پێویستی بەوە دەکا کە خۆ لە ئالۆزی و شێواوی لەو ناوچەیەدا بپارێزرێ . هەر وەها پێویستی بەوە هەیە کە رێ و شوێنی تایبەتی نازادی کەشتیەوانی بەگوێرەی ئەو عورف و قانونە جیهانیانە کە لەو بارەوە هەن بە هێز بکرێ . ئەویش بەو جۆرە کە هەمو ولاتانی سەر خەلیج بێکەوە رابکەیەنن کە کەشتیەوانی لە خەلیجدا پێویستە بۆ گشت ولاتانی لێواری خەلیجو هەمو لایەنە جیهانیەکان نازادبن .

ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕەین و بێمان وایە هەر صیغەیەکی تر کە لەم چوار چێوەیە دورکەوێتەوەو بیەوێ بە پێچەوانەی عورف و قانونە جیهانیەکان بە جۆرێك قەبدو بەندبخاتە سەر نازادی کەشتیەوانی و شێوەیەکی دەستەبەندی و پەیمانە ئیمپریالیستیەکانی هەبێ ،

ئەو تاوانەی ریژیمی سوریا بەرامبەر بە نەتەوەی عەرەب کردیەتی و شێواوی کە لە لوبنان دا ئەنجامی دا ، هەمە جۆر لە ئەنجامی بەدی ، ئەو شتەی کە دەستەبەر دەبێت و ئەو ئامانجانەی کە لە ناوچەکە دا جێ بەجێ بکا

صیغەیەکە کە بە هیچ جۆر قبولی ناکەین و عیراق ناتوانێ لە دژی نەبێ ، هەرچەند بە توندیش دەبەوێ باشترین پێوەندی لەکەل هەمو لایەنەکان هەبێ بەپێی بنچینە ناوەندیەکانی سیاسەتی ئێمە .

برایان !

ئەو خەتە مەبدەئیە لە پێوەندیەکانی دەرەوەدا راستی و دروستی خۆی سەلماندوەو بۆیە بڕیارمان داوە سەرەڕای هەمو کەندو کۆسپێك لەسەری بڕۆین ، چونکە بە تەواوی لەگەل قازانجە بنەڕەتی و درێژماوەکانی گەلو ولاتەکەمان و لەگەل ئاواتی ولاتە کەمان بزێتەوکردنی سەربەخۆیی و بەدی هێنانی بەرەسەندن و پێشکەوتن و گەیشتن بە هێزێکی خۆیی کە بتوانێ بەرەنگاری هەمو مەترسیەك بێتەوە ، رێك دەکەوێ .

ئێمە بە دڵەوە لەو باوەڕە دا بوین کە گرتنە پێشی خەتێکی وا لە سیاسەتی دەرەوەو پێوەندی ناو دەولەتان دا بۆ ئەتەوەی عەرەب و بزوتنەوە شورشگێڕیەکەی پێویستە . پێوەندی هێندێك ولاتی عەرەبی لە کەل زۆر هێزی جیهانی پێوەندیەکی نابەرابەرەو بەشێك لەو پێوەندیانە زیانی بە ناوبانگی نەتەوەی عەرەب و شوێنی نەتەوەی عەرەب لە کۆمەلی ناو دەولەتان دا گەیاندوە ، هەروەك پێوەندی هێندێك کۆرو کۆمەلی عەرەبی بەهێزە ئیمبریالیستیەکانەوە هەرەشە لە قازانجە بنەڕەتیەکانی نەتەوەی عەرەب دەکا . لەبەر ئەوەو لەبەر ئەو برسراویە نەتەوایەتیەکانمان بێمان وابو پێویستە نمونەیەکی راست و دروستی عەرەبی لە پێوەندیە جیهانیەکان دا دروست بێ کە بناخەکەی لەسەر لێك کردنەوەیەکی دروستی دوست و دوژمن دامەزرابێ و بارسەنگیکی وا لە رەفتار لەگەل دەولەتان دا بێك بێنێ کە لەگەل قازانج و ئاواتە رەواکانی نەتەوەی عەرەب و لەگەل خەباتی نەتەوەی عەرەب بۆ رزگارکردنی خاکی داگیرکراوو بەدی هێنانی یەکیەتی و پێشکەوتن رێك بکەوێ .

عیراقی شۆرشگێر لە هەشت سالی رابردودا پێوەندیەکی بتەوو پەربڵاوی لەگەل زۆر ولاتی جیهان دا دامەزراندوە .

پێوەندیمان لەگەل ولاتانی سوشیالیستی و لەگەل یەکیەتی سوفیەتی دۆست کە سالی ١٩٧٢ بەیمانێکی دۆستایەتی و هاوکاریمان لەگەل ئیمزاکردوە ، کە پشتی بە پیروباوەڕو قازانجی هاوبەشی هەردو لاوەداوە ، لە چەند سالی رابردو بەرەی سەندوە ، و لە ئێوان ئێمەدا پێوەندی دۆستایەتی ورێزو هاوکاری دولایەنی دامەزراوەو جێگیربوە .

هەروەها پێوەندیەکی پتەومان لەگەل ولاتە نازادیخوازەکانی ئاسیا و ئەفریقا هەیە ، ئەوانەی لە ئامانجی رزگاری و سەربەخۆیی دا لەگەل کەل و نەتەوەی ئێمە دەگەنە یەك ، وە بەپێی توانا یارمەتیەکی خاوێنمان بە بەشێکی زۆر لەو ولاتانەکردوە لە جوارچێوەی سیاسەتی خۆمان دا کە ئامانجی پشتگیری ئەو هێزە بەرەئەستێنانەی جیهانە کە لە دژی موتوڵە ئیمبریالیستیەکان خەبات دەکەن .

هەروەها پێوەندیەکی باش و بەرەگرتومان لەگەل ولاتانی ئەمریکای لاتین دامەزراندوەو لە ئێوان ئێمەو زۆر ولاتی ئەوروپاش دا پێوەندیەك دامەزراوە کە بناخەکەی فازانجی دولایەنی و رێزگرتن لە سیادەتی یەکترە . هەمیشەش پشتیوانیمان لەو رێبازە کردوە کە دەیەوێ پێوەندی عەرەب و ئەوروپا لەسەر بناخەی قازانجی هاوبەشی هەردولا بەهێزبکرێ و لە تەئسیری نفوزی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو زایۆنیزم بەدوربێ .

لە چەند سالی رابردودا پێوەندی دراوسێیەتیەکی خۆش لە ئێوان ئێمەو تورکیای دراوسێمان دا بەهێزبوەو لە ئازاری ١٩٧٥ یشەوە تا ئێستا پێوەندی دراوسێیەتیەکی خۆش لە ئێوان ئێمەو ئێرانی دراوسێمان دا جێگیربوە کە پێش ماوەیەکی کەم توانیمان هەمو ئەو گیروگرفتانەی لە ئێوانمان دا هەبون بە چەشنێك چارەسەربکەین کە قازانجی هاوبەشی هەردو ولاتی دراوسێ دابین بکاو یارمەتی دامەزراوەی و هاوکاریەکی بەرهەمدار لەم ناوچەیەدا بدا .

لە مەیدانی جیهانی دا حکومەتی شۆرش زۆر بەتوندی سیاسەتی دۆژمنایەتی ئیمبریالیزم و ئیستیعمارو جیاوازی رەگەزایەتی درێژە پێداوەو بەهەمو توانا پشتیوانی لە جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی هەمو ناوچەکانی جیهان کردوەو پشتگیری لە خەباتی گەلان دژی جیاوازی رەگەزایەتی کردوە .

لە پێوەندی ناو دەولەتان دا ئەمسال بایەخێکی تایبەتی هەیە . چونکە پاش مانگێك کۆنفرانسی سەرۆکانی ولاتانی بێلایەن دەبەسترێ . ئەم کۆنفرانسە بۆ ئەلانی ولاتانی بێلایەن و بۆ هەمو جیهان بەگشتی بەرودواونکی گەورە دەزمێردرێ .

سیاسەتی بێلایەنی لە ساڵان و تاقیکردنەوەکانی رابردودا دەرەخستوە سیاسەتێکی راستەو بۆ پتەوکردنی ئاشتی و ئاسایش لە جیهان داو بۆ ئەوەی ئەلانی تازە رزگاربو بتوانن سەربەخۆیی خۆیان بەهێز بکەن ، سیاسەتێکی پێویستە .

ئێمە بەهەمو توانا و پشتیوانیمان لە رێبازی

بڕوانە ل ٧

Institut Kurde de Paris

لە ئاوێی ئەدەبدا

چەکی لێبوردن

● صلاح شوان ●

★ لەکاتی خۆیدا هەندێ لە قەشەکانی ئەوروپا ، جۆرە چەکێکیان بە خەلکی ئەفرۆشت ، ناوی « چەکی لێبوردن »ی لێنرابوو ... بەپێی ئەو چەکانە ، هەرکەسێك ئەیتوانی کۆشکێك ، یان کەپرێك ـ هەر کە بەپێی درامەتی خۆی ـ لە بەهەشتدا بکرێت و ، پاش مردنی تیای دابنشێت ، بەم جۆرە ئیتر کوایە لە دۆزەخ و لێبرسینەوە رزگاری ئەبوو .

★ بەڵام لە راستیدا مەسەلەکە لەوە زیاتر نەبوو کابرای قەشە هەندێ پارە بخاتە تەنکەی باخەڵی و شتی تری پێبکرێت نەك بەهەشت ... کابرای چەك کرێش تا ئەمرێت لە خەیال پلاودا بژێت و ، بە کەیفی خۆی خرابە بکات .. چونکە وای ئەزانی تازە جێگای خۆی مسۆگەر کردووەو کەس نییە لێی بسێنێتەوە .

★ ئەم سەواو مامەلە نایەزدانییەم لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکانیدا بینیوە !؟!

★ فەرموو ، تۆش چاوێك بە لیستەی ئەدیبان ـ بە تایبەتیش شاعیران ـی ئەندام لە یەکێتیە خوالێخۆشبووەکەی نووسەرانی کوردا بخشێنە ، تا بۆت دەرکەوێت سەنعەتەکە چەند رەزیلبووەو .. چەند لەوە زیاتر لە (٢٠٠) ئەندامە « تازە پێکەیشتوو !؟! »ن و ، چەندیشیان ساڵەهای ساڵە هێشتا هەر پێنەکەیشتوون ناشکەن ... ئیتر پێویست بە باسکردنی ئەو هەموو دەمەوچاوە « نائەندام »انەی سەر لاپەڕەکان ناکات ، کە بە ناوی « ئەدیب !؟! »یان « شاعیر !؟! »ی رووتەوە ، بڵاوکراوەتەوەو ، ئەکرێتەوە ، بەبێ ئەوەی ـ وەك بلقی سەرچلکاو ـ کەس جارێکیتر ببینێتەوە .

★ وا دیارە ئەدەبی کوردیش کۆمەڵێك لەم جۆرە قەشە پیاو چاکانەی هەیە .. کە لە بری هەندێ « پارە » ، یان هەندێ « شتی تر » ، کۆشکێك ، یان کەپرێك بە کۆلکە ئەدیبێکی پێنەکەیشتوو لە بەهەشتی ئەدەبدا بفرۆشن .

★ چەکەکەی ئێستا لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکانە ..

★ قەشەکانیش هەندێ زەلامی زۆرزانو تەڵەکە بازو نا رۆشنبیرن .. هیچ ویژدانێکی ئەدەبیو نا ئەدەبیشیان نییە کە ..

یەکەم : ئەو کڕیارە « بەستەزمانە » دەستخەڕۆ ئەکەنو ، ئەیخەڵەتێنن .

دووەم : دانیشتوانی بەهەشتەکەش هەراسانو وەرس ئەکەن ، هەر بۆ هەندی سوودی بێ سوودی خۆیان :

★ بە هەشتەکەش ـ ئەگەر دۆزەخ نەبێت ! ـ دنیای ئەدەبە ، کە چ تاق لەو ـ چەك بەدەستانە ـ ی تێناچێت ، ئەگەر « تەقی »ی تەواویش بێت ، چونکە بەکارە « .. وگێشیان ناوەتە بانی » .

★ ئەی باشە ...! ئەو کەسانەی پارەی ـ یان شتی تری ـ کڕینی ئەو چەکانەیان نییەو ، بەراستیش چاویان لێیوەتە ئەو بەهەشتەو .. بەراستیو « بەبێ دەنگی » هەوڵی بۆ ئەدەن ، تۆ بڵێی جێگایان کوێ بێت ؟!

ئەگەر لەمن ئەپرسیت ، ئەڵێم : بەرزترین لوتکەی بەهەشتەکە ئەی ئەڵێی چی ؟!

میژووی ئەدەبی ئەڵەمانی

لەو کتێبە گرنگانەی لەم دواییەدا بڵاو کراونەتەوەو بۆتە جێگای سەرنجی رەخنەگران و ئەوانەی بایەخ بە کەلەپوری ئەدەبی کلاسیکی ئەدەن یەکێك لەوانە بەشی یەکەمی میژووی ئەدەبی ئەڵمانی یە کەنزیکەی چوارسەدو شەش لاپەڕە ئەبێو دەزگای چاپەمەنی (مکمیلان) چاپی کردوە .

ئەم بەشە ژیانی ئەدەبی ئەڵمانی لە ١٧٦٠ ـ ١٨٠٥ باس ئەکات ، چەند نوسەرێك بەشداریان تیا کردوە ، بە چاپی ئینگلیزی چاپ کراوە ، بەشەکانی تری ئەم کتێبە یەك لە دوای یەك چاپ ئەکرێنو باسی میژوی ئەدەبی ئەڵمانی ئەکەن لە سەرەتای پەیدا بونیەوە تاکو ئەمڕۆ .

ئەم کتێبە کەمیستەر ئەیان هلتون اکردوێتی بە ئینگلیزی ، زۆر شت باس ئەکات چکە لە میژوی ئەدەب باسی بابەتەکانی فەلسەفەو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری رون ئەکاتەوەو ئەیانگەیەنێتە سەر بنچینەی رەسەنیان .

ئەم کتێبە بەر لە هەموشتێك بایەختێکی زۆری بەو سەرچاوانە داوە کە هەندێکیان ئیستە نەماون یان ئاگاداریمان لە بارەیانەوە کەمە .. لە لایەن رەخنەگرانو شارەزایانی میژوی ئەدەبی بێکانەوە بایەخی پێ دراوە .

بڕوانە ل ـ ٧

کورتە چیرۆك

ترس

شێرزاد حەسەن

هەرچەندە بەنجەرەکەم چاك داخستبوو .. کەچی رەشەبایەکە کوڕەی ئەهات و بەردە نەستورەکەی ئەهێناو ئەبرد و چرکوهۆزی خستبووەبەنجەرە بێدەستەلاتەکەی تەنیا دوو جامی تیا مابوو .. کونەکانی ترم بە مەقەوای کارتۆنی تایت ئەفەس بڕ کردبوو .. کونەکەی زیر دەرکاکەشم بە دوو سێ کۆنە گۆرەوی خۆمو دایکەمو باوکم قەپات کرد .. ورزەی بایەکە سیمفۆنیایەکی زۆر خەمناکی کە خەمی ئەو شەوەی خەستتر ئەکردو ئەبرژانە کوێمو هەواڵێکی ساردی دەستئەزێنی ئەو بەفرو باوو تۆفانەی دەرەوەی لەم کونە تەسکە ئەگەیاندمێ .. بێ هۆدەبوو سەربانەکەمان لەژێر رێژنەی بارانی بەخوڕ وەك پەڕی سیر ئەلەرپەوە :ـ

ـ ئەو رێژنەیەی ئەم شەو سامناکیم زیاتر ئەکا هەزاران پەلکەزێڕینە ئەڕژێنێتە سەر کێلگەی دلو چاوی جوتیارە ماندووەکان ..! باوکم وتی : لە منالیەوە ڕقم لە بارانە بەتایبەتی ڕۆژانی جەژن بەس بۆ باوکم ئەڵێ کە گەورەبیت ئەمری و ئەژیت لەگەڵ باران .. بەڵام سەد خۆزگە کە ئەم شەویش ئەئەباری !

وەك سیحرێکی گەورە هەموو شتێکی بێدەنگکرد .. بە ئاسانی ئەکەیشتە گوێم کە بەسەر تێلەکانی دارتەلەکە تیژ تێئەپەڕی و کیژەی ئەهات .. و زززززز .. کیززززز .. وز وز وز وز وز چ چەشنە مۆسیقایەکی خەمناك بوو .. ترسناك .. هەوێنێ بوو بۆ ترسی ئەو شەوە ئەنکوستەچاوا .. هیچ کەمانێك و تەلێکی موسیقی بۆی ناکرێ شتی وا .. وژە وژی باوو رێژنەی باران و شریقەی بروسك و شوڕەی سولاوکەو ورشەی سەمای پەردەکەو پرتە پرتی کۆژانەوەی چراکەی بەردەمم کە ناوزینکی ئەدا بۆ دووسێ دڵۆپە نەوتی تر . چ سەیرە کە تەنیا چوار دیوار پیاو لە مەترسی سروشت دەرپازکا .. ئاخۆ ناشێ ڕۆژێ مرۆڤ باران و بروسك و لافاو ڕاگرێو بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆی .. دوور نیە .. مامۆستا سەر بجوکەکە وەی کوت !

ترسی تۆفانەکەی دەرەوە ژوورەوەی لە بیر بردمەوەو کە چاوێکم پیاخشاند .. دارو دیوارێکی ڕووت .. وێنەی باوکم کە تیژ بە خۆیو سمێلە قنجەکەی تێئەڕوانیم .. سێچوار بەرداغو شلوشەو وردەواڵەی بەنجەرەکانی کرتبوو لەگەڵ چواربێنج بوخچەی زەردو سوور کە پڕ بوون لە غەرگەی کە هەمووی نرخی پانتۆلی مامۆستاکەی نەئەهێنا .. سنوقێکی دارشخاتە .. کاریتەکان وەك زگیان بەمنی تەنیای ئەو شەوە بسوتێ سینگیان داکرتبو .. ناوی بارانەکە دەستی قوڕاوی سەربانەکەی ئەکرتو ئەیهێنا خوارەوە بەسەر دیوارەکەدا چەند نەخشەیەکی دروست ئەکرد وەك نەخشەی ئەو وڵاتانەی لە جوغرافیا ئەیان خوێنین .. چەند قاپێکم هێناو کردمە دەخیلی دڵۆپە زلەکان .. تك .. تك .. تك .. ئەو موسیقایەی لە دڵۆپەکان ئەتکا جیاواز بوو لەگەڵ هی ورزەی ڕەشەباو بروسك و شوڕەی سولاوکە . سروشتیش جەز بە دووبات کردنەوە ناکات وەکو ئێمە . ژوورەکە شتێکی وای

بڕوانە ل ـ ٧

ئەمشەو

جەمال شارباژێری

ئەمشەو بادی تۆ هێناومی .. بخۆمەوە ...
تیلەی ئیکات لە پێکا بزم بێ ئەکەنێ
بێ .. بێ .. قوم .. قوم ، تا بتکوشم بە خۆمەوە
بە کەروما .. بەرەو سینەم هەنگاو بنێ

✻⊙✻

بێ .. بو لای دل .. ئەوشارەی تۆی خوش ویستوە
بە میوانیت .. ناوەدانی .. تۆ ئەکەوێ ..
دەی .. فەرمو لەو ناوازانەی نەت بیستوە
گوێی بۆ شل کە .. شەوارەیەو کەس ناخەوێ ..

✻⊙✻

جیرۆکەکان .. لە ناو چاوی شیعرا شانۆئەلەرزێنن
فریشتەکان .. سەمای باڵێی دلداریمان بۆئەکێشن
کۆزانێکان ، دەنکێکی نوێ لە هەناسە دەر ئەهێنن
مۆسیقاکان .. نۆتەی بیرەوەری تەمەن .. ئەپرژێنن

✻⊙✻

"صالحەفەندی ئاهی" وچەندغەزەلێکی نوێ

صالحەفەندی ئاهی کە یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکییە بەرزانەی کە شیعرەکانی تامو بۆیەکی تایبەتییان هەیە .. هەروەك مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئەمیشی بە شاعیرێکی بەرزی سەردەمی خۆی لە قەڵەم داوە ، دەربارەی ژیانی ڕەفیق حیلمی ئەڵێت :

لەبەر ئەوەی کە دیوانێکی ئەم شاعیرە لەناوا نییەو سەرگوزشتەیەکی تەواوی نازانین بە ناچاری بەوانەی لە تەئریخی سلێمانیداو ئەنجومەنی ئەدیبانی کوردا نوسراوە واز لە باسی دێنین :ـ

« صالحەفەندی ئاهی خەڵکی سلێمانیو لە شوعەرای عەسری سیانزەمینو چواردەمینی هیجریە ، زۆری حەیاتی لە کۆیە ـ کویسنجق ڕابواردووە ، عالمێکی باشو شاعیرێکی حەساس بووە ، زۆر غەزەلو قەصائدی هەیە ».

شایەنی باسە هەر بە هۆی ڕۆژنامەی هاوکاریوە هەندێ غەزەلی تری ئەم شاعیرەم بڵاوکردەوە ، وا لێرەدا چەند غەزەلێکی ترتان بۆ بڵاوئەکەمەوە و بەو شێوەیەی ساغم کردوونەتەوە وەکو خۆیان بەبێ دەسکاری بڵاویان ئەکەمەوە !

ئەو دوو ڕەشە زولفە کە بەرێشانی شەماڵن
سەرمایەی بەختی سیەهوو هەمسەری حاڵن
وەختێ کە دەدەن حەلقە بە طوولو بەدرێژی
هەم دەردی عقوودی دڵو هەمشانی خەیاڵن
حەیرانی حەبیبم بە نەقیضەینی ڕوخو زولف
بنوارە کە چۆن جامعی دوو چشتی مەحاڵن
شاهنشەهە چاوی ، بە صفووفی موژە هەردەم
تالب بەشەڕو مەعرەکەو جەنگو جیدالن
فرزەندی خیرەد داخڵی بابی غەمو داغە (١)
مەحبوبە هەتا صاحیبی ئەگریجەوو خاڵن
بەو عەکسی ڕوخە ، سەطحی دەروونی منەڕۆشن
مەعلوومە کە خورشیدی سەماواتو جەمالن
کاڵن هەموو میوەی ئەمەلی (ئاهی) بە دایم (٢)
تا مایلی موژکانی ڕەشو دیدەیی کاڵن
کەچی دانا سەرو فێس و کڵاوی (٣)
کە یەعنی یێم بڵێن حەلقی کە لاوی
ڕەقیبی سەگ سیفەت لاچۆ گڵاوی
بەڵا قوربان ئەتۆ عەترو گوڵاوی
سواری مەرکەبی حوسنی هەمیشە
بە سەپیادی دڵی خەڵقی لە ڕاوی
بە نووکی تیری موگژانی دریژت
دەڕێژی خوێنو نابرسی کەماوی
مەڵێن حەننایە ڕەنگی دەستو پەنجەی
بەخوێن ئاغشتەیە پەنجەی حەناوی (٤)
پەری سروورەت ، مەلەك سیرەت کەتۆبی
بڵێ سەرفیتنەیی ئەرزوو سەماوی
خۆشو مەوزوونو باڵا بەرزو لەرزی
دەڵێی سەرووی لە باغی دڵ چەقاوی
فتووری دینو ئیمانی بە غەمزە
فریبی هۆشو ئیدراکە بە جاوی
تەحەییوور ماوم (ئاهی) چۆنە ماری
لەتیری سەهمناکو خاڵی ماری
ئەی شۆخو شەنگو دڵبەرو مەحبووبو نەونەمام
بە نووکی تیژی ئەشتەری موژگانە من ئەمام
حوسنی نییە مەفەرموو لە خەڵقی ئەویکو لام (٥)
ئەم خوڵقە تەرکی چاکە دەسا هەڵسە بێرە لام
بیزانە قەت خیلافی نییە چاوەکەم کە من
دایم بە طیبی ڕۆحو دڵو دیدە موبتەلام
هەر سوبحو شامو ڕۆژو شەوم تۆ کە قیبلە بی (٦)
بۆچی فەقیروو دەربەدەرم ، شک نییە کە شام
کامو لەبو دەدانی هەموو کامی دڵنو من (٧)
لەم ناوە ماتو خیرە سەرم دڵ بدەم بە کام
مایەی خەیاڵو سەبرو شەکیبم پێشکەشی
وەختێ کە بێتە جیلوەگەری شۆخی خۆشخەرام
مەیلی برینی زۆرە دەڵێم دابدە دەوام
جارێك دەوابە ، بەسیە ، دەڵێ چی دەکەی دەوام
وا دام مورغی دڵ بە دام دڵیش یێم دەڵێ یەقین (٨)
بێفامو عەقڵە چیمە لە کاکۆڵی میشك فام
(ئاهی) سەبووری یاری بەڵایی دەکەیتە دل
لادە لەسەر شەقیو ببیە عەینی سەرشەقام (٩)

(١) خیرەد :ـ عاقل ، تێگەیشتوو
(٢) کاڵن :ـ نەگەیشتوون ، واتە میوەی نەگەیشتون . کاڵن :ـ دیدەی کاڵ ، چاوی کاڵ .
(٣) کەچی دانا :ـ لاری دانا
(٤) ئاغشتەیە :ـ تێکەڵاوە
(٥) لام :ـ تەفسیرە بۆ (تەریك) ، واتە واز لێمێنان
(٦) صوبحو شام :ـ بەیانیو ئێوارە
(٧) کام :ـ دەم
کامی دل :ـ ئارەزوو
خیرە :ـ سەرسوڕمان
بەکام :ـ بە کامیان
(٨) بەدام :ـ داو
(٩) ببیە عەینی سەرشەقام :ـ وەرە سەر ڕێی ڕاست

ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی

لە نێوان « رۆشنبیری »یەوە

ـ حسین عارف ـ

ـ ١ ـ

یەکەمجار بەهرە ، ئینجا پەراوە ، دوایی رادەی رۆشنبیری ، هەر چیرۆك نووسێکی سەرکەوتوو لەسەرەتادا بەهرە دەبێتە قیبلەنمایو دەبخاتە سەر ڕێگای چیرۆك نووسین . زۆرن ئەوانەی ڕێگای هونەریان گرتۆتە بەرو چیرۆکێك و دەوسەدیان نووسیوەو نەبوونەتە نووسەرێکی لێهاتوو . ئەوانە ئەگەر بێتوو بکەرێیتەوە سەر چیرۆکەکانی سەرەتایان دەس بە دەسدا دەدەیتو دەڵێیت : (دیاربوو رەنجیان بە خەسار دەچێ .. تروسکەیەك بەهرەیان تیا بەدی ناکرێ) . هەشن بە پێچەوانەوە ، لە یەکەم بەرهەمدا .. لە دووهەمدا .. لە سێهەمدا ، ئەو تروسکەیە دەنوێنن و لە نێوانی شەوەزەنگی کاڵو کرچیو لاوازیی ئەو بەرهەمانەوە ، وەك کول ئەستێرەیەك بە ناو دێرەکانیاندا فڕکە فڕکی دێو دەبریسکێتەوە .

تروسکەی بەهرەکە بە تەنها بە هیچ ناچێ . بە هەزاران هەن ئەو تروسکەیە لە پێچو پەنای مێشکیاندا خۆی مەڵاس داوەو متە . بەڵام تەنها چەندانێکیان نووکی قەڵەمی تێدەچەقێنن و دەیبزوێنن و بەرەو درەوشانەوەی دەبەن . دەنا لای ئەوانی تر ، بۆ هەتا هەتایە بە خامۆشی دەمێنێتەوە . جا با بپرسین : تروسکە بزواوەکە چۆن پتر دەدرەشێتەوە ؟!. هیچ دوور مەڕۆ .. بی شوبهێنە بە منداڵێك لەو ساتەوەی کە تازە پێدەکرێو هەنگاوی یەکەم دەنێ ، تا ئەو ساتەی ڕەپ رادەوەستێو بەبێ تێکچوونی لەنگەری هەنگاو دەنێو گورج دەڕواو وەك تیسکەی تفەنك رادەکا . بەچی وای لێهات ؟!.. بە پەراوە .. بە تاقیکردنەوەی یەك لە دوای یەك .. بە دووبات کردنەوەی هەڵسان و دانیشتنو جمەوجووڵو بزووتن .

پەراوەی زۆر .. واتە نووسینی زۆر ، زۆر لە دوای زۆر ئەو بەهرەدارە بەرەو شارەزاییو وەستایی دەبا . هەموو کارو پێشەیەك لە ژیاندا ، فیکری بێ یا ئیشی دەست ، گەلێ پێچو پەناو نهێنی تێدایە کە لای ئەو مرۆڤەی یەکەمجار دەستی دەداتێ شاراوەنو چەندە بە باسکردن بۆشی باس بکرێ ، تا خۆی بە کردەوە ڕوو بە ڕوویان نەبێتەوە ، زەفەری تەواویان پێنابا . باسکردن تەنها گلیلێکەو نەوە لە دوای نەوە دەساو دەس دەکرێ . ئەگینا هەردەم کار (العمل) بنچینەی هەرە پتەوی ژیانە . سا خاوەن بەهرەش دەبێ بەکارو کردەوە .. بە دووبات کردنەوەی نووسین ، شارەزای هەموو پێچو پەناو نهێنییەکانی هونەری چیرۆك نووسین ببێت تا تیایدا ببێتە وەستاو تروسکەی بەهرەکەی تا بێت پتر بدرەوشێتەوەو بکاتە پۆپەی ورشەداری .

بەڵام لێرەدا ، بەهرەکە هێشتا هەر بە تەنها لە شارەزاییو وەستاییەوە ناگاتە پۆپەی ورشەداری . ژیانو نهێنییەکانی هەردەم بەر بەرینو فراوانبوون . خۆ لە سەردەمی ئیستای ئێمەدا هەر یەکجار بەر بەرینو فراوانن . سەردەمی تەکنۆلۆژیایەو شارستانێتی بە خیرایی بۆ پێشەوە تەکان دەدا . جگە لەوەی سەردەمی ڕاپەڕینی کشت کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بۆ لە رەگو ریشە هەڵکەندنی یاسای (چەوسانەوەی ئادەمیزاد لە لایەن ئادەمیزادەوە) لە سەراپای سەرزەمیندا . واتە سەردەمێکی کەلێ پڕو چڕە .. هەر لە چوار دیوارەکەی خۆتەوە بیگرە کە تیا ساکن دەبێ تا ئەم پەڕو ئەو پەڕی دنیا . بگرە تا مانگو مەریخو زوهرەش .

جا داخۆ لە سەردەمێکی وەهادا چیرۆك نووسی بەرهەدارو شارەزا ، دەبێ لە کاتی نووسینو بەرهەمهێناندا چەندە رۆشنبیریو زانستی بێویستبێ . تابتوانێ تروسکەکە بکەیەنێتە پۆپەی ورشەداری ؟!. بێشك زۆر .. زۆر لەوە زیاتر کە لە قوتابخانەدا فێری بوە . یا ئەوەی رۆژانە لە رۆژنامەکاندا دەیخوێنێتەوەو لە نێزکەو تەلەفزیۆندا گوێی لێدەبێو دەیبینێ . یا لە چەند کتێبێکەوە وەریدەگرێ کە هەڵەمەیی بەردەستی دەکەوونو دەیانخوێنێتەوە .

کەوابوو بەردەوام زیاتر فێربوونو ئاسۆی بیرو هۆشی فراوان کردنو بەرزکردنەوەی ڕادەی رۆشنبیریو زانستی کە زیرەکیو هوشیاری دەوری بالایانە تێدا دەبینێ ، مەرجی هەرەگرنگن بۆ کەیاندنی تروسکەکە بە پۆپەی ورشەداری .

ـ ٢ ـ

احمد محمد اسماعیل بە سەرەتایەکی زۆر سادەو ساکار دەستی پێکرد . لە کاڵو کرچی بەدەرنەبوو . بەڵام تروسکەکەی لا بەدی دەکرا . بگەڕێرەوە سەر (دارەکەی بەر مالمان) . ئینجا (دەستی ئۆخەی) بخوێنەرەوە ، دوایی ئەوە کانی ئەم دوایی یەیو (هەیاس)ی ژمارەی پێشووی هاوکاری لەکەلیاندا ، هەست دەکەیت ئەوەت بە ئاسانی بۆ دەسنیشان دەکرێ کە چۆن لەو سادەو ساکاریەوە بەرەو پێکەیشتن هەنگاوی ناوە .

(هەیاس) باسی لە دوو منداڵەو منداڵانە یاری دەکەنو هەڵدەسووڕێنو دەدوێن . کەوابێ لەم چیرۆکەدا

بڕوانە ل ـ ٧

Institut kurde de Paris

دەقی وتارەکەی « پاشماوە »

بۆلایەنی کردوەو لە ماوەی ساڵی رابردوشدا زۆر تێکۆشاوین بۆ ئەوەی پاشتر خۆ بۆ کۆنفرانسی وڵاتانی بۆلایەن ئامادەبکرێو پارسەنگی وڵاتانی بۆلایەن لە ناو دەولەتاندا گرانتربێو خەتی تایبەتی ئەو وڵاتانە لە سیاسەتی جیهانیدا قوڵتربێ . ئێمە هیوادارین کۆنفرانسی داهاتوی وڵاتانی بۆلایەن ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنێ کە چاوەڕوانی لێدەکرێو بڕیارو ئامۆژگاری ئەوتۆ دەربکا کە بتوانن بزوتنەوەی بۆلایەنی بەهێزبکەن و سروشتو ڕێبازە بنەڕەتیەکانی دژ بە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمو جیاوازی ڕەگەزایەتیو دەستدرێژی زیاتر پەرە پێبدەن .

هاونیشتمانەکان !

کۆمەڵانی خەباتکەری نەتەوەی عەرەب !

شۆڕشەکەتان شۆڕشی حەقدەی تەموز کە لە ڕەوتی سەرکەوتوانەی خۆیدا ڕێبازی مەبدەئی نەتەوایەتی و سوشیالیستی بەرنەداوەو توانیویەتی بە توندی بەرامبەر ئیمپریالیزمو هێزە لە پێڵادەرەکان بوەستێو زۆر سەرکەوتنی گەورەی لە مەیدانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریدا بەدەست هێناوە ، بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕونە بۆ ئەوە کە هێزەکانی شۆڕشو ڕزگاریو پێشکەوتن لە نیشتمانی عەرەبدا هێزی زیندوو تێکۆشەرنو دەتوانن جڵەوی (مبادرە)و سەرکەوتن بگرنە دەست بەوشەرتە بڕیار بدەن لەسەر خەباتو خەتێکی مەبدەئیو سیاسی نەگۆڕاو بەرەئەستێن بگرنەبەرو خۆیان لە هەوڵو تەقەلای لادانو سەرلێشێواندنو ساتو سەودا بەدور بگرن .

هێزە ئیمپریالیستیەکانو تاقمە لە ڕێدەرچوەکان جارێك بە فرۆفێڵو هاندانو جارێك بە هەڵمەتو ترساندن هەوڵ دەدەن میلەکانی کاتژمێر لە ناوچەدا بەرەو دوا بگێڕنەوە . ئێمەش لە توانای خۆمانو توانای هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەبو کۆمەڵانی نەتەوەی عەرەب لەسەر بەرەنگاری ئەو هەوڵو تەقەلایە دڵنیاینو لێمان ڕونە نەتەوەی عەرەب کە ئێستا ناوەڕۆکی خۆی ناسیوەو ڕێگای خۆی بەرەو ڕزگاریو ڕابەڕین گرتۆتەبێش ، سەر بۆ نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزمو لادەران شۆڕ ناکا هەرچەندی بەهێزو زیرەکیش بن .

برایان !

ئەم قۆناخە لە ڕێبازی نەتەوەکەماندا و لە ڕێبازی بزوتنەوەی نەتەوەکەماندا بەرەو پێشکەوتنو ڕزگاریو یەکیەتی قۆناخێکی ناسکەو لەسەرمان پێویستە وشیاری خۆمان توندتر بکەینو خەباتی خۆمان بەرەوروی پیلانەکان بە هەموتوانا وە توندتر بکەینو لەسەر کەوتنیش دڵنیاین .

ئەو خەباتکەرە دلێرانە کە ئەمڕۆ لە لوبنانداچ لوبنانی بنوچ فەلەستینی خۆیان لە بەرامبەر گوللەی ناهەقی داگرتوە کە هێزە دورە پەرێزەکان و ڕێژیمی لادەری سوریا دەیتەقێنن ، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن . ئەگەر هێندێك وا بڵاوبکەنەوە کە گۆیا لادەرو بیاوکوژەکان ڕۆڵەی ئەم نەتەوەنو ئەوان چارەنوسی بۆ دیاری دەکەن ، ئێمە دەڵێین ڕۆڵە ڕاستەقینەکانی نەتەوەی عەرەبو ئەوانەی چارەنوسی بۆ دیاری دەکەن ئەوە خەباتکەرە دلێرانەن کە لە مەیدانی شەڕی لوبنانداسەرەڕای گەورەبونی پەلاماری عەسکەری بۆ سەر ئەوان و سەرەڕای ئەو هەمو ڕقو قینەی لە دژیان هەیە خۆزادەکرن . سڵاو لەو خەباتکەرانە کە شەرەفی نەتەوەی خۆیانو ئاڵای خەباتو نەبەزینیان بە بەرزی ڕاگرتوە .

بەو بۆنەوە زۆر بەڕێزەوە سڵاو لە هێزە چەکدارە قارەمانەکانمان دەکەم ئەوانەی لەسەر سنور ڕاوەستاونو سڵاو لە هەمو هێزە چەکدارەکانمان دەکەم کە چاوەڕوانی وەرگرتنی فەرمانن بۆ ئەوەی ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان لە شەڕی ڕزگاریخوازیدا بەجێ بگەیەنن .

هێزە چەکدارەکانمان کە بە بیروباوەڕی نەتەوایەتیو سوشیالیستی بەروەردە کراونو بە هیوای ڕزگاری فەلەستین گۆش کراون هەمیشە جێگای باوەڕی گەلو نەتەوەی خۆیانو حزبە پێشڕەوەکەیان بون و هەرگیز لە قوربانیدان و تێکۆشان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی دریخیان نەکردوە .

ئەو سەربازو ئەفسەرو دەرەجەدارانە کە ئێستا لەسەر سنور ڕاوەستاونو چاوەڕوانی ڕۆژی شەڕی ڕزگاریخوازین ، خاکی جۆلانو سینا بە جەنگاوەری ڕێگای عەرەبایەتی ناسیونو ئەو شانازیە مەزنەیان هەیە کە لە شەری تشرینداد دمشقی عەرەبی یان لە مەترسی داگیرکردنی زایۆنیستەکان پاراست . بێشتریش خاکی فەلەستین ئەوانی نامیوە . خۆ ئەگەر ئەو لادەرانەی لەگەڵ پیلانی دوژمن دەڕۆنو ئێستا لە دمشق دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتوە تۆمەتو پوختان بۆ ئەو هێزە باڵەوانانە هەڵدەبەستنو لەشکریان لە بەرامبەردا ڕادەکرن ، ئەڵی سوریای عەرەبیو سوپای عەرەبی سوریا ئەو برایانەی خۆیان باش دەناسنو دەزانن کە بۆ ڕزگاری خاکی داگیرکراوی سوریاو فەلەستینی داگیرکراو پشتیان دەکرن .

سڵاو بۆ ئەو شەڕکەرە بەهێزە عەرەبانە کە چاوەڕوانی بانگەوازی نەتەوەکەیانن بۆ ڕزگارکردن و سڵاو بۆ هەمو خەباتکەرانی عەرەب .

سەرکەوتن بۆ نەتەوەکەمانە لە خەباتی ڕەوای خۆیدا .

ئینتر سڵاو و درودی خواتان لێ بێ .

میژوی ئەدەبی (پاشماوە)

لە ڕاستیدا ڕەوشتو کرداری ئەدەبی پێکەوە بەرانبەرن تیایا لە بارەی ئامادە کردنو جۆری داهێنانی چەوهەریەوە لە لایەن دوو شارەزای دەرکەوتوەوە ، وەکو گوتەو شیللر .

هەر وەها هەندێك وا ئەزانن ئەو ڕیبازە تازەیەی کە پروفیسور کوهیشمیدث لە گەڵ گوتەدا لە سەری کۆڵاونەتەوە بێ ئەنجام بوە . وە هیچ شتێکی دیاری کراوو دەست نیشان کراو لەم بارەیەوە نیە بەڵکو تەنیا بەستراوە بە ڕێزگرتنی چاو لێکەرانەوەو ئەو کردارە بەرزانەی گوتەوە .

ئەگەر سەرنجێکی ژیانی گوتە بدەین ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە تا چ ڕادەیەك شارەزا بوە .

ئەو شانۆگەریەی کە کوهیشمیدث بە ناوی وە گۆڕیوێتی ئەو مەبەستەی نوسەری ئەڵمانی (توماس مان)ی تیاون بوە ، لەبەر ئەوە گوتە ئەمەی ڕون کردۆتەوە . هەر وەکو کوهیشمیدث بە زیاد لەوە هیچ شتێکی شێوەیەکی ڕەوان ئەو هونەرەی گرتە دەری خستوە باسی نەکردوە . وە باسی دیاردە باشەکانی نەکردوە .

نوسینەکەی مستەر ئەریك هیللر بەتایبەتی لە بارەی ئەم باسەوە بە ناونیشانی (ئەو هۆشیاریەی نابێتە میرات) بڕیەتی لە زاتو ئازایەتی بەرامبەر بە ڕەخنەکانی گوتە کە پروفیسور کوهیشمیدث لەم ڕووەوە نوسیوێتی .. هیللر وتویە جەوهەری ئەم باسە کە کوهیشمیدث خۆی لێی لاداوە تیایا سەرنەکە وتوەو بۆتە هۆی ئالۆزی لە ناو هەستی گوتەدا . کە وەکو مرۆڤێکی زیندوی داناوەو دور بێ لە هەردیاردەیەکی شەڕو ماتەمیەوە .

گوتە دانی بەوەدا ناوە کە ئەو هەوڵدانە کە تەنیا بو نوسینی بڕ لە کارەساتە لەوانەیە ئەو کارە من نەمکردبێ بەڵام ئەم کتیبە لە واقیعدا کورتەیەکی گورینی

ورشەیەکی ڕەخنەی (پاشماوە)

شتی هەرە گرنگ ئەوەیە نووسەر توانیبێتی ، یاری منداڵانەی ڕاستو دروستی بۆ ساز دابێ .

دوو منداڵەکە .. (سەریان بە یەکا کردوە ... لە وردە شووشە گوڵ دروست ئەکەن ... چەند کونێك پەرژینێکیان لە خۆل بۆ کێشا . تێکیان دایەوە . وردە بەردیان دانا . دیواریکیان دروست کرد لە ئەستووری پەنجەکانیان ڕووخیانیانەوە ..) ئەمە کوتومت جۆری یاری کردنی دوو منداڵی لادێیە کە احمد محمد اسماعیل لە زۆربەی جیرۆکەکانیدا پتر لە کارەساتو ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوێ دەدوێ .

وەکی تر هەپاس منداڵێکی زیتو سەرنج تیژە . قاچی خستۆتە ناو ئاوی کانیی‌یەکەوە . بزانن چی سەرنجی ڕادەکێشێ ؟! ..

ـــ ئاوات بڕوانە هەردووکمان بێمان شکاوە . دیارە قاچمان بەپێی تیوری (شکانەوەی تیشك لە ئاودا) وەك شکاو دیتە بێش‌چاو . ئاواتی هاوەڵی کورج قاچی دەردەکێشێ . بۆی دەردەکەوێ وا نی‌یە . دەڵێ :

ـــ لەبەرچاومان وا دیارە ، ئەکینا نەشکاوە .

ئەو ئیمپراتوریەتەی (پاشماوە)

(١٥) هەزار فروشیاری بەرهەمی نەوت هەیە ..

ئەوانەی بەرگریی لە کۆمپانیا گەورەکان ئەکەن بیرو ڕایان وایە کە بە تێکدانی ئەو هێڵی کامڵی‌یە ئەو کۆمپالیایانەی یەك خستوە شتێکی وەهمی‌یە .. چونکە دابەش کردنی بە سەر چەند بەشێکی بەرهەم هێنانداا پێویستی بەوە ئەبێت کە خەڵکێکی زیاتر کاری تیا بکات کە ئەویش لە لای خۆیەوە مەسرەف زیاد ئەکات بەو جۆرە بێشەسازی‌یەکە زیاتری تێئەچێتو لەو کارەشدا هەر کریارەکان زیان ئەکەن .

ئەگەر جاوپوشیش لەو مەبەستە بکەین ، گەورەترین مەترسی کە ڕوی کردبێتە پیشەسازی نەوت لەئەمەریکادا ئەو پێویستیە بەر دەوامەیەتی بە بەرهەم هێنانێکی گەورە ، کە زۆر لەوە زیاترە لەمەو پێش تیا خەرج کراوە ، بەرهەم هێنانی مەبانی نەوت ساڵی پێشو لە ئەمەریکادا گەیشتۆتە ١٥ هەزار ملیون دۆلار ، بەڵام بۆ بەربەست کردنی ئەو مەترسیانەی بەرەو ڕوی ئەم پیشەسازی‌یە دێن پێویستی بە سێ ئەوەندە بارە هەیە واتە ٤٥ هەزار ملیون دۆلار بۆ هەر ساڵێك لە ١٠ ساڵی ئایندە .. گەورەترین مەترسی ئەمەریکا لەو مەبدەنەدا ئەوەیە ئەو وڵاتە زیاتر پشتی بە ئەوتی وڵاتانی تر بەستوە ، لە گەڵ ئەوەی لە ناو ئەمەریکادا هەمو نەوتی جێگا تەختانێکان دەرهێنراوەو تەنیا شوێنە سەختە بە مەسرەفەکان ماونەتەوە وەك ناوچە سەهۆڵ بەندانەکانی ئەلاسکا ، کە گەڕانو بشکنین لەو شوێنانەدا هەزارەها ملیون دۆلاری ئەوێت ، یا ئەو جێگایانەی ئاو دابپوشێن ، کە ئەویش پێویستی بە بارەیەکی ئیجگار زۆر هەیە بێجگە لە دەرهێنانی نەوت بە شێوەیەکی ئاسایی ، دەرهێنانی نەوت لە هەندێ سەر جاوەی تر و لمی قیراوی (جۆرە بەردێکە تیر نەوت بوە ، دەرهێنانی ئەوتەکەی پێویستی بە بارەیەکی زۆر هەیە) کە ئەمانە پێویستی بە بارەیەکی ئەوەندە زۆرە ئەو کۆمپانیا وردەلانە ناتوانن ئامادەی بکەن ..

کۆمپانیاکانی نەوت خۆیان ڕاستی ئەوە ئەڵێن کە قازاجەکەیان لە هەمو قازاجێکی تر زیاترە ، بەڵام ئەم کۆمپانیایە وا چاوەڕوان ئەکەن کە ڕادەی بەرهەم هێنانی ساڵانی داهاتو بە جۆرێك کەم بکات کە ئەم ساڵانە بە ساڵە زێرینەکان لە قەلەم بدرێت .. بە تایبەتی ئەگەر دابەش کردنی ئەم کۆمپانیایانەسەر بگرێتو کارە کانیان دابەش بکرێت ..

لە فیستیڤاڵی کاندا (پاشماوە)

سەدەیەمان نیشان ئەدات نەك تەنها لە چۆرچێوەی ئیتالیادا بەڵکو بەڵی بو دنیایەکی فراوانتر ڕائەکێشێت دنیایەك کە کێشەی نیوان سۆشیالیستیو فاشیزم ئەگرێتەوە کە تا ئەمڕۆ هەربەردەوامە ..

ئەو فلیمە بە دوو ساڵی ڕەبەق ئەو ساکە تەواو بوەو (٩) ملیون دولاری تێ چوە بەڕاستی وێنەی سیمفونیەکی وەرگرتوە ، لە هەمان کاتدا چوار وەرزەی ساڵ نیشان ئەدات ، بەهاوێنێکی گەرمی ناکوك دەست پێ ئەکات ، پاش ئەو پایز کە ئەتەقیتەوەو چینێك ئەروخێو چینێکی تر سەر ئەکەوێو دێتە پێشەوە ، دوای ئەوە زستانە کە چینە ڕوخاوەکە ئەیەوێت بەرگری

لەمانەو خۆی بکاتو شەری

دووهەمی جیهانی هەڵ ئەگیرسێنێ دوای ئەمانە وەرزی بەهارێت ، بەهاری سۆشیالیستی دوای ٢٥ ساڵ خەباتی ڕزگاری خوازی .. لە بەینی هاتوچۆی هەرچوار وەرزی فلیمەکە کە ٥ سەعاتو ٢٠ دەقیقە ئەخایەنێت ، پێشەکیەك پێش ڕزگاری نیشان ئەدات دوای ئەوە کۆتایی‌یەك کە ئەمانیاتەوە بۆ پێشەکی فلیمەکە ئیقاعی فلیمەکە ورده ورده بلند ئەبێتەوەو بۆ ڕوانگەیەکی تۆی، ڕوانگەیەکی دواڕۆژ کە فاشیزم بە چەند بەرگێکی نوێوە خۆی ئەنوێنێ ..

بیرتۆ لوشی بە پێچەوانەی ڕوزی‌یەوە وا بەچاك ئەزانی بەڵکو ئەوە بە شتێکی پێویست دانەنێ کە لیبراڵی و دیموکراتیو سۆشیالیستی‌یەکانو شێوعیکان لەدژی فاشیزمەکان یەك کەون .. کە ئەم جۆرە بیروباوەڕە لە سیاسەتی ئیتالیادا لە هەڵبژاردن جێ ناکرێتەوە لە کۆنفرەنسی ڕۆژنامە نوسیدا بیرتو لوشی وتبوی : حەزم ئەکرد ئەم فلیمە پێش دەست بەهەڵبژاردن کردن لە ئیتالیادا نیشان بدرایە .. بەڵام بڵاو کەرەوەکان وا بە چاك ئەزانن لەبەر درێژی فلیمەکە نەك لەهاویندا بەڵکو لەپایزدا نیشان درێت ..

بەروەردەی منداڵ (پاشماوە)

هەیە .. ئایا هەڵەکانتیان لێ ئەشارێتەوەو خۆت بەمرۆڤێکی نمونەیی لەبەردەم ئەوان دانەنێی ..

١٠ ـ ئایا هەردەم بەروبەکی گرژەوە قسەیان لەگەڵ ئەکەی یان لەگەڵیان ڕووخۆشی ؟

ئەگەر وەڵامەکانت زوربەیان وەیا هەمویان بە (نەء) بوون ئەوە تۆ دابکێکی باشی منداڵەکانت جوان بەخێوئەکەی .

بەڵام ئەگەر زوربەی بە (بەڵێ) بوو ئەوە بەروەردەت مەترسی بۆ منداڵەکانت تێدا هەیە ، ئەبێ ئەوە بزانی منداڵەکانت ئەبێ ڕێزت لێ بگرن نەك لێت بترسن ، بەرامبەر بەم ڕێز گرتنەی ئەوان ئەبێ تۆش ڕێزیان لێبگری‌و بزانی چی‌یان ئەوێ .

لێرەدا ئاڵێن گوێ مەدە بە منداڵەکانت بەڵکو ئەبێ ڕێگای ڕاستیان بۆ دەست نیشان بکەی بەڵام با بە هەوەس خۆیان لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن نەك تۆ لەسەر ڕێژەیەکی نەخش کراو بە ئارەزوی خۆت ئاراستەیان بکەی .

وربابە لەوەی قەت بەزمانی فەرمانڕەوایی قسەیان لەگەڵ

بەیارمەتی ئێوە

● موناسەبات هەلی چاکن بۆ ئەوەی بیاو چاوی بە میوانو خەلکی ولاتانی تر بکەوێتو بتوانێت رادەی ئەو کارتێکردنە لە رووبانداا بخوێنێتەوە کە بزووتنەوەی کۆمەلەکەمان ئەیکاتە سەر خەلکی تر ، بەتایبەتیش چونکە (ئەو کەسەی سەیر ئەکات لەو کەسە باشتر حوکمی پێئەدرێت کە ئیش ئەکات) .

● رۆژانی ئەم هەفتەیەشمان لەم رۆژانە بوو .. کۆمەلێك لەو پراوەدەرە رۆژنامە نووسانەی کە لە ناهەنگەکانی کەلەکەمانداا لە جەژنەکانی تەموزی ئەمردا بەشدار بوون ، تا رادەی کەشکە بردن سەرنجو دلخوشی خۆیان، دەربارەی ئەو بڕۆژەو دەستکەوتانە دەربڕی کە لە کۆڕی پەروەردەو فێرکردنو ، کشتوکالو ، تەندورستیو ، پیشەسازیدا بەدی هاتووە ، بەمەش پاش ئەوەی بە چاوی خۆیان راستی ئەو هەنگاوانەیان بینی کە نراوەو ئەنریت ... سەرنجەکانیان قووڵیو فراوانی ئەو دەستکەوتە گەورانەی دوویات کردەوە کە لە ماوەی رەوتی هەشت ساڵەی تەمەنی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ی تەموزی پشکەوتنخوازی سۆشیالیستدا بەدی هات لەگەلهەموو کۆسپو پیلانو کارە رووخێنەرەکانی هێزەکانی پشکەوتوو بوونەوەو بە کێڕ گیراوانو کۆنەپەرستان دا .

ئەو باوەڕە راستەقینەیەی کە لای هاوبیشەکانمانداا جێگیر بوو ، راستی هەولەکانی شۆڕشەکەمانی وێنە کێشا کە بۆ نرخی ئادەمیزادو ، چاودێری کردنیو ، پەرەپێدانی ئەیدات ، وەکو چەسباندنێکی باوەڕی خۆی کە « ئادەمیزاد بەرزترین نرخی مرۆڤایەتیە » یە

● رێبازی شۆڕش لە هەل نامادە کردنداا بۆ کارمەندانی راگەیاندنەوە ـ تایە چاوی خۆیان وەدی ئەو یانە نوێیە ببینن کە گەلەکەمان لە سایەی شۆڕشە نەمرەکەی دا تیای ئەژی لە بەر دوولایەنی سەرەکییە :

ـ یەکەمیان .. شۆڕش باوەڕی تەواوی بەدروستی هەنگاوەکانی هەیە ، بەمەش لەجیاتی ئەوەی کارمەندانی (بتەپێنێتە) ئێوان چوار دیواری ژوورێکەوە تاکوێ لە لەقسەی لێبڕسراوان بکرن ، ئەیانخاتە بەردەم ئەو هەنگاوانەی کۆڕین کە وڵاتە کەمان بە خۆیاوەی ئەبینێت .

ئەم باوەڕ بە خۆبوونە لە دلنیاییەکی تەواوە هەلقولاوە بەوەی راستییە دیارەکان لە پرۆژەو دەستکەوتەکان، باشترمن (قسەیە) کە بوختانو کومراهی کردنەکانی ئیمبریالیزم وزایۆنیزم کۆنە پرستان پووچ بکاتەوە .

ـ دووەمیشیان .. دلنیایی شۆڕشەو ، باوەڕیتی بەوەی کارگێڕانی راگەیاندن هیچ دەنگێکی بەشەرەفو .. مەوزووعیانە لە ئێوان خۆیاندا سەرنەگون ناکەن .

ئەم باوەڕەش لەو دەورە گەورەیەی کارگێڕانی راگەیاندنەوە هەلقولاوە کە شۆڕش ئەیبینێتو باوەڕیتی هەیە ، لە پەرەدان بە هوشیاریی جەماوەرو ، لەوەی ببینە شایەدی هەق بەرست لەرووی شایەدە بوختان کەرەکاندا .

● شۆڕشە کەمان وا لە ژیان ئەکات کە بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە ، کارگێڕیش ـ بەتایبەتیش رۆژنامە نووس ـ جارنبیە ئەبێ لە جووڵانەوەی گۆڕیندا بڕواتو .. ئەبێ وشەکانی نوێ بکاتەوەو ئەبێ کەرەسەکانی لە دەربڕیندا بە نرخی جووڵانەوەی گۆڕین لە رووی فراوانیو قووڵیشەوە بەسترابێتەوە .

● بیرۆزبێت ئەو شۆڕشەی جێبێ خۆی ئەزانێتو .. هیچ بەلایەوە مەبەستنییە راستییەکەی چۆنە خەلکی وەها دەرکەوێت، چونکە باوەڕی بەراستیو قە لە رووبی هەیەو، راستییەکەش سپییەکی بنگەردو .. رووناکی ئەوتۆیە چێگای سەربەرزی هەموو بیاوچاکانو بەشەرەفانی رەنجدەران بێت .

● بیرۆزبێ ئەو کارگێڕە بەشەرەفانەی راگەیاندن نرخی هەموو وشەیەك ئەزانن ، چونکە نرخی خۆیان ئەزانینو .. شەرەفی وشە ئەپەرستن چونکە .. شەرەفی مرۆڤایەتییە .

● چیش بەرزترو بیرۆزترە لە کارکردن لە پێناو .. شەرەفی مرۆڤایەتیدا .

عثمان محمد فائق

جیهانی سینەما

سەرنج دان لە رابوردووی هونەری سینەما

وەنەبێ هەمو فلیمێك لێهاتوەو چەندان هونەری نایابێ ، لەو فلیمانەی ئەمڕۆ سینەمایی پێشکەش کردوە ، دەر . ئەکرێن . بەملیونەها ئەڵێ ئەو جوانیو سەرنج دروست ئەکرێن ، بەجوانترین راکێشانەی لە فلیمە کۆنەکانا ئەکرێن ، بەجوانترین راکێشانەی لە فلیمە کۆنەکانا رۆخساری دێکۆرو جاك ترینو هەیە لە هونەری سینەماکەری تازە ترین جۆری کامیراو تازەدا بەو جۆرە دەرناکەوێ .. باشترین چیرۆکی سەرنج راکێشەر .. کەلێك سەرنجی ئەوەی کە هەفتەکانی فلیم فلیمی کۆن هەیە کەئیستاش نوانەی هەندێك لە هیچ فلیمێکی تازە ناتوانێ دەرهێنەرەکۆنەکان ، یان بەرامبەری بکات هەر چەند ئەستیرە بێدەنگەکانی سینەما ماوەی تۆمارکردنو دەرهێنانی وەکو (جریتا جابور) زۆر کۆنیو زۆری بەسەرا تێپەڕ بووبێ .

سینەماشوناسی فەرەنسایی (ئەنجەند برجمان) کە مەوستایەکی شارەزاو لەکەل ئەوەدا کە باسی جنسو کوشتنو هەندێ شتی تری تیا نیە .

لەگەل فوئاد عەلی دا

شەرزاد

● **فوئاد عەلی کێیە ؟ بە زەردەخەنەیەکەوە :**

ـ لاوێکی کورد لە ئێران چەند ئاواتو ئارەزوویەك .

● **کام ئارەزوو ؟**

ـ ئارەزووی هەمووان .

● **باسی خۆتم بۆ بکە ..؟**

ـ لە ساڵی ١٩٥١دا بۆ یەکەم جار پێم نایە سەر ئەم زەوییە لە تەپەکێکی بێ نازی هەولێرە کۆن .

● **بیری منانی ئەتباتەوە بۆ کوێ ؟**

ـ بۆ یەکەم تاسە .

● **چی هەستێ پانی پێوە نای بۆ دانیشگای هونەرە جوانەکان ؟**

ـ بێگومان ئەو بەری خۆشەویستم بۆ هونەرو خزمەت کردن .

● **لە ربازی هونەری چی بەسەند ئەکەی ؟**

ـ ریالیزم ..

● **بۆ ؟**

ـ بە خۆبەستەوەم بە ریالیزم ئەتوانم رازو نیازی خەلك لە جوانترین تابلۆدا دەربڕم و لە خۆشیو ناخۆشیان بدوێم .

● **پیشانگاکەت جێگەی سەرنج راکێشان بوو ..**

ـ تا رادەیەك لێی رازیم . ئێوە خۆتان بڕیار بدەن .

● **خۆزگەی چیت ؟**

ـ خۆزگە نابرێتەوە ، بەلام بە ئاواتەوەم بە تەواوی جێگەی خۆم لە دلتانا یکەمەوەو بتوانم بە هونەرەکەم راستی دەربڕمو بەو ئاواتە شاد بم کە خەونی بێوە ئەبینم .

لە فیستیڤالی « کان » دا

فایت « ١٩٠٠ »

هەزنترین فلیم بوو

ئەلین سینەمای ئیتالیا بایەخدارترین سینەمای ئەوروپای رۆژئاوای ئەمرۆکەیە ئەوراستیەش ئەو فلیمانە ئەیان سەلمێنن کە لە دەرەوی پێشکەوتنی فیستفالەکەی ئەمسال نیشان دراوە کەئەویش بریتییە لە فلیمی (١٩٠٠) لە دەرهێنانی برناردو نیر تۆلوتشیو (لاشە بەختیارەکان) لە دەرهێنانی فرانشسکوروزی و « ئەلبری » دوافلیمی کۆکینو فیسکونتی و« وردبونەوەیەك لە ئورستی ئەفەریقا « دەرهێنانی بییرباولو بازولینی ساڵی ١٩٧٠ دەری هێناوەو دوای کوشتن دەرهێنەرەکەی یەکەم جارە نیشان ئەدرێت ..

بلکو فلیمی (١٩٠٠) هەزنترینو ئەوورەترینی فیستفالە کەیە ئەهەر گەورەترینو هەزنترین فلیمی ئەم چەرخە نەبێت . بەلام وا چاکتر پێش ئەوەی لەبارەی ئەم فلیمانەوە بدوێین قسە لەبارەی ئەوفلیمانەوە بکەین کە بەشداری پێشکەوتنی فیستفالەکەیان کردبوو ، کە لەوانیش فلیمێکی بریتانیایی مابۆوە بەناوی «باجس ملون»ەوە لەگەل سێ فلیمی دنیای سێهەم کە هەروڵاتە فلیمی لەوانە ناردوە هەر وڵاتەشیان کەوتونەتە کیشوەرێکەوە .. فلیمەکەی بریتانیا « ئالان پارکر » دەری هێناوە ، باسی شەڕو شۆڕو خوێن ریژی ساڵانی سی ئەمەریکا ئەکات .. پاڵەوانەکانی فلیمەکە هەمویان منالن .. سەرەتای فلیمەکە زۆر خۆشە ، بەلام لە دوایدا فلیمەکە زۆر بێ تامو لەزەت ئەبێت ، ئەویش رویەکی ئەنگەو چەلەمەی سینەمای بریتانیا نیشان ئەدات ..

چەند نامەیەك لە میوریسیاوە ، کەو فلیمەیە کە مەکسیك پشکەشی کردبو ئەو فلیمە بەکەورەترین فلیمی وڵاتانی دنیای سێهەم ئەژمیردرێت .. وە پتر بە گەورەترین فلیمی ناو فیستفالەکە ئەژمیردرێت .

ئەگەرچی هیچ خەلاتێکی بێ ئەدرابو .. وەك بەشداریی لەپێشکەوتنی فیستفالەکەدا پایەخی فیسفتالەکە دەرناخات .. هەروەها خەلات کردنی فلیمێکیش پێوانەی نرخی ئەو فلیمە بەتەواوی دەرناخات .

فیسکۆنتی مرد .. رۆژی ئۆژی

مایەی بەختەوەریە کە ئەوە لە دوای ئەوە پێتو بڕواو هەمیشە کەسانی وا هەبن ئالای هونەر بلند کەنەوە رێکی تێکۆشان بەرنەدەن ئەمەبو مەبەستی سەرەکی لەپێشکەش کردنی فلیمەکانی «فیسکۆنتی» و « رۆزی » و « بازولینی » و « بیرتولونشی » دا .. سینەما لەئیتالیادا فیسکونتی لەکیس چو بەلام ئەوەتا رۆزی قوتابیی لەسەر رێبازەکەی بەردەوامە . جارێکیتر لە ئیتالیادا سینەما بازولینی لەکیس چۆوە کەچی ئەوەتا بیرتولونشی قوتابی جێگەکەی گرتۆتەوە ..

« بێتاوان » دوافلیمی فیسکونتییە کە سەر لەنوێ ئەواوەکەوە بۆ رواپەتەکلاسیکەکەی جبریل دانزیو کارەساتی روایەتەکە باسی کۆتایی سەدەی پێشو ئەکات.. لەم فلیمەدا هونەرنکی پێ وێنەی ئەوتو نیشان ئەدات پر بە پێستی ئەو چینە بۆرجوازییە گەورەیەیە کە دژی فیسکونتی تیادا ئەژیاو پێش ئەوەی لێی هەلگەرێتەوەو بێتە فیسکۆنتی هونەرمەند : ئەو دنیایە کە مەگەر هەر ئەم بتوانێت بەوردی و شارەزایی یەکی ئەوتۆ دەریخات کە کەس نر ناتوانێت لەو مەیدانەدا شان یات لەشانی .. ئەمەش « رۆزی » قوتابیەتی کە لە زو جەرگەی ئەو واقعیەتە نوێیەوە بڕێتیە لە بناغەی سینەمای سیاسی رۆزی لەم دوا فلیمەیدا گەیشتۆتە لوتەکەوچلەپۆپێکی نوی و لەم فلیمە تازەیەیدا بەهۆی ناوەرۆکی چیرۆکەکەی لیونارد و شاشاوە کێشەی ئەم سەردەمەی ناو چینەکانی ئیتالیا دەست نیشان ئەکاتو ئەوەشی سەلاندوە کە لەو کێشەیەدا رێگا لە هیچ شتێك نەگیراوە کە بەکار ئەهێنرێتو لەهەمان کاتدا رەفزی ئەو رێبازەی کردوە کە حیزبی شیوعی ئیتالیا گرتویەتی لەوەدا کە لە گەل حیزبی دیموکراتی مەسیحیدا دژی فاشیەت یەکیان گرتوە ..

بازولینی مرد .. بیرتو لوتشی ئەژی ..

بازولینی لە فلیمی « وردبونەوە لە ئورستیەی ئەفەریقایی » دا لێکولینەوەیەکی بێ گەردی سینەمایی سەبارەت بە ئەفەریقای تازە پێشکەش کردوە ، زۆر بەوردیو قوڵیی مانای راستی هونەرمەند ساغ کردۆتەوە لەوەی لەباتی کاغەز لەسەر سلایداتی شتەکانی تۆمارنەکاتو بۆ دەربڕینی مانا قولەکانی لەباتی قەلەمو مەرەکەب وێنەو دەنگ بەکار ئەهێنێ.. بیرتو لوتشی قوتابی فلیمی (١٩٠٠)ی دەرهێناوە کە شایانی ئەوەیە لە پلەی هەرە سەرکەوتوترین فلیمە کلاسیکیکانی مێژوو دابنرێت ، کە بە ئەوپەری دلسوزیو داهێنەرانەو سەرکەوتنەوە ئیتالیای نیوەی یەکەمی ئەم

« بیرتو لۆتشی »

سەری هەلداوە کە دوای شەری جیهانیی دووهەم فیسکۆنتی تۆوەکەی چاندبو ، کە

بڕوانە ل ـ ٧

دوا وشە

فولکلور سەرەتای بەیدابونی شارستانێتییە ، مرۆڤ لە کۆنەوە باسو بە سەرهاتی بنیات نانی شارستانێتی هەنگاو بە هەنگاو بۆ ئێمە بە جێ هێشتوە .

شوێنەواری شارستانێتی کۆن لە ناوەڕونی ئەشکەوتو شیوو دەشتو ئەردنی چیا بەرزەکانا ماوەتەوە کە هەر یەکە جۆرێك لایەنێکی ژیانی ئەو سەردەمەمان بۆ ئەکێڕنەوە کە تێکەڵاوی ریانێکی ناخۆشی سەرەتایی بون .

کۆمەڵگا پشکەوتوەکان زۆر بایەخیان بە فولکلور داوە ، چونکە ئەهمیەتێکی زۆری هەیە ، وە هەر لە بەر ئەمەشە بە کەلیك باسو لێکۆلینەوە لە دوای کۆ کردنەوەیان لە سەری دواون .

عیراقی ١٧ی تەموز کەلێك بایەخی بە فولکلور داوەو سەرپەرشتی ئەفەوناندنی کردوە ، وەکو مەلبەندی پاراستنی فولکلورو کۆفاری (التراث الشعبی) میراتی گەلی وزور کتیبی تر کە لە بارەی فولکلورەوە دواون .

ئاوچەی ئوتونومی لە عیراقی خۆشەویستمانا کەلێك فولکلوری دەسکردی گەلی تیایە کە بەشێکی گرنگی میراتی گەلی کوردمانە ، وەکو دروست کردنی فەرش و ئەخش و نیگارو رستنو چنینی جلو بەرگی ئافرەتانو بە پێی ئەرێتی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکە ، جگە لە وانەش دروست کردنی پشتینی ئافرەتانو دەستکردی هەمە چەشنەو دیزەو کۆزەو کەلوپەلی ناومال شتومەکی خواردنەوەو کەرەسەی چالێنانو مشتوی خەنجەرو چەقۆو کورەوی چنینو زرنگەری بە هەمو جۆرە نەخش و نیگارەکانیەوە ، چگە لەمانەش دیسان میراتێکی زۆری فولکلوری هەیە وەکو چیرۆك و شیعرو هونەری گۆرانیو هەلپەڕکێ کە ئەمانە هەمویان هونەرێکی بەهاداری بە نرخن وە لە زۆر بواری تایبەتیا سودیان لێ وەرئەگیرێ بە تایبەتی لە گەشتو گوزارا چونکە ئەمانە زۆرتر سەرنجی گەشتو گوزار کارەکان رانەکێشێو باوەڕ بە شارستانێتی رابوردومان ئەکەن و وەکو هۆیەکی راگەیاندن یان پرۆپاگەندە رواڵەتێکی شارستانێتی کۆنی وڵاتەکەمان ئەخەنە بەرچاوی میوانەکان .

ـ فاضل محمد ـ

هونینەوەی پرو

ـ بەشی چوارەم ـ

ئەگەر چی گوێ لە گاتی قسەکردنو دەربڕیندا دەوری دەرناکەوێ ، بەلام ئەمیش هەر جۆرە نیشانەیەکی هەیە .

گوێی لە پشەوە نازاییو جوامێری ئەگەیەنێت ، گوێی درێژ لەگەل خۆری رووداا نیشانەی زۆر زانییە ، بەلام گوێی بچووك و بە سەرەوە لکاو نیشانەی ناسکیو هونەر خۆشویستنەو گوێی بۆ دواوە چووش نیشانەی ترسنۆکییە ، گوێ پانیش بۆ سەرشۆڕیو ژێر دەستەییە ، گوێی قوتیش نیشانەی وریاییو تەلەکەبازییە ، بەلام گوێی بەرەگۆشتن نیشانەی بزێویو کارامەییە .

کوردیش گوێی بۆ چەند جۆرە حالەتێکی ئادەمیزاد بەکار هێناوە وەکو گوێرایەل، گوێنەدەر .. هتد .

لەم باسە تازە بابەتو بەتامەدا هەندێ ئەندامی رووی ئادەمیزادتان ئەخەینە بەرچاو کە هەریەکەو هەر جۆرەی نیشانەی بارێکی رەوشت یان دەروون یان مێشکن ، بۆ ناسینی کەسێك بە تەواوی ئەبێ ئەنجامی نیشانەکانی هەموو بەشەکانی سەرو سیما وەربگیردرێت .

دایك و پەروەردەی منال و چەند پرسیارێك

ئەگەر ئەتەوێ خۆت بناسی لە وەلامی ئەم پرسیارانەدا راستگۆبە !

١ ـ ئایا پروگرامێکی تایبەتیت بۆ پەروەردەی منالە کانت داناوە بەوردی لەسەری ئەڕۆی .. ؟

٢ ـ ئایا لە خۆت بایی ئەبی بەوەی قسە لەگەل منالەکانت ئەکەیو هیچیان لەناومال ناجوێنەوە ؟

٣ـ ئایا وا ئەزانی «زاڵبون» هەر بۆ گەورەکانە ؟

٤ـئایا خۆت برادەرو کتیبو یاریو هەمو شتی تریان بۆ هەڵئە بژێری ؟

٥ ـ ئایا پێت خۆشە منالەکانت زیاتر لێت بترسن وریاییو تەلەکەبازییە ، بەلام گوێی بەرەگۆشتن نیشانەی بزێویو کارامەییە .

٦ـ ئایا هەست بەوە ئەکەی منالەکانت لە ترسی سزا درۆت لەگەل ئەکەن ؟

٧ ـ ئایا هەست بە گرنگی پەروەردەکردنی منالەکانت ئەکەیو حەزناکەی کەس بەشداریت بکات هەتا مێردەکەشت ؟

٨ ـ ئایا منالەکانت دورئە خەیەوە لە خەلكو سینەماو تەلەفزیون ، لە ترسی ئەوەی کاریان تێبکاو ئیتر بەقسەت نەکەن ؟

٩ ـ بێگومان تۆش هەلەت

بڕوانە ل ٧

چاپکراوی نوی

ژمارەی (٥١)ی رۆشنبیری نوی

ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری « رۆشنبیری نوی » کە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەری ئەکا ، دەرچو ، لەم ژمارەیەدا چەندان باسو بابەتی فیکریو رۆشنبیری بڵاوکراوەتەوە ، وەك :

ـ سەرەرای ئەوەش ، مەرج نیە رێزەو هەموی هەرسودو قازانجبێ .

ـ لە یادی زەماوەندی بەردەوامیدا « دلدارەکەم وپاشەرۆژ » .

ـ لەسای شورش ١٧ ـ ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ دابنچینەی جەماوەر بۆ چارە سەری مەسەلەی کورد .

ـ دەنگی شورشە .

ـ ئەوتو گەشەی توانای مرۆڤ .

ـ رۆژنامەو کارتێ کردنی لە پەرەپێدانی رۆشنبیری کوردی دا .

ـ « بێتوشی » ئەو دانا کوردەی ئەدەبی عەرەبی دەولەمەندکرد .

ـ رەخنەی ئەدەبی ، لایەنەکانیو شوینی لەبزوتنەوەی رۆشنبیری کوردیدا .

ـ وتاری ئاکادیمی سەبارەت ئەدەبو زمان .

ـ رۆژانی شیرین ـ شیعر .

ـ ئەرۆ ـ شیعر .

ـ تەلەفونیك ـ چیروك .

ـ کەرایەوە ـ چیروك .

ـ غەم دوایی نایەت ـ چیروك .

وەلەم ژمارەیەدا ئەم نوسەرانە بەشداریان کردوە : د. عبدالله السیاب .. عثمان محمد فائق .. صلاح شوان .. فواد حمه خورشید .. زهیر احمد القیسی .. عبدالستار محمد محمود .. احمد محمود .. مختار فائق .. جمال غمبار .. فیصل مصطفی .. وچەند نووسەریکیتر .

هاوکاری

تەنیا ئەم ژمارەیە بە « ٨ » لاپەڕە

خوێنەرانی بەریز ئاگادار ئەکەین لەبەر ئەوەی هەفتەی رابوردوو رێکەوتی چەندرۆژێکی پشوی جەژنەکانی تەموزی ئەمری کرد . تەنیا ئەم ژمارەیەمان بە (٨) لاپەڕە دەرئەچێو لەژمارەی داهاتوەوە ئەگەڕێنەوە سەر (١٢) لاپەڕەو هەر رۆژانی چوار شەممەوان دەرئەچێ .

Institut Kurde de Paris

سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

هاوکاری

هەفتانەی گشتیە

١٢ لاپەڕە
٢٥ فلسە

ناونیشان
دار الثقافة والنشر الكردية
ساحة الخلاني - بغداد
ص ب (١٤١٦)

دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی دەری دەکا

● یوم الاربعاء ٢٨ تەموز ١٩٧٦ العدد ٣٢٨ ●

● چوارشەممە ٢٨ تەموز ١٩٧٦ ژمارە ٣٢٨ ●

بنافەی گەلی‌و بیروباوەڕی شورشی ١٧ی تەموزو پەند وەرگرتنی حزبە پێشرەوەکەی لە تاقیکردنەوەکانی‌و لێکولینەوەی قوڵو دلسۆزانەی ، لە تاقیکردنەوەکانی رابوردوو ئیستای نیشتمانی عەرەب‌و دنیای سی‌یەم دەرەتانی خۆگرتن‌و بێداویستیەکانی بەرەو پێش‌چونی بۆ دابین کردوە .

سەروك احمد حسن البكر

٣٠ی تەموز سەرکەوتنی دەسەڵاتی پێشکەوتن و پاڕاوەدانی

لە بروسکەیەکدا بۆ سەروك بەکر

ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان لە ئەمەریکای سەرو لایەنگیری شۆڕشی ئەکەف لە بنگەی دا بەرامبەر بزوتنەوەی بەرگری و نیشتمانی لوبنان

ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکانی ئەمەریکای ژورو نارەزایی‌یەکی توندیان دژی دەستتێوەردانی سوریا لە لبنان‌دا دەربڕیوە هەروەها نارەزایی‌یان دژی ئەو هیرشە فاشستیە دەربڕیوە کە ئەو هێزە ئەیکاتە سەر هێزی نیشتمانی‌و بەرگری فەلەستین .

ئەمە لەو بروسکەیەدا بوە کە ئەو ریکخراوانە بۆ سەروك احمد حسن البکریان ناردوە ، لە بروسکەکەدا ئەوە دوپاتە کراوەتەوە کە ئەو ریکخراوانە لایەنگیری هەر هەنگاوێك ئەکەن کە حکومەتی شۆڕش لە عیراقدا بۆ پارێزگاری بەرگری فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی ئەنجام بیان نێت .

بروسکە کە بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئەرتیریا - لقی ئەمەریکای ژورو ، بزوتنەوەی ئەمەریکا بۆ پارێزگاری بزوتنەوەی رزگاریخوازی جیهان‌و لیژنەی هاوکاری لە ئەل گەلی فەلەستین‌و یەکێتی قوتابیانی فەلەستینی لە ئەمەریکای ژورو پانەکانی کۆماری ئیرلەندە لە ئەمەریکای ژورو مۆریان کردوە .

ئا.د.ع

هەڕەشەکردن لە کومپانیاکانی نەوتی بێگانە بەرامبەر هامەڵەیان لەگەل زایۆنیزم دا

(محمد محجوب) ی ئیرسراوی گشتی مەکتەبی هامەلەبرین دژی ئیسرائیل هەڕەشەی لەو کومپانیا نەوتانە کردوە کە نیازیان هەیە لەسەر بەوە ڕێبکەون لە خاکی زەوت کراودا بۆ نەوت بگەڕێن‌و هەر کومپانیایەك خۆی توشی ئەم کارە بکات لە هەمو نیشتمانی عەرەبدا مامەلەی لەگەلدا ناکرێ .

ناوبراو لە کونگرەیەکی ڕۆژنامە نوسی‌دا وتویە کە دەزگای مەکتەبی مامە لەبرین ناوی هەر کومپانیاو دەزگایەکی بێتە لا کە مامەلە لەگەل زایۆنیزمدا بکات لەبەر ئەوە دەستو برد هەلویستی هەمو وڵاتە عەرەبەکانی بەرامبەر دیاری ئەکرێ .

ناو براو وتویە : ئاگادارین زایۆنیزمی دوژمن خەریکی ئفتوگویە لەگەل چەند کومپانیایەکی بێگانە دا بە تایبەتی ئەمەریکایی تا یارمەتی بدەن‌و لەخاکی زەوت کراوی عەرەبدا بۆ نەوت بگەڕێن .

سەروتار

بەردەوام لە سەر ڕێگای ڕاست

ڕۆژی سێی تەموزی ١٩٦٨ جنگایەکی تایبەتی لە ژیانی گەلەکەمان‌دا هەیەو ، وتشەی ئەو ڕۆژە نەمرەمان لە دڵدا ئەنەخشێنێت کە تیای‌دا سەرکردەی کاروانەکەمان سەرۆکی تێکۆشەر احمد حسن البکر ڕاوەستا بۆ ئەوەی نەهێشتنی ئەو پەیمانکاریانە بڵاویکاتەوە کە بارو دۆخێکی مەوزووعیانەو هونەرییانە سەباندی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی هەمدی تەموزی ئەتەوەیی سۆشیالیست .

سەرکردایەتی حزبەکەمان ... حزبی یەعنی عەرەبی سۆشیالیست لە کۆبوونەوەکەی ئەواری هەڵگیرساندنی شۆڕشی هەفدەی تەموزی سای ١٩٦٨دا بیاری نەهێشتنی تاقمەکەی نایف‌و داودی دابوو لە نزیکترین کات‌دا کە یێی بکرێت ، ئەویش پاش ئەوەی خەریك بوون حزب تووشی لێدانێکی پڕ مەترسی بکەن‌و هیوای هەڵگیرساندنی شۆڕش بدەن بە بادا . لە نێوان ئەوەو ، واتە بیاری لەناوبردنی هەولی پاشقول گرتنی شۆڕش‌و جەماوەرو ، جێبەجێکردنی شۆڕشگێرانەی نەهێشتنی ئەو هەولەی کە بۆ شێواندنی شناسنامەی نەتەوەیی‌و سۆشیالیستی‌و دیموکراتیانەی ئەدرا ، لە نێوان ئەم دوو ژوانەدا ماوە سیانزە هەبوو ، کە لە کاتە هەرە ناسك‌و وردەکانە لە ژیانی حزب‌و شۆڕش‌داو ، لە هەموو کاتێکیش پڕ لە مەترسی تر بوو لەسەر حزب‌و بوون‌و دوارۆژی‌و ، لەسەر بزوتنەوەی نیشتیمانی لە وڵات‌دا .. بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا لە کاتە نەمرەکانەو .. لە منالدانی‌داو ، لەناو شەپۆلی ترس‌و ژان‌و دوودڵییەکانی‌دا سەلامەتی‌و دوارۆژی شۆڕشی مەزنی حزب‌و جەماوەری پاراست .. شۆڕشی هەفدەی تەموز .

جا بۆ ئەوەی ئاگامان لە قوولی‌و مەزنی ئەم تاقی‌کردنەوانە بێت ، چار نییە هەر ئەبێ شتێك لەو خەسڵەت‌و لایەنە تایبەتیانە بزانین کە بە درێژایی هەشت ساڵەی تەمەنی شۆڕشی ئەلەکەمانی بێ ناسراوە ، شۆڕشی عیراقی تێکۆشەرمانی خستە سەر ڕێگای سەربەخۆیی سیاسی‌و ئابووریی‌و بیری‌بیرو ، ژیانی جەماوەری لە ڕێگەی زنجیرەیەك کۆڕین‌و هەنگاوی شۆڕشگێرانەوە خستە سەر ڕێی دروستکردنی دیموکراتیتی‌و سۆشیالیستی‌و ، نرخی ئادەمیزادی بەبێ هیچ جیاوازییەك لە ڕەگەزیان لە بیروباوەڕدا باراست‌و سەباندی‌و ، جۆرەها پلانی فراوان‌و پێشکەوتووی بۆ بنیات‌نانی ڕابەرینێك لە گشت کۆڕێکی ژیان‌دا داناو ، ئاسایش‌و ئاشتی‌و دڵنیایشی لە ناوچەی باکووری خۆشەویست‌دا جێگیر کرد ، لەگەل بەرچاو ڕووناکییەکی تەواودا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانج‌و ئاوانە گەورانەی کە حزبی سەرکردە لە گشت کۆڕێك‌دا چاوی تێبڕیوە .

شۆڕش گەلەکەمان ، کە زادەی ئەم خاکە بەخشندەیەیە ، بە توانای ڕۆڵەکانییەوە گەشە ئەکات‌و ، بە تێکەڵاوبوونی لەگەل گشت شۆڕشەکان‌دا ئەشێتەوە .. ئا ئەم شۆڕشەمان توانی سەنگەلایەکی تەواو بخاتە کێشەکانی ئیمبریالیزم‌و کۆنەپەرستانەوە .. توانی لە

بروانە ل : ١١

نامەیەکی سەرۆك البکر بۆ سادات

ئەسکەندریە - ئاژانسەکان : ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردو سەرۆکی میسر انور السادات پێشوازی نیراوی سەرۆك احمد حسن البکر ، دکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوەی عیراقی کردوە .

ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوی کردۆتەوە کە لەو چاوپێکەوتنەدا دکتۆر حمادی نامەیەکی سەرۆك احمد حسن البکری داوە بە سەرۆك انور السادات .

دوای ئەوەش بەڕێز دکتۆر حمادی لەگەل اسماعیل فهمی جێگری سەرەك وەزیران‌و وەزیری دەرەوەی میسردا گۆبونەوەی کردوە .. وەك ئاشکرایە نیراوی سەرۆك البکر ڕۆژی شەممەی ڕابوردو گەیشتبوە میسر .

جەماوەری سوریا بەردەوام لە تێکۆشان دژی ڕێژیمی لەپێی لادەر

بیروت - ئا.د.ع : جەماوەری تێکۆشەری سوریا لەخەباتێکی بەردەوامدایە دژی جەلادە ئومەکانی ڕژێمی دیمەشق کە بەحوکمی ئاگرو ئاسن ئەیانەوێ کۆمەڵی دەرونی ئەو گەلە دامرکێنەوەو دەنگی دلیروو نازادی‌خوازی هەلویستە بر سەر شۆڕیکانیان کپ کەن ، کە گومان لێکراوەی ئەو ڕژێمە ئەمڕۆکە لەناوچەی عەرەبیکاندا ئەیبینێت .

ئەوانەی لە دیمەشقەوە هاتون ئەگێڕنەوە کە ڕۆژی ١٤ی تەمموز هەندێك لەنیشتمان پەروەران حسن خلیل بەریوەبەری کاروباری کۆمەڵایەتی‌یان کوشتوە ، وەك ئاشکرایەنەم بیاوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەسەرۆکی ڕژێمە ئومراتەی دیمەشقەوە هەبوە ، وەدەورێکی بالای هەبو لە ئازاردان وڕاونانی نیشتمان پەروەران‌دا .. هەروەها ئەو کەسانە ئەگێڕنەوە کە دەسەڵاتی فەرمان ڕەوای ڕژێمی دیمەشق لەتۆزلەی ئەوەدا مروان حدیدی کوشتۆتەوە . بەهۆی ئەم کارەساتەوە هەمو جەماوەری (حما) ڕقیان هەڵاوەو دورنی‌یە لەنارەزایی دژی ئەوتاوانە هەموشارەکەمان بکرێت .

چاوەڕێ ئەوە ئەکرێ تورکیاو یۆنان بچن بەگژ یەکدا

ئەثینا : ڕویتر : ئا.د.ع :

لەم دوایەیدا هیزی چەکی دەریایی یونان جموجولی خۆی فراوان کردوە بە تایبەتی لە ناوچەکانی سەروی ڕۆژهەڵاتی دەریایی (ئیجە) ، ئەمە لە کاتێك‌دا کە پاپورێکی تورکی بە ناوی کەران بە دوای نەوت‌دابەڕەو ئەو ناوچەیە کەوتۆتە ڕێ کە لە دەریاکەدا ناکوکی لە سەرە ، لەبەر ئەوە چاوەڕێی بەگژ یەك چونی نێوان تورکیاو یونان نزیك بۆتەوە .

ئاژانسی ڕویتر بە زمان سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە لە ئەثینا وتویە : هێزە چەکدارەکانی یونان ئیستە دەستەو وەستان ئامادەی هەموو کوتوبریەکن .

پاپورەکانی یونان لە ڕوخی نزیك (ئەناضول) چاویان بریوەتە جموجولی پاپورەکانی تورکیا .

وە لە ئەنقەرە حکومەت هەڕشەی ئەوەی کردوە کە ئەم ناروبارانە ئەبێتە هوی ئالوزی‌و تورکیا ناچار ئەبێ بەربەستی هەر جولانەوەیەك بکا ڕووبەڕوی پاپۆرەکانی ببێ .

ئەوەی شایانی باسە لەسەر ئەو بەرهەمە مەعدەنیەی لە دەریای (ئیجەدا) هەیە دەمێکە ناکوکی لە نێوان هەردوو وڵاتی تورکیاو یونان‌دا پەیدابوە .

کۆبونەوەی وەزیرانی دارایی وڵاتانی خاوەن نەوت

فیەنا - ئاژانسەکان .

دایەرەی لێپرسراو لەبارەگای ڕێکخراوی وڵاتانی خاوەن نەوت (اوپك) لەفیینا بڵاوی کردۆتەوە کە وەزیرانی دارایی وڵاتانی ئەندام لەڕێکخراوەکەدا لەڕۆژی ٥ی مانگی داهاتودا کۆئەبنەوە .

ئەو وەزیرانە لە مەسەلەی خستنەکاری سندوقی ڕێکخراوەکە ئەکۆلنەوە ، بەمەبەستی قەرزدان بەوڵاتە هەژارەکانی دنیای سێهەم .

بەردەوامی ناڕەزایی دژی هەڵویستەکانی ڕێژیمی سوریا و تێکۆشان هەتا سەرکەوتنی تەواوەتی

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردو هێزێکی سەربازیی نوێی سوریا چۆتە لبنان ، بەم سەربازانەوە ژمارەی هێزەکانی ئەو ڕژێمە گومرایە لە لبنان‌دا گەیشتۆتە ١٣ هەزار سەربازو ٥٤٠ زرێپۆش‌و ئەو هێزانە بە بەشەکانی ژوروو خواروی لبنان‌دا بڵاوبونەتەوەو بونەتە کوسپێك لە ڕێگای هەوڵوتەقەلای زانکۆی عەرەب‌دا لە ڕێگای ڕاستانی تەقەو شەڕ لە لبنان‌دا .

بیروت - ئاژانسەکان : ئەوەی ساغ کردۆتەوە ، کە لەو زنجیرە پیلانەی لە دژی پیلانەکە بەردەوامەو ، کۆشەنەتەوەی عەرەب ڕەنگیان گیرەکان‌و ڕژێمی‌سوریا مویەك ڕشتوە .

لە خشەی پیلانە ناچین بەرەو کەمبوونەوەی کۆشراوە .

● کۆشەگیرەکان مەبەستی خۆیان ئاشکرا کردوە .

کە ئەیانەوەی مەسەلەکە بخەنە بەردەم

ئەتەوە یەکگرتوکان .

بیرجەمیلی سەرۆکی کە تایبەت کۆشەنیرەکان ئەوەی دووباتە کردۆتەوە کە حیزبەکەی ئەو ئەوە بەچاك ئەزانێت کە مەسەلەی دۆخی لبنان بخرێتە بەردەم دەولەتان . هەروەها وتویەتی حیزبەکەی وا بە چاك ئەزانێت کە ئەو مەسەلەیە بخرێتە بەردەم ئەتەوە یەکگرتوکان . وە لە لایەکی ترەوە ئەو حیزبە بەکێ ئیراوە ڕێگای کردنەوەی بیروتی ئەداوەو ، ئەویش لەبەر ئەوەی بە ئەواوی دەستە خوێن ڕژێی‌و تاوانکارەکانیان بۆ دنیا ئەکەوێتەرو ، وەتا هەمو ڕای جیهانی بەکردارە نا جۆمێرێکنیان ئەزانن .

● دورکەوتنەوەی ئەمەریکایەکان لە لبنان .

وە لە لایەکی ترەوە بەهۆی پاپورێکی نستولی شەشەمی ئەمەریکاوە (٤٠٠) کەس لەو ئەمەریکای‌و بێگانانەی لە لبنان‌دا ئەژین بیروتیان بەجێهێشتوەو لە لبنان دورکەوتونەتەوە .. ئاژانسی دەنگوباسی ئەسوشیەت‌پریس لەو بارەیەوە ئەوەی بڵاوکردۆتەوە ، کە وا چاوەڕوان ئەکرێت کە پاپورێکی فرۆکە هەڵگرو پێنج پاپوری هەمەمە چەشتی تری ئەو ئستۆلە بەرەو کەنارەکانی لبنان بڕۆن ، هەروەها ئاژانسەکە وتویەتی دۆناڵد رامسفیلد وەزیری بەرگری ئەمەریکا وازی لە پشوودانەکەی هێناوەو ڕویشتۆتەوە بۆ واشنتەن .

ئەوەی شایانی باسە ڕۆژ بە ڕۆژ بالۆیزخانەکانی بیروت دائەخرین یا ژمارەی فەرمانبەرەکانی کەم ئەکرێتەوە ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو کارە [illegible]

بروانە ل ١١

Institut kurde de Paris

راپورتی سیاسی :

روداوەکانی لوبنان

● نووسەری سیاسی «هاوکاری» نووسیویەتی ئەنێت :

هەموو رۆژێك حەکایەتی کەژان بەدوای چارەسەرێکی کێشە خوێناوییەکەی لبنانەدا نوێ ئەبێتەوەو ، هەر جەند رۆژێك جاری لێپرسراوە ڕەسمییەکانی عەرەب لەسەر مێزی کۆبوونەوەو بەیەك ئەیشتن گرد ئەبنەوەو لەژێر سێبەری « گرانی » ئەو مەسەلەیەدا دەست لەگەنەوە بە گفتو گردن .. هەموو جارێکیش کۆبوونەوەکان زنجیرە بڕۆژەیەکو کۆمەلێك لێکۆلینەوە لەسەر باری لبنان ئەهێننەکایەوە !! باسانیش دەست ئەکەوێت بەهەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئەنکوچەلەمەیە . بەلام ئەو لایەنە ڕەسمیانەی کە کاتی خۆیان بەلێکۆلینەوە لە (چارەسەری چاوەڕوان کراوەوە ئەبەنە سەر ، کەمتر هۆکاری کێشە خوێناوییەکەو لەنجامەکانی بەشێوەیەکی زانستیانەی مەوزووعیانە ئی لەکەنەوە ، بەلکو هەلدێن لەم لایەنانە لەبەر هەر هۆیەك بێت هۆکاری کێشەکە پشت گوێ ئەخەن .. بۆیە راستیاردەو بڕیارو هەنگاوەکانی کەژان لەچارەسەر هەر لە دەرەوەی چوارچێوەی زانستیانەی مەسەلەکەوە لەبینیتەوەو ، تایبەتانیو لێی نزیك نابێتەوە .

لە ڕلانە تیکۆشەرەکەماندا ، سەرکردایەتیی جریو شۆڕش هەموو لایەکی ـ هێزو ئەنجامەکانی ـ کێشەکەی دەستنیشان کردو ، وێنەی بەواوی مەسەلەکەی هەموو بارەکانی لبنان ـ بە پەرەسەندنو دوارۆژییەوەی خستە بەردەم هەموو لەو لایانەی مەسەلەکەیان مەبەستە ، بەلام بەردەوامبوونی هەندێ ڕژێمو حکومەت لە خۆ گرتن ئەراست ئەو هۆیانەی کە ببووە هێزی ئەنجامی مەسەلەکەو وای لەکێشە خوێناوییەکە کرد بلاوببێتەوەو شێوەی کارەساتیك وەربگرێت . باڵی بەو لایەنانەوە تا کە دەستیان لەمەسەلەکەدا هەیە ، باوایە کەوتە ئەوزەنر بکەنەوە خێراتر هەوڵی ئەهێننی بزووتنەوەی بەرگری و بزووتنەوەی نیشتیمانی لەلبنانەدا بدەن .. ئەمە باڵی بەو لایەنانەوە تا ـ مەبەست ئیمپریالیزمی جیهانییە بە سەرۆکایەتی واشنتۆن و زایۆنیزمو کۆنەپەرستان ـ بۆ ئەوەی هەلی ئەم باری داڕووخانەی ناوچەی عەرەب بەکار بهێنن و هێزە لەبارەکانی یەردەستیان ـ کاریەدەستانی دیمەشق و هێزە دابڕاوەکان ـ بۆ جێبەجێ کردنی پیلانە ناڕەواو دژوارەکانیان دژی شۆڕشی فەلەستین و بزووتنەوەی نیشتیمانیی لبنان بخەنە کار .

لەرووی ئەم بارە پڕ مەترسییەی کە هەڕەشە لەدوارۆژی هەموو مرۆڤایەتی ئەکات ، تۆ بڵێی کەژان لەچارەسەر وەك هەندێك بۆی ئەچن بەوەوە بەستراوبێت کە لە جۆرێکی « ئاشت کردنەوە »ی لایەنەکانی ناکۆکییەکە بکەنەوە ؟! لایەنەکانی ناکۆکییەکەی لبنان ـ هەروەکو ئاشکرایە ـ بزووتنەوەی نیشتیمانیو بزووتنەوەی بەرگرییە لە لایەکو ، لەلایەکی تریشەوە هێزە دابڕاوەکانو ڕژێمی پاشکەزبووەوەیە لە دیمەشق .. کەواپوو ئەو پرۆژەی ئاشت کردنەوەیەی هەندێ لایەن هەوڵی بۆ ئەدات ـ کە هەندێکیشیان نیازیان چاکە ـ چارەسەرێکی ڕیشەیی ئەوکێشەیە نییە کەوا (١٦) مانگە لەلبنانەدا هەیە ، خۆ ئەگەر ئاشت کردنەوە دەورێکی هەبێت بۆ پێشەوە چوونی باری لبنانەدا ، لەوە زیاتر نییە ماوەیەکی هێمنی وا دروست بکات هێزە دابڕاوەکان بتوانن ئاهێنگیان بە بەرا بێتەوەو خۆیان بۆ کەرەتێکی تری درندانەترو ناهەموارانەتر کۆبکەنەوە . ئەمە جگە لەوەی ئەو ماوەیە ئەبێتە هەلێك بۆ ڕژێمی باشکەزبووەوەکانی لە دیمەشق کە (جێبەجێ کەرێکی ئەمین)ی پلانی نەهێشتنی مەسەلەی فەلەستینە بەگشتی بۆ ئەوەی هەوڵی پارچە پارچە کردنی یەکێتی بزووتنەوەی نیشتمانی لبنانو بزووتنەوەی بەرگری بدات ئەویش بە دروست کردنی چەند کۆڕو تاقمێك لەناو مەیدانی ئەم هێزانەدا .. بەلام هێزە نیشتیمانییەکانو بزووتنەوەی بەرگری لە لایەنەکانی ئەم بانگ کردنە تێکەیشتن کە بۆ (ئاشت کردنەوە)ی لایەنەکانی ناکۆکییەکەیەو لەوەش تێکەیشتن کە ڕژێمی سووریا بۆ بێ لەسەر ئامادەبوونی نوێنەری ئەم هێزانە دا ئەگرێت لە دیمەشق بۆ ڕێککەوتنو پێك ئەیشتن لە سەر ئەوەی کوایە سووریا لە لبنان ئەکشێتەوە ، ئێکەیشتنی هێزە نیشتیمانییەکانو بزووتنەوەی بەرگری لەم بڕۆژانە لە هەوڵی زیاتریاندایە بۆ پێکەوە نووسانێکی چارەنووسانەی نێوان هەردو لا .. بۆیە دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سیاسیی ناوەندییان بلاو پیاوە کردەوە کە لە حزبو هێزەنیشتیمانییەکانو پیاوە سەربەخۆکان پێك هاتووەو ئەرکی دەست نیشان کردنی هەلویستو ڕێکخستنی کاروباری هەموو شوێنێکی لبنانی ئرتۆتە ئەستۆ .

بارتو هێزە نیشتیمانییەکانی لبنانو بزووتنەوەی بەرگریش لەکەلیاندا ـ کە خاریکە بەدەنك بانگەکەوە ئەچێت ـ بەچاوێکی پڕ لە وەمانو دوو دلییەوە سەیری نیازەکانی ڕژێمی سووریانە کەنکە هێشتاش هەر هێزو تانگەکانی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی جەماوەری لبنانو فەلەستین ئەنێرێتو بەشێوەیەکی درندانە ئزردو کاو کارەکان بژمبارباران ئەکاتو لەرووی سەربازیو بارمتاسەوە ئەو ناوچانە ئەمارۆ ئەدات کە هێزە هاوبەشەکانی هێزی نیشتیمانیو بزووتنەوەی بەرگری لیە کۆنترۆڵی ئەواو کەوتنە هەڵبەستی ڕژێمو هێزە ڕژێمخوازەکانی [illegible] سۆشیالیستەکان [illegible] بەرەی باری لبنان [illegible] سووریا لەوێ دا ، باش ئەوەی سەرەتا هێزو ڕژێمەکە ڕاستیی کردەوەکانی کاربەدەستانی سووریایان بۆ دەرکەوت کە چ تاوانکاریەکدری گەلی لبنانو فەلەستین ئەکات ، چونکە ڕەنگدانەوەیەکی بەلتنی ئەم کاربەدەستانەیە بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم کە لەواشنتۆن داڕاوە .

ئیتر باش ئەوەی دنیا ڕەشبینو کردەوەکانی کاربەدەستانی دیمەشق فریویان خواردبێو ، ڕووی سەرسامی هانن بەرامبەر بە تاوانەکانی کاربەدەستانی دیمەشق کە دەرهەق بە لبنانو دەرهەق بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی جیهانی بەگشتی .. ئەو زانیاریانە ڕۆژنامەیەکی لبنان لەم دوایەدا بلاوی کردەوە دەربارەی نامەیەك کە سەرکردەو سۆڤییەتییەکانی بۆ کاربەدەستانی سووریایان ناردووە ، لەسەر ئەوەی ولاتە سۆشیالیستە بەرەسەندنی مەترسیی باری لبنانو خوێن ڕشتن بەئەنجامی دەست تێوەردانی سووریاو هێرشی سەربازی سووریای ئەزانن بۆ سەرلبنان .. هەر هەمان سەرچاوە بەنجە بۆ ئەوەش دڕێ ئەکات کە نامەکەی سەرکردە سۆڤییەتییەکان کاربەدەستانی سووریا لە ئەنجامی بەردەوام بوون لە داگیرکردنی لبنان لەرووی سەربازییەوەو بەردەوام بوون لە پشتگرتنی هێزە ڕاست ڕەوەکانداو ئاگادار ئەکاتەوە .

ئایەم جۆرە باوەڕی جەماوەری گەلەکەمان بەوە بتەو ئەبێت کە ئەو لیکۆلینەوانەی سەرکردایەتیی سیاسی بۆ باری ئێستای لبنانی دارشتووە ـ بەهۆو ئەنجامەوە ـ باشترین بتودانگی هەر هەڵسەنگاندنێك کە بتوانێت کێشەکە بەلایەکا بخاتو لبنان یەکگرتوو سەربەخۆو تێکۆشەر بکات .

دەنگی شۆڕش هەمیشە بەرزە

لە ماوەی چوار مانگی ڕابوردودا شۆڕشی فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لبنان نەبەزانە بەربەستی هێزی فاشستو گوشە گیرەکانیان کردوە ، هەر جارێك ئەم دوولایەنە شۆڕشگێرە سەرکەوتنێکی نوێ بەدەست بهێنن هێزی شەڕو ئاژاوەو ناحەزانی ئاواتی ئەتەوە کەمان زیاتر ئەکەونە درۆو دەلەسەو بوختان هەڵبەستن ... ئەویش بە هیوای ئەوە یەکێك بدۆزێتەوەکە باوەڕ بەو درۆو دەلەسانەی بکات بەلام خەیالیان خاوەو ئەو ئاواتەیان نایەتە دیو کەس باوەریان پێ ناکات ... کاتێك ئەمەریکاو زایونیزم بینیانوا بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان خەریکن بە خزیانادێنەوەو سەرکەوتنێکی تەواو وەچنگ ئەهێنن ، کەوتنە هەوڵو تەقەلای ئەوەی کە ئەو سەر کەوتنە بوچەل کەنەوە بەهەچ نرخێك بێتو بە چ ڕێگایە دا بێت هەتا ئەگەر هاتو دەستی هەندی لایەن لەم کارەشدا بکەوێتە ڕو ..

لەشکری عیراق هەمیشە پالپشتی داسۆزی بزوتنەوەی بەرگریو نیشتمانی لوبنان بوە

● ئەو ئاگر بارانو وێرانکاریەی کە بیویست بو بەسەر زایونیزمەکاندا ببارێت کە تا ئیستاش خاکی عەرەبیان زەوت کردوەو ، بەلام وابەم جۆرەیە کە ئەی بینینو ڕوئەدات ، گەلێك شەهید کەوتن لەو ڕۆلانەی گیانی خۆیان بۆ قوربانی خاکو نیشتمانو مەسەلە ئرنگەکەیان کرد بو بەقوربانیو بۆنەوەی ئابروی لە بەرچاوی نەتەوەکانی سەر زەمین ببارێزن ، ئەو ڕۆلانەی ماوەیەکی کەم باش شەڕی حوزەیرانی سالی ١٩٦٧ لەناوچەرێکی خاکی زەوت کراودا تەنکیان بە زایونیزمی دوژمن هەڵچنیبو .. بەوکارانە بۆ هەمو گەلانی دنیایان سەلماند کە بەزوترین کات بریتەکانی خۆی سارێژ کردەوەو بۆ دوژمن هاتەوە بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە تاوانو کوشتنو بڕینەکانیان جێبەجێ ئەکرد .. بەلام ئەمجارە دوراستی ڕونو ئاشکرا ڕایچلەکاندن .. یەکەمیان .. ئەو جوامێریو نەبەزەیی و نەترسیو خۆ ڕاگرتنەیە کە شۆڕشگێرانی لبنانو فەلەستین نواندویانە .. دووهەمیان .. پشتگیری کردنی ئەو شۆڕشگێرانە لەلایەن هەندی نوردوگای شۆڕشگێرەکانەوە بە شێوەی یارمەتیو زەخیرەو تەقەمەنی ئەگەرچی ئەو یارمەتییە بەین بە بەینو پچڕپچڕیش بوبێ .

● لە مەمانکاتا وەنەبزیارمەتیو پشتگیری لە ئۆشەگیرەکان برابێت بەنکو بەپتابەیتا لە لایەن ئەمەریکاو زایونیزمو هەندی ڕژێمی عەرەبەوە دەستی یارمەتیو هاوکاریان بۆ درێژ کراوە .. لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشگێرانی فەلەستینو لبنان هەرسەرکەوتنو دەسەلاتی شۆڕشگێرانەی خویان بەسەربەشی هەرە زۆری خاکی لبنانداچەسپاندوە ..

● بەلام دەست تێوەردانی ڕژێمی سوریا ڕێگای سەرکەوتنی تەواوی لێ گرتن ، شۆڕشگێران کاتێك بە خۆیانیان زانی بەرامبەر سوپایەکی کەورەی بڕچەك و ساروخ وەستاون .. بەلام چاویان نەترساو توانیان خۆیان بەرامبەر ئەوسوپایە ڕاگرنو هیرشەکەی بوچەل بکەنەوەو ئەگەرچی ئەوکارە نرخێکی ئیجگار کەورە کەوت لە سەریان قوربانیەکی زۆریان لەپێناودا بیشکەش کرد .

● لەو کاتەداو لە ناوکەروی ئەو کارەساتانەدا سەرجەمی هیزە خیرخواکان لایەنگیری شۆڕشگێرانی خاکی لبنانیان ئەکردو نارەزایی خۆیان دژی لە ناوبردنو دامرکانەوەی شۆڕشی فەلەستین دەرئەبڕی ئەبولی ئەو نارەزاییە وافراوان وە هەموو لایەکی گرتەوەو ڕقو نارەزایی بەسەر ئەو کەسانەدا ئەباران کردەوە نا جۆمێریکانیان دەستەکانیانی بەچاکی بۆ هەموولایەك خستە ڕو ..

● ئەو کۆمڕایانە بەناوی داکۆکیو پشتگیریو بارێزگاری شۆڕشی فەلەستینەوە ئەمەقەسابخانەیەیان داناوە ، کوایە قەلاچوی گەلی فەلەستینو لبنان بۆیە ئەکەن تا بیان بارێزن ..

● ئەو تاقمە ئەیانەوێت بە بێژنگ ڕژی خۆر لە خەلکی بشارنەوە جا ئەوەیە ئەو کوێرەوەریو نەهامەتییەی کە لە ڕەگو ریشە دەریان ئەهێنێت .

ویراکاری ئەنجامی دژندەی کونەپەرستەکان

ئالای سەرکەوتنی گەلی لوبنان لەدەست هێزە نیشتمان پەروەرەکان ناکەوێ

ناومەیدان .. ئەمان تا ئەهات خەباتیان گەرم تر ئەبو تا ئەهات زیاتر مەترسیان ئەخستە دڵی دوژمنەوە ، ئەگەرچی هەندی مەیدانی شەڕ بەخویاوسوپایەکی بەسامی ڕێکوپێکی پڕ چەکو تەقەمەنیوە نقەیان لەخویان بریبو بەجۆرێك کش ومات وەستاون وەك خۆلو دویان بەسەردا کرابێت .. بەو جۆرە لە مانگی ئەیلولی سالی ١٩٧٠ دا یەکەم قەسابخانە بۆ ئەو باڵەوانە شۆڕشگێرانە بنیات نرا .. دوای ئەویش گەلێك لەو جۆرە کارانەیان بەرامبەرکرا ، تاگەیشتە ئەم قەسابخانەیەی کە لە جوارده مانگەوە دەستی پێکرد .. هەمو دوژمنەکانی بزوتنەوەی بەرگریو نیشتمانی لوبنان بە ئەمەریکاو زایونیزم ئەلقە لە گوێکانی ئەوانەوە گرەویان لە سەر بێدەنگیەکی گشتیی ولاتانی عەرەب ئەکرد

ئەنجومەنی ئاسایش وبیروڕای چەندە بجار کۆبوندەوە

ئەو کۆبونەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش لە حەوت مانگی ئەم ساڵدا بەستویەتی لەوکۆبونەوانەی ئەو ئەنجومەنە کە لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە لە کاتێکی هاوچەشنی وادا کردبێتی زۆر زیاتر بوە .

ئەم سەر زمارەیەی ئەتەوەیەکگرتوەکان بڵاوی کردۆتەوە ، بۆتە هێزی ئەوس و بڵاری هەندێك لە دبلۆماسییەکان .. هەندێك لەوانە ئەڵێن : ولاتانی دنیایی سێهەم ئەنجومەنی ئاسایشیان کردوە بە هویەکی زۆر لێکردنی سیاسی ، وەیا ، ئەڵێن : ئەنجومەن شوێنی رازوگلەیی نییە کاروباری وا لەو دەرگایەدا سودیکی نایێ هەندێك لەو دبلوماسیانە بڵاری ئەوەیان هاویشتوە ئەگەر ئەنجومەن بەم شێوەیە بڕوات لە دوارۆژدا بێ شتیوان ودەسەلات ئەمێنێتەوەو ئەبێت دەستە پارچە دابنێتێ ، چونکە ئەبێتە ئالتەخانەو کەس بایەخی پێ نادات !! بەلام ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەو مەسەلانە بدەین لەم ماوەیەدا سەیری کردون ، بە بیوانەی شەڕو ئاشتی هەمو ئەو مەسەلانە گرنگن وپێویستیان بە بایەخ پێدان هەیە ، لەوانە ٩٦ کۆبونەوەی (وانە پتر لە نیوەی کۆبونەوەکانی) بۆ مەسەلەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستو فەلەستین گیراون ئەو نیوەکەی تری بۆ مەسەلەی خواروی ئەفەریقاو رودیسیاو ئەنگولابوە ، هەروەها ٣ کۆبونەوەشیان بۆ مەسەلەی قوبرس بەستراوە . ئەگەر ئەم هەمو گیرو گرفتە خوێناویانەی بۆنی ئەوەیان لێدێت کارەساتێکی دنیایی بخەنەوە ، ئیش ئەنجومەن نەبێت ، کەبەپێی دەستوری ئەتەوە

بڕوانە ـ ل ١١

Institut Kurde de Paris

دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ی تەمموز چۆن بەچاکترین شێوەی بنەڕەتی بەکار ئەهێنین؟

لە ماوەیەکی زۆر کەمداشۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموز توانی زنجیرە دەستکەوتو تۆڕانێکی پێشکەوتنخوازانەی گرنگ وددی بێنێت ، کە ناکرێت بڕان وردبونەوە تیایدا بکرێت بەلاماندا و ، ناشکرێت زیاد لەپێویست هەڵیان کێشین ٠

ئەو دەستکەوتو تۆڕانە هەژتاژی بە سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هاتۆتە کایەوە بایەخێکی زیندو تەورەیی هەیە لە بنیاتنانی کۆمەڵو بزوتنەوە سۆشیالیستی بەرەی کردنی ئەو کۆمەڵە بێ کۆمان ئەم جۆرە تۆرانە تەنیا تاڵۆزەو پێویستی بەرتەوتنی تەکوێتە سەر تاڵیک لایەنی کۆمەڵو هەریەکێک لەو لایەنانە قەدەر خۆی نەرکی ئەو ئاڵوگورکردنە هەیە تەریت ٠

ئەوەی راستی بێت شۆڕش توانیویەتی چەند هەنگاویکی فراوان لە مەیانی گورانی کۆمەڵدا بێنێتو بنیاتی دیموکراتیەتی پێشکەوتوانە بکات تەکەر چی روانگەی شۆڕش تەنیک نە مەیدانی جێبەجێکردن لە زۆر لایەنەوە فراوانترە ، شۆڕش توانیویەتی لە ماوەی هەشت ساڵدا تەنیک گۆرانو دەستکەوت بۆ گەل بێنێتە دی لەوانە ٠

● پارێزگاریی لە سەربەخۆیی وڵاتو خۆقوتارکردن لە دەسەڵاتی ئیمپریالیزمو کۆمپانیا ئیحتیکاریەکان ٠

● بەردەوامی لە رێبازی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا ٠

● چەسپاندنی دیموکراسیت لەسەر بناغەیەکی مەددیو یاسایی ٠

● دانانی رێبازێکی سەربەخۆ بۆ نابوری وڵات ٠

● بەردەوامی لە رێبازی بەرەکی بۆ پێویستی یەکانی شۆڕشی ئەتەوەیی و کاری ئەتەوەیی ٠

● چۆنە رێزی شۆڕشگیرانی جیهانیەوەو نواندنی چالاکی لە سیاسەتی وڵاتاندا ... هاتا ... هاتا ٠

بێ گومان نواندنی هەر کردارێک لەم کردارە شۆڕشگێرانەیە ئەو باسانە دەیگرێتەوە کە لەمەوبەر باسمان لیوەکردون ٠ لەگەل ئەوەشدا ئەم دەستکەوتە شۆڕشگیرانانە بەستراوەتەوە لە سنوری کاتێکی تایبەتیدا٠٠ بەڵام بۆ نمونە لە رادەی چەسپاندنی لە ئاڵوریی کۆمەڵایەتیو ئابوریدا کارەکە بە جورێکی جیاوازتر دێتە بەرچاو دەرئەکەوێت چونکە ناتوانین بڵێین ئەوە شۆڕشی کشتوکاڵی کرا بەو ئاسانیەی لە مەیانی پێشودا ئەڵێین ئەوە کۆشکێک بنیاتنرا٠٠ هەروەها سەبارەت بەرەی نیشتمانیو ئەتەوەیی پێشکەوتنخواز لەناو خۆدا وە سەبارەت هەڵویستی بەکبونی خواست و تێکۆشانی ئەتەوەیی ٠٠

بەکارهێنانی سیفاتە بنەڕەتیکانی دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ی تەمموز لەگەل تێکەڵبون بەروانگەی سەرکردایەتی سیاسی شۆڕش و بەرنامەکەی دیموکراتی ٠ شۆڕش گەنیک بیروراو زامنکاریتی کاریگەریی بۆ دامەزراندنی کۆمەڵنایەکی نوی هێناوەتە کایەوە ، لەبەر ئەوە پیریستە ئیمە بەجۆری جێبەجێ کردنیان پارێزگاری لەو بیروراو زامنکاریانە بکەینو ئەوچاکانەی زیاتر دەرخەین کە لەبەرژەوەندیو چاکەی چینی چەوسەوەکانو بزوتنەوەی پیشکەوتوی شۆڕشگێریە ٠

پێش هەمو شتێک ئەبێت باوەش بۆ شۆڕشی کشتوکاڵی بکرێتەوە لەگەل ئەو دەستکەوتە تەورانەدا کە بۆ کریکاران دابین کراوە لەگەل بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پیشکەوتنخوازو حوکمی ئۆتونومیدا٠٠ هەروەها بریارە پیشکەوتنخوازە ئەتەوەیەکان زور دەستکەوتی تری شورشی ١٧ی تەمموز ٠٠ ئەو ئاڵوگورە پێشکەوتنخوازانەیەی شۆڕش سەرکردایەتی کردوە ٠٠ گرنگیی یەکی بەردەوامی میژوویی هەیە ، چونکە ئەو دەستکەوتانە ساکارنین و بەکات و چێگایەکی تایبەتی یەوە ئەلکاون ٠

هەندی کەس لەگەل هەمو چاکەیەکو ئیجابیەتیکدا باسی چاکسازی کردنی کشتوکاڵو خۆماڵی کردنی ئەوت و یاسای کارکردنو بەرەی نیشتمانیو ئەتەوەیی پیشکەوتنخوازو حوکمی ئۆتونومیو بەرزبونەوەی بڕی کوزەرانی جەماوەر زۆر بە شیوەیەکی ئاسانو ئەنگ ئەکات بەڵام پێویستەو بۆ ئەوەی شتەکان بایەخی خۆیان وەرگرن دەبێت زۆر بە گرنگیو بایەخداریو قوڵی باسی بکرێت ٠٠ وە ئابێت ئەو کارانە بە جورێکی ئەوتو وەک شتێکی سەردەمی باس کەین ٠

جارێکی تر سەبارەت جێبەجێ کردن :

هەمو جۆرەکانی جێبەجێکردن لە بنەرەتا پەیوەندی بە بیروراو ئەو ئەخشە شۆڕشگیرانەوە هەیە کە لەوویش رەنگی بو رێزراوە٠٠ واتە بەو جێبەجێکردنە چەند لایەنێکی نوی بۆ ئەو ئەخشانە پێک ئەهێنرێت ٠٠ ئەوەندەی ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەو روانگە ئاسانکەرەوە هەیە کە بێ دەروانە کارەکان کە هەنگاوە شۆڕشگیرەکان لە گرنگیەکی مێژوویی بەتال ئەکاتەوەو نرخێکی ئیستراتیژیان ناهێڵێت لەبەر ئەوە چەند جۆرە جێبەجێ کردنێکی دەستنیشان ئەکەین!

● جۆرەجێ کردنێکی رویشتی ٠

● دەست ئەوتن بە حەرفەیەتی وەزیفەوە ٠

● حەزبە چاکردنەوەی بروباوەر لە جێبەجێ کردنا ٠

● سەرلێشیوان لە نیوان جێبەجێ کردنو راهاتندا ٠

● جێبەجێ کردنێکی تەسکو خودویستی (نفعی) کە بایەخی لە قازانجێکی وەختیەوە دەرئەکەوێت ، لەگەل هاتونو رویشتون ، بەڵکو ئەبێ وای تێبنوارین کە ئەوانە دەستکەوتێکی میژوین و بەردەوام کار دەکەنە سەر زەورەوی جەماوەرمانو بە درێژی ژیانی گەلمان لە گەلماندا ئەژین ٠٠ ئەویش پێویستی بەم کارانە هەیە ٠٠

یەکەم ٠٠ هوشیاریەکی ئایدولوژیو سیاسی لە وەزیفەکانماندا (واتە لە ناوەرۆکی سێ شتەکە یەکەین کە لەمەوبەر باسمان لیژە-

هاوری صدام حسین کە پرۆژەی خەتی سترایجی کردەوە

کردون) ٠ ئەو وریاییو هوشیاریەش بەزاراوەی (قایمی بیروباوەر) هەروەک هاوری صدام حسین ئەوی بەو قسەیە دووپاتە کردۆتەوە « پێویستە قایمی بیرو باوەرو سیاسیمان لەناوخۆدا زیاتر کەین ٠ » « وە لە قایمکاری بیروباوەردا پێویستمان بە تەقەلایەکی زیاتر هەیە ٠٠ »

قایمی بیروباوەرو هەر دەستکەوتێکی شۆڕشگیرانمان دووەم .. هەستێکی قوڵی فراوان ئەکەنە سەر دەستکەوتە شۆڕشگێریەکانی ، هەندێک کردار لە هێلی شۆڕشگیرانە دورئەخاتەوە ٠

وە بو ئەوەی سیفاتە چاکەکانی شورش بەکار بهێنینو جێبەجێ کردنە شۆڕشگیرانەکان بخەتر بکەینەوە ئەبی هەمیشە کارە بایەخدارو گرنگەکانی شۆڕش دووپاتە بکەینەوەو ، نەک وا لەو دەستکەوتانە بکەین کە دەستکەوتین لە شوینە تایبەتیکانی خۆیدا ئەنین ٠ ئەویش وا لەو کردەوە شۆڕشگیریانە ئەکات کە هەمیشە هەربەردەوام بێتو رودانوەکانی دەرەوە کاریان تێنەکات نەرمو نیانی بو سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان زۆر پیویستە لەبەر ئەوە ناتوانین ئەو سیاسەتە لەناوخۆدا رەچاوبکەین ٠٠ کۆرانەکانی پێشو ئەو ناکۆکیەی نیوان گەلو دوژمنانی گەلی بەلایەکدا خستو بە چاکەی گەل براندیەوە هەروەک هاوری صدام حسین ئەڵێت: « پێویستە وا نەزانین کە نەرمونیانی سیاسەتی دەروەمان بە گویرەی ئەوە ئەبێت لە سیاسەتی ناوخۆدا هەروا بەو شێوەیە کراوەبین ٠٠ » « ئیمە بیروباوەڕی سیاسیمان لەناوخودا قایم ئەکەینو چونکە بە نەرمونیانی لەگەل دەرەوەدا ئەژین بۆ ئەوەی ماوەی زمانو مێشکو نەخشەکیشان نەتاتە ناو بناغە بتەوەکانی کۆمەلەکەمانەوە ٠٠ »

سەروکی فەرماندەو هاوری صدام لەسەردانی پرۆژەیەکی ناوەدانی‌دا

میژووی بەدەستکەوتەکانی شۆڕشبکەین ئەمیش پێویستی بە ئامادەکردنی دوخێکی دەرونی ئەوتۆ هەیە کە دەورەی ئەو دەستکەوتانەو جێبەجێ کردنیان ئەدات ٠

واتە ئەگەر ئەم نەرمونیانیە شۆڕشگیرانەیەی شۆڕش لەم کاتەدا هێناویەتە کایەوە نیشانەی هەنگاونانە بەرەو پێشەوەو نابێ بە نیشانەی گەرانەوەی دانێین بەرەو دواوە بە کورتی قسە ئەوەیە کە ئەو ئاڵوگورانەو ئەو دەستکەوتانەی شۆڕش بۆ جەماوەری هێناوەتە کایەوە پێویستی بە باوەڕ قایمی هەیە بۆ ئەوەی لە گەلیدا گوزەران بکەین ٠ وە ئەوەشی پێویستی بە ئارازویەکی ئەوتۆیە کەلەوگوزەرانەی پێبیوانە بکەین بە مەرجێک ئەو پێوانەیە کار نەکاتە سەر ئاڵو گۆرانە شۆڕشگیرانەکان چ لە مەیانی وڵاتداو چ لە مەیانی نەتەوەییدا ٠٠

شۆڕشەکانی تەمموزو مەسەلەی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی برایەتی کوردو عەرەب

- غەفور میرزا کەریم -

یاساو رێزیمی داگیرکەرانەی ئیمپریالیزم گۆرانو تاووتوێیەکی بنەڕەتیانی خستە سەر شانۆی وڵاتانەوەو بو بە هۆیەکی کاریگەری دەستپێکردنی باری سیستەمە کۆمەڵایەتیەکانو شێواندنی وێنەو ڕوخساری دۆخی ناوخۆو دەرەوەی زوربەی وڵاتانی جیهان ٠٠ لە ئەنجامی ئەم جموجوڵو کنەکردندا گەلێ روداوو قەوماوی نوی بە بالای کۆمەڵگای عیراقدا برا ٠٠ ئەم نیشتمانەی کرد بە دو بەرەو ، دوو سەنگەری دژ بە یەکتری تیا هێنایە کایەوە ٠٠ دەرەبەگو ئەلقە لە ئوبێکانی چونە پەل بەرەی ئیمپریالیزمو تەقەیان لە گەل ئەکرد ، قازانجو سوودی تایبەتی خۆیان تێکەل بە بەژەوەندیەکانی دەسکا ئیمپریالیزمیەکان ئەکرد ٠٠ بەهۆی گرێدانی شیرازەی بەیوەندیەکانیانەوە لەگەل بەرەی ئیمپریالیزمدا دژی بەرەی گەل بە تەواوی وەستان ، گەل بە هەمو توێژو چینە نیشتمانیەکانو نەتەوە کەمایەتیەکانەوە کەوتنە بەرەیەکی ترو دژی هەمو جۆرە هاریکاریو پەیمانێکی میلیتاریستانەی نێوان هێزەکانی ئیمپریالیزمو دەرەبەگو کۆنەپەرستانی ناوخۆو دەرەوە وەستان ٠٠ بۆیە لەم چەرخەدا چەرخی ئیمچە ئیمپریالیزمو نیمچە دەرەبەگیا ویستو خواستی مێژوو تێکۆشانێکی بێ وچانی لە بنەهاتوی هێنایە کایەوە لەنێوان جەماوەری گەلدا ، لە لایەك بەرامبەر یاسای ئیمپریالیزمو دەرەبەگ لە لایەکی ترەوە ٠٠ ناکۆکیو دوبەرە کایەتیو زۆرانبازی ئیمپریالیزمو هاوکارەکانی درێژەی خایاند تاکو بەریابونی شۆڕشەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و١٧ی تەموزی ١٩٦٨ کە دەورو دوکانی سەر بە بەرەی ئیمپریالیزم لە وڵاتدا پێچرایەوەو باری مێژوویی وڵات گۆڕدراو وڵات لە قۆناخو پلەیەکی پاشکەوتوانەوە کەوتە دۆخو بارێکی تازەتر ٠٠

ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی بۆ قایم کردنی کۆتو زنجیری خۆیان لە دەستوپێو کەردنی گەلداو درێژەدان بە فەرمانڕەوایی رەشیانو کپکردنو خەفەکردنی بزوتنەوەی هەڵچوی ئاگراوی نەسرەوتی جەماوەر ٠٠ ناچار بون پەنایان بردەوە بەر هەمان ، رێبازی سیاسەتی دوبەرەکایەتی نانەوەو یەکگرتن بەگژ یەکدا « فرق تسد » و گێرە شێوێنیو دوژمنایەتی نانەوە ، ئاواو بەم جۆرە کەوتنە بەکارهێنانی ئەم چەکە ژەنگاویە لەکار کەوتوە ، بەتایبەتی لەنێوان کوردو عەرەبا ٠٠ چونکە یەکێتیو دۆستایەتی ئەم دو گەلە بەردی بنچینەی یەکێتی نیشتمانیو وڵات دانەمەزرێنی ، هەر وەکو کۆنەکەو پشتی گەلە بۆ ڕزگاربونو سەربەستی لە چنگ ئیمپریالیزمو دەرەبەگو کۆنەپەرستان ٠

بەدرێژایی ئەم چەرخە ناهەمواراە ئیمپریالیزمو نۆکەرانی کتەیان ئەکرد ، بەڵامو نەخشەو چاوورایان ئەنایەوە ، بۆ ئەوەی رێگای راستی برایەتی نێوان گەلی عیراق بشارنەوەو تەمومژ بخەنە سەر ناسنۆی رونا کی یاشەرۆژیو کەندو کۆسپ بخەنە سەر رێگای چارەنوسی گەلی عیراق بۆ ئەوەی چەواشە بنو سەریان لێ بشێوێو بە هەڵدێری هەزار بەهەزارا بیانبەنو لەدژی یەکتری هانیان بدەن تاکو دوژمنی راستەقینەی خۆیان نەناسن ٠

کۆمەڵە نیشتمانیەکانو رۆڵە بەجەرتە تێکۆشەرەکانی ئەم گەلە بونە چاوساغێکی باشو پێشەنگێکی چستو چالاکو رابەرێکی بێ وێنە بۆ نیشاندانی رێگای راست ، بۆ دیاری کردنی دوژمنو ئاسیمنی دۆستو براو دروشمی برایەتی کوردو عەرەبیان بەرزکردەوەو سیاسەتی درۆ بە ئیمپریالیزمو دامودەزگای خوێنمژیان گرتە بەرو دەرگای رزگاریو ئازادیان خستە سەر گازی پشتو جەماوەری کوردو عەرەبیان لە خەوی چەند ساڵەو نوستنی دیلێتیو هەژاریو چەرمەسەری راست کردەوە ، رایان پێچان بۆ کرێی تێکۆشانی ئەسرەوت بۆ دامەزراندنی رژێمێکی پێشکەوتنخوازی سەر بە گەل کە ئازادی بۆ گەلو زەویوزار بۆ جوتیاران و ژیانێکی مرۆڤانە بۆ کریکاران دابین بکاتو بەشەکانی تری گەل بکەونە خۆشیەوەو ئاواتو ئەمانجی بیرۆزی هەمو گەل بهێنێتە دی ٠٠

چل ساڵی رەبەق رۆڵە تێکۆشەرەکانی کوردو عەرەب بێ مەو تۆبی وە بێ چاوبۆشین لە ئەنەوەو ئاینو بیروباوەڕ لەژێر دروشمی برایەتی کوردو عەرەبدا بازوی تێکۆشانیان هەڵکردبو ، قولنگی خۆبەختکردنیان ڕەنەوەشان پێکەوە لە شەقامەکانی بەسرەو سلیمانیو بەغداو ئەجەفو کەرکوك خۆیان بەخت ئەکرد ، ئاوەکە وا رێژرابو ، بە گوناهێکی گەورە ئەژمێردرا ، ئەگەر دەستەیەك بێ چەند کەسێك لەم رێبازە لای بدایە یان تەپو دوکەڵێکی دروست بکردایە ، لەم رێڕەوی کاروانی خەباتەدا ٠٠ بەم چەشنە رێڕەوی شۆڕشگێرانی گەل ، بزوتنەوەی نیشتمانی رێگای سەختی قوربانیدانی گرتبوە بەر لەژێر ئالای بەرزی برایەتی کوردو عەرەبدا ٠٠ چەکوشی تێکۆشانی دانەمێنایەوە بۆ دامودەزگای ئیمپریالیزمو تاوەکو بە ئاواتی سیاسی خۆی بگات دەست بکاتە مل هیوای چەند ساڵەیو پاشەرۆژی بەختیاری دیاری بکات ٠

بەم جۆرە رۆژهاتو رۆژگار کردی ٠٠ خوینی ئازادیخوازان دیجلەو فوراتی سورکرد ، مەگەر باران و بەفر شاخەکانی لە خوێن بشۆرایەنەوە ٠ خۆنیشاندانو مانگرتن ، رێگای شۆڕشگێرانە تەختوبەختی زۆرداری وەکو داری شکستە کەوتە لەرزین ، تاکو لەدوایی‌دا زەمینەیەکی وا دروست بو ، بارێکی وا هەلکەوت تا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و شۆڕشی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ لەدایك بو ، ئەو ئەمامی بەری تێکۆشانی چەند ساڵی برایەتی کوردو عەرەب هاتە بەردانو گەل بە ئاواتو ئامانجی بیرۆزی گەیشت ٠

شۆڕشی ١٤ی تەموز هەر لە سەرەتاوە برایەتی کوردو عەرەبی لە یەکێتی یەکی نیشتمانی‌دا خستە قالبێکی بێ هاوتاوەو لە چوارچێوەیەکی قایم‌دا دای‌رشت ، گوڕو گۆژمێکی تری بەم برا یەتیە دا کە لە دواڕۆژدا ببێتە ئەمونەیەکی بێ وێنە بۆ نیشتمانیو وڵات ٠٠ بەڵام بەداخەوە ئیمپریالیزم دەرفەتی هێنا لە تێکدانی ئەم برایەتیە جارێکی‌تر ٠٠ هەڵمەتی هێنا و وڵاتی خستە دەریای ئاژاوەو ناخۆشیو دوبەرەکایەتیو خوێن ڕشتنەوە ، کە گێرەو کێشەیەکی وای دروست‌کرد کە بە زیانێکی زار گەورە لەسەر وڵات تەواو بو ٠

گێرەو کێشەی وڵات لەو کاتەداو نەبونی یەکێتی نیشتمانیو نەبونی سەربەخۆیی وڵات ٠٠ گیروگرفتی بێ‌شومار ، ئەو دەردو ناخۆشیانەی کە وڵاتی داگرتبو ، ئەمانە بون بە هەوێن بۆ ئەوەی جارێکی‌تر رۆڵەکانی گەل شۆڕش بەرپاکەنو وڵات ڕزگار بکەنەوە ٠

بۆیەکا شۆڕشی ١٧ی تەموز لەسەر خواستو ویستی گەل هاتە سەر شانۆی وڵات کە بو بەهۆی ئەوەی شیرازەی برایەتی هەردو گەل سەر لەنوێ دارێژتەوەو پاش چەند سەرکەوتنێکی یەك لەدوای یەك ، میللی کردنی نەوت ، چەندان دسکەوتی گەورەتر ، پەیوەندی کوردی خستە قالبێکی ئەوتۆوە کە ببێتە بەردی بنچینەی برایەتیەکی هەتاهەتایی ئۆتۆنۆمیشی بۆ گەلی کوردمان بەدی‌هێنا لە چوارچێوەی یەکێتی خاکو ، گەلو ، مێژوو ، چارەنوسی عیراقی مەزنمان دا ٠

تاوەکو بەیوەندی هەردو گەل دامەزرێنی لە قەوارەیەکی خەباتی هەمیشەیی‌دا ٠٠ تا لەم سەرکەوتنەوە بچن بەرەو سەرکەوتنێکی تر ٠٠ بەکویرایی چاوی ئیمپریالیزمو دوشمن بە هەمو هێزیانەوە پال بە ڕەوڕەوی مێژوەوە بنێن بۆ ئەوەی عیراقێکی نوێی یەکگرتو بێتنە کایەوەو ئاواتو ئامانجی پیرۆزی گەل بێتە دی ٠

Institut Kurde de Paris

ڕەخنە ، کـــورە ، ڕەخنە .. !

– صلاح شوان –

● لەدەبی بێ ڕەخنـــەی ئەدەبی ، وەکو مەلی بێبـــال وایە ..

● بەڵام ، خۆ هەرچـــی جۆنێك بێت مەلی بێ بال لـــە مەلی بال ناکرێن باشـــتر ..چونکە ئەمیان خەرمـــانی دڵســـۆزی ئاو خۆشـــەویستیش لەگەل زبلخانەکان‌دا ئەسووتێنێت‌و کەویان ئەگەر جاکـــــە نەکات خرابەش ناکات‌و ...

● ڕاستە هێشـــتا لـــەئەدەبی کوردی‌دا ڕەخنـــە نەگەیشتۆتە سێیەکی یلـــەی‌یەرهەمە چاکەکان .. بەڵام ، خۆ جێگای هیواو ئومێدیشـــەکۆمەڵە لاوێك چاکی هـــەوڵ‌و کۆششـــیان لەو ڕێگایـــەدا ئەکردووە بەداراو ڕێگا پـــاك نەکەنەوە .

● بەڵام هەر لە کـــۆڕی ئەم ڕێگا پاك‌کەرەوانەش‌دا ، هەندێك هەن چەمبونەتەودو ، سەیری هیچ لایەکی تر ناکەن. بۆیە دارو بەردی بەردەمەکەی خۆیان لا ئەدەنە لاوەو – بەبێ ئەوەی بێی بزانن ! – فرێـــی ئەدەنە بەردەمی ئەوانی‌تر !

● لە هەموو شوێنێك‌دا ڕەخنەی زۆر نەرم‌و ڕەخنەی سەرزووبیانەو ڕەخنـــــەی‌توندوتیژ هەبووەو ، هەیە .. بـــەڵام کەوتمان « ڕەخنـــە »لە جۆرە تانەو توانجێـــــکی تایبەتییەوە دوورەو مەبەستی‌بەرهەمو نووسەرەکـــەیە لە بەرهەمەکەی‌دا – نەك لە مالی‌خۆشـــی‌دا –و ، دەرخســـتنی جاکی‌و خرابییەکەی .

● جەن کەس لەوانـــــەی‌خەریکی ڕەخنـــە نووسینن ، هەوڵـــــان داوە بەوردی‌قوتابخانەورێبازە ڕەخنەییەکان تێبگەن‌و بەردەوام بـــە دوای زیادکردنی ئاسۆی ڕۆشنبیری‌و پاکردنەوەی زەوقـــــــی‌جوانپەرستیی خوێـــــان‌دا بگەڕێن .

● باوکم ! خۆ ڕەخنـــەبەخەگرتن‌و ، تەوس‌و لاقرتی‌و شەڕە جنێوو ، شەڕە تێـــلانییە !.. تاکەی خۆمان بـــەم حاڵەوە هەڵخەڵەتێنین ؟ خـــۆئێمە شینە شاهۆ نین ؟!

● ئازانم نـــــەو توانایانەی بۆ شەڕە جنێوو ، تەنانەت بۆ شەڕە مشتیش بەکـــــارئەهێنرێن ، ئەگـــــەر بـــۆ بەرزکردنەوەی ئـــــەدەب‌و ڕۆشنبیریی خۆمان‌و نەتـــەوە کـــــەمان بەکـــار بهێنرێت‌باشترنییە ؟!

ئەگەر لە من نـــەپرسێت ، ئەڵێم : بەرێ وەڵلا ســـــەد جاریش .

ئەی تۆ ئەڵێی چی ؟!

وشەو کاروانی گەلاوێژ

مەحت بێخەو

١٧–٧–١٩٧٦
هەولێر

هەمو ساتی هەموو کاتی
وشەو دنیاو کاتی من
وەکو گژنگ وەکو هەتاو بەخشنەبن
لەگەل کاروانی گەولاوێژ
ئەبڕن ڕێگەی هەورازو لێژ
هەڵمەت ئەبەن
لە دەریاو هەوری ڕەش ئەدەن
حەشارگەی تار .. ڕە وانەکەن
بە وینەی بروسکی بەهار
نەسوتێنن ڕەگی کۆنی ڕزیوی بار
بۆ کونج‌و زنجی داماوان
ئەبن بەهۆ ..
ڕەنگ‌و بزە ئەبەخشن بۆ
کولم‌و لێوی زەردو بێ بۆ ..

✻⊙✻

وشەکانم ئاوازیکی ڕیکەی کارن
لە باخی ژین
کۆترو شانوورو هوزارن
بەسەر سروشتی ڕەنگینی وەرزەکانا ئەخولێنەوە
بۆ ئاوازو سۆزی (ئەموز)
دنیای (ئونە)ن ئاوبێنەوە
ئەچریکێنن
ماکی ژان‌و دەردی هەزار
لەبن دێنن
سازی ناسازی ناو چەنگەل
ئەخنکێنن ..

✻⊙✻

وشەکانی من نیشمانچین
بۆ ئامانجی بەرزو دووری مروف‌و ژین
لە ڕیگادا چەنگاوەرن
بازنەی ئاسۆیەکان ئەبڕن
دلداری گوڵێرەی زێرن ..
بە دوای بزەی .. لێوو ڕازی
چاوی منالەکان وێڵن
ئەبن بشمرن
ئاسمانەکەیان جۆدێڵن ..

✻⊙✻

ووشەکانم چارەی ڕاستن بۆ شەوکوێری‌و
تانەی چاوان
چارەن بۆ دڵی نەخۆش‌و
دەنگ نووساوان
ڕیسن بۆ گوریسەکانی یەکبوونی ڕێز
ئاون بۆ خونچەو شکۆفەی
گوڵی پاییز ..

✻⊙✻

بۆیە هەردەم بەبێ ووچان
وەك ئەلاوێژی بەربەیان
وشەکانم لە ورشەدان
ئەکشێن بۆ ناو کێڵگەکان‌و کارێزی وولات
ئەکشێن بۆ ناو ڕیزەکانی ڕێگەی ئاوات
تاکو ماون ڕاستپەرستن
ئەڕۆن تا ئەنجام ناوەستن
لە ڕێی حەیات‌و ژیانا
ژان بەسەر خەوو نوستن ..

ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی

لە ئێوان "ڕۆشنبیری"یەوە

– حسین عارف –

ئەمێنی‌یـــەکانی ژیان لـــەودیو شتەکانەوەنین ، بەڵکوو ئەناویاندان .. لە قووڵایی‌یاندان . هەروەکوو دۆزینەوەو ناشکرا کردنیشیان لە عەیبەوەو بـــە وەحی نادرێت، بەڵکوو ئەنجامی‌سەرنج‌لێدان‌و وردکردنەوەی بزووتن‌و بە یەکادانی ئەو شتانە لەگەل یەکتردا بـــەدی دەهێنرێن . ئـــەم وتەیـــە شتێکی تازە نی‌یـــەو زۆر وتراوەتەوەو بکـــرە ئـــەڵێ بـــە دوورو درێژی باسی لێوەکراوە . بەڵام من تەنها یێ ئەوەم دووپات کردەوە کە دەرئای باسەکەمی یێ‌بخەمە سەرپشت‌و بڵێم : لـــە کۆڕی هونەرو ئـــەدەبیشدا ، وەك هـــەموو چست‌و چالاکی‌یەکانی تری ژیان ، کلیلی تەلیسمی داهێنـــان‌و خولقاندن تیایدا هەر لێرەدایە .

لە ژمارەی پێشووی « ڕۆشنبیری »دا نووسیبووم کە بەهرەو ڕاهاتن‌و ڕادەی ڕۆشنبیری ، سێ مەرجەی سەرکەوتنن لە کۆڕی هونەری جیرۆك نووسیندا ، کە پێم وایە لە کۆڕی شیعرو شانۆکەری‌و گۆرانی‌و مۆسیقاو ڕەسم‌و پەیکەرتاشی‌و هەموو هونەرە جوانەکانی تریشدا هەروەهایە . ئەوەبوو سەبارەت بەهەر یەکـــە لـــەو مەرجانەش ، زۆر بە کورتی مەبەستم دابوو بە دەستەوەو تەنها دەمویست بڵێم کە دەتوانرێ بەرەجاوکردنی ئـــەو مەرجانەی ئەدیب‌و هونەرمەندی لێهـــاتوو بناسرێت‌و پەنجـــەی بۆ درێژبکرێت . بـــەڵام ئەمجارە دەمـــەوێ سەرنجمان بۆ بارێکی تری باسەکە ڕابکێشم .. باری ڕادەی لێ هاتوویی ئەو ئەدیب‌و هونەرمەندە لێهاتوانەو ئەو جیاوازی‌یەی لەم ڕووەوە دەکەوێتە نێوانیانەوە .

بەردەوام لـــە بەراوووردکردندا دەووترێ : فلانـــە ئەدیب یا هونەرمەند لە فیسارە ئـــەدیب یا هونەرمەند لێهاتووترە . وانە لـــە داهێنان‌و خولقاندندا دەستی بالاترە .. بە توانات‌رەو زیاتر بەسەر کارەکەدا زاڵە . داخۆ ئەمە لە چی‌یەوە هاتبێ ، لە کاتێکدا کە هەردوولا خاوەنی سێ مەرجەی سەرکەوتنن ؟! .

ئاشـــکرایە ئادەمیـــزاد ، جگـــە لـــە غەریزە زگ‌ماکی‌یەکان ، هیچ زانستی‌یەك سەبارەت بە ژیان لە سکی دایکی‌یەوە لەگەل خۆیدا ناهێنێ. بەڵکو لەوساتەوە کە لە بەری دایکی دەکەویتەوە ، ئیتـــر ڕۆژانە تۆزقاڵ ئەو زانستی‌یە وەردەگرێ‌و تا بێت لە دووتوێی بیرو هۆشیدا کەڵەکەی دەکاو ، وردە وردە بەری ئاسۆی تێکەیشتن‌و فام‌کردنەوەی فراوان دەبێ . تا ئینجا ڕوو لە سەرنج‌لێدان‌و وردبوونەوەی تایبـــەتی خۆی دەکـــا سەبارەت ژیان‌و نهێنی‌یەکانی .

ئەم کرداری سەرنج‌لێدان‌و وردبوونەوە تایبەتی‌یە ، لای ئەدیب‌و هونەرمەند یەکسەر دەنووسێ بە مەسەلەی داهێنـــان‌و خولقاندنەوەو وەك میلی قەبانێك قورسایی بەرهەمەکانیان لەم کۆڕەدا دەخوێنێتەوە ! .

وتم نهێنی‌یەکان لە قووڵاییدان‌و ئاشکرا کردنیشیان لە سەرنج لێدانی وردی بزووتنی شتەکاندایە . سا کام ئەدیب‌و هونەرمەند بتوانێ زیاتر لە نزیکەوە .. لـــە بن‌دەستەوە ، بە بنج‌و بێخی شتەکان‌و جۆری بەیوەندی‌و بە یەکادانیاندا بچێتە خوارەوە ، ئاسانتر دەتوانێ بچێ بەودیو سنووری مەملەکـــەتی نهێنی‌یەکانداو دووترو بۆ ناو کون‌و کەلەبەرەکانی هەنگـــاو دەنرێ‌و باشتریش شارەزایان دەبێ‌و ئاشنایەتی‌یان لەگەلدا پەیدا دەکا . جا دیارە ئەم دەستە ئەدیب‌و هونەرمەندە ، دە ـــەنە بۆبەی لێهاتوویی خۆیان .. ئـــەڵێم بۆبەی لێهاتوویی خۆیان ، چونکـــە گەیشتن بـــە بۆبەی لێهاتن بـــە شێوەیەکی (مطلق) بـــە مانای ئامین‌و ئاشکراکردنی سەرابای نهێنی‌یەکانی ژیان . کارێکە لـــە وزەی هیچ کەسێکدانی‌یە ، چەندە ئـــەو کەسە بلیمەتێکی هـــەرە مەزنیش‌بێ .

بە دوای ئەم دەستەیەدا ، ئیتر بەرود وا هـــەن توانای دەسەڵاتیان (لێهاتوویی‌یان) نزیکتر بڕدەکا .. سەرنج‌و وردبوونەوەیان ئەرت‌تر دەروا . کەمتر زەفەر بە نهێنی‌یەکان دەبەن‌و لـــە ئەنجامدا توانای داهێنان‌و خولقاندنیان لاوازتر دەبێ ، کـــە لێرەوە ئیتر دەووترێ فلانە ئەدیب‌و هونەرمەند لە فیسارێن لێهاتووترە .

سەرئەنجام مەبەستم بوو بڵێم : ئەدیب‌و هونەری ڕەسەن‌و کارێکەری بە بەهـــا ، لە قووڵی‌یە ئەك لـــە (ئەنگ)ی !.. بەبنج‌و بێخە ئەك یە ئی‌و بزب ! ... ئەڵیسم شکێنە ئەك ئەڵیسم سازدەر !

ئەدەب‌و هونەری ڕەسەن‌و کارێکەری بە بەها ، نهێنی‌یەکانی ژیان لـــە ئێوانی بزووتن‌و بە یەکـــادانی شتەکانەوە لەروو دەخات‌و چاوی ئەرێن پیاەلدێنێ‌و بیرو هۆشی لە ئاستیاندا دەکاتـــەوەو هەستی‌و ئەستی بەرامبەرین دەهەژێنێ وانە لە ژیانیدا بارێدەی دەدەن کە زیاتر چاو بکاتەوەو فراوانتر بیر بکاتەوەو بشتر تێبگاو وردتر سەرنج‌بلاو دووترو بڕوانێ‌و دواجار بڕو چڕترو گەشتر ڕۆژانی تەمەنی بەسەر بەرێ .

●●●

ئێستا من لەژێر ڕۆشنایی ئەم باری سەرنجدا ئەپرسم : داخۆ ئێمەی کورد چەند ئەدیب‌و هونەرمەندی لێهاتوومان هەبێ ؟!. تەنها پرسیارێکەو دەیکەم‌و خوا بکەم وڕامەکەی دڵخوشکەرێن .



بەڵێنە سەر . ئەگەر چـــەکی‌پێ‌بوایە بەلامـــاری دەدان . دیارە ئـــەو ئاوی ئەمی‌داوە . بەڵام ئـــەم خۆشی خەناباره . کارێکی وایکرد نامە نهێنـــــی‌یەکانیان بکەوێتە بەردەست . بەشیمانی دایگـــرت . دەنگی چـــەند گوللەیـــەك‌و قیژەو هـــاواریکی توندی کـــەوتە بەرگوێ . دەرکی کرد هەرایەك لـــە نزیکی‌یەوە ڕووی داوە . ئەمیش ئەوەتا خۆی حەشـــار داوە . خـــۆ حەشاردان خـــۆ ڕاستەنە . خۆ ڕاستمیش .. بەردەی لـــە سـ ـــەر لادرا . کـــەوابوو دەبێ ڕوو بـــەڕوو بوەستێتەوە و بوون یا نەبوون هەڵبژێرێ . لە ئێوانیاندا دەمی شمشێرێکی ڕەنگاوی‌یە . ڕەنگ‌مردنـــە . بـــەڵام مردن تەمی زەردەخەنە دەدا . زەردەخەنەش شایەنی ڕەت‌کردنەوەیە .

خـــۆی بـــە زۆر شەت‌رازی‌دەکرد . ئـــەمە بەشی زۆری بیروهۆشی داگیرکرد . هەستی کرد مردن لێ نزیك دەبێتەوە . هەر ساتەش تێدەبەڕێ ، زیاتر حەزی دەکرد بووبای خـــۆی بسەلمێنێ .. ئەو سەرسەختتر و کۆڵنـــەدەرتر بێ .

لایاندایە کۆڵانێکی تاریك . تیشکی لایتێکی دەســـــتی‌و تەبەتەبێکی قورسی قاچیان لـــە گەل خۆیاندا کێش دەکرد .

لە کەلەبەزی دیوارێکـــەوەبینینی . دیوارەکەی ڕۆنـــــە باوەش . دەرباری هەستی بەئولفـــەت کـــرد . چونکـــە تارمایی‌کـــەی دەشـــاردەوەو هەنـــســـەی دەپاراســـــت . قاووقیژی دراوسێکان هـــــەربەردەوام بوو . لە کاتێکدا ئەو خـــــۆی کرمۆڵەکـــــردەوە . هەستی‌کرد مووچـــــرکە بـــە لەشیدا دێ . دیارە تایە ..

وردە وردە ئـــەو شـــــەوەورشەداره هێمن بوەوە . ئەو لە شوێنی خۆیەوە هەستی کـــردنهێنی‌یەکە لە ناخیدا خـــــۆی دەنوێنێ . شادمانی دایگرت . کارێکی مەزنە کە بتوانین لـــە مەترسی ڕزگارمان بێ‌و لـــــەنێـــــوانی نهێنی‌یەکانمـــــان‌و سەرئێکدا کە هیواو ئاواتی پڕلە جوانی تیا ئەشمە دەسێنێ ، پرد درووست بکەین .

زۆر جۆرە خەیاڵات سـ ـــەری‌لێ هەلدا . خەوەکە لە ناخیدا دەبجڕاو تێکـــەڵ بـــە ڕووداودەبوو .

ئێستا ئەو جـــەبکێ کـــولی‌بۆن‌خۆشە و بەیاننامە نهێنی‌یەکان لە گەل خویدا دەئێرێ . لە کاتی بێ ئارامی‌و هێمنیدا . لـــەو کاتەشدا کـــە مێزووی نهێنی‌ی دوارۆژ لـــــە باوەش دەگرێ . خۆشم دەوێ . پێی‌دەووتم :

– دوا ڕۆژ پڕە لە نهێنی .. نهێنیش قووڵە ..

ئێلکەکانیشمان هەر لـــــەبڕەودا دەبن .

دایکی ئێســـــتا دەگـــری . کەوابوو ئەویش بەشێکە لـــە نهێنی‌یەکە . باشـــی دەزانێ . بیرنکی پڕ لە نهێنی‌یە . هەندی جارسامی لێدەنیشێ . بەڵام بەدڵسۆزی‌یەوە ئەو ئەرەکانـــــە بەجێ دێنێ کە پێی دەسپێرێ . دواییش زەردەخەنە دەیگرێ .

هێمنی باڵی کێشایەوە بـــەسەر ناوچەکەدا . ئەوســـــا هەنگاوی ناو چۆەوە ڕووڕەوە . حەبەسا .. بینی دایکی بـــە دڵسۆزی‌یەوە بەیاننامەکەی قەددەکاو دەیانێچێتەوە . دایکەش سـ ـــەری سـ ـــــوڕما . دوایی‌ڕووخساری گەشایەوە . وتی :

– وێنەتیان تیا نەخش‌کراوە

بڕوانـــە ل : ١١

چیرۆك



– حسب‌الله یحیی –
– گۆڕینی : ح.ع. –

ئەو دەنگەی لـــە دوورەوەدەهـــات ، وردەوردە نزیـــك‌دەبوەوە .. لە کاتێکا خامۆشی باڵی‌بـــەسەر ناوچـــەکەدا کێشابوو .

دەنگی هەناســـەدانی دایکی‌قورس‌و ماندوو دەکەیشـــتە بەرگـــوێی . ڕێی قـــارس‌دەبوو .

ویستی دەنگەکە بناســـێ‌و بزانێ لـــە کـــام لاوە دێت .. نەیتوانی .

پێخـــەفەکەی ڕاکێشـــاودای‌بەسەری خۆیدا . تەقەلای‌داخـــەونکی خۆشی لێ‌بکـــەوێ . هـــەڵسا تلۆپەکەی کوژاندەوەو کـــەڕایەوە بنوێ . ئارامی لێ پەرەوازە بوو . گەلێ شت لـــەمێشکیا ورووژا .

ڕەنگە ئرتیتیان . ڕەنگـــەبێن ئەمیش بگرن . ڕەنگـــــەبەرکـــە نەگرێ‌و بڕووخێ ..ڕەنگە ...

ترس و سام دایگـــرت . ئوقرەو ئارامی لەبەر بڕا . لەدڵی خۆیدا وتی :

مادام ئەم ڕیگەیەم بۆ خـــزم‌هەڵبژاردوە ، دەبێ بەرگـــەی‌سەختی‌و ستەمی‌یەکەی بگرم .

ئـــەو بەیاننامە نهێنی‌یانەی‌ئارایانە لـــە کـــەل خـــۆیدا هەڵیدەگرتن‌و ناوچە بە ناوچـــەدابەشی دەکردن بۆئی هێـــزی چەکداریان لێدێ و دری وەزع‌چاوی خەڵکی دەکەنەوە . سەرو سیمای هەردەم هێمنەو قەت وانانوێنێ شـــتێکی لـــە ژێر سەردابێ . جەریکیان ئومانیان‌لێکـــرد . کـــە پشکنی‌یان ، هیچیـــان لا ئەدۆزی‌یـــەوە . هەستیان کرد قسـ ـــە ناکـــا . داوایان کرد دەمی بکاتـــەوە . ناچـــار نامە نهێنی‌یەکەی قووت دا .

ئـــەو بەیاننامانەی ئێســـتابڕۆیان دەکاتە وە بڕن لـــــە مەترسین . سیاسەت پڕە لـــە مەترسی . داخـــۆ بۆچێ ژیانی خۆی دەخاتە مەترسی‌یەوە ؟! .

دەنگـــەکە نزیـــك بوەوە . دەرکەوت ئەبە ئەبی ئێـــەو قورس دەدا بەزەویدا . کەوابوو ئەوانن بۆی دێن .

ڕاچەنی‌یە سەر ئێ . بـــەبێ‌خشـــپە لـــە ژوورەکە چـــوە دەرەوە . دایکی هێشتا قورس‌وماندوو هەناســـەی دەدا . ئاسمان دوای لێزمە بارانێك ، بوو بوە سایەقەیەکی ســـامال‌و ئەستێرەکان دەدرەوشانـــەوە . بـــە ڕێی پەنی بە پیلکانەکاندا سەرکەوت . لـــە سووچێکی‌سەربانەکەدا خۆی گرمۆڵە کرد . هەواری دایکی هاتە بەرگوێ .. کوڕەکەم .. کـــوا .. بۆچی ئەیبەن ؟! .

دابڵۆستەکان زرمەیان لـــەخوێن‌و گۆشت‌و لیـــــقانی هەڵدەستان .. ئەوە دایکی بوو گەوت . ئـــــەوە کتێبەکانیتی لـــەدڕێنرێن . ئـــــەوەش کاغەزەکانیتی وا دۆزی‌یانەوە . کەوابوو هەموو شتێکیان لـــەبەردەمدا ئامادەیە .

دیمەنەکـــان ئەنگـــەتاویان‌دەکرد . ویستی هەڵمەتیـــان



Institut Kurde de Paris

لەچ پێودانگێک لە بەدەبی گەنجان بدوێین

مەسەلەی گەنجان لە گشت دنیادا بە مەسەلەیەکی بنەڕەتیی ئەوتۆ دانراوە ، کەهەموو زاناو سیاسیو کۆمەڵ ناسێك خۆی بێوە خەریك ئەکات . چونکە گەنجان هەمیشە بناغەی بنەڕەتیی هەموو بنیاتێکی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییە ، هەمیشەش ئەوان هێزی دەست وەشێنن لە گشت جەنگێکی تێکۆشاندا ، با سروشتی ئەم جەنگە هەرجییەك بێتو ، لە هەر کۆڕێك‌دا بێت .

کەوابوو ، گرنگی‌دان بەوەی ناوی ئەدەبی گەنجانی لێ‌ناوەنەك هەر تەنها ئەرکێکەو پێویستە نەوەکانی رابوردوو لە کۆرەکانی ئەدەبو هونەرداتەواو ئاگاداری بنو بەس ، بەڵکو مافێکی بێ ئەملاوئەولای ئەم نەوە گەنجانەیە ، کە پێویست بەزۆری زۆرداری‌لەو ئەدیبو رەخنەگرو زانایانەی بیچڕێنەوە کەجێگای خۆیان لەو رێگایەدا کردۆتەوەو ، بەرهەمە ئەدەبیو هونەریو فیکرییەکانیان بەدرێژایی ژیانیان پێ‌گەییوە .

بەڵام مەبەست لە .. ئەدەبی گەنجان .. لەگەڵ ئەوەش‌دا بێتە رستەیەکی باووئاشکرای ، هێشتا هەندێ خراپ لێ‌تێگەیشتنو ئاڵۆزیی‌تیا ماوە ! با بزانین بەوردی « ئەدەبی گەنجان » چی‌ئەکەیەنێت ؟ بە چ پێودا نگێکیش لەم ئەدەبی گەنجان‌بدوێین و بتوانین بڵێین ئەمە ئەدەبی گەنجانەو ، ئەوی‌تر ئەدەبی پیرانو بیاوکاملانە ، یان بەگشتی ئەدەبی گەنجانییە ؟ئایا بە پێودانگی ناوەرۆك یان‌شێوە ، یان بەپێودانگێکی تری‌جیا لە گشت ئەم پێودانگانە ، با بڵێین وەك پێودانگی تەمەن‌یان قۆناغی مێژوویی ؟!

جا با ئێزێك بەوردی‌ولەسەرخۆیی‌و چاوکراوەییەوەسەبری هەموو ئەو لایەنو گۆرانەی کە لەم ئەدە بەدا هەیە بکەین .

● **چەند پێودانگێکی‌دەرەوە بۆ جیاکردنەوە**

لەوەودا کە باسی‌مەبەستیان . یەکێك لەم‌لایانانەیە :

● **یەکێتیی بایۆلۆجی :**

مەبەست لەمەش ئەوەیە ئەم جوڵانەوانە هێزی خۆی لەکۆمەڵی قوتابیانەوە هەڵئەهێنجێت ، ئەگەر جیش تەنیاهەر قوتابیان ئەبێتو بەس ، ئەمەش وا ئەگەیەنێت کە هاودێری کەریان لێکۆڵەرەوەی‌ئەم جوڵانەوانە ئەتوانێت « یەکێتییەك » لەنێوان ئەم کەنجانەدا بدۆزێتەوە کە یەکێتی کاتە ، بۆ نموونە وەك‌ئەوەی بڵێت تەمەنیان لەنێوان هەژدە تا سی ساڵ دایە ، بەمەش وشەی « گەنجان »ئەوواتا بایۆلۆجییە دیاری کراوەی ئەبێت کە ئەشێ بکرێتە پێودانگێك یان کێشێك بۆ جیاجیاکردنەوەو بەش بەش کردن ! .

● **یەکێتی رۆشنبیری :**

مەبەست لەمەش ئەوەیە ئەم جوڵانەوانە لە ئەوەیە کەوەیە کە ناتوانێت لەگەڵ نەوەی مامۆستایانی‌دانشگاو دەزگا زانستییەجۆربە جۆرەکان‌دا بگونجێت ، جا لەرووی پرۆگرامەکانی‌خوێندنەوە بێت ، یان رێبازەکانی فێرکردن ، یان بەرنامەکانی فیکرەوە بێت ، چونکە گەنجان لە پرۆگرامو رێبازو بەرنامەی ئەوەندە نوێ ئەگەڕێن ، بتوانێ لەگەڵ قۆناغی بەرەسەندوو مێژوویان‌دا لەم سێ‌یەکی دواییەی ئەم سەدەیەدا بێ‌یەبێ بروات ، لێرەش‌دادیسانەوە چاودێری کەر یان لێکۆلەرەوە ئەتوانێت« یەکێتیەك » بدۆزێتەوە ، کە یەکێتیی رۆشنبیرییە ، ئەم گەنجانە بێکەوە ئەبەستێتەوە .

● **یەکێتی مێژوو :**

مەبەست لەمەش ئەوەیە زوربەی زۆری لاوان لەرۆژئاوا لە ژێرباری جۆرە کارتێ کردنێك‌دا ئەژین ، لەسەرووی هەموویانەوە شۆڕشی تەکنە لۆژیای ئەمڕۆیە کە جۆرەها ئەنجامی کۆمەڵایەتیو دەروونیو ئابووریی لێ‌ئەبێتەوەو جۆرەها گۆڕان بەسەر باری کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگایانەدا دێنێتو ، لە ریشەوە جۆری دەزگاکان ئەگۆڕێتو ، بابەتێکی تری بەیوەندی کۆمەڵایەتی دێنێتە کایەوە ، کە هیچ یەك لەم کارانە لە کۆمەڵگای سەرمایە داری رۆژئاواییدا بەدی نەهاتووەو ، تا ئیستاش ئەو کۆمەڵگایانە بە ناوەڕۆکی‌جەوسێنەرانەو ، شێوەی جۆراوجۆری جیوە ئاساوو هیچ بەدەستەوە نەدان ، کارئەکاتە سەر مێشکو دەروونی‌ئەو گەنجانە ، لێرەش‌دا جاودێری‌کەر یان لێکۆلەرەوە ئەتوانێت « یەکێتی مێژو »بکاتە پێودانگێك بۆ شی‌کردنەوەکانی خۆی .

● **یەکێتی رەفزکردن :**

مەبەست لەمەش ئەوەیە ئەگەرچی جوڵانەوەکانی لاوان‌هەموو سەر بەیەك فەلسەفەو یەك ئایدیۆلۆژیانین ، بەڵام ئەتوانێت تابلۆیەکی‌چەندەرەنگو چەند جۆری زوربەی فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیاهاوچەرخەکانی تیابەدی بکرێت‌ئەو شتەی کە ئەشتوانرێت لەسەری رێك بکەوین ئەوەیەکە ئەم جوڵانەوانە بەگشتی‌بە « یەکێتی روفزکردن »ی ئەو رێزیمانە بەیەکەوەبەسترانەتەوە ، یان بابڵێین« یەکێتی ئامانج » لە رووخاندنی ئەو رێژیمانەداکۆبێتەوە بەبێ ئەوەی گوێ‌بدرێتە جیاوازی لە جۆری ئەو رێژیمە تازانەدا کە لە جیاتی ئەوانی‌تر بەئاواتی ئەخوازن ، ئەگەرچیش رەنگە جیاوازییەکان ئێجگار زۆریش‌بێت ، ئەم یەکێتییەش‌دیسانەوە ئەشێ ببێتە پێودانگێك یان پێوانەیەك بۆ شی‌کردنەوەو جیاکردنەوە! جانایا ئەم جوار پێودانگە ، یان هیچ کامیان ئەشێ ببێتە پێودانگێك بۆ جوڵانەوەی‌ئەدیبانی گەنج ، یان هونەرمەندانیان ؟!

● **پێودانگێکی پر بەبەرنییە !**

باوەڕ ناکەم یەکێك لەو پێوەدانگ یان پێوانانەی پێشووبۆ بەکارهێنان لەشی‌کردنەوەو جیا جیاکردنەوەی ئەدەبو هونەری گەنجانی وڵاتەکەمان‌دابشێ ! بۆ چی ؟ چونکە بۆ نموونە پێودانگی بایۆلۆجی رەنگە بەکەلکی دەروون‌ناسێك یان کۆمەڵ ناسێك بێت لە لێکۆڵینەوەی دەروونی یان‌کۆمەڵایەتیی رووتدا ، بەڵام‌بۆ حوکم‌دان لەسەر بەرهەمی ئەدەبیو **هونەری** ئەوەندە بەکەلك نایەت .

زۆربەی هونەرمەند یان‌نووسەر گەنج بێت یان پیرچی لە مەسەلەکە ئەگۆڕێت ، ئەگەر کارە ئەدەبی یان‌هونەرییەکە چاك بێت یان‌بێ‌کەلك ، بۆ نموونە چەند **نووساری** بەساڵا چوو هەیە بەرهەمی بێ‌کەلکیان هەبووەو هەیە ، چەندیش گەنج هەیە بەرهەمی زۆر چاکیان نووسیوەو ئەنووسن .. بە بێچەوانەشەوە هەر وایە .

خۆ پێودانگی رۆشنبیریش هەر ئاشێ بەکاربهێنرێت ، چونکە ئەو کێشانەی ئەکەوێتە نێوان گەنجانو ئەوانەی گەنجایەتیان لەدەست داوە لەسەر بناغەی کێشەی جەمکە رۆشنبیریو پرۆگرامە فیکرییەکان دروست نابێتو ، هەمیشە ئەتوانرێت بەئاسانی ئەو پرۆگرامو جەمکە « کۆنانە » لەلای زۆر لە ئەدیبە گەنجەکان بدۆزرێتەوە ، هەروەهاش ئەتوانرێت ، پرۆگرامو جەمکی « نوێش » لەلای هەندێ لە ئەدیبە ناگەنجەکان بدۆزرێتەوە !

بۆیە گرنگترین پرسیار ئەوەیە دەربارەی چۆنێتی ئەم جەمکو پرۆگرامە نوێیانە قوت ئەبێتەوە ! کە ئەو رێبازو جەمکە نوێیانەی ناوەڕۆکو شێوە چین کە شاعیرانو چیرۆك نووسانورۆمان نووسانو نووسەرانی شانۆ خستویانەتە سەرنووسینەکانیان ؟ لەباشترین حاڵەتدا تەنیا لەلایەنی «کەمۆزۆرییەوە »یەو بەس ، کە هیچ رێبازو قوتابخانەیەکی‌نوێ لەم کۆڕانەی ئەدەبو هونەردا ناهێنێتە کایەوە .

● **چی رەفز ئەکەنو چیش وەرئەگرن ؟**

ئایا ئەشێ پێودانگی مێژوو بکەینە تەرازووی جیاجیاکردنی ئەم ئەدیبوهونەرمەندە گەنجانەو ، بەپێ ئەو قۆناغی مێژوویەی کەکە تیای لەدایك بوون وەکو نووسەرو هونەرمەند ؟ واتە‌ئەتوانین بڵێین ئەم نەوەیە ، نەوەی شۆڕشی نوێی عیراقە ، یان هەر شۆڕشێکی ترپێت ؟. رەنگە ئەم پێودانگە لەچوارچێوەی کاتدا نەبێت پێوانەیەکی راست نەبێت ، چونکە زۆر لەوئەدیبو هونەرمەندانەی ئەمڕۆ لەچوارچێوەی « گەنجان »دا نین بەرهەمە ئەدەبیو هونەرییەکانیان لەم قۆناغە مێژوویەدا خستۆتە بەرچاو .. زوربەی‌بەرهەمە ئەدەبیو هونەرییە نوێکانیش هی ئەم قۆناغەیە . شیعری نوێ . چیرۆکی نوێ . شانۆگەریی نوێ . بەڵکو تارۆمانی نوێش لەم قۆناغەدا ئەبێت پەرەی نەسەندووەو ونەگەشاوەتەوە .

کەوابوو لەیەك پێودانگ‌زیاتر بەدەستەوە نەماوە ، ئەویش یەکێتی رەفزکردنە ، یان یەکێتی ئامانجە لە پێناوی گۆڕیندا . بەڵام ئەم پێودانگەش‌لێرەدا نایێتە پێوانە ! بۆچی ؟ چونکە بەشێکی گەورەی‌بەرهەمی ئەدیبە گەنجەکان لە چوارچێوەی گیروگرفتی‌خۆیی‌دا ئەسووڕێتەوەو لە نێوان چواردیواری تاقەکەسی‌دا بیشی خواردۆتەوەو لە ئاسۆی فراوانی کۆمەڵدا هەناسە نادەنو ، سەرچاوەو کەرەسەی وا بەکار ناهێنن کە توانای گۆڕینی هەبێت .

ئەو « ئەدەب » سەی بەراستی رەفز ئەکات پێویستە وێنەیەکی ئەوەی لەلا هەبێت کە دەری ئەبڕێت ، ئەگەر نیوە ناتەواویش بێت ، ئەو هونەرەی مەبەستی گۆڕینە ئەبێ رایەکی هەبێت‌دەربارەی ئەو کارانەی ئەیەوێ بیگاتێ ، با کە موکوڕی‌وناتەواویشی هەبێت ! رەنگە زۆر گران نەبێ لە کۆڕی‌ئەدیبانو نووسەرانو هونەرمەندانی گەنجدا تێکەڵو پێکەلییەکی نارێك لە بیرو باوەڕو ، تێك هەڵشێوانێکی‌بێکەوە نەگونجاو لە رێبازو پرۆگرامو .. تا ئامانجیش دادەست نیشان بکەین !

● **تەنیا بناغەی راست کردنەوە**

بەدرێژایی مێژووی ئەدەبو هونەر ، تەنیا بەش کردنێکی راستەقینە ، بەش کردنە لەسەر قوتابخانەو رێبازو رێڕەوەکان‌دا ، نەك بەسەرتەمەنو کاتدا .

سا ئەگەر ئەم جۆرە دابەش‌کردنە راستە ، ئیتر پێویست ناکات مەسەلە بنەڕەتییەمانمان نوقم کەین‌و بیکەینە جۆگە جۆگەو شەڕۆلەکانی‌بەرەو بیابان بەرێ بکەین . مەسەلەی بنەڕەتیشمان ـ وەك‌من بیزانم ـ هونەری چاك‌و پێشکەوتووە ، بۆ بەرەنگاری‌هونەری دواکەوتوو بێ‌کەڵك **ئەم هونەرە چاك‌و پێشکەوتووەش پێویستی بە پشت گرتن‌و لەدەور کۆبوونەوە هەیە ، جا داهێنەرەکەی با** گەنج بێت یان پیر ! هونەری‌دواکەوتوری بێ‌کەلکیش پێویستە بەرەنگاری بکرێت‌وهەوڵی ژیرخستنی بدەین با داهێنەرەکەشی لە تەمەنی گوڵدا بێت !

***

ئەدەب لە چەرخی زانستدا

ئەوەی راستی بێ هەندێ‌جار ئەدەب سەرسام کەرە چۆن توانیوێتی ئەوە لە دوای‌ئەوەو بەم چەرخە دوورو درێژانەدا تێبەڕێت و بکاتە‌ئێمە ..؟! چۆن کەلەپوری عەرەب تا ئێستا کە مانەتەوەوسەرەرای ئەوەش میرووی زوربەی بەسەرهاتە کانیشیان‌بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئەگیرێتەوە ؟ سەیر لەوەدایە میرووی ئەو شیعرە قۆشمەو بۆچاووروانەشی گیراوەتەوەوروی لێ وەرئەگیراونو پشتی تێئەکردون . بە هەمان سەرسورمانەوە میرووو ئەوە لە دوای ئەوە ئەدەبێکی بەرزونزمی وڵاتانی رۆژئاوایی بۆ باراستوین و بە ئەوەی‌ئەمڕۆی‌گەیاندوە . بەڵام ئەم سەرسورمانە ئەبێتە واق‌ورمان کە ئەمڕۆکە ئەبینین ئەدەب چەندە جێگای رێزوبایەخو ستایشەو چەند لەم دنیایەدا بەسەر بەرزیەکی‌ترستاکەوە بەرەی سەندوە لە دنیایەکی وەك ئەمڕۆدا کەمڕۆف بێ‌ی ناوە بە خۆلی مانگداو بەل بۆ مەریخ‌وزوهرە درێژ ئەکات . جی لەم چەرخی زانستەدا ئاوا ئەدەبی‌باراستەوەو ئاوا بە گەشە کردویو بژشناخیو فراوانی ماوەتەوە ، سەیر لەوەدایە ، زور لە زاناو پژروومامۆستاکان بۆچ ئەبانەوێت شیعرو چیروکو بابەتەئەدەبێکان بنوسنو هەوڵ‌ئەدەن بە هەرجی شێوەیەکە بێت‌بچنە ناو سنوری دنیای ئەدەبەوە ، لەگەڵ ئەوەدانەوانە زاناو شارەزانو پێویستیان بەناونیشانو ناوبانگی زیاتر نییە ؟

رەنگە بەکێك بڵێ سەیر لەوەدا چی‌یە ؟ لەم چەرخی زانیاریەدا مرۆڤ بایەخی‌ئەوەندە بە مۆسیقاو گۆرانی نەداوە ، ئەو دوو شتەش‌زۆر لە یەکتر جیاوازن ، کۆا ئەو ماندو حەسانەوەو پشوودانەی مرۆڤ لە مۆسیقایەکی وەرئەگرێت وەك‌لەوەی لە خوێندنەوەی ئەدەب دەستی ئەکەوێت ؟ ئەدەبێکە‌که بەراستی ئەدەب بێت ! چی باڵ بە خوێنەرەوە ئەنێت کەرۆمانێك یا کۆمەلە چیروکێکی کورت یا شانۆگەریەکی‌بخوێنێتەوە ؟ ئایا لەبەر ئەوەی ئەدەب ئاوێنەی مرۆڤەو خۆلایەسەندی مرۆڤیش وای لێدەکات کە بە دوای خوبدابگەڕێتو حەز بە بینینی خۆی بکات ؟ یا ئەیەوێت بەناودەروونی خەلکی تردا بگەڕێتو تا لە دەرونی ئەوان شارەزابێت ، یا لە کاتی خوێندنەوەدا قولایی دەرونی‌خۆی ئەبینێتو وا تێ‌ئەگات کە ئەماشای ناو دەرونی‌یەکێکی‌تر ئەکات .

جا پێویست بەمە چی‌یەوئەم خۆماندو کردنە لە پای چی .. ؟

زانستیش ئەم لایەنەی‌ئەدەبی فەرامۆش نەکردوەو بۆ ئەو مەسەلەیە زانیاری‌دەرونی (علم النفس) هیناوەتە کایەوە .. جا بۆکەسێك کە عەودالی شارەزابونە لە ناخی خوبدا یا بروات‌زانیاری دەرون شناسی بخوێنێتەوە .. لەوانەیەیەکێکیش بڵێت ئەو دوو بابەتە زۆر لە یەکتر جیاوازنو جیاوازی لە نیوانیاندا ئێجگار زۆرە . خوێندنەوەی زانیاری‌یەکی رەقو بێ‌گیانی دەرون شوناسی لەکوی‌و خوێندنەوەی‌رۆمانێك یا شانۆگەریەك یا دیوانی هەڵبەستێك‌لە کوێ ، کە وردە وردە بە ناو دەمارو شێتالەکانی لەشدابەل ئەکوتێتو وەك ئاوێنە یەکی بێ‌گەرد هەمو سوچ‌وبەناو قوژبێنێکی ناخی مرۆڤ

بڕوانە ل : ١١

چیروکی کورت

لە بەری کردن‌دا

ـ هوشیار سیوەیلی ـ

بۆ دوایەمین جار دەستی‌هەڵبڕی‌و هەموو سڵاوو خوا حافیزیەکی کرد کردەوە بەودەست هەڵبڕینەدا ناردی بۆ براکەی کە تا ئەو کاتە ئەویش‌لەسەر تانکەکە دەستی هەڵبڕیبوو ، لەگەڵ دەست‌هەڵبڕینەکەدا موجرکێکی بیاهاتو هەموو خۆزگەکانی فڕین‌و خۆیان هاویشتە گیرفانی براکەیەوە .

هەتا تانکەکە دیار مابوو ئەم ووتەیەی لە شێوەی دەم دەم جوڵاندنێکی بێ‌دەنگدا ئاراستەی براکەی دەکرد : ـ

ـ خوات لەگەڵ کاکەگیان .

لەگەڵ هەموو جارێکی‌وتنەوەی ئەم وتانەدا رستەیەکی خۆشی بۆ براکەی‌و گەڕانەوە بەسەرکەوتنێکی پیرۆزەوە بۆ سوپاکەی‌دەنارد .

ئاگای لە هەراو هوریاو دەنگە دەنگی دەوروبەری خۆی نەمابوو ، تەنانەت کەچرکە لە دوای چرکەی کاتژمێرەکەی دەستی ئەژماردلەگەڵ دەنگی رۆیشتنی هەموو چرکەیەکدا هەندێك لەکڵپەی‌دەروونی دائەمرکایەوەو ئەبووە خۆڵەمێش .

وردە وردە رێگای ماڵەوەی‌گرتە بەرو لە رێگای ماڵەوەش ئاوازی شریتی خەیاڵەکانی‌هەر نەدەبڕاند .

کاتێ گەیشتە بەر دەرگای‌ماڵەوە ، بینی وا بۆرا بچکۆلەکەی لەبەر دەرگاوەستاوە ، لێی چووە پێشەوەو ماچێکی کرد لەنێوان ماچەکەدا هەموو ئاوات‌و ئامانجەکانی کردبوونەوەو لە شێوەی سێ چوار دڵۆپە فرمێسکدا بەچاوەکانی‌دا هاتنە خوارەوە .

باش ماوەیەکی کەم فرمێسکەکانی سڕی‌و هەستی بزواو خۆی بەم وتەیە وریا کردەوە :ـ

ـ پڕ بە دنیایەك خۆشی‌و پێکەنین پێویستە بۆ بەری کردنی هەموو سوپایەکی راستی پێشکەوتنخواز .

بەڵام ئاگری دەروونی زیاتر کڵپەی دەسەند ناچار بەم ووتەیە بەرپەرچی رستەکانی پێشووی خۆی دایەوە :ـ

ـ بەڵام .... بەڵام ....

ـ بەڵام سۆزی خزمایەتی‌و کەسایەتی‌و برایەتی ئیشی خۆی هەردەکات .

ئەمجارە جووە وەلای برا بچکۆلەکەی‌و کەوتە پرسیار کردن لێی وەکو فالچیەك کە بیەوێ ئاواتی چارەنووسی بۆ دیاری بکات ، بزواندنی ئەم جۆرە هەستەی هاتنەوە یاد ووتەیەك بوو کە دەڵێ :ـ

« درێژی مناڵ هەووی راستە »

ئەنجا کەوتە پرسیارەکردن‌و لێی‌پرسی :ـ

ـ جامم گیان کەی « کاکە » دێتەوە ؟

منالەکەش وەکو لەغەیبی‌یەوە بێ‌ی ووترابێ بەبێ وەستان وەڵامی پرسیارەکەی بەم جۆرە دایەوە :ـ

ـ کە لە خانی جەولان‌ئەبێتەوە .

ئەنجا براکەی توندنووساندی بەخۆیەوە دیسانەوە تا توانی ماچێکی گەرم‌و گوڕی‌لێ‌کردو کرنیە باوەشی تا چوونە ماڵەوە خەندە لەسەرلێوی وەك هەورە بروسکە جار جار خۆی پیشان ئەدا .

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردو بەڕێزان عبدالحمید المجری ئەمینداری گشتی‌ی وەزارەتی بەروەردەی سەرەتای‌و نامادەیی لە جەزایر و حسین علی الحبیش ڕاوێژکاری یاسایی سەرۆکایەتی کۆماری یەمەنی عەرەبی بە بۆنەی سەردانیان بۆ وڵات ناویان لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە .

هەروەها بەڕێز فتحی حسین العلی باڵوێزی عیراق لە کۆماری کوریای دیموکراتی میللی بە بۆنەی ڕۆیشتنیەوە بۆ جێگای ئیشەکەی خۆی چۆتە کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە .

هەروەها بەڕێز محمد علی العبد بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ڕۆژەی ناودێری کرکوک بە بۆنەی ڕۆیشتنی بۆ دەرەوەی وڵات چۆتە کۆشکی کۆماری‌و ناوی خۆی لە دەفتەری میواندارییدا تۆمار کردوە .

جێ بەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی گەورە لە ناوچەی ژورو

بەڕێز طه الجزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری ئیش‌و-نیشتەجێ بلاوی کردۆتەوە ، کە وەزارەت ئیستا خەریکی جێبەجێ کردنی چەند پرۆژەیەکی ڕێگاوبان‌و گەشتەوگوزاری‌و تەندروستی‌یە لە ناوچەی ژورودا کە سەرجەم نزیکەی ١٠٦ ملیۆن دیناریان تێ‌ئەچێ .

هەر وەها دوێنێ بە ئاژانسی دەنگو باسی عیراقی وتوە کە زیاتر لە ٥٨ ملیۆن دینار بۆ ناوچەی ئوتونومی دانراوە ، وە گەورەترین پرۆژە لەمانە پرۆژەی ڕێگاوبانە کە نزیکەی دو هەزارو سەد کیلومەتر دریژە .. وە ئەمەش نزیکەی ٦٣ ملیۆن دیناری تێ‌ئەچێ .

دیسان وتویە لیژنەی ناوەندی ڕێگاوبانی ژورو ئیستا خەریکی کردنەوەی چەندڕێگایەکە لە پارێزگای هەولێر کە نزیکەی ٤٣٧ کیلومەتر دریژە .. وە ئەمە ٢٣ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێ .

بەڵام لە پارێزگای سلیمانی لیژنەی ناوبراو ئیستا خەریکی ڕێگایەکە کە ٤٧٩ کیلومەتر دریژە‌و ٢٠ ملیۆن دیناری بۆ دانراوە .

وە لە بارەی پرۆژە گەورەکانی ناوچەی ئوتونومی‌یەوە وتی ئیستا خەریکی کردنەوەی دو خانوی گەورەن بۆ ئەنجومەنەکانی یاسادانان‌و تەنفیزی ناوچەی ئوتونومی لە شاری هەولێر کە سێ ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ‌ئەچێ . وە لە سەرەتای ئەمساڵدا ئەخۆشخانەیەکی گشتی لە سلیمانی کراوەتەوە کە ٥٨٨ هەزار دیناری تێ‌چوە . وە هەر وەها چەند پرۆژەیەکی تەندروستی‌و ڕوشنبیری گشتی ئەکرێتەوە کە ئەمانەش تێکڕا نزیکەی سێ ملیۆن‌و ٣٠٠ هەزار دیناریان تێ‌ئەچێ . وە دو ملیۆن‌و ٧٣٠ هەزار دینار بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێ کردن لە ناوچەی ئوتونومی‌دا دانراوە .

سزای ئەوکەسانەی یاری بە بارزگانی خشت ئەکەن

ئەنجومەنی ڕێکخستنی بازرگانی هەڕەشەی لەو خاوەن کارگە خشتانە کردوە کە دەسکاری شێوەو قەوارەی شێوەو قەوارەی خشت ئەکەن وە وتویە ئەبێ هەربەو نرخەی بفرۆشن کە ئەنجومەن لەمەوبەر لە بارەی فرۆشتنی خشتەوە داینناوە .

ئەنجومەن بڕیاری داوە لەم ڕووەوە بەتوندی چاودێری کارگەکانی خشت بکات‌و سەرنجی ئەوانە بدات کە سەرپێچی لەبڕیارەکەی ئەکەن بۆ ئەوەی قەوارەی خشتەکان ئەستوری ٢٤ سەنتیمەترو دریژی ٥ر١١ سەنتیمەتر وپانی وبەرزی ٨ سەنتیمەتر بێ .

لە بڕیارێکی ترا داوای لەو دەزگاو دایرەو لایەنانەکردوە کە چیمەنتۆ دێنن کە بەبەلە ئەو بەشەی بۆیان دانراوە لەبەندەرەکانی عیراقدا دایکەن بۆ ئەوەی باری پابۆڕە کان دوا نەکەوێ .

وەلەلایەکی ترەوە ئەنجومەنەکە بڕیاری داوە کە ڕێگا زۆرتر بدرێ بەخەڵك کە لە کەرتە تایبەتیەکانا کەلو پەلی پاشەکەوتی ئوتومبیل لە ڕێگای کومپانیای گشتی ئوتومبیلەوە بهێنن وە ئەو کەلوپەلانەش کە هەیە بەگورجی بەسەر باوەڕپێکراوە فرۆشیارەکانا دابەش بکرێ لە جیاتی ئەوەی لەپێشانگاکانی فروشگای ڕاستەو خۆدا بمێنێتەوەو دوا بکەوێ .

وەرگرتنی ٦١١٠ قوتابی لە دەزگای خوێندنگا تەکنیکیەکانا

ئەنجومەنی دەزگای خوێندنگا تەکنیکیکان بڕیاری داوە کە بۆ خوێندنی ساڵی ٧٦ - ٩٧٧ ، شەش هەزارو ١١٠ قوتابی کچ‌و کوڕ لەو خوێندنگایانەدا وەرگرێت .

سەرچاوەیەکی ئاگادار وتویەتی : ئەم ژمارەیە بە گوێرەی بڕیستی وڵات بە جۆری پسپۆری‌و شارەزاوە ئەو قوتابیانە بەسەر بەشەکانی ئەو خوێندنگایانەدا دابەش ئەکرێت ..

سەرچاوەکە ئەوەشی ساغ کردۆتەوە .. کەوا بڕیاردراوە کە دەرچوانی لقی بیشەسازی لە بەشی کارەباو ڕادیوو تەلەفزیون‌و میکانیک‌و دارشتن‌و فیتەریدا لە ٢٠٪ی ئەو قوتابیانە بێت کە لە خوێندنگای تەکنەلۆژیادا وەرئەگیرێن . هەروەها بڕیاری ئەوە دراوە کە لە ٧٠٪ قوتابیانی لقی زانیاری لە خوێندنگای بەریوەبەرایەتی بەغدا وەرگیرێت و لە ٣٠٪ لقی ئەدەبی‌و لە ١٠٪ لقی بازرگانی لەو خوێندنگایەدا وەرگیرێت .

لە بروسکەیەکدا بۆ سەروکی فەرماندەو ماموستا صدام حسین

ئەندازیارانی کشتوکاڵ ستایشی هەلوێستەکانی حزب لە پشتگیری کردنی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانا ئەکەن

ڕۆژی یەک شەممەی ڕابوردو بەشدارانی ئەو فیستفالە خیتابیەی بە بۆنەی هەفتەی داگیرکەری جیهانی لە شۆڕشی فەلەستین‌و بزوتنەوەی نیشتمانی لبنان لە نیقابەی ئەندازیارانی کرابو ، ستایشی ئەو هەڵوێستە جوامیرانەیەی حیزب‌و شۆڕشیان کردوە لە پشتگیری کردنی مەسەلە چارەنوسکانی عەرەب‌دا بەتایبەتی مەسەلەی ئەلی عەرەبی فەلەستین ئەو خەباتە سەختەیدا کە دژی زایونیزمی دوژمن ئەیکات .

لەو بروسکەیەدا کە بۆ سەرۆک احمد حسن البکرو بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌نیردراوە ستایشی پشتگیری کردنی‌و ئەو یارمەتی‌یە بەردەوامەیان کردوە کە سەرکردایەتی سیاسی پیشکەشی شۆڕشی فەلەستین‌و بزوتنەوەی ئیشتمانی لبنانی ئەکات .

لە بروسکەکەدا ئەوە ساغ کراوەتەوە .. کە هەڵویستە تاوانکاریەکەی تاقمە گوشەگیرەکەو ڕژێمە گومان لێکراوەکەی سوریا سەرەنجامی پوچەڵ بونەوەیەو تێکۆشانی ڕابەرەکەیانگیرۆکان هەمو جارە سەرکەوتنی خۆیەدەنەوە دەرانە پوچەڵ ئەکاتەوە ..

لەو فیستفالەدا چەند وتارێک خوێندرانەوە ، هەمویان ئارەزایی خۆیان دژی ئەو خوێن ڕشتنە دەربڕیوە کە ڕژێمی سوریای گومڕاو گۆشەگیرە کۆنەپەرستەکان دژی هێزە نیشتمانیەکانی لبنان‌و بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین بەڕیایان کردوە . ئەو وتارانە ئاوایان باسی ڕژێمە تاوانبارەکەی دیمەشق کردوە ، کە چاکترین چەکە بە دەستی ئیمپریالیزمی جیهانیەوەو شێوەیەکی نوێ جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەو پیلانانەیە کە دژی گەلان سازیان ئەکات ..

ئەوەی شایانی باسە بەشدارانی فیستفالەکە لە سەرەتادا دەقیقەیەک بۆ ڕێز لێگرتنی گیانی شەهیدەکانی لبنان بە پیوە کردوە ، کە چاکترین چەکە بە ڕاوەستان .

٧ی ئابی داهاتو کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتان ئەبەستێ

لە ٧ی مانگی داهاتودا کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی گشت ئافرەتانی عیراق لەبەر دروشمی (بەرەو بەشداربونی فراوانی ئافرەت لە بنیاتنانی کۆمەڵی سوشیالیستی دیموکراتی یەکگرتودا دەست پێ ئەکات .

ئەمەش خوشکە منال الالوسی سەروکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی ڕای گەیاندو وتی ئەم کۆنگرەیە دیاردەیەکی لەسەرو ڕوناك ئەبێ لەبزوتنەوەی ئافرەتانی وڵاتە کەماندا ئەمەش بە بێی ئەو ئەرکەی کەوتونە ئەستۆی ئافرەتان بەرەو قۆل کردنەوەی دەسکەوتەی سیاسی‌و ئابوری‌و ڕوشنبیری‌و کۆمەڵایەتی شۆڕشی ١٧ی تەموزی ئەتەوەیی‌و سوشیالیستی .

خوشکە الالوسی وتی لەقوناغی داهاتودا یەکێتی تێکۆشانی بەرفراوان ئەکا لە بیناوی ڕامالکردنی بیرکردنەوەی دواکەوتانەی ناو کۆمەڵ‌و لەبیناوی بەرزکردنەوەی دەوری ئافرەت لە کاروباری بنیات نانی شورشگێرانەدا کە وڵاتەکەیان کۆشەرەکەمانی بەسەر کردایەتی حزبی پێشرەو بەعثی سوشیالیستی عەرەب ئەبێ .

لە ماوەی سێ ڕۆژدا کۆنگرەکە لە ٩ ڕاپورت ئەکۆلیتەوە کە دەربارەی کاروباری ئافرەتان ئامادە کراوە .

وەزیری کشتوکاڵ‌و چاککردنی کشتوکاڵ لە سلیمانی

پیری د . حسن فهمی جمعه وەزیری کشتوکاڵ‌و چاککردنی کشتوکاڵ بەسەردانیکی کورت چوە بۆ سلیمانی‌و لەوێ لەگەڵ بارێزگاری سلیمانی‌دا سەربارەت بەباری کشتوکاڵ‌و قوناغەکانی بەرهەم کۆکردنەوەی ئەمساڵ‌و ناردنە بازاری لە بارێزگاکەدا گفتوگۆی کردوە .

دیسان وەزیری ناوبراو سەرنجی ئەو کاروبارانەی داوە کە بۆ هەرەوەزی جاندنی هاوینە لە بارێزگاکەدا ئەکرێ .

نێرراوێکی گەورەی پزیشکی عیراق بۆ وڵاتی لوبنانی برا

پیری وەزارەتی تەندروستی نیراوێکی گەورەی پزیشکی عیراقی ئامادەکردوە کە بچێ بۆ وڵاتی لوبنانی برا .

دوکتور ریاض ابراهیم الحاج حسن وەزیری تەندروستی وتویە ئەم کارە بەپێی بیروباوەری حزبی بەعثی سوشیالیستی عەرەب‌و ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شورشە وە بۆ بەچن هێنانی ئەرکی سەرشانی وەزارەت کە مەکتەبی وەزیرانی تەندروستی عەرەبیش لە کۆنگرەی ئەم دوایەدا لە قاهیرە بڕیاریان لەسەر داوە

هەروەها وتی وەزارەت دووبار دەرمانی ناردوە بۆ لوبنان بیجگە لەوەیش گەیشتون بەر لەوەی ڕیژیمی لەری لادەری دیمەشق شتومەك ناردن لە خاکی سوریاوە قەدەغە بکا .

باسی ئەوەشی کرد کە نیراوی پزیشکی عیراق‌و داودەرمانەکانمان بۆ گەلی لوبنان لە ڕێگای مەکتەبی تەنفیزی وەزیرانی تەندروستی عەرەبەوە ئەبێ چونکە ڕیژیمی سوریا کوسپ ئەخاتە ڕێگای گەیاندیان .

کردنەوەی دوو بەشی نوێ لە زانکۆی سلێمانی دا

زانکوی سلیمانی بڕیاری‌داوە لەم ساڵەوە بەشی خوێندنی زمانی عەرەبی لە کۆلیجی ئەدەبیات‌دا بکاتەوە .

هەروەها بڕیاری داوە کەلە کولیجی زانیاریدا بەشی (زانیاری زەوی) بکاتەوە ئەو بەشە بریتی ئەبێ لە دوو لق . لقی (جیولوجی کەرەسەی‌خاو)و لقی (جیلوجی ئەندازیاری) لە لایەکی ترەوەزانکوی سلیمانی مەرجی وەرگرتنی قوتابیانی خوێندنی ماجستەری بو بەڕێوەبردن‌و کاڵو زانست‌و بەروبوم‌و بەروەردەی ئاژەڵ‌و پیشەسازیی خواردەمەنی‌و بیستان‌سازی‌و خاك‌و ماتماتیك‌و بابەلوجی کیمیای بڵاو کردۆتەوە ، هەروەها باوەرنامەی دبلومی بەرز بۆ بەڕێوەبردنی ئەندازیاری (هایدرولیك)و بنیات نانی ڕێگاوبان کرۆتەوە .

مەرجێکی وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی ئەم خوێندە بەرزانە ئەخوێنن ئەبێ کۆلیجی سەرەتایان تەواو کردبێت‌و باوەرنامەی بەکالوریوس یا باوەرنامەیەکی هاوسەنگی ئەویان هەبێت وە ئەبێ بلەی کۆمەڵی دەرسەکانی لە (جید) کەمتر نەبێت یا لە [illegible] بەگوێرەی کۆلیجی ئەندازیاری یا بلەی « باشی » هەبێت لە کولیجی کشت‌و کاڵ‌و زانیاریدا یا لە بەشەکەیدا لە بەشی سێیەکی یەکەم بێت یا لەوانەی وەك یارمەتی دەری تاقیگاکان (مختبر) یا یارمەتی دەری پشکنەری زانست بێت‌و لەزانستگادا دەرسی وتبێتەوە و ماوەکەشی لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت‌و بەشەکەی خوشی لەوەدا بشتی بگرێت ، وە نابێت ئەو قوتابیانە لە عیراقدا بۆ خوێندنی بەرز وەرگیرا بێت‌و وازی هێنابێت یا لە خوێندن دەرکرابێت . ئەم مەرجانە قوتابیانی بیگانە ناگرێتەوە .

ئا.د.ع

میهرەجانی یەکەمی فلیمی کورتی

پیرێ بە سەربەرشتی ماموستا طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندن میهرەجانی یەکەمی (٧٦)ی فلیمی کورتی عیراقی دەستی پی‌کردو ئەم میهرەجانە دەزگای گشتی سینەماو شانۆ ڕیکی خستوە .

لە ئاهەنگی کردنەوەی میهرەجانەکەدا کە تا یەکی ئاب بەردەوام ئەبێ کاك لطیف الدلیمی بەڕیوەبەری گشتی دەزگای ئیستەمە و تەلەفزیون‌و چەندان کاربەدەستی وەزارەتی ڕاگەیاندن‌و ڕۆژنامەنوس‌و هونەرمەندەکانی وڵات ئامادە بوون .

لەم میهرەجانەدا فلیمی (عیراقی نوی) و (ئالانی روناك) و (ژیانی سەوز)و (ئەهوار) پیشان ئەدرێن کە ئورانە سوشیالیستی‌یەکانی وڵات‌و دەسکەوتە گەورەکانی شورشی ١٧-٣٠ تەموزی ئەتەوەی‌و سوشیالیست بۆ ڕۆلەکانی گەل دەرئەخەن .

دانانی ١٠ هەزار شوێن بۆ مامۆستایان

وەکوزانراوە ١٠ هەزار جێگای شاغیر بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەرەتایی‌و ئامادەییدا هەیە لەسەرانی خوێندنی داهاتودا ، وەئەم جێگایانە بەپێی شارەزایی جۆربە جۆر بەسەر پارێزگاکانی‌وڵاتدا دابەش ئەکرێن .

وە مامۆستایانی کوڕان‌و کچان لەمشوێنانەدا دائەمەزرێن بەوەمەرجەی داخوازیەکانیان لەڕێگای ئەنجومەنی خزمەت کردنەوە وەبەپێی ئەوەمەرجانەی دیاری کراون وبابەخدان بەشوێنی لە دایك بوونی مامۆستاکانی دائەمەزرێن .

وەزارەتی بەروەردە دەسەلاتی بەبەڕێوەبەرێتی یەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانا داوە کە قوتابخانەی سەرەتایی تازە بکەنەوەو پلەی قوتابخانە سەرەتاییەکان بکەیەنە رادەی ناوەندی بەپێی پێویست ، وەلەسەر کارکردنی روتین ئەڕۆن بۆ ئەوەی ماوەی کات بەفیڕۆ نەڕوات .

لیژنەیەکی تایبەتی ئیستا خەریکی لێکۆڵینەوەو بەراوردکردنی مەسەلەی کواستنەوەی مامۆستایانە بەپێی ئەو مەرجانەی کە دیاری کراون وە ئەوەی ئەوانەی کە ئەیانەوێ بگۆڕێتەوە لەناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵاتدا .

وە لە بارەی پرۆژەکانی باخچەی ساوایانەوە ملیۆنێك‌و ٦٠٠ هەزار دینار ئەرخان کراوە بۆ ئەوەی ٤٠ باخچەی ساوایانی تازەی پێ بکرێتەوە لەناوچە جۆربەجۆرەکانی وڵاتدا .

مەرجەکانی گواستنەوە لەنێوان زانکۆکانی وڵاتدا

لەم دوایەدا لە مەکتەبی ناوەندی وەرگرتن ، مەرجو ئامۆژگاری تایبەتی لە بارەی گواستنەوەوە لە نێوان زانکۆو پەیمانگا ڕەسمیەکانی وڵاتدابۆ ساڵی خوێندنی ٧٦-١٩٧٧ بڵاو کرایەوە .

وە لەم ڕووەوە لە سەرەتای مانگی داهاتوەوە تا کۆتایی مانگ داخوازی پێشکەش بە بەڕێوە بەرێتی ناونوسی زانکۆکان یان دامەزراوی پەیمانگا هونەریەکان ئەکرێ .

وە بە پێی ئەو مەرجو ئامۆژگاریانە ئەو قوتابیانەی دەرچون‌و پلەی باشیان بڕیوە کە لە خولی پەکەمدا بە باش لە پەیمانگاو زانکۆکانی وڵاتدا ئەتوانن داوای گواستنەوە بکەن .

بە پێی ئەو ئامۆژگاریانە هەر کولیجێك مەرجێکی بنەڕەتی هەیە لە بارەی گواستنەوەی قوتابیانەوە .

هەروەها گواستنەوە لە زانکۆی بەغداوە بۆ مستنصریە بە پێی بڕیاری ئەنجومەن‌و بە پێی توانای زانکۆ ئەبێ .

مەرجەکان ڕێگا نادەن قوتابی لە نێوان پەیمانگاکان‌و دەزگای پەیمانگا هونەریەکانا بگۆڕێتەوە ، وە ڕێگای داوە کە قوتابیانی پۆلی یەکەم کە بەردەوامن لە خوێندنا لە کولیجی زانکۆکانی وڵاتدا بگۆڕێتەوە بۆ پەیمانگایەکی وەکو خۆیان بۆ ئەوەی درێژە بەخوێندنەکانیان بدەن لە دەزگای پەیمانگا هونەریەکانا .

وە ئەبێ لە ڕێگای بەڕێوە بەرێتی گشتی ناونوسی زانکۆو دەزگای پەیمانگاکانەوە قوتابی داخوازی پێشکەش بکات بۆ گواستنەوە .. وە ئەبێ لەگەڵ داخوازیەکەدا بسولەی قۆناغی خوێندنی پێوە بێ لەگەڵ ناونیشانی ئەو ڕێبازەی ئەیەوێ تیا بخوێنێ .

وە لەم ڕووەوە لە سەرەتای مانگی داهاتوەوە تا کۆتایی مانگ داخوازی پێشکەش بە بەڕێوە بەرێتی ناونوسی زانکۆکان یان دامەزراوی پەیمانگا هونەریەکان ئەکرێ .

وە بە پێی ئەو مەرجو ئامۆژگاریانە ئەو قوتابیانەی دەرچون‌و پلەی باشیان بڕیوە کە لە خولی یەکەمدا بە باش لە پەیمانگاو زانکۆکانی وڵاتدا ئەتوانن داوای گواستنەوە بکەن .

بە پێی ئەو ئامۆژگاریانە هەر کولیجێك مەرجێکی بنەڕەتی هەیە لە بارەی گواستنەوەی قوتابیانەوە .

هەروەها گواستنەوە لە زانکۆی بەغداوە بۆ مستنصریە بە پێی بڕیاری ئەنجومەن‌و بە پێی توانای زانکۆ ئەبێ .

وە ئەبێ لە ڕێگای بەڕێوە بەرێتی گشتی ناونوسی زانکۆو دەزگای پەیمانگاکانەوە قوتابی داخوازی پێشکەش بکات بۆ گواستنەوە .. وە ئەبێ لەگەڵ داخوازیەکەدا بسولەی قۆناغی خوێندنی پێوە بێ لەگەڵ ناونیشانی ئەو ڕێبازەی ئەیەوێ تیا بخوێنێ .

خوێنەری بەڕێز

● تا ئێستاکەش جەماوەری گەل لە خۆشی دەرچونی بڕیارەکانی ١٦ی تەموزی ساڵی ١٩٧٦ دایە ئەو بڕیارانەی کە پەیوندی نەیساوەو بتەوی‌نیوان شۆڕش و جەماوەر دەرنەخات‌و پەیم بڕیارە مەزناتە خۆشی‌و کامەرانی خستە دلی بەشێکی زۆر لە جەماوەری چەوساوەی گەلەکەمانەوە .

● شۆڕش جەماوەری بەبەخشندەیی خۆی ڕاهێناوە ، ئەم بڕیارانەش بەشێکن لەو زنجیرە دەستکەوت‌و بڕیارانەی کە بۆ چاکەی بەشێکی زۆری جەماوەر هاتونەتە گۆڕی بڕیاری بەرزکردنەوەی ڕادەی گوزارنی جەماوەرو دامەزراندنی سەرجەمی قوتابی‌یە دەرچۆکان، ئەوانیش هاوچەشن‌و وێنەی بڕیارەکەی ١٦ی تەموزی ئەمساڵە کە موخەسەساتی زن‌و منداڵی بۆ هەمو کرێکاران بڕیوەتەوەو بە یاسایەکی نوێتر موخەسەساتی بە ئەندازیارەکانیشی داوە .

● جەماوەرکانی ستایش ئەم بڕیارانە ئەکات ، بەیمان بو سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕش نوێ ئەکاتەوە کە لە پێناوی زیادکردنی بەرهەم هێنانداو هەولێکی زیاتربدات . تا زیاتێکی هاوجەرخانە بۆ گەلەکەمان دابین بکات .

● خوێنەری بەڕێز لە لایەکی تریشەوە چینی کرێکارانی عیراق بەیمانی بۆ سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕش نوێ کردۆتەوە کە زیاتر ڕەنجبدات‌و هەولی بەتین کردنی بەیوەندی ڕێیازی شورش بدات‌و زیاتر بە ئەرکە نیشتمانی‌و ئەتەوەیەکانی خۆی لە زیاد کردنی بەرهەمدا هەستێت . چینی کرێکاران ستایش ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشمان کردوە بەوەی موخەسەساتی ژن‌و منداڵیان بۆ کرێکاران بڕیوەتەوە بەوە زامنی کۆمەڵایەتیان بۆ مسۆگەر کردون .

● ئەو بەیاننامەیەی بە بۆنەی ئەو بڕیارە کرێکارانەوە یەکێتی‌ی گشتی‌ی نیقابەی کرێکاران دەری کردوە ، کە بە ئاشکرا باسی ئەوەی کردوە کە شۆڕش ئەبەوێت ژیانی چینی کرێکارانی ئەم وڵاتە بەرەو چاکی بگۆڕێت .. کە ئەوەش هاندانێکە ، کە کرێکاران والی‌دەکات قوڵی زیاد کردنی بەرهەمی لێ‌هەلیمالن .

باوکی شیرین

دیاری کردنی ملکایەتی زەویەکانی مەنسور بۆ عیراقیەکان .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیاری داوە زەوی‌و زارەکانی منصور کە خانویان لەسەر کراوە وبەکرێ دراون لەسەر ئەو عیراقیانە تایبەو بکرێ کە لە خانوەکانیان .

بڕیارەکە ئەو خانوانە ئەگرێتەوە کەوتونەتە کەرتی ژمارە ٦-٧ کە بەشی ژمارە ٢٠ی داودیەو خاوەن ماڵەکان لەسەریانە لەماوەی شەش مانگ دا داواکاری پێشکەش بە (بەڕیوەبەریتی ملکایەتی‌و زەوی ئەمیری) لە وەزارەتی دارایی بکەن بۆ تایبۆ کردنی خانوە بەکرێ گیراوەکان لەگەڵ دانی ئەو بارەیەی لەکەوتە سەریان بە وەزارەتی دارایی .

Institut Kurde de Paris

پرۆژەی تلکسی نیشتمانی لەئاهەنگەکانی ٣٠ی تەموزی نەمرا ئەگرێتەوە

ڕۆژی هەینی ئایندە لەگەڵ ئاهەنگەکانی بیرەوەری ٣٠ی تەموزی پیرۆزدا دەزگای ئاشتی پۆستەو بروسکەو تەلەفۆن ڕۆژەی تەلەکس نیشتمانی دەکاتەوە ، پرۆژەکە دوو ملیۆنو ٧٦٠هەزار دیناری تێچووە .

پرۆژەیەکی وا یەکەم جارە لەغیراقدا جێبەجێ بکرێت . بەتەواو بوونو کەوتنە نیشتمانی ئم پرۆژەیە بەئاسانی دەتوانن لەگەڵ دەرەوەو ناوەوەی وڵات پەیوەندیەکی گورج و ئاسول بکەن .. هاتوچۆکانی ئەم پرۆژەیە بەهۆی مانگی دەستکردەوە ئەم سەرو ئەو سەرئەکات و بەملاو ئەولادا بلاو ئەکرێتەوە .. پرۆژەکە هەندێک جۆرگای تایبەتی پچوکی هەیە بۆ پەیوەندی نیو پارتیزانکانو پەهۆی ئەوە جۆرگایانەوە بەگورجی کاروباری پەیوەندی ئەلەفۆنیان ڕانەبەرێت . هەمو هاوولاتیەک بەهۆی پێش کەش کردنی داواکاریەکەوە کە پێشکەشی دەزگای کشتی ئەلەفۆنو پوستەو بروسکە ئەکرێت ئەتوانێت جیهازێکی تەلەکس وەرگرێتو ئەمەودوا کاری پەیوەندی خۆی پێ مەیسەر بکات .

سوبیەکان ئاهەنگی جەژنی گەورەیان ئەکەن

بەیانیو دووبەیانی تیرەی سوبیکان ئاهەنگی جەژنی گەورەیان ئەکەن . بەو پۆنەیەوە پیروزبایەکی گەرمیان لە سەرۆک احمد حسن البکرو سەرکردەکانی شۆرشی ١٧ی تەمموزی ئەمر کردوە .

چەپکە گوڵ

قوباد زەنگنە

● بەندێکی کوردەواری خزمان ئەڵێ : (جەژنێکو دو ئەوروژ) .. ئەم پەندە هەرچەند کۆنە بەڵام بە تەواوی جەژنەکانی مانگی تەموز ئەگرێتەوە .. لەم مانگە پیرۆزەدا کە شورشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ وشۆرشی ١٧ـ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ لە کاتگای دڵو هەستی ئەم میللەتە ئەبەزەمانەوە هەڵقوڵاوون .

● شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ، دەرگای ئاسۆی دوا ڕۆژێکی بەختەوەرو ئازابوو بۆ عیراقی خۆشەویستمانو لەبەر ئەم دەرگایەدا هەزارەها مەردی خوێن ئەشی لە کوردو عەرەبو کەمە ئەتەوایەنیەکان گیانی پاکیان کردە قوربانی لە پێناوی سەرکەوتنی ئەم شۆرشە بەدرێژایی دەیەلاتی ناڕەوای پاشایەتی دوابڕاودا .

● زۆر لە خەباتگێڕانی گەل ، دەست بە زنجیرو مل بە کۆتەوە ، بێبەزینو وەرە بەردان ، وەکو بێتیەی ئاکرو شەبۆلی دەریا لە دژی خوێن مژانی ئەم تەلە ڕاوەستان ..

هەروەها ئەم شۆرشە هێنێکی کاریگەرە لە میانی دوجەرخدا ئەك تەنیا لە بواری میژوی نوێ عیراقدا ، بەلکو لە میژووی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا ، چونکە ئەلوێ دەورێکی دیاریکراو لە بارەی هەلوەشاندنی کاروباری ئابوریو سوپایی و سیاسی بە عیراق بدرێ لەم ناوچەیەدا . هەر لە بەر ئەمەش ئیمپریالیزمو ڕیژیمی کۆنەپەرستی ئەو سەردەمە بە هیچ جۆرێك بەسەربەستیو سەربەخۆییمان قایل نەئەبوون .. تاکو شۆرش ئامانجی سەرتاپای عیراقی بەدی هێناو هەمو ڕێبازو دەستکەوتەکانی ئەم شورشەی لەبیرناچێتەوە .

● شورشی ١٧ـ٣٠ی تەموزی ١٩٦٨ وێنەی ڕاستەقینەی ڕێڕەوی ڕاستوخۆ بەختکردنە لە پێناوی بەرژەوەندی گەلدا لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەدا .

● شورشی ١٧ی تەموز بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب توانی گەلێك دەسکەوتی مەزن بۆ جەماوەری گەل بەدی بهێنێ .

● بۆ نمونە : جەسپاندنی ئوتونومی بۆ کەلی کورد بە یەکێك لە دەسکەوتەکانی ئەم شورشە دائەنرێ کە لەپاش بەیاننامەی ١١ی مارتی ١٩٧٠ بەدیهات .

● میللی کردنی نەوت بووکی ڕازاوەی دەسکەوتەکانی گەلی عیراقو ئەم شۆرشەیە .. ئەم دەسکەوتە ژیانی ئابوری لە وڵاتا بوژانەوە ، جگە لەوەی دیاردەیەکی سەختو گرانبو بۆ هەلوێستو توانا و خۆڕاگرتمان دژی کومپانیاکانی نەوتی بێگانە .. گەلو شۆرش لەم کێشەیەدا سەرکەوتو بەسەر هەمو ئەو کۆسپانەدا کە لەم ڕووەوە ئەهاتنە ڕێگای سەرگرتنی ژالی بوو ..

● ئەوا گەلی عیراقمان لە خۆشی یادی جەژنەکانی تەموزدا ئەژیو لەم جەژنانەدا بەردی بناغەی جەندان پرۆژەی گەورە دائەنێو جەندان پرۆژەی کشتوکالو پیشەسازیو ئاوەدانیو ڕێگاو بانی تر ئەکاتەوە .

● ناوچەی ئوتونومی دیسان بە چاوێکی یەکسانی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیەوە سەیرئەکرێ بۆ گەشەکردنی ئەم ناوچەیەو بوژانەوەی لە هەمو بارێکەوە .

ئەوەتا لە یادی جەژنەکانی تەموزدا چەند بیرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی سودمەند بۆ ناوچەکە ئەکرێتەوەو بەردی بناغەی جەندان پرۆژەی تری هەمە جۆرە دائەنرێ .

● با هەر شەکاوەبێ ئالای شۆرشەکانی تەموزی پیرۆز .. مانگی ئازادیو بەختەوەری .

چالاکیەکانی پەروەردە لەساڵی داهاتودا

بەرێز محمدمحجوب وەزیری پەروەردە وتویەتی : وەزارەتی پەروەردە بێوچان لە هەوڵو تەقەلای ئەوەدایە کە بیرو باوەڕو ئامانجە پەروەردەیەکانی ناو ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بهێنێتەدی ، لەبەر ئەوە خەریکی جێبەجێ کردنو تەواو کردنی دەزگایەکی پەروەردەو زانستیەو ئەیەوێت خوێندنی بە زۆر لە قوتابخانە سەرەتایەکاندا بجەسپێنێو خوێندنی میهەنی فراوانکات . وە بەردەوام خەریکی جێبەجێ کردنو پەیرەو کردنی ئەو بڕیارو یاسایانەیە کە شۆرش لەو بارەیەوە دەری کردون ، وەلە پەیرەوی ئەوانەدا هەمو ئەلەکانی خوێندن لە وڵاتدا بە خۆڕایی تەواو ئەکرێت بە هیوای گورج کردنەوەی ئەخشەی پەروەردەو بەرە پیدانی ئابوریو کۆمەڵایەتی بە هیوای بەدی هێنانی کۆمەڵێکی سۆشیالیستی دیموکراتی بەکەڵکو ..

دەربارەی ئەخشەکانی وەزارەت لە ساڵی ئایندەدا بەرێز وەزیری پەروەردە وتویەتی : لە ساڵی ئایندەدا وا چاوەڕوان ئەکرێت ٥٠٠ هەزار قوتابی کچو کوڕ لە قوتابخانە سەرەتایەکاندا وەرگیرێت هەروەها ١٥٠ هەزار قوتابی لە قوتابخانە ناوەندیکانداو ٥٠ هەزار قوتابی لە قوتابخانە ئامادەیەکاندا وەرگیرێت ، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت کە لە ساڵی ئایندەدا ٦٠ هەزار قوتابی لە قوتابخانە سیبەنتکاندا وەرگیرێت بەرێز وەزیری پەروەردە ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە ژمارەیەکی ئاوا زۆر لە قوتابیانو قوتابخانە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان ئەبێت ئەو پێویستیە وەزارەت پێویستی بە ١٢هەزار مامۆستای ژنو پیاوی سەرەتایی و ٤ هەزار مامۆستای پیاو ژنی ئامادەیی و ئاوەندی هەیە . هەروەها ئەوەشی وتوە کە وەزارەت مشوری ئەوەی خواردوە کە هەمو کتێبو قەلەمو دەفتەریکی پێویست بۆ قوتابیان ئامادە بکات و لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە خۆڕایی ئەدرێت بە قوتابیان .

زانکۆی موستەنسریە بڕیاری داوە کە ئەمساڵ ١٦٠٠ قوتابی کورو کچ وەرگرێت ، ئەم قوتابیانەش بەپێی پێویستی بەسەر کۆلیجەکاندا دابەش ئەکرێن . بەو پێیە کۆلیجی پزیشکی ١٠٠ کەس وەرئەگرێتو کۆلیجی زانیاری ٣٥٠ کەسو کۆلیجی ئەدەبیات ١٠٠ کەسو کۆلیجی بەرێوەبەرایەتیو ئابوری ١٠٠ قوتابی کورو کچ وەرئەگرێت ئەمەجگە لەو ٥٠ قوتابیەی لەبەشی زمانی فەرەنسایی وەرئەگیرێن .

زانکۆی موستەنسریەلەرۆژی شەممەی ئایندەوە قوتابیان وەرئەگرێ ..

لە ڕۆژی شەممەی ئایندەوەدەست ئەکرێت بە پێشکەشکردنی خۆاستی چونە زانکۆوە، تا ماوەی دوو هەفتە داخوازیی قوتابیان بۆ چونە زانکۆکان وەرئەگیرێت .

مانگانەی کرێکارەوەختیەکان

وەک هاوکاری بڕیاری زانیوە ، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەمەی بڵاوکردۆتەوە :-

بڕگەی ٦ ـ أ لە مادەی ٥٢ی یاسای سەربازی ژمارە ٦٥ی ساڵی ١٩٦٩ی چاک کراو ئەڵێت : ئەو سەربازو موکەلەفانەی پێش بونە سەربازیان یا پێش ئەوەی بۆ ئیحتیات بانگ بکرێنو مانگانەیان لە خەزینەی دەوڵەت وەرگرتوە .. مانگانەو موخەسەساتەکانیان هەر لەو پێکەوە وەرئەگرن کە پێش بونە سەربازیان لێیان وەرگرتوە . ئەمەش بە گشتی کرێکاران و کرێکارە وەختیکان ئەگرێتەوە . بەڵام بە پێی مادەی ٢٦ ـ ب لەیاسای کارکردنی ژمارە ١٥١ ساڵی ١٩٧٠ی چاک کراو بۆ بەرتوەبەرایەتی ئەو کارە هەیەو ئەتوانێت کرێکارەکە لە کار خستن بخات یا بەگوێرەی پێویستی خۆی بۆ ئیشێکی تری بگوێزێتەوە . لەم دوو حالەتەدا ئەبێت وەزارەتی بەرگری ئاگادار بکرێت .. تا ئەمیش ئەو کەسە ئاگادار بکات بەو کارە بزانێت .

بڕیاری چۆنێتی جێبەجێ کردنی یاسای یەك چەشنی چۆنێتی زەوی دەوڵەتی دەرکردوە

لیژنەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی کشتوکالی بەرز لە کۆبونەوەیەکی ماوەیەك لەمەوبەریدا کە بە سەرۆکایەتی بەرێز حسن العامری جێگری سەرۆکی ئەنجومەن کردبوی چەند نامۆژگاریەکی تایبەتی دەرکرد سەبارەت بە ئاسان کردنی باری جێبەجێ کردنی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کە لە مانگی ئایاری ڕابوردودادەری کردبو ، ئامۆژگاریکان بڕێتین لە دریژەی چەند دەسەلاتێك کە بەو هۆیەوە ئەتوانرێت یاساکە بە چاکی جێبەجێ بکرێتو ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی کە لە پێناویدادەرکراوە ..

بەرێز حسن العامری لە گفتو گویەکداکە لە گەڵ ئاژانسی دەنگوباسی عیراقداکردویەتی وتویەتی : دەرکردنی یاسای یەکخستنی جۆرەکانی زەویوزارەکانی دەوڵەت بە کاریکی گەورەو گران ئەژمێردرێتو دەستکەوتێکی بابەخدارەو هەنگاویکی گەورەی ترە لەسەر ڕێگای ڕێکخستنی ملکداری کشتوکالی ، کە ئەمیش هەنگاویکی تری بابەخدارە لەو هەنگاوانەی سەرکردایەتی حیزبو شۆرش لە مەبدائی چاک کردنی کشتوکالو مەسەلەی کشتو کالی وڵاتدا ناویەتی ..

جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوی سلیمانی

ئەنجومەنی ئەخشە کێشان لەسەر جێبەجێ کردنی پرۆژە نویەکەی ئاوی سلیمانی قایلبوە کە ٩ ملیون دیناری تێئەچێت .

ئەم هەواڵە بەرێز محمد امین محمد بارێزگاری سلیمانی ڕایگەیاندوە هەروەها وتویەتی .. ئەنجومەن لەسەر ئەوەش قایلبوە کە هەندێك پرۆژەی تر لەسەر بودجەی ئەمساڵ جێبەجێبکرێت .. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانە وەزارەتەکانی ئاوخۆو شارەوانیو کشتوکالو چاکردنی کشتوکال سەرپشك خراون .. پرۆژەکان بڕێتین لە فراوان کردنو کۆرینی بۆرێکانی ئاوی خوارد ئەوەی شاری سلیمانی کە (١٠٠) هەزار دیناری تێ ئەچێت .. هەروەها چاککردنو دەست پیاهێنانی فوتابخانەکانی بارێزگا ئەم پرۆژەیەش ..١هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە ..

ئەنجومەن ٣٢ هەزار دیناریش بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ناحیەیەی بیارە تەرخان کردوە .. هەروەها ٨٠ هەزار دیناری تەرخان کردوە بۆ بنیات نانی نیشتەجیو بارەگای هەندێك لە ڕێکخراوە میهەنیکان ، بەرێز بارێزگاری سلیمانی وتویەتی : ئەنجومەن بڕیاری داوە کە بودجەی پەروەردەی دارستانەکان زیادبکاتو ١١٠ خانوبەرە بۆ کارگیرەکانی دروست بکات .

کردنەوەی ١٢ لقی نوێی ئورۆزدیباك لە پارێزگاکانی وڵاتدا

کۆمپانیای ئورزدیباك ئیستا خەریکی ئەوەیە کە ١٢ لقی نوێ بۆ فرۆشتنێکی ڕاستەوخۆ لە پارێزگاکانی بەغداو ئامیمو نەینەواو واسطو دیالەو پارێزگاکانی ناوچەی ژوروودا سلیمانیو هەولیرو دهۆکدا بکاتەوە ..

نەخشەی کۆمپانیای ناوبراو ئەوەیە کە لقەکانی بەهەمو لایەکی وڵاتدا بڵاوبکاتەوە تاکو هاوڵاتیان بەشێوەیەکی چاک بتوانن کەلکی لێوەرگرن .. ئەوەی شایانی باسە ژمارەی پێشانگا ـ کانی کۆمپانیاکە تا ئێستا گەیشتونەتە ٤٤ پێشانگاو لق لەوانە ١٤یان لە شاری بەغدادایە ، ئەوانی تری لە پارێزگاکانی وڵاتدا بڵاو کراونەتەوە ..

٢٦٥٠٠ تەن برنج ئەگاتەوڵات

ماوەیەك لەمەوبەر دەوروبەری ٢٦ هەزارو ٥٠٠ تەن برنج گەیشتۆتە وڵاتو وا چاوەڕوان ئەکرێت لەم چەند مانگەی ئایندەدا ٦٠ هەزار تەنی تر بەرەودوا بکاتە بەندەرەکانی وڵات .

ئەم هەواڵە بەرێز صلاح الشیخلی جێگری بەرێوەبەری گشتی دەزگای ڕێکخستنی بازرگانی ڕایگەیاندوە .. هەروەها وتویەتی : دەزگای ئاوبراو بەم زوانە بەشێك لەو برنجە ئەخاتە بازارەکانەوە .

چاندنی ٥٧٠ هەزار دۆنم گەنم

لیژنەی باڵای کشتوکالی سەرکەوتو ، لەو کۆبونەوەی کە لە هۆڵی ئەقابەی ئەندازیارانی کشتوکال ، وە بە سەرۆکایەتی دکتور حسن فەهمی جمعەی وەزیری کشتوکالو چاکردنی کشتوکال کرا ، بڕیاری چاندنی ٥٧٠ هەزار دۆنم زەویو زار دراوەکە بکرێ بەکەنم وە بەشێوەی کشتوکالی تاقیکراوەی سەرکەوتو دابچێنرێ .. وە لە وەرزی داهاتوی کشتوکالی سەر جەرمی شارەکانی وڵاتدا ئەبێ جێ بەجێ بکرێ .

لیژنەکە داوای لە دەزگای گشتی هەڵکەندنو ئیستگە کشتوکالیەکان کردوە کە هەمو جۆرە بێویستیەکی ئەم چەشنە کشتوکاڵە جارەسەربکەنو بە پێی پێویست ئامێری جوتو دروێنەو هەمو کەرەسەیەکی تری کشتوکالیان بدرێتی .. وەداوا لەو دەزگاودایەرانە بکرێ کە پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە بەپێی توانا هاریکاری بکەنو دەستەبەری هەرەوەزکاریە کشتوکالیەکان بکەن بۆ ئەوەی ئیشو کارەکانیان بەئاسانی بەدی بهێنن .

هەروەها لە هەمان کۆبونەوەدا بڕیار دراوە کە ٣٠ هەزار دۆنم لەداهاتی کشتوکالی تاقیکراوەی سەرکەوتو ناوچەی قادسیەو میسانو کەربەلادا بەگەنم دابچێنرێ وە لیژنەیەك پێك بێت کە دەستەبەری (سلفة) بەسەر کۆمەڵە هەرەوەز کاریەکانیدا دابەش بکات کە ئەمەش بنچینەی سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی کشتوکالە .

لەسەر ڕێی یە

گفتەی چاکمان خوارد

سەری مانگی ڕابوردو لە ماڵەوە لیتان کردم بە هەرا منالانو دایکی منالانو قسەی خویشمان بێ خویشم ئەوسنم کە گوایە با گفتە یەکی چاك بخوین دەمێکە ئەمان خواردوە بەڵی ری کەوتین زۆر چاکە ئەچمە لای کاك .. قەساب تکای لێ ئەکەم بەلکو گوشتیکی چاکمان بدائی . زۆر بە خومسا ڕاپەڕمۆم باش ئەوەی خوم کرد بە لیشاوی عەبا بەسەرو زەلامی وەکو من زۆر لێ کراو کە گۆشتی باش بکرین پەلی سەرتان ئەپەشێنم باش سەغاتو چارەکی کاکی قەساب ڕوی تی کردم فەرمو بلی چیت دەوێت منیش ڕوی خومم کرد بە چەپکی گولی ئالو هەمو گیانم کردە بی کەفنین ووتم خو شوکر باشیت کاك .. بەڵی وەلامی ئەبو ووتی کاکە بیم بلی چەندت دەویت .. وتم کاکە کیلوو نیوئکم دەوێت تکات لێدەکەم بریارمان داوە گفتە بخوین تویش بەشی خوت هیمەتمان بۆ بکە بەلکو گوشتیکی باشمان بو دانیت خو باسی تەرازوەکەی ئاکرێت هەمیشە بارسەنگیکی تیدایە چ قورەتە بڵێیت کاکە ئەوە چیە . بەلی کاك .. کیلو نیوی گوشتی دایمی جەقویەکی هێنا بە ناو گوشتەکەدا بەڵی گوشتیکی جوان هاتە پێش چاووم جا لە سەر ئەو ئەتوانم بڵێم گوایە خرایە گوشتەکەم بردەوە . تفاقی گفتەیشم کری بردەوە بزەی سمیلیشم ئەهات گوایە گوشتی چاکم کریوە . بروانان بی ئەم کەمو کوریانەی تیدابو .

١ ـ ٢٥٠ غرامی کەمبو

٢ ـ شەش پارچە ئیسکی تیدابو قورسای نزیکەی ٧٥٠

٣ ـ پارچە کەفەلوکەیەکی غرام بو .

تیدابو نازانم چون چونی بیجایەوە کاکی خوێندەوار من بە ئیوە ئەڵێم . بە کاك .. قەساب ئالیم ئایا هیچ مروفیک کە تەنها بی بووتری مروف شتی ئا ئاوا دەکات . چەندی لی وەر گرتبم باشە بەك دینارو نیو . ئا بو ئەو نمونانەی باسم کردن جا پرو باگەندەیش ئەکەن ئەو گۆشتەی میری دەیهێنن لە دەرەوە هەموی گوشتی مردارەوەبوە . مەی کرن خرابە ئیسلام ئەمە قبول ناکات . کاك حاجی .. قەساب ئەی ئیسلامەتی تو ئەوە قبول ئەکات گوشتی وا بفروشیت بویە هەمیشە گیرو لاوازو بورخزی .

کاکی قەساب هەموتان ئەلیم خەلقی سکەی بازە لێنادات بە ئارەقی ناوچەوان بارە بەیدا دەکات تۆزێ ویژدانت بێ بەم جۆرە حەج ناکریت بەم جورە گوشکو قەلا ناکرێت ئەم گەلە گەلی خوتە بێ وێستە تویش ئەندامیکی بەکەلك بیت بۆ گەل . با خەلقیش سالەو سال گفتە یەکی باش بخوات .

باوکی بەختیار

ون بونی وەسڵێك

وەسڵێکی تامیناتی ژمارە ، ٢٥ ٤٤٤٣٨٣ لیونبوە ، کە لە تاریخی ٦ـ١١ـ١٩٧٦دا لە زانکۆی سلیمانی بە ناوی حمە ڕووف کریمەوە دەرچوە .

تکا لەو کەسە ئەکەم کە ئەیدۆزێتەوە بیدات بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عەراق لیژنەی کولیجی زانیاری ، لە زانکوی سلیمانی .

Institut Kurde de Paris

چاپکراوی نوی

ژمارە (٥١)ی ڕۆشنبیری نوێ

ژمارەیەکی نوێی ئۆفساری « ڕۆشنبیری نوی » کە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەریئەکا ، دەرچو ، ئەم ژمارەیەدا چەندان باسو بابەتی فیکریو ڕۆشنبیری بڵاوکراوەتەوە ، وەك :

ـ سەرەڕای ئەوەش ، مەرج نیە ڕێزەو هەموی هەر سودو قازانجبێ .

ـ لە یادی زەماوەندی بەردەوامیدا « دڵدارەکەم وباشەڕۆژ » .

ـ لەسای شورش ١٧ـ٣٠ تەموزی ١٩٦٨ دابنجینەی جەماوەر بۆ چارە سەری مەسەلەی کورد .

ـ دەنگی شورشە .

ـ نەوتو کەشەی توانای مرۆڤ .

ـ ڕۆژنامەو کار تێکردنی لە پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کوردی دا .

ـ « بێتوشی » ئەو دانە کوردەی ئەدەبی عەرەبی دەوڵەمەند کرد .

ـ ڕەخنەی ئەدەبی ، لایەنەکانیو شوینی لەبزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردیدا .

ـ وتاری ئاکادیمی سەبارەت ئەدەبو زمان .

ـ ڕۆژانی شیرین ـ شیعر .

ـ ئەرۆ ـ شیعر .

ـ تەلەفونیك ـ چیروك .

ـ کەرایەوە ـ چیروك .

ـ غەم دوایی نایەت ـ چیروك .

وەلەم ژمارەیەدا ئەم نوسەرانە بەشداریان کردوە : د. عبدالله السیاب .. عثمان محمد فائق .. صلاح شوان .. فوءاد حمە خورشید .. زهیر احمد القیسی .. عبدالستار محمد محمود .. احمد محمود .. مختار فائق .. جمال غمبار .. فیصل مصطفی .. و چەند نووسەریی تر .

کردنەوەی بازار ـ ئێکی نوێ لە هەولێر

لە کۆبونەوەی ڕۆژی بەك شەممەی ڕابوردودا لیژنەی تەسویقی سەر بە سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکالیی پارێزگای هەولێر بڕیاری داوە کە ٣٣دوکانی ئیستیلاکی بکاتەوەو بەسەر هەرەوزکارنکاند دابەشیان کات . هەر وەها بڕیاری داوە هەولێردا بکاتەوە .. ئەم بازاریکی هاوچەرخ لەناوشاری کارە ئەبێتە مایەی پتەو کردنی بەیوەندی مەسەلەی بۆ بازار ناردنو بارە بە جوتیاران بەقەرزدان .. لە هەمان کاتدا لە بارەی فرۆشتنی کەلوپەلەکان ئەو قەرزانە لە جوتیاران وەردە گیرێتەوە کە لەمەو پێش پێیان دراوە .

گردنەوەی ٥٧٠ هەزار دۆنم گەنم

لیژنەی باڵای کشتوکالی سەرکەوتو ، لەو کۆبونەوەی کە لە هۆڵی ئەقابەی ئەندازیارانی کشتوکال ، وە بە سەرۆکایەتی دکتور حسن فەهمی جمعەی وەزیری کشتوکالو چاکردنی کشتوکال کرا ، بڕیاری چاندنی ٥٧٠ هەزار دۆنم زەویو زار دراوەکە بکرێ بەکەنم وە بەشێوەی کشتوکالی تاقیکراوەی سەرکەوتو دابچێنرێ .. وە لە وەرزی داهاتوی کشتوکالی سەر جەرمی شارەکانی وڵاتدا ئەبێ جێ بەجێ بکرێ .

لیژنەکە داوای لە دەزگای گشتی هەڵکەندنو ئیستگە کشتوکالیەکان کردوە کە هەمو جۆرە پێویستیەکی ئەم چەشنە کشتوکاڵە جارەسەربکەنو بە پێی پێویست ئامێری جوتو دروێنەو هەمو کەرەسەیەکی تری کشتوکالیان بدرێتی .. وەداوا لەو دەزگاودایەرانە بکرێ کە پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە بەپێی توانا هاریکاری بکەنو دەستەبەری هەرەوەزکاریە کشتوکالیەکان بکەن بۆ ئەوەی ئیشو کارەکانیان بەئاسانی بەدی بهێنن .

هەروەها لە هەمان کۆبونەوەدا بڕیار دراوە کە ٣٠ هەزار دۆنم لەداهاتی کشتوکالی تاقیکراوەی سەرکەوتو ناوچەی قادسیەو میسانو کەربەلادا بەگەنم دابچێنرێ وە لیژنەیەك پێك بێت کە دەستەبەری (سلفة) بەسەر کۆمەڵە هەرەوەز کاریەکانیدا دابەش بکات کە ئەمەش بنچینەی سەرکەوتنی تاقیکردنەوەی کشتوکالە .

ژمارە (٣٢٨) ١٩٧٦/٧/٢٨ وڵات لە هەفتەیەکدا ٧

پەروەردە

لاوان و وەرزش

– عبدالقادر خلیل –

رەنگە هەمو مالیك ئەگەر سەرنج بدەین بە ووردی لیان لە دوان زیاتریان ئەگەر نەلێم زوربەیان لەکەل وەرزیشدا دۆستایەتیکی پەتویان هەیە جار جاریش هەرایەکە گرایە بۆچی هەمو کاتێکیان تەرخان کردوە بۆ وەرزش لە وولاتانی جیهاندا هەر وولاتەو بەپێی توانای خوی بایەخێکی تەواویان داوە بە پەروەردەی لاوان لە رێگەی وەرزشەوە . رەنگە خوندەواری خوشەویست سەرت سوڕبمێنێ ئەگەر پێت بلیم مروڤم دیوە لە ستادیومەکانا بمانا شوین یاریی بە گرنگەکان تەمەنی (۷۰) هەفتا سالان بوە هێشتا هەر وەرزشی کردوە. وە جار جاریش ئەم جۆرە تەمەن گەورانە مەرجی راکردن دەکەنو پیش کەوتن دەکەن . پاداشی مەرجەکانیان برێتیە لە جامێ شەربەت یا چەپکە گولیک جا ئەو پیش کەوتوە زۆر ئەم پاداشەی لا گرنگە .

لە سەرێکی تریشەوە مندالانی ووردو چالاك تەمەنیان لە (٥) سالی پەوە دەست پی دەکات ئەمانەش جۆرە مەشقیکی تایبەتیان هەیە بویە ئەمرۆکە لە ئەلمانیای دیموکراسی دا زۆری پالەوانەکان برێتین لەو منالانەی کە بە تەمەنی بچوك ئامادەکراون وە نیشانەی ئالتونی وەرئەگرن لە گرەوە جیهانیەکاندا . یەکیك لەکێزولە تازە پێگەیشتوەکانی ئەلمانیای دێموکراسی لە یاری مەلەوانیدا (٤) خەلاتی ئالتونی خرایە مل چونکو لە چوار جوری مەلەوانیدا بە یەکەم دەرچو .

خویندەواری خوشەویست دیمەنەکە زۆر گرنگو دلگیربو کاتی هەمان کێزولە خەلاتەکانی وەرئەگرت دەستی کرد بە گریان لە خوشیدا زوربەی سەبرکەران دەستیان کرد بە گریان . جا بەلێنی دا بە دایکو باوکو ماموستاکەی کە دەبیت ئالای ئەلەمانیای دیموکراسی بشەکینیتەوە لە شوین یاری اولمپی مونتریال . بە قولبی گریانەوە ئالاکەی ماچ ئەکرد دەبوت سوێندت پێدەخوم دەبێت لەناو ئالاکانی جیهاندا بتشەکێنمەوە .

ئا بەم جۆرە لاوانی جیهان ناوی خویانو وولاتیان بەرزدەکەنەوە ئاواتی گەلی ئێمەش ئەوەیە رۆژی لە رۆژان ناوی لاویکمان ئاوا برشنگ داربیت لە جیهانی لاوانو وەرزشدا . چەند خۆشە چەند رۆژی لەمەوپێش لەو یاریانەی یانەی سیکای سوفیاتی پێکی هینابو لە موسکو . ناوی راکەری عیراقی فالح ناجی کە لە راکردنی ۱۵۰۰ متردا بە یەکەم دەرچو وە خەلاتی ئالتونی پێدرا دروشایەوە لە شرین یاریەکەدا لە سەرێکی ترەوە لە روژی تاقی کردنەوەدا راکەری ۱۰۰ مەتری

بروانە – ل ۱۱

قوتابی و یەکێتی

کۆمەلی قوتابیان لەناو بەرژەوەندی یەکی هاوبەش و هاو ئامانجدا ئەژین .. شوەی هەستانو ئیش کردنو چالاکی هاوبەشیان بە ئاشکرا دەرئەکەوێ .. بزوتنەوەی قوتابیان وەك رێکخراوێکی نەقابە گەریانە سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوەیە بە چەند کەسێکی دلسۆزو لێهاتو ئەسپێرێو لە هەمان کاتا سەرکردایەتی خۆی ئەکات .. بەلام کەسانی دلسۆزو لێهاتوو بەبێ چالاکیو حوکمی رەوشتی دلسۆزانەیان خۆیان دەرئەخەن بروای قوتابیان بۆ لای خۆیان وەرئەگرنو ، لە رێگای کاری دیموکراتیانەو دلسۆزی نواندنەوە لە ریزی پشەوەی قوتابیاندا دەوری سەرکردایەتی ئەبینن .

بزوتنەوەی قوتابیانو رێکخراوەکانی لە هیچ بارو زروفێکی تردا بۆ هەلنەکەوراوە کە دروشمو ئامانجەکانی خۆی بسەبێنی .. بەلکو رواڵەتی چالاکیو دلسۆزی هەمیشە لە ناخی جەماوەری قوتابیانەوە دروشمی یەکێتی بەرز کردۆتەوە .

دروشمی بزوتنەوەی راستی قوتابیان ، داوای ئاواتو خواستی تەواوی هەمو قوتابیان ئەکاتو روبەروی ئامانجە هاوبەشیەکانیان بەبێ جیاوازی تێئەکۆشێ ، چونکە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیە لە بواری سیاسیو ئیشکردنو رێکخستنیدا .

بۆ ئەوەی بایەخی یەکێتیو ئەم بزوتنەوەیەش بێتەدی ، پێویستە چاو لە کاری بە کۆمەلو هاوبەشی لانەخرێ ، لە پێناوی چارەسەرکردنی تەنگو چەلەمەکانی قوتابیانو داکۆکی کردن لەسەر خواستو داواکاریەکانیان .

کورتە رازێك

هەیکە گولێك لە کاتی تاقی کردنەوەدا بۆ قوتابیان

مصطفی صالح کریم

لەو سالانەدا کە لە ژیانمابەسەرم بردوە لە بۆگەیاندنو بەروەردە کردنی قوتابیانابۆم دەرکەوتوە ، کە هۆکلی تاقی کردنەوە سامناکترین شتە لای قوتابی ، بە دەمارێکی کرژو روویەکی بەستەوە ، بەترس و لەرزو موچرکەوە روو ئەکاتە هۆلەکە ، ئەمە نەك ئەو قوتابیانەی کە بە خۆیانا راناپەرموون بە زەردەچوون ، بەلکو ئەوانەش کە زیرەکن ، هەموو یەکیك لە ئێمە ئاوڕێك بداتەوە بۆ رۆژانی رابوردوی بۆی دەرئەکەوێ کەچەندەها ساتی وا ناخۆش لە ژیانیا هەیە لە رۆژانی تاقی کردنەوەکانا . لەبەر ئەوە زانایانی پەروەردە زۆر بایەخ ئەدەن بەوەی قوتابی لەسەر ئەوە رابهێنرێ : واتە بۆ فێربوونو سوود لێوەرگرتنە نەك بۆ تاقی کردنەوە ، بەلام لای ئێمە هێشتا قوتابی هەر بە هەلبزرکاوی و لێوەلەرزەوە ئەچێ بەپیر تاقی کردنەوەوە .

جا لەبەر ئەوە زۆر شادمان بووم بەو هەوالەی لەم رۆژانەدا خوینەرمەوە لە رۆژنامەیەکا ، هەوالە کە بریتی بوو لەوەی مامۆستا جاپەکردکان لە شاری (موصل) لە ئەنجامی بەیانیان پێشوازی قوتابیانیان دەکرد ، بۆ ئەوەی رایان بهێنن لەسەر دلنیاییو ئارام کردن ، هەریەکەی بە گولەباخێکەوە بە رووەکی خۆشەوە لەسەر کورسی کەی دابنیشیو بکەوتنە خوندنەوەی پرسیارەکان بەرامبەر ئەم دەست پیش کەری یەی هیچ جۆرێ لە توانایا نابێ کە ماموستایانی نەینەوە لەسەری بۆ هۆلی تاقی کردنەوە، بۆ ئەوەی باوەرنامەی بەکەلۆریۆسی لە کیس نەچێ ، بەریوە بەرایەتی زانکۆ مامۆستایەکو سکرتیرەیەکو چاپێکی دەستو پرسیارەکان ئەنێرن بۆ ئەخۆشخانە لەکەل جەپکە گولیك لە زانکۆوە بۆ کیژۆلە سووتاوەکە .

بەم شێوەیە کچەکە وەلامی پرسیارەکان دەداتەوەو دەریش دەچیت چونکە تاقی کردنەوە لە ولاتانا زۆرانبازی نیە لە نێوان مامۆستاو قوتابیدا ، مانای ئەوەش نیە کە ئەگەر قوتابیەك لە دەوری دوەما نەخۆش کەوت ئیتر ئەبێ ، بێبەری بکرێ لە تاقی کردنەوەو رەنجی ساڵەکەشی بە با بچێت . خۆزگە وای لێئەهات لای ئێمەش مامۆستا بنیررایە بۆ لای قوتابی نەخۆش خۆزگە لە سالی ئایندەدا لە هەمو هۆلی تاقی کردنەوەیەکا ، وەك مامۆستاکانی نەینەوا قوتابیان بە گولەباخ پێشوازی بکرێن .

بۆ ئەوەی هەمو قوتابیەك لێبکەبەرێ کە تاقی کردنەوە هەرگیز مانای مل شکاندن نیە .

★ چۆن قوتابخانە کار ئەکاتە سەر جمو جۆلو گۆڕانکاری نوێ کردنەوە ، لەکەل ئەوەدا کە وەزیفەیەکی دەوتەتیەو یەکێکە لە ئامرازە دەوتەتیەکان ؟

★ چۆن قوتابخانە لە پێناوی دوا رۆژێکی پیشکەوتوانە کارئەکاتو ، هۆیە باریدە دەرەکانو کارتێکردنە کانی ئەخاتە کار ؟

★ چۆن قوتابخانە ئەتوانێ بەتە هۆی نوێ کردنەوەو بەرەوپێش چونی رۆشنبیری ؟

★ ئایا یەکێتی بە میللی بەکان رێکخراوە جەماوەریو رۆشنبیریەکان ئەتوانن هەمان دەوری قوتابخانە ببینن ؟

بێگومان قوتابخانە تاکە دەزگایەکە بۆ نوێ کردنەوەی باری رۆشنبیریو گۆڕانی تاکو کەیشتن بە ئاستی ئاوات و ئاواتی کۆمەل بێیان . وە بە هۆیەکی کاریگەرانەی کەشەکردنی رۆشنبیری دانراوە ، کە ئەوجرکی کاریکاتە سەر تاکە کەسی و هەرچەندە کە تاك خۆی هێزی بزوتنی ئەو گۆڕانەیە ..

قوتابخانە لە سنوری دەزگاکانی کۆمەلو ئەو بنکەو مەلبەندانە دەرناچی کەراستەو خۆ دەورێکی کاریگەرانەیان بە باری پیشکەوتنی روشنبیری کۆمەلەو هەیە .. وە هەمیشە پالپشتی بزوتنەوەو فراوان بونی ئاستی رۆشنبیری قوتابیانەو لە هەمان کاتدا کار ئەکاتە سەر رۆشنبیری جەماوەریش .

ئەرکی کۆمەلایەتی قوتابخانە ئەوە فەرز ئەکات کە هەمیشە بەیوەندیەکی قوولی هەبێت لە نێوان پەیڕەوی خوێندنو جالاکیە پەروەردەییە گشتی بەکانو ئەو کۆمەلەی کە تیایا ئەژی .. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەو سەرنجدانی باری میژویی ئەو کۆمەلەوە هەیە .

وە بەراوردکردنی لەگەل باری ژیانی دۆزینەوەی ئەو هۆیە کاریگەرانە کە ژیانی بەرەو دوا رۆژێکی باشتر ئەبەن . چونکە ئەو پەیوەندیەی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوریانەی کە لە زروفی بەرەو پێش چونی کۆمەلگادا هەن بەردەوام کار ئەکەنە سەر شارەزاییو چالاکیو تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە .

وە ئەبێ ئەمرۆ قوتابخانە تاکە دەزگایەك بێ بۆ سەر هەلدانی روشنبیریو پەیدا کردنی هۆی گۆڕانو وەورشتو جۆرەکانی بیرکردنەوە ، بەلکو ئیستا چەند هێزو ئامرازی چالاکی تر هەیە کە زیاتر لە قوتابخانە دەوری کاریگەرانەی خۆیان ئەنوێنن وەکو : یەکێتی یەکانو رێکخراوە رۆشنبیری جەماوەریەکان .. کە ئەمانە بەهاریکاری قوول لەگەل قوتابخانەکاندا ئەبنە هۆی پەیدا بوونی شورشی پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو بزوتنەوەی سیاسیو رۆشنبیری میللی .

سەرچاوەی ئەم کورتە باسە

● في قيادة الشباب

● التربية الثقافية

پۆستەی قوتابیان ..

● **برایەکی قوتابی :**

نامەیەکی بۆ ناردوین پێشەکی ستایشی لابەرەی قوتابیانی کردوە ، لەکۆتاییدا ئەڵێ : تکایە هەرچۆن بوە ئەم بەرهەمم بۆبلاوبکەنەوە ، چونکە تا ئیستا ئەمە چەند جارە ناردومە بۆ هاوکاری بزم بلاوناکەنەوە .. ئێمەش پاش خوینداندنەوەی بەرهەمەکەی ئەڵێین .. کاکی برای ناهەقیان نیە بلاوی ناکەنەوە ، چونکە رێبازی نوسینەکەت لەناو چوار چێوەی رەخنەی دۆستانە چۆتە دەرەوە ..

● **قوتابی (زیرەك) ـ ئەنامەکەیدا ئەڵێ :**

خۆزگا گۆشەیەکتان تەرخان کردایەو بەتایبەتی بۆ نامەی قوتابیان بوایە .. کاکە زیرەك ! ئەوا خۆزگەکەت هاتە دیو بەلام ئەبوایە زووتر ئەم بیشنیارەت بکردایایەو سەرنجی ئەوەت بدایە کە ئێمە زۆر لە مێژە ئەم گۆشە یەمان کردۆتەوەو بە رەخنەی ئەڵێزاردەی جوار نامە .. تکایە ببورن بەرهەمەکانتان بلاوناکرێتەوە .

قوتابیانیشی تیا بلاوئەکرێتەوە ئەوا بەپێی توانا چاوەڕوانی بەرهەمی ئێوەش ئەکەین .

● **بۆ خاوەنی (نومرەکەم):**

خوشکی بەرێز ، ئەگەر ئەو سکالایەت بۆ خوشکێکی قوتابیت بکردایە ، چاکتربوو ، وەك لەوەی خۆت لەگەلدا ماندوو کردوەو کردوتە بەچیرۆك .

● **کاك توانا جەمال :**

بەرهەمە کەتمان پێگەیشت.. چاوەڕوانی بەرهەمی ترت ئەکەین .

● **بۆ خاوەنی (جۆرنك لەدنداری) :**

رەنگ بێ ئەو جۆرەدنداریە لە هەندێك شوینا هەبێ .. ئەوەندەی دەرئەکەوێ بەرهەمەکەتان کێشی بەلای (ساکار)یدا زیاتر ئەشکێتەوە بۆیە داوای لێبوردن ئەکەین .

● **برایان :**

ئەحمەد مەحمود ، خاوەنی نامەکەم ، هەستی ئەوین ، تکایە ببورن بەرهەمەکانتان بلاوناکرێتەوە .

کۆچی دوایی

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك شیروان محمد دزەیی هاوڕێمانەوە قوتابی پۆلی دووەمی ئامادەیی بازرگانی کە لە رۆژی ۲۹-٦-۱۹۷٦دا کۆچی دوایی کرد .. لقی یەکێتی قوتابیان لە هەولیر دلتەنگی خۆی نیشان ئەدات و سەرخۆشی لە هەمو خزم و کەس و دۆستانی ئەکات ، داوامان ئەوەیە ، یەزدان سەبوری بە خێزانەکەی و بنەماڵە کەیان ببەخشێ و ئارامگای هەمیشەیی رونا ك بێ .

– لیژنەی قوتابیان –

لێ پرسراوی لیژنەی رۆشنبیری هەولێر

باسی چالاکیەکانی یەکێتی ئەکات

بەبۆنەی کۆتایی ساڵی خوێندنی ئەمساڵەوە ، کاك جەمال دزەیی لێپرسراوی لیژنەی رۆشنبیریو راگە یاندنی لقی هەولیر باسی چالاکیەکانی لیژنەکەی کردو وتی :

لیژنەکەمان دوای ئەوەی ژمارەی ئەندامانی تەواو بوو قەوارەیەکی تایبەتی داگیرکرد لە ناو لقی یەکێتیدا ، ئەوەبو ئەندامەکانی لیژنە کەوتنە جموجولو کارامەییو لێهاتوی خۆیان نیشاندا و بونە جێگای رەزامەندی گشت لایەك .. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە لیژنەی مەلبەندی سکرتاریەت قەوارەی رێکخستنو سنوری کارکردنی بۆ دەست نیشان کردن .

لیژنە تا ئیستا (۱۱) بلاو کراوەی بنکەیی لە بارەگای لق دەرکردوە ، جگە لەوەش لیژنەی خوێندنگاکان تا ئیستا (۱۱۷)بلاوکراوەیان دەرکردوەو لە لیژنەکەمانەوە سوپاسیان بۆ رۆیشتوە .. لە دەورەی ئوردوگای دیدەوانی لیژنەکەمان چالاکی خۆی نواندوەو خەلاتی بەسەر هەندێك لە قوتابیە زیرەکەکان دا دابەش کردوە .. هەروەها لیژنەکەمان میهرەجانێکی فراوانی بە بۆنەی دامەزراندنی یەکێتییەوە لە ١٩ شوباتی ۱۹۷٦دا سازکردو ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیە لێهاتوەکان بەشداریان کردو زۆریان خەلاتیان تیا وەرگرت . وە لە میهرەجانە ئەدەبیەکەی سکرتاریەتدا کە بە بۆنەی لە دایك بونی حزبی سەر کردەوە سازکرابو لیژنەکەمان خەلاتی یەکەمینی وەرگرتوە . زوربەی لێپرسراوانی لیژنەکانی رۆشنبیری لە خوێندنگاکان بەشداریان لەو دەورە رۆشنبیریە کرد کە(١٠) رۆژی خایاند ، وە لەو کۆڕانەدا ئامادەبون کە لقی یەکێتی سازی کردون . هەروەها بە بۆنەی جەژنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانەوە لیژنەکەمان سێ بەیاننامەی ناوخۆی بلاو کردۆتەوە .

وە لەبارەی پەیڕەندیانەوە لەگەل دەزگاکانی رۆشنبیریەکانی شاردا وتی : پەیوەندیمان لە سەرەتادا کزبوو لەگەل دەزگاکانی رۆشنبیریو راگەیاندنی شارەکەدا ، بەلام ئیستا بە شێوەیەکی هەست پێکراو ئەم پەیوەندیە پەرەی سەندووەو زۆربەی ئەندامانی لیژنە کەشمان لە کۆمەڵە رۆشنبیریەکانی شاردا چالاکی خۆیان ئەنوێنن .

وە لە بارەی پرۆژەی ئەم بشودانەوە وتی : ئەم ماوەیە پێویستە مۆڵەتێك بێ بۆ کارکردنو بەرزکردنەوەی ئالای پیرۆزی رێکخراوە دیموکراتیە کەمان ، وە لەم بشودانەدا ئەم پرۆژانەمان هەیە : میهرەجانی جیرۆکی کورت بە بۆنەی یادی شۆرشی ١٧ی تەموزی نەمرەوە ، کردنەوەی دەوریەکی رۆشنبیری بەسەربەرشتی لقی یەکێتی. وە ئەمانەش بۆ دەستەی لقو لیژنەی مەلبەندی سکرتاریەت پیشنیار ئەکەین .. جگە لەمەش خەریکین نامیلکەیەك لە بارەی مەسەلەی کارکردن لە ریزی یەکێتییە پیشرەوەکەی قوتابیانی ناوچەی ئوتونومیدا چاپ بکەین .

ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئیستا قوتابیان زیاتر لە هەمو کاتێك لە دەوری یەکێتی کۆبونەتەوە چونکە کۆنگرەکە بەردەی لەروی خێلەکیەکان هەلمالی کە ببرو باوەڕی بەکێتیان بێشێل ئەکرد ، بە تایبەتی کە شۆرش دەزگاکانی ئوتونومی پتەو کردو حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی پیشرەو بایەخی بە دەوری رێکخراوە پیشەییو جەماوەریەکان داوە . وە لە بارەی کارە ناڕەواکانی ریژیمی لادەری سوریاوە وتی :

یەکێتیمان وەك رێکخراوێکی شۆرشگێڕانە لە مەیدانی بزوتنەوەی قوتابیاندا نارەزایی توندو تیژی نیشان ئەداو سەرزەنشتی ئەو کارەساتە خوناویە ئەکات کە ریژیمی بەکرێ گیراوی سوریا لە لوبنانداو خولقاندوێتی .. ئێمە هەمیشە پشتگیری ئەو هەنگاوە پیرۆزانە ئەکەین کە سەرکردایەتی حزبو شورش ئەیانێ .. وە ئێمە هەمیشە سەربازێکی رێگای ئەم شورشەین .

لە دوابیدا وتی :

با ، قوتابیان زیاتر کار لێك کردن بکەن لە یەکێتی وە هەموو کارو بیرو شێوازیان لەبەر روناکی بیرو باوەڕی شورشی تەموزو حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا بیت .

باشماوەی : شۆرش و ئاسۆی دوارۆژ ..

چر چر بێت ، چونکە ئەو ماوەیە هەمیشە لەیەك نەبچرانە مانای ئەوە نیە کە ئەرکە ستراتیژیە گەورەکان لە بلەیەکی دیاری کراوی ئەو ماوەیەدا دەسنیشان کرابێت..

چونکە ئەرکە ستراتیژیەکان هەمیشە ئەو روناکیەن کە رێگای بزوتنەوەی شۆرشگێری بەردەوام روناك ئەکاتەوە .. وە لە کاتێکدا پەیوەندی لە نێوان ئەو ئەرکەو ئەخشە مەرحەلیکاندا بسا .. ئەو ئەخشانە لە رێبازی ستراتیژی لا ئەدەنو ئەبنە تکنیکێکی کوێرانە ..

وە بە بلند کردنەوەی شۆرشی ١٧ی تەموز بۆ ئامانجە میژوییەکانی لە یەکێتیو سەربەستی و سوشیالیستیدا، بەو لێکدانەوەیەی کە بەشێکی بنەرەتیە لە شۆرشی عەرەبیدا بەوە ئامانجەکانی خۆی دەست نیشان کردوە ئەگەر ئەو ئامانجانەی دەستنیشان نەکردبایە ئەم دەستکەوتانەی ئەمرۆ ئەیان بینین ئەیدەتوانی بیان هێنیتەدی .

سەرەنجامی پەیوەندی شۆرش بە دوارۆژەوە چەند شتێك روون ئەکاتەوە ..

یەکەم :ـ ئەم شۆرشە وەك شتێکی نادیارو کوترانە بەرەو دوارۆژ ناچێت ، لەبەر ئەوە چاوەڕوانی شتی لەبڕو بێحساب ناکات . بەلکو بە ئاگاداری یەوە دەروانیتە دوارۆژو حیسابی بۆ هەمو رووداوێك کردوەو هیچی لەبیر نەکردوە .

دووەم :ـ شۆرش بە پێی پێوداتی شۆرشگێرانەیەکی شیکەرەوانە دەجولێتەوە ، بە پێورانی شۆرشگێرانەیەکی رەسەن چالاکی خوی ئەنوێنێت.

سێیەم :ـ شۆرش بەجۆرێك پەیوەندی لەگەل دوارۆژدا هەیە پەیوەندیەکە لە پچران نایەت . چونکە ئامانجە گەورەکانی شۆرشێکی بەم جۆرە رەسەن زۆر بەچاکی ئەزانێت و باش لەوە ئەیشتوە کە ئامانجەکانی بە چاو تروکانێك ، یا بیروریەکی سەربێی بۆ نایەتەدی .. شۆرشێکی بەردەوام هەمیشە پشت ، بەزانیاری ئەبەستێتو هەنگاو بەهەنگاوی خۆی ئەپێوێتو ئامانجەکانی بەچاکی دەستنیشان ئەکات .. چونکە بەلایەوە گرنك نیە لە رێبازەکەیدا دەنگدانەوەیەك هەبێت .. لەبەر ئەوەی نەو حالەتە مانای :ـ

یەکەم :ـ

نەبونی بناغەیەکی ئایدولوژی ، واتە ون کردنی پرۆگرامی شیکردنەوە .. بەهۆی نەبونی دیاردەی تیوری و ستراتیژیەوە .

دووەم :ـ

لیکدانەوەیەکی ساویلکانە کەوا بزانێت شۆرش باشەکەردانیەو یاساو سنوریکی ئەوتوی نیە کە بیخاتە چوار چێوەی پرۆگرامو ئیلتزامەوە .

« دەنگدانەوەیە »ی لە دەنگە لەبەر ئەوانە ئەو دەنگو قاوقیژ بەولاوە هیچی تر ناکەیەنێت زیانێکی کەورە لە رێبازی شۆرش ئەداتو توشی ماڵویرانیو کەوتنو روخانی ئەکات .

باشە چ رێگایەك شۆرش لەم بوارە رزگار ئەکات ؟ وە ئایا شۆرش ئامانجەکانی درارۆژێتیو لەبەر ئەوە دوا رۆژ ئەو مەیدانە فراوانەیە کە شۆرش ئامانجە گەورەکانی خۆی تیادا بە جێ ئەکەیەنێت .

چوارەم :ـ

شورش جولانەوەیەکە کە بەرەوپێش هەنگاو ئەنێت ، لیکدانی ئەم بزوتنەوەیەو بزوتنەوەی میژوو یەکێکە لە هۆکانی پەرەسەندنێکی فراوان وانە پەیوەندی شۆرش بە دوارۆژەوە پەیوەندیەکە مەنتقی گەشەکردنی زانستیانەی شت نەیسەلمێنێ .

پێنجەم :ـ

بزوتنەوەی شۆرشو بزوتنەوەی میژوو دووبزوتنەوەی سەقام یرن ، بە واتەی ئەوە ، بەربەرەکانی لە نیوان ئەو دو بزوتنەوەیەدا روو نادات ، چونکە میژو بەرەو پێشەوە هەنگاوئەنێت . وە شۆرشیش بەردەوام بەرەو پێشەوە ئەروات . لە بەینی ئەم دوو جۆرە بزوتنەوەیەدا ناشێت بەربەرەکانی روبات و رێگالەیەك ناکرن ، لە چوارچێوەی ئەم بزچونەدا پەیوەندی شۆرش بە دوارۆژەوە دەستنیشان ئەکرێ بۆیەکە دەتوانین بە دلنیایەوە بلێین کە شۆرش بەدەوام دەروات و لەرێگادا وەستانی بۆنی یەو راناوەستێت و ئامانجەکانی یەك لە دوای یەك دێنیتەدیو ئەرکەکانی بەجێ دەکەیەنێ .

شۆڕش و ئاسۆی دواڕۆژ

- بەشی ئینگلیزیەوە -

ئایا شۆڕش بەردەوام بەرێبازەکەیدا ئۆقەپەرێت ، بێ ئەوەی لێبکرێت هەوڵی تیاشکان و ڕوخانی بدرێت ؟ ئەگەر بیستادیاردەو بەڵگە خەباتیکی سەختی درێژخایەنی ئەوتۆمان هەبێت کە ژیانیکی بەرد وام و بێ کۆتایی بەیدات بە شۆڕش ، ئایا شۆڕش چۆن بە ئامانجەکانی دەگات و هەرکەشۆڕشگێڕیکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێت ؟ وەرامی ئەم پرسیارانە بێویستی بە وەیە، کە بزانین ، لەپێناوی پیدا شۆڕش بەرپاکراو لەو ئامرازی تیکۆشانە بگەین کە ئەرکی سەرکردایەتی و بەجێگەیاندنی شۆڕشی یان خستبوە ئەستۆی خۆیان .

بەناو هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەو ئاسۆو باوەڕێکی مەوزوعی‌دا .. ئەتوانین ئەو جێگایانە دەستنیشان بکەین کە ڕێبازی شۆڕش و ئاسۆی دواڕۆژی تیایە تەدی و دەتوانین هوی بەرپابونی شۆڕش بگێڕینەوە بۆ ئەو دۆخە نالەبارو زروفە بۆگەنەی بەهۆی دەسەڵاتدار و حوکمڕانە کۆنەپەرستەکانەوە وڵات دوچاری هاتبو هەروەها ئەو نالەباری‌یەی دۆخی ئەتەوەیی بەهۆی دەستدرێژی ٥ی حوزیرانی ساڵی (١٩٦٧)ەوە توش هاتبو . لەبەر ئەوە هەرگیز نابێت ئەومان بەخەیالدا بێت کە ستراتیژیەتی شۆڕش لە چوارچێوەی شۆڕشی ١٤ی ئەموزدا بەهەمان ڕێگادا ئەڕواتەوە و پشت ئەگاتە ئەو دۆخە ئەتەوایەتی‌یە شیرزەیەی ناوانەکەی ٥ی حوزەیران تووشی ئەتەوەی عەرەبی کردوە، ئەم کارانە ئەگەرچی شا باسی بروکرامیکی شۆڕشگێڕانەن . ئامانجێکی ئەوەی ستراتیژیەتی شورشی کرتۆتەوە ، بەڵام ناتوانی لە جێگای ئەرکە مێژوویە گەورەکان بێ بەڵکو بەشێکە لەو ئەرکانە ..

- هەندێ پرسیار -

شۆڕشێکی لەم چەشنە بایەخێکی مێژوویی ئەوەی یا بێت ، بێ کومان بزوتنەوەیەکی دژایەتی بەرامبەر دروست ئەبێت . کە بزوتنەوەیەکی چالاکو چەند لایەنی ئەبێ .. جا بۆچی .. وە چۆن ؟

شۆڕشێکی مێژووی هەوڵی بەدی هێنانی ئالوگۆڕێکی شورشگێڕانەی وا ئەدات کە شایستەی ئەوەبێت ئەو ناوەی لێبنرێت .. بیجگە لەو ئالوگۆڕە جۆر بەجۆرەکان (النوعیە) هیچ جۆرە گورانێکی‌تر شایانی ئەوە نیە ناوی مێژوویی لێ بنرێت . چونکە ئەمانە لە چەند کارێکی چاککردن (اصلاح) بەولاوە هیچی تریان لە دەست نایەت .

خۆمالی کردنی ئەوت و پێک هاتنی بەرەی نیشتمانی‌ی ئەتەوەیی بشکەو تنخیوازو دانانی باسای ئۆرگانۆمی و مۆر کردنی بەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لەگەل یەکێتی سۆفیاتدا و ئەودەسەکەوتانەن کە کارێکی بنەڕەتیان هەبووە چونکە وڵاتی بەجۆرێکی بیشکەوتوانە وێزایەوە بۆ قوناغێکی تازەی تێکۆشان . ئەم دەستکەوتانەش وەک چەمێک وان کە هەمو لقیکن لە چوارچێوەی کاری شۆڕشگێڕدا و هەمو ئەرژێنە ڕوبارە گەورەکەوە ، ڕوباری شۆڕش ١٧ی ئەموز ... کە شۆڕشە مێژوی‌یەکەیە، لیرەوە ئەتوانین وەرامی بەشی دووهەمی پرسیارەکە بدەینەوە کە چۆن دۆزمنانی شۆڕشی چالاکی ئەنوێنن و ئەو چالاکیەیان چەند لایەنێک ئەگرێتەوە ؟

لە سەرەتاوە ، ئەم بزوتنەوەیە ویستی خۆی بکات بەناو شورشداو لەوی هێزێک بۆ خۆی دروست بکات تا هەر کاتێک ویستی لە شۆڕش هەڵگەڕێتەوەو شۆڕش تێک و پێک بدات وەک هەوڵە گومان لێکراوەکەی « نایف » .

جا ئەم جۆرە ئەخشەیەوە بە هۆی هوشیاری سەرکردەو پتەوی ئەخشەی ستراتیژی و تاکتیکێکەوە پوچەل کرایەوە .. دۆزمنانی شۆڕش کەوتنە پیلان و کودیتانانەوە تا وایان لێهات ئەو پیلانانە لە دەرەوەی وڵاتەوە بهێنن (پیلانەکەی کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٧٠) ئەم شیوەیەش سەری ئەگرت و مایەپوچ دەرچو .. دوژمنانی شۆڕش ویستیان لەسەر ستورەوە بەهۆی جەو جۆڵی سەربازی‌یەوە شۆڕش ئەنگاو بکەن لە هەمان کاتدا تاقمێکیان لە سەرکردە گومان‌لێکراوەکانی ناو بزوتنەوەی کورد هانیدا تاکو یاخی ببن و سەرکەشی بنوێنن بە هیوای ئەوەی یەکێتی‌ی نیشتمانی بکەن بە دوو بەشەوە ..

لەگەل ئەم هەمو جەوجۆڵە پیلان‌گێڕی و سەربازی‌یەدا دەستو دایەرەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوچەکە بە هیوای شیواندنی شۆڕش و دورخستنەوە و تەریک کردنی کەوتنە بەندوباو بروپاتانە کردن دژی شۆڕش ، بەڵام ئەم هەمو پیلانانە هیچیان سەریان نەگرت و شۆڕش لە خەبات ئەوەستاو نە ڕویشتن ئەگەوت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتنی گەورەتری وە دەست هێنا .

- سەرکردایەتیەکی مێژوویی -

ئەم ئەنجامە وەنە بێ بەرکەت هاتبێتە کورێ و بەختەوەرانە ئامادە بوبن بۆلکو لەراستیدا ئەنجامی کارامەیی ئەو سەرکردە سیاسیە بوەو هەمو بەڵگە و نیشانەیەک ئەو ڕاستی‌یە ئەدرکێنێت کە سەرکردایەتیەکی مێژوویی ئەوەندە وریایە شایانی ئەوەیە سەرکردایەتی ئەتەوەکەیی بکات . چونکە توانی‌ویەتی بەردەوام شۆڕش بەرەو پێش بەرێت و وای لێ بکات هەمیشە لە فراوان بونابێ و دەستمایەیەکی شۆڕشگێڕانەی وەچنگ بکەوێت .

جێبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب سەرکردایەتی شۆڕشی گرتەدەست و توانی مەسەلەی ئالوگۆڕە شۆڕشگێڕیکان جێبەجێ بکات ، ئەمەش وای کرد کە دەستودایەرەکانی ئیمپریالیزم و دۆزمنانی شۆڕش زیاتر ڕوو لینە بەرامبەر شۆڕش پەیدابکەن . ئەوەش بیەوێت بکاتە ئەم ئەنجامە ڕاستیە گرانی نایەتە ئەنجام چونکە سەرنجدانە ئەنجامی سەرەکەوتنەکان و پیوانەکردنی ئەو ئەنجامە لەم بوارەدا بەڵگەو نیشانەیەکی تەواو ئەدەن بەدەستەوە وئەم ڕاستیە ساغ ئەکەنەوە . جا ئەمەش لە هەمو شت زیاتر ئەوانەی دڵ‌ئەتکو بێئارام ئەکرد کە ئەخشەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا ئەکێشن . چونکە ئیمپریالیزم ئامادەیە کە دەست خانە ناو دەستی ئەو بزوتنەوانەوە کە ڕوکاریکی کارچاکیان (اصلاحیە) هەیە .. یان ئەوانەی باوەڕیان بە (شۆڕشێکی نیوەچل) هەیە . بەڵام ئەو دەستەو دایەرانە هەرگیز ئەرم و نیانی لەگەل ئەو بزوتنەوانەدا نانوێنن کە دەیانەوێت ئالوگۆڕێکی تەواو بهێنن دی و ئەیەوێت « شۆڕشێکی تەواو » بکەیەنێت جێگا .

لە جۆری یەکەمدا داخۆزێکان لە کەوانەیەکی ڕوکەشیدا خۆیان ئەنوێنن .. چونکە کردەوەو ئەنجامەکانیان کاریکی تەواو ناکەنە سەر بەرژەوەندیکانی ئیمپریالیزم و زیانێکی کەورەی لێ ناخەن ..

بەڵام لە ڕووداوی دووهەمدا .. کردارە شۆڕشگێڕیکان بە جارێک مالی ئیمپریالیزم ویران ئەکات و بەرژەوەندیکانی ڕیشەکێش ئەکات .

لەم دوو ڕوانگەیەوە ئیمپریالیزم شت لێک جیاناکاتەوەو بۆیان ئەکەوێتە جم‌وجوڵ کردن .. لە ڕوداوی یەکەمدا ئەیەوێت هەموشتێک لەو سنورانەدا وەک خۆی بمەیەت هەلوێست لەوە گرتر نەبێت و بەردەوامیش هەوڵی ئەوە ئەدات کە پاشەکەشیان توشکات ناکو زیاتر جێگای خۆی خۆشکات . بەڵام لە شیوەی دووهەمدا هەوڵی ئەوە ئەدات کە شۆڕش بروخێنێت یا بەرەو سنورو جوغزی شیوەی یەکەمی بەرێت .

- پێشبینیت بە زانیاری بەستن -

تاقی کردنەوە سەماندویەتی کە بەردەوام شۆڕشەکەی ئیمە لە سەنگەری پێشەوەداو دەستەویەخە شەڕ لەگەڵ ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستاندا ئەکات و بەپێی ستراتیژیەتیکی دەست نیشان کراو سنوری ئەو جولانەوەیە دەستنیشان ئەکات .. لەبەر ئەوە ڕێبازە مێژوویی‌یەکەی هەمیشە بردلنیایی و جێگای مەترسی لێکردن نیە و مەترسی لادان و سەر شۆڕی لێ ناکرێت . ئەویستنی ئەم ڕوداوە .. بەرەو پێچەوانەکەیمان ئەبات !؟

بەو مانایەی ئەبەر قاوقیژو هاوار هاوار ڕێگای کەوتن و پوچەل بونەوەی باشەڕۆژ بێت .. ئایا مەترسی کردن لەوە دو دڵو ڕارامان ئەکات !!؟

لە کاری سیاسیدا وە بە تایبەتی کاری شۆڕشگێڕانە، شتێکی ڕاست نیە لە یەک گۆشەوە سەیری دوشتی لەیەکتر جیاواز بکەین وامان لێ بکات ئەوی تریان ڕەچاوکەین .. چونکە ئەم لێکدانەوەیە ئەو کارە لەوە بێبەش ئەکات کە بە چاکی ببزوێت و درزو کەلەبەری خراپیشی تیا دروست ئەکات بەو جۆرە کرداری شۆڕشگێڕانە ئەمەیە ئەتوانێت و وای لێ ئەکات توانای ئەوەی نەبێت کار بکاتە سەر واقیع ..

- دوو بۆچون -

بەم جۆرە کرداری شورشگێڕانە بڕێتی‌یە لە کاری بنیات نان کە بە ترانایەکی ڕێک و بێکخەرانەی پتەوئاسۆیەکی زانستیانەی مەوزوعی دەجولێتەوە . ئایا ئەوە ڕاستە کە ئەم کردارە بەم مەرجانەوە بە ئەنجامی کۆ کردنەوەی دوکاری لەیەکتر جیاوازی دا بنێین کە بەسەر ئەنجامی کۆکردنەوەکەدا بەشی کرابێ ؟

ئەم بۆچونە ڕوت و لێکدانەوە ئالی‌یە لەکاری شۆڕشگێڕانەدا دروست‌نی‌یە .. خۆ ئەگەر بەیرەوی کرا .. ئەوە ئەنجامەکانی وشک و زیان‌بەخشن .

بۆچونی دروست لە کرداری شۆڕشگێڕانەدا ئەو بۆچونە زرنگانەیە کە لە شتە جۆربەجۆرە لەیەک نەچوەکانی واقیعەوە ڕۆدە چێت و یاسایەکی زیرانە دێنێتە کایەوە و چوارچێوەی کێشەکان ئەکێشێت و دەستیان بەسەردا ئەگرێت و بەرنگاریەکی وایاندا بەرێت کە لەگەل کەشەکردنی واقیعدا بکونجێت و پێشکەوتنی تیادا بەدەست بهێنرێت .

ئەمە سیفاتی شۆڕشی وڵاتەکەی ئیمەیەو یەکێکە لە ڕوکەشە بنەڕەتیکانی . هەمو ئەو دەستکەوتە جۆربەجۆرانەی شۆڕش هێناونێتەدی لە ئەل ئەو جولانەوە مێژوی‌یانەیدا .. ئەئەتوانرا بهێنرێتە دی ئەگەر سەرکردایەتی شۆڕش ئەو وردبینی‌یە شۆڕشگێڕانەیەیان ئەبوایە .

بۆ نموونە .. بەشداربونی عیراق لە شەڕی شەشی ئەیلولدا و بەو گرانی و تورجی‌یەی کە لە بەشداربو .. وردبینی و مۆربینی شورشگێڕانە یەکەم جار لە بشی ئەو بەشداربونەوە .. خۆ ئەگەر عراق حسابێکی وشکی کردنی بۆ بەشداربونی خۆی کردایە لەو شەڕەدا ئەی ئەتوانی لە شەڕەکەدا بەشدار بێت ، بەو شیوەیەی کە تیایدا بەشدار بو .

ئەمە یەکێکە لەو دیاردانەی باڵمان بۆوە ئەنێت کە ئەوەو دوو پاتە بکەینەوە کە پاشەڕۆژی شۆڕشی ١٧ی ئەموز باشەڕۆژێکی پڕ کامەرانی و ڕوناک‌بینی‌یە و بۆ بەردەوامی و کەشەکردنە ..

- چەند خاڵێکی ترنگ -

هەر شۆڕشێک کە سور بو لە سەرمانەوە ئەبێت بزانێ لە پێناوی چیدا بەرپا بوە ، وە ئەبێت ئامانجە مێژوی‌یەکانی خۆشی بزانێت ، لەبەر ئەوە ئابێت ماوە لە نیوان سەرکەوتن وگەیشتن بە ئامانجدا ماوەیەکی

بڕوانە ل : ٨

داخوازیەکانی شۆڕشدا

لە چوارچێوەی

لەناو چوار چێوەی ئەوگۆڕانکاریە بنەڕەتیانەدا کە لەنەخشەی گەشەکردنی پێنج ساڵەی وڵاتەکەماندا دانراوە ، لەم دواییەدا بە گەرمی باسی گۆڕانکاری لە کاروباری بەڕێوە بردن‌دا کرا کە بە گورجی‌و بەتەواوی چارەسەر بکرێ ، ڕاپورتی سیاسی گەلێک لایەنی ئاشکرا کردوە کە لە ناو دەزگاکانی بەڕێوە بردن‌دا هێشتا گەلێک ڕواڵەتی ناڵەبارو نمونەی پاشکەوتن ماوەتەوە .. کە گیروگرفت لە ڕێگای گۆڕانی گۆڕەلایەتی‌و ڕوشنبیری‌دا دروستەکات ، ئەمەش بەهۆی چەندچۆرەتێگەیشتنێکی هەڵەوەبوە کە لە کاتی دەسەڵاتی بێگانەداڵە ناو دەزگاکانی بەڕێوەبردن‌دا بوە ..

وەکو بێسباردنی ئیشو کارو لێپرسینەوە بە مرۆڤێک کە توانای بەڕێوەبردنی ئەو کارەی نەبێ‌و لێی‌نەوەشێتەوە بان ئارەزوی بیروڕاتیانە لەناو دەرونی هەندێک لێپرسراوی بەڕێوە بەریەکانا بان لەناو چونی بەیوەندی دیموکراتیانە لە نێوان سەرۆکی دایەرەو کاربە دەستانا وە ڕون نەکردنەوەی ئامانجیان ئامانجە کانی دەزگاو دایەرەکان .. شاردنەوەو لەناو چون‌و بەپڕەو نەکردنی هەندێک ئامۆژگاری‌و باسای ناوخۆی دایەرەکان کە بە بیچەوانەوە کاری بێکراوەو بۆتە هۆی لەناوبردنی ڕوی زانستیانەی ئیش کردنە کەبان ئەمانە بونەتە هۆی لاوازکردنی بەڕوبومی دەزگا بەرێوە بەریەکان‌و شاردنەوەی چالاکیان‌و کەم بونەوەی توانای هونەری‌و بیشەیی وتێک چونی شیرازەی پەیوەندی‌یە بنەڕەتیەکانی ناو دەزگاکان . هەروەها دەستێوەردانی ئەرکی لێپرسینەوە لەناو وەزارەتێکدا لەلایەکەوە ، وە وەزارەتەکانی تر لەلایەکی ترەوە .. کە ئەمە ئەبێتە هۆی دروست کردنی گیروگرفت لە ڕێگای بە ئەنجام گەیاندنی بچوکترین کاردا لە جیاتی ئەوەی کە ئاسانی بکات .

وە لەبەر نەبونی زەمینەیەکی باشی کارکردن لە زوربەی دایەرەکانا جگەلەو ڕوتین کاربە کە هەڵو کاتو بەت بە فێڕۆ ئەدات .. وە باوەڕ نەکردن بە ناوەڕۆکو جێبەجێ نەکردنی ئیش‌وکار بە زۆر لاوە ، کەمی ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کەئەرکی لێ ڕسیو وەیان لە ئەسپردایەو نەبونی هاریکاری‌و ئالوگۆڕنە کردنی توانای شارەزایی لە بواری بەڕێوە بردن‌دا کە لەگەل ئەخشەی سیاسی وڵاتانی عەرەب‌و دەوڵەتانی براماندا بگونجێ . وە لەبەر نەبونی چەند لایەنێکی تایبەتی تەرخان کراو کە ئەرکی گۆڕینی ئەم بەڕێوە بردنە بگرێتە ئەستۆی خۆی‌و لەم ڕووەوە لێکزلینەوەو بیشنیارەکانی بیشکەش بکات . هەروەها بەراورد نەکردنی ئەرکی فەرمانبەریش‌و ئەو کەسەی کە بەڕێوەی ئەبات‌و دانانی کەسێکی نەشارەزا و ئاهاتو لە جێگایەکی بەرزدا بان ئیش نەسباردن بە مرۆڤی لێهاتو ئەمانە هەمویان ئەبنە هۆی لاوازکردنی ڕەوتی دەزگا بەڕێوە بەریەکان .

بەگومان بۆ ئەوەی ڕوالەتی بەڕێوە بردنی دەزگاکان بەپێی خواستی ئیستامان لە بنەڕەتەوە بگۆڕێ‌و بوستە بەیرەوی ئەم دیاردەیە بکرێ :

١ - ئەبێ فەرمانبەر ئەگەر بەر لە هەموشتێک هاوڵاتی‌یەکی بەپێی دلسۆزی‌و بلەی هاووڵاتی‌یەتی ئەرکی فەرمانبەرێتی‌و ڕەوشتی بێ بسپێردرێ .

٢ - ئیش‌کردنی فەرمانبەرێتی دەورێکی کاریگەرو سەرکردانە ئەبینێ لە گەیەندا وە بە پەلە لەناوناچێ .

٣ - کارکردنی فەرمانبەرێتی کاتێکی بەنرخە کە لەو ماوەیەدا پلەی مرۆڤایە تیمان دەرئەکەوێ وە هەر لەو کاتەدا ڕەوشتی شارستانیەتی نیا تازە ئەکەینەوە .

٤- کارکردنی فەرمانبەرێتی وەکو بردێک وایە کە لەو ماوەدا بەهۆی ئەو کارکردنەوە ئەگەینە گەمەڵو لە پێناوی گەمەڵی عەرەبا بەکاری دێنین.

٥- کارکردنی فەرمانبەرێتی تاقی کردنە وەیەکی مرۆڤایەتی‌و ڕەوشتی تاقە کەسی فەرمانبەرەکەیە کە بەستراوە بە ڕەوشت‌و مرۆڤایەتی‌یەوە کە بەپێی ئەو ڕەوشت‌و دەرونەی خزمەتی نیشتمان‌و ئەتەوەکەی بکات . وە لەبەرئەم ڕوناکیەو هەموو ئەو ڕوناکیانەی تری شورش‌دا پێوستە هەمو ئەو پێشینیارانەی کە بۆ چارە سەرکردن‌و گۆڕینی دەزگای بەڕێوە بردن‌دا

بیشکەش کراوە سەرنج بدرێ‌و ئەمانەی خوارەوەیان ئەبنە بنەڕەتی ئەو گۆڕانکاریە:

١ - ڕوبێوکردنێکی گشتی گیروگرفتەکانی بەڕێوە بردن لەبەر ڕوناکی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەداو سەرنجدانی ڕیشەو هۆی گیروگرفتەکان‌و بەپەوەندی‌و داچونیان بە ئاخی مێژوو کۆمەڵدا ، چونکە ئەگەر بناغەی گیروگرفتەکە نەدۆزرێتەوە چارەسەر ناکرێ .

٢ - پێویستە بنکەیەکی ناوەندی‌و نەخشەیەکی لا ناوەندی جێبەجێ کردن دابنرێ‌و بەپێی ڕێبازی زانستیانە چارەسەر بکرێ ئەك هەر بەدروشم .

٣ - دڵنیابون لە سەردانانی سنورێکی نەگۆڕاو لەبارەی بەپەوەندی وەزارەتەکان ودەزگاو دامەزراوە جۆر بە جۆرەکان بە یەکترەوە کە دەسکاری کاروباری ناوخۆی یەکترنەکەن

٤ - ڕێگا نەدرێ کە میانیای زۆر دابمەزرێ بەڵکو چەند دامەزراوێکی یەکگرتو دامەزرێ بۆ ئەوەی کادری شارەزاو لێهاتری تەواوی هەبێ بەڕێوەی بەرن .

٥ - ئەوەندەی کە باش بێ ناوی دەزگاو دایەرەکان بەك بن‌و بەڕێوە بەریەکانیان لە یەك بچن وەکو : بەڕێوە بەریتی گشتی یان دەزگا وەیان دامەزراوو .. وە بەڕێوە بەریەکانیان وەکو : بەڕێوەبەری گشتی یان بەڕێوەبەری دەسەڵات ئەدراو یان سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوە بردن یان .. ئاوا لەم جۆرە ناوانە .

٦ - گۆڕینی باساکانو دانانی باسایەکی یەکگرتو - کە ئەمە جەوهەری باسەکەیە - چونکە هەندێک باسا کە کاری بێئەکرێ باشماوەی سەردەمی کۆنەو ڕێگا لە هەمو گۆڕانکاریەك ئەگرێ ، ئینجا گۆڕینی ئەو یاسایە مەرجێکی بنەڕەتی ئەم قوناغەیە .

٧ - خولقاندنی زەمینەیەکی تازەی لەبار لە هەمو ڕویەکەوە لەگەل بایەخدان بەو زەمینەیە کە کار ئەکاتە سەر بەرهەم هێنانی دەزگا بەڕێوە بەریەکان وە بێویستە هۆی گواستنەوە مسۆگەربکرێ بۆ ئیشکەرەکان بۆ ئەوەی زوبگەنە سەر ئیشەکانیان‌و بگەڕێنەوە ماڵەوە جونکە لەم کاتەدا سود لە جالاکی سەرەتای دەوام‌و کۆتایی دەوام وەرئەگیرێ .

٨ - بەهێزکردنی پەیوەندی مرۆڤانەی باش‌و ئاراستە کردنی لە پێناوی خزمەتی بەرهەم هێناندا .

٩ - کەم کردنەوەی بلاوکراوەو ئامۆژگاری بۆ مەبەستێکی گرنگ‌و بایەخدار نەبێ ئەویش تا ئەکرێ بەکورتی بێ . وە زۆر بایەخ بە پەیوەندیەکانی ڕێکخستنی بدرێ لەناو دایەرەکان‌و بەپێی ڕێبازێکی زانستیانە سەرلەنوێ چاوی بیابخشێتەوە .

١٠ - بایەخ بە بەشداربونی ئافرەتان بدرێ‌و ئەرکی بەڕێوە بردنیان پێ بسپێردرێ کە لەگەل توانایانا بگونجێ - چونکە ئافرەت لەم یاسایەدا ئەبێ هەموو مافێکی بیاوانیان بدرێتێ‌و وە بوارەکانی کارکردن لە هەمو لایەکەوە بکرێتەوە ، وە نابێ ئەو ئافرەتەی کە لە ئەنجامی گیروگرفتەکە ئەدۆزرێتەوە چارەسەر ناکرێ .

١١ - کارکردنە سەر لێپرسینەوەی تاقەکەسی بەڕێوە بردن‌و گۆڕان‌و لابردنی بەشێوەیەکی ڕەواو ئیجابیانە کە هەست بەلێپرسینەوەو ئاڕەزوی کارکردنە بکات بۆ ئەوەی ڕەوشتی مەلبی نەمێنێ ..

١٢ - بەهێزبونی پلەی پێناوەندی (اللامرکزیة)چونکە ئەمە ڕێگایەکی تازەو کاریگەرە بۆچارە سەرکردنی گیروگرفتە ناوخۆیی‌و تایبەتیەکان لە هەمو دەزگاکانا جگە لە سودان وەرگرتن یان لە ڕوی کاروبەیەندی‌و دیاری کردنی دەسەلات‌و لێپرسینەوەیان‌دا .

١٣ - ماوە بدرێ بە ئیشکەرەکان کە بیشنیارو ڕەخنە کانیان لەبارەی هەر کارو ئیشێکەوەبێ بیشکەش بکەن کە بەپەوەندی بە دەزگای بەڕێوە بردن‌و ڕێبازی بەڕەو باشترەوە هەبێ ، وە لە دایەرەکانا چەند کۆمەڵێک لێژنەیەك پێك بێن بۆ لێکزلینەوەی ئەو بیشنیارو ڕەخنە گیراوانەو بەراورد کردنیان‌و هەڵبژاردنی باشە کانیان‌و جێگەکردنیان لە دوای لێکزلینەوەو بریار لەسەردان لەلایەن لێپرسراو بەرزەکانی بەڕێوە بردنەوە .

Institut kurde de Paris

خزمەتی گوزاری تەندروستی لە هەموو ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا



د. زیوەر

د. مظفر

ئوتومبیلەکان بە خێرایی‌ئەڕۆن ، ڕێگاکە بەنێوان گردەکانو بەناو دەشتەکاناتی ئەبەڕێ ..

ڕێگای دەربەندیخان ، بەناو گوزەرگای سەوزابەکانو نێوان گردەکانا تێ ئەپەڕێ ، ئەمبەرەو ئەوبەری ڕێگا چاو ئەندازی دلگیرو جوانە ، ڕێگاکە بە شانی روبارەکەدا سەر ئەکەوێ‌و نزم ئەبێتەوە

دەربەندیخان

● شارێکی بچکۆلانەیەو لە باوشی کۆمەلە شاخێکی بەرزدایە ، شەقامەکانی رازاوەتەوە .. ئوتومبیلەکەمان لە لای چەپەوە وەستا، لای مەلبەندی تەندروستی‌یەوە ئەم مەلبەندە چوار دکتورو سێ ستەرو بەر دەستی دکتورو سێ پزیشکی دەرمانخانەی تیایە ... لەم مەلبەندەدا ڕۆژی ١٥٠ ـ ٢٠٠ کەس داوو دەرمان وەرئەگرن‌و چارەسەری نەخۆشیەکانیان ئەکرێ ، جگە لەوە کە جارو بار چەند تیمێکی گەڕۆك بە ناوچەکەدا ئەگەڕێن بە ناوچەکانا داوو دەرمانی تەواو لە گەل خۆیانا ئەبەن چارەسەری نەخۆشەکانی دەرەوەی شارەکە ئەکەن .

بەیانیان ئیشی تیا ئەکرێ‌و ئێوارانیش عیادەی تەئمینی پزیشکی هەیە وەلەم دوایەیدا لە شارەکەدا مەلبەندێکی سەربەرشتی کردنی دایکان‌و منالان کراوەتەوە ، وەئیستا خەریکی کردنەوەی قوتابخانە یەکی بچکولەن بۆ کاتی پێویستی .. وەئەمە یەکەم مەلبەندی تەندروستی‌یە کە لە ئەشتەکەمانا توشی بوین .. هاوولاتیەکان لیرەدا زۆر لە مەلبەندەکە رازین دوای ئەوە چاومان بەدەریاچەجوانکیلەکەی دەربەندیخان کەوت ..

دوای ئەوە گەیشتینە دەشتی شارەزور ، تا چاو بڕ ئەکات سەوز ئەنوێنێ .. چەند لافتەیەکی سەوزمان دی لەسەریان نوسرابو (دەزگای شارەزور) بە هەردو بەری ڕێگاکەدا داکوترابون ، شورش جێگا دەستی لیرەدا دیارە .. هەندێکمان بە دیمەنە جوانە کانەوە خەریك بوین‌و هەندێکمان ئیلهامی شیعری بۆ ئەهات ، بەم لاو بەولادا گورانی‌یان ئەوت ..

● **ئەوەندە دنگیبوو هەستت بە سبەینێ ئەکرد بەر لە وەی بت گاتێ ئەمەش رواڵەتی هەستو هەوەستی خۆتی دەر ئەخست ، زامنی ئەوەی ئەکرد کە سبەینێ بەختیارترو باشتر ئەبێ .**

● **بەسەر چیاکانەوە ، وەلە شوێنە دورەکانا ئالای وەزارەتی تەندروستی ئەشەکایەوە ..**

● چاومان بەو هەموو مەلبەندە تەندروستیانە کەوت لە ناوچەکەدا کە تا چ رادەیەك پێشکەوتوەو ئەو هەموو کەرەسە پزیشکی‌یە تازەیە کەبۆ خزمەتگوزاری خەلك دانراوە ، زوربەیان بێ وێنەبون وەکو ئامێری نەخشەی دل‌و ئامیری میکروب گر .

● لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە وەزارەتی تەندروستی چەندە بەتەنگ پیشکەوتنی باری تەندروستی هاو ولاتیە کانەوەیەو بە ئاسان ترین شێوە چارە سەریان ئەکات ،

ئەوە دەرکەوت کە شوێنیك باش بێ ئەکری بەمەلبەند . وەکو :

● لە مێرگەسور کۆشکێکی گەورەی یەکێك لەو دەرەبەگانەی کە لە دەست دادیە رەوەری رای کردوە کراوە بە نەخۆشخانە ، وەبەمە مالی گەل بۆ تەوە بەهینی گەل .. وەبەمە وەزارەتی تەندروستی بە بەردێك دو جۆلەکەی کوشتوە ..

● نامەخانەیەکی بشت گوێ خراو لە پینجوێن کرا بە نەخۆشخانە چونکە خزمەتگوزاری تەندروستی بە بەرژەوەندی بۆیست بو .

● بەکێشی گشتی ئەقابەی کرێکاران لە دهوك خانوەکەی خۆی بەخشی کە بکری بە عیادەی گەلی .

ئەم نمونانە کە وەزارەتی تەندروستی پێشکەشی کردون لە گەل لایەنەکانی ترا ئەمانە هەمویان بەلگەی ئاشکرای ئەوەن کە خزمەتگوزاری تەندروستی بە باشترین شێوە گەیشتۆتە دورترین ناوچە .

● هەروەها ئەوەمان دی کە وەزارەتی تەندروستی هەماری گەورەی ئاوی خواردنەوەی بەسەر لادێکانا دابەش کردوەو بە ئوتومبیل ئاویان بۆ ئەبەن .. وەلەم دوایەیدا کەرەسەی شوێنی دەست شورین بەسەر هەمو لادێکانا دابەش کراوە .

● ئەوەمان دی کە تاقیکردنەوەی عیادە گەلیەکان لە ناوچە کانا زۆر سەرکەوتوە وە لە مەودوا لەو شوێنانەدا عیادەو دەرمانخانەی تایبەتی نابینرێ .

● لێپرسراوان هیچ جۆرە نەخۆشی‌و دەردو داوێکیان لەو ناوچانە نەهێشتوە هەمویان لەناو بردون .

● هەرچیمان دی تەمەنی لە دەورو بەری سالێك‌و چوار مانگدا بو وانا لە دوای لەناو بردنی تاقمە بەکرێ گیراوەکەوە دامەزراون :

نایا ڕەوایە ئەوەمان لە بیر بچێ کە مرۆڤ بە کۆل داوو دەرمان بە ناوچەکەدا بگێڕی‌و بگاتە ئەو شوێنە سەختانەی کە تەنانەت ڕێگای ولاخیش نایگاتی لەوێ خزمەتی جەماوەر بکات ..

لەم ڕووەوە هەر جۆن باسی بکەین نمونەی ژیانی مرۆڤێکی تازەی عیراق ئەخەینە بێش چاو . ئەو مرۆڤەی کە لە سەر ڕێبازی سەرکەوتوانەی شۆرش هەنگاو ئەنێ .

ڕەنگ بێ ئەوانەی ڕەخنە ئەگرن بڵێن : هەرچی کە لەوێدا هەیە هەموی هاتۆتە بەرهەم ئیتر بۆچی مەلبەندی تەندروستی‌و تیپی گەڕوك لە لادێکانی هەولیرو سلیمانی‌و دهوکدا ئەکرێتەوە .

لە واقیعدا ئەم جۆرە ڕەخنانە بایەخیان نیە .. لەبەرچی ؟

لەبەرئەوە لە سەردەمو دوای لەناو چونی تاقمە بەکرێ گیراوەکە ماوەی ئەوەنە ئەدرا کە ئەم خزمەتگوزاریانە بەرێك‌و یێکی پێشکەش بکرێ چونکە تاقمە بەکرێ گیراوەکە لە هەمو ناوچەکەدا مەلبەندە کانی تەندروستی‌یان وێران کردبو وە هیچ شتێکی وایان لە شوێن خۆیان بەجێ نەهێشتبوو کە سودی لێ وەربگیرێ . لە بەرچی ؟ لەبەر ئەوەی فەلاحەکان بە ئەخۆشی‌و کەم توانایی‌یەوە بمێننەوەو توانای بیرکردنەوەو داهێنانیان نەبێ . وەئەمەش لە بەر خاتری کێ ؟ ئەمە ڕواڵەتی ناوچەکە بوو لە ماوەن بونی تاقمە بەکرێ گیراوەکەدا ، هەرگیز چارە ڕوانی ئەوە نە ئەکرا بەم جۆرەی ئیستا بێش بکەوێ تا ماوەیەکی بەسەرا تێ بەڕی ، بەلام شورش بە هەمو توانایەوە ئەو کەلەبەرە دوا کەوتوانەی لە هەمو ڕوبەکەوە پڕ کردەوە .

● چەند جار بارهەلگری گەورەی پڕ لە داوو دەرمان لە بەغداوە بەرەو ناوچەکانی زورو ڕوبشتوەو بارەگای سەفەری ئامادە کردوەو چوە بەبیری ئەو کەسانەوە کە گەڕاونەتەوە کە ئەمەش ئەرکێکی زۆر گرانە .

● ئەتوانین بڵێین ئەوانەی ئەوانەتەوە لە ٨٠٪ی‌دوچاری نەخۆشی گران‌و سامناك بوبون وە جێگای سەرسوڕمانە کە چۆن وەزارەتی تەندروستی لەو کاتە بەلەو ئامانەدا چۆن توانی بەرەنگاری ئەم هەمو نەخۆشی‌و دەردو داوە ڕابوەستێ‌و چارە سەری ئەم هەمو هاو ولاتیە نەخۆشە بکات .. وەئەمە کارێکی تەواو بڕ لە دلسۆزی‌و ماندوبونە .

دوای ئەوە قۆناغی ئاوەدان‌کردنەوەی ئەو شوێنانە دەستی پێ کرد کە وێران کرابون ، هیچ کەس باوەڕی نەئەکرد کە بەبێ ماوەی ٣ـ٤ سال وەزارەتی تەندروستی بتوانێ بەم جۆرە جێگای خۆی بگرێتەوەو ئەم هەمو خزمەتگوزاریە تەندروستیانە بۆ هاوولاتیەکان مسۆگەر بکات .. بەلام بەپێی ئامێژگاری سەرکردایەتی سیاسی لەماوە یەکی کورتی جاوەڕێ نەکراوا گەلێك هەنگاوی گەورە گەورە لەم ڕووەوە نرا .

پیشکەوتنی بەشی تەندروستی لە ناوچەی ئوتونومی‌دا بە چەند قۆناغێکدا تیپەڕیوە . شۆرش بۆ گەشەپێدانی تەندروستی لە ناوچەکەدا گەلێك توانای خستە کارو جگە لە پێویستیە تەندروستیەکان بە ئەندازەی پێویست کادری تەندروستی بۆ بێ گەیاندن ، بۆ نمونە لە ٣٧ پزیشکی شارەزای خاوەن دبلوم کە لەم دوایەیدا دەرچون ١٦ پزیشکیان بەر ناوچەی ئوتونومی کەوتوە .

● **دکتور مظفر یونس الحسینی ..**

سەرۆکی تەندروستی پارێزگای دهوك باسی ئەوەی کردوە کە لە سالی ١٩٦٥ دا تەنیا یەك پزیشك لە دهوك هەبوە ، وە لەو کاتەدا بڕین پێچەکان سەربەرشتی نەخۆشخانە کانیان ئەکرد ، بەلام ئیستا نزیکەی (٤٠) پزیشك کە لە هەمو ڕوبەکەوە شارەزاین هەیە . وەنابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لە ماوەی سالێك‌و چوار مانگ بەسەر لە ناوبردنی تاقمە بەکرێ گیراوەکەدا ئەمانە کراوە . وەئیستا قوتابخانەی فێرکردنی برین پێچاندنی تیایە، وە لە نەخۆشخانەی کوماری لە هەولیر ٧٠ برین پێچی تیایە ئینجا ئاخۆ ئەبێ ناوچەکە هەموی چەندەی تیایێ . .

● **دکتور محمد زێوەر شریف ئەڵێ :**

ئەو گەشە کردنەی ناوچەکە لەباری تەندروستی‌دا بەپێی ئەخشەی دیاریکراوو بڕیارو ناوەڕۆکی ڕاپورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبە .

● وە لە ئەنجامی ئەو یارمەتیدان‌و دلسۆزیەی کە سەرکردایەتی سیاسی یارمەتمان ئەدات‌و ، ئامۆژگاریەکانی سەرکۆمار مهیب احمد حسن إلبکرو ئەو پیا چونەوەو بایەخدانەی بەرێز وەزیری تەندروستی کە خۆی سەربەرشتی هەمو پرۆژە تەندروستیەکانی ناوچەکە ئەکات لە دوای سەقامگیر بونی ئاسایش تیایا ... کارو باری تەندروستی گەلێك پێشکەوتوەو گەلێك مەلبەندو بڕۆژەی تەندروستی لە ناوچە کەدا کراوەتەوە .

وە هەروەها باسی ئەوەی کردوە کە گەلێك پڕۆژەو مەلبەندی تەندروستی بە هۆی وەزارەتی ئیش‌و نیشتە جێوە کراوەتەوە .. هەروەکو کەرەسەی پزیشکی‌و داوو دەرمانێکی زۆری بەمەلبەندە کانی تەندروستی داوە ، وە چەند لایەنێکی تریش یارمەتی تایبەتیان بۆ ئەم دەزگاو مەلبەندانە تەرخان کردوە لە ناوچەی ئوتونومی‌دا وەکو وەزارەتی تەندروستی‌و لیژنەی بالای کاروباری زۆررو ، لیژنەی بیاچونەوەو ئەنجومەنی تەنفیزی ..

● وە لە بارەی کاروباری چارە سەرکردنی نەخۆشیەوە لە ناوچەکەدا دکتور سعدون خلیفە بەرێوەبەری گشتی سەربەرشتکارانی تەندروستی وتویە : ناوچەی ئوتونومی لە مەوبەر لە بارێکی گرانو ئاهەموارا ئەژیا ، وەماوەیەکی زۆر لە روی تەندروستیەوە زۆر دواکەوت ، وە لە دوای لە ناوبردنی تاقمە تاوانبارەکە وەزارەتی تەندروستی گەلێك هەولی دا بۆ بنە بڕکردنو چارەسەرکردنی هەمو نەخۆشیانەی کە بەر لەم ڕۆژگارە پەیدا بوبون . (مەلاریا) لەرزوتا یەکێك بوو لەو نەخۆشیانەی کە وەکو میراث لە ناوچەکە دا مابێوە .. وەزارەتی تەندروستی بڕۆژەی ئەهێشتنی مەلاریای دامەزراند بۆ ئەم مەبەستە چەند تیمێکی گەڕۆکی داناو بەناو چەکانا دەستیانکرد بەلەناوبردنی ئەم نەخۆشیە ، وە بەهاوکاری هێزە چەکدارە قارەمانەکان توانیان بکەنە هەمو شوێنێکی ناوچەکەو بەربەستی ئەو نەخۆشیە بکەن .

● وەلەبارەی بەجێ هێنانی زامن کردنی تەندروستی‌یەوە لە ناوچەی ئوتونومی‌دا دکتور عبدالمحسن الخفاجی سەرۆکی دەزگای گشتی زامن کردنی تەندروستی‌و تەندروستی لادێکان ئەڵێ : لە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەی ئاسایشەوە بۆ ژوروی ولاتو لە ناو بردنی تاقمە بەکرێ گیراوەکە هەمو لق‌و مەلبەندەکانی ئەم بەشە کرایەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە چەتەکانی مەلای بەکرێگیراو روخاندبویان . وەبە گورجی ئەو مەلبەندانە ئاوەدان کرانەوەو کەرەسەو ئامێری تازەی تەندروستیان بۆ دامەزرا داوو دەرمانی زۆریان تیادانان ، بۆ ئەوەی چارە سەری نەخۆشی ڕولەکانی گەل بکەن ، کە لە مەوبەر لەم خزمەتگوزاریە بیبڕۆزە بێ بەش بو . هەروەها چەند عیادەیەکی پزیشکی ئێواران لە ناوچە جۆربە جۆرەکانا کرانەوە وەباشترین چەشنی ئامێری پزیشکی‌یان تیا دانرا . وەچەند ئوتومبیلێکی نەخۆشخانە بۆ ناوچەکان تەرخان کران .

هەروەها لە بارێزگاکانی هەولیرو دهۆك‌و سلیمانی چەندتیمێکی تەندروستی لادێکان پێك هاتوەو بەناو چەکانا ئەگەڕێن بۆ ئەوەی هاوولاتیەکان لەو نەخۆشیانە ڕزگار بکەن کە لە مەوبەر دوچاری بون ، ئەم تیمانە ئەشیعەی نەخۆشەکان ئەگرن‌و دەرزی‌یان لێ ئەدەن‌و داوو دەرمانیان ئەدەنێ‌و ئامۆژگاری خۆپارستنیان ئەکەن شیر ئەدەن بە منالەکان‌و هەول ئەدەن زۆرتر خزمەتگوزاری تەندروستی پیشکەش بە هاو ولاتیان بکەن .

لە بیرەوەریەکانیانا

لە ژیانیانا ڕۆژو .. یاسا

لەبەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی مانگی ئابی ١٩٧٥ تیشکی خۆر هەر وەکو ڕۆژەکانی تر بە ناوچەکەدا پەخش بوبێوە ، شەمالی ئازادی لەژێر سێبەری شورشدا هەلی کردبو ،لەناکاو چەند فڕۆکەیەکی هلیکوپتەر لە ڕوی ئاسمانا پەیدابون ، زۆر بە نزمیەوە ئەسوڕانەوە ،لەناو ئەم فڕۆکانەدا چەند کەسێك هەبون کە ئامێری ڕوبەڕوکردن‌و نەخشەو ڕونوسکی تازەی یاسای ژمارە(٩٠)یان پێبو کە ئەم یاسایە سنور بۆ خاوەندارێتی ملك‌و زەوی‌وزار دائەنێ لە ناوچەی ئوتونومی‌دا ..

ئەو کەسانە ، ئەندامی لیژنەکانی لیکۆڵینەوەو دابەشکردن‌و تیپەکانی ڕوبێوکردنی زەوی‌و زاربون کە ئەچون بۆ لادێ وناوچەکانی پارێزگاکانی ئوتونومی بۆ ئەوەی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

٩ مانگ دیاریکرا بۆ ئیش‌و کاری دەست بەسەراگرتن‌و دابەش کردن . وە بڕیار وابو لە مانگی ئایاری ڕابوردودا ئەواو بکرێ ، بەلام ئەم ماوەیە بێنج مانگ کورتی کرد. بەهۆی ئارەزوی شورش‌و مرۆڤی‌تازەوە زەوی خێروبێری بەخشی لە جیاتی وشك بونەوەو مردن .

خێزانەکان یەکەمین جار ئەبنە

خاوەنی زەوی وزار

بۆ یەکەمین جارە کە ئیستا بەنجا هەزار خێزان بونەتە خاوەنی زەوی‌و زاری خۆیان لە پارێزگاکانی هەولیرو سلیمانی‌و دهوك ، بەپێی یاسای ژمارە (٩٠) کە دەستی بەسەر زەوی‌و زاری دەربەبەگ‌و ئاغا کانا گرتو دای بە فەلاحەکان کە خاوەنی شەرعی زەوی‌و زارەکانن .

بەرێز بشیر ئەتروشی ئەمینداری گشتی کشتوکال‌و چارە سەرکردنی کشتوکال لە ناوچەی ئوتونومی وتویە :ئەم یاسایە وەکو خەونێك وابو بۆ فەلاحەکان بەلام لەسەردەمی شۆرشدا هاتەدی ..

هەروەکو بەرێز حنا بویا سکرتیری یەکیتی ناوچەیی کۆمەلە فەلاحیەکان لە هەولیر باسی یاسای ناوبراوی کردوە وتویە : (ئەمە بەختیاری تەمەنە) بۆ فەلاحەکان،تەنانەت هەندێك لە لادێکان بە بۆنەی وەرگرتنی سەندەکان شایانەیان گێڕاوە .

ئەنجامی یاساکە

باشترین دەسکەوتبو ..

ئیستا فەلاحەکان بونەتە خاوەنی زەوی‌وزاری خۆیان هەمو پارچەیەکی کراوە بە دەخل ودان ..

ئەمسال ٣ ملیون دونم لەو زەوی‌و زارانە کراوە بە گەنمو جۆ وە بەم نزیکانە درونە ئەکرێن ..

فەلاحەکان ٧٦١ هەزار نەمامی میوەیان وەرگرتوە کە بی نێزن بۆ ئەوەی بەروبومی میوەجاتی ناوخۆ بەشی دانیشتوان بکات .

٥٠ هەزار سەر مەڕ بەسەر کۆمەلە هەروەزکاریەکانا دابەش کراوە بۆ ئەوەی سامانی ئاژەل زیاتر گەشە بکات‌و پەرەبێنێ .

٩٩ هەزارو ٥٦٨ دونم زەوی دەرمان ڕێژ کراوە بۆ ئەوەی ئەو ئافاتەی تیایەتی بیکوژێ .

ئەم یاسایە کەلەبەری ئەو زیانەی بۆ فەلاحەکان پڕکردەوە کە لە ڕابوردودا لێیان کەوتبو بەو هۆیەوە کە زەوی وزارەکان بە دەست ئەوانەوە بون کە چەکیان پێبوو وەفەلاحەکانیش بێ بەش بون لێی ..

بروانامەکان

هادی فەقێ سلیمان .. فەلاحە لە ناحیەی (خەبات)، شۆرش بەپێی ئەم یاسایە ٨٠ دونم زەوی پێداوە ، ئەویش چاندوێتی بە گەنمو جۆ ... ئەڵێ : سەنەدی بە خاوەن بونەکەم لە لاشانی وێنەی کورە بچکۆلەکەمەوە گرتۆتە جوار جێوەوە لە شوێنێکی دیاری ماڵەکەما هەڵم‌واسیوە ، تکایە بە زمانی من‌و هاوڕێکانمەوە سوپاسمان بە سەرکردایەتی شورش بگەیەنن کە ئەم دەسکەوتەیان دەست خستوین

احمد حسین حسن فەلاحە لە ناوچەی (گردە چاڵ) لە هەولیر ، ئیستا ٨٠ دونم زەوی هەیە .. ئەڵێ : هیچ شتێك فەرمانم بەسەرا نادا کە کشتوکال بکەم ویژدان‌و ئەرکی سەرشانم نەبێ ..

حسن حمد فەلاحەو سەرۆکی کۆمەلەی (گردە عارەقە لە ناحیەی (عین کاوە) لە هەولیر ئەڵێ : شورش ٥٠ دۆنم زەوی داوە بە من ، کردومە بە گەنمو جۆ ئەم وەرزە بە خێرو خۆشی دروێنەی ئەکەمو ئەی هێنمە ناو .

● **چەند فەلاحە لە کۆمەلە کەتانا هەیە ؟**

ـ ٥٢ فەلاحی پیاوو ژن

عثمان عبدالله عثمان‌ئەویش فەلاحەو هەروەکو هاوڕێکانی باسی یای ناوبراوی کۆپایەوە .. هەمویان سوپاسی شورش‌و حزبی سەرکردە ئەکەن ، وە هەمو ئامادەن شەوو ڕۆژ لە بێناوی بنیات نانەدا کاربکەن .. ئەمانە ئەو جەماوەرەن کە چەندان ساڵ ئەیان چەوساندنەوە ..







Institut kurde de Paris

لە ڕۆژی چواردەی تەموزەوە جەماوەری کەلەکەمانو هەمو هێزە خێرو پێشکەوتنخوازەکان ئاهەنگ ئەگێڕن بە بۆنەی بیرەوەری شورشەکانی ١٤ و١٧ و٣٠ی تەموزی پڕڕۆزەوە لەناو زەمینەی ناوچەیی و عەرەبی سامانداا کە ڕووبەڕوی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بووەتەوە کە دەسەلاتی سیاسی لە ولاتەکەمانا بەرتوە ئەبات و .. ئەو هەمو گیروگرفتو مەترسیانەی کە ئیمپریالیزمو هاوکارەکانیان لە ناوچەکەدا سازی ئەکەن وە بەتایبەتی لە خاکی لوبنانداا ، یان لە ماوەی هەوتدان بۆ لەناوبردنی مەسەلەی فەلەستینو ئەو زنجیرە پیلانانەی کە بۆ چارەسەرکردنی خۆ بەدەستەوەدەرانە دانراون .

شۆڕش لە پێناوی مرۆڤی بنووێدا

حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کە شورشی ١٧ ـ ٣٠ی تەموزی نەتەوایەتیو سوشیالیستی هەشت ساڵ لەمەوبەر بەرپاکرد ، ئەمڕۆ لە هەمو کاتێك زیاتر هەلوێستێکی ئەبەردانەی هەیە دوای ئەوە کە خەباتی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتی حزبی لە عیراقدا سەلماندو بیروباوەڕی حزبی لەناو فراوان ترین بەشی جەماوەردا بلاوکردەوە .. لەناو دەزگاو دامەزراوو مەلبەندە خاوەن بەرهەمەکانی لادیو شاردا .

لە کاتێکدا کە حزب لە ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨دا شورشی بەرپاکرد عیراقی لەبەردەم ئاسۆیەکی تازە دانا لە هەمو ڕوویەکەوە ، وە عیراقی شورش بوو بە مەلبەندی تیشکدانەوەی ئازادیو پێشکەوتن لە ناوچەکەدا ، وە لە ڕیزی پێشەوەیدا جێگای بایەخداری خۆی کرت لەنێوان شورشو چەماوەرو ئەو هێزانەی لایەنگری ئەکەن لە لایەکەوە ، وە لە نێوان ئیمپریالیزمو زایونیزمو هاوسوێندەکانیا لە لایەکی ترەوە .

لە ماوەی هەشت ساڵی دوای شورشدا ، شورش ڕوالەتێکی شورشگێرانەی پڕ لە خەباتی توندی لە بواری ناوچەیی و عەرەبیو جیهانیدا لە سەر ئەو ئەخشەی کە شورش بۆی کیشاوە دامەزراندوە ، بەرەو ئامانجە بنەڕەتیەکانیو لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانا .

لە بواری سیاسیدا لە ولاتەکەمانا ، شورش توانیویتی لە ناخی بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازانەو مرۆڤایەتیەوە چارەسەری مەسەلەی کورد بکات بە شێوەیەکی دیموکراتیانە کە لەئەل مافی نەتەوایەتی گەلی کوردەدا بکونجێ ..

چونکە گەلی کوردمان هەمو مافێکی ڕەوای لەناو چوارچێوەی ئوتونومیدا وەرگرت ، وە دوای ئەوە هێزە چەکدارەکانمان بەو یاخی گەریە کۆنەپەرستە بەگرتن گیراوەی لە ژوروی ولاتدا لەناو بردو ناشتیو هێمنیو دلنیایی بۆ ناوچەی ژوروو ئێرایەوە ، شورش لە بواری سیاسیو بیشەسازیو کشتوکاڵو روشنبیریو تەندروستیو چارەسەرکردنی کەموکورتیە کانی تری ناوچەی ئوتونومی گەلێك هەولی داوە .. وە بەمە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شورش کۆتایی بەو خوێن ڕشتنە هێنا کە هێزە کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیستعمار و بەکرێگیراوان بە درێژایی ساڵان ئاگریان خۆش ئەکرد .

ئەو بڕیارە سیاسیە بەجەرکانەی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شورش کە کاروباری نەوتی میللی کرد شوێنەوارێکی مێژویی لە سەر بەخۆیی سیاسیو ئابوریدا دروست کرد ، چونکە بڕەی ئابوری کەلی بەرز کردەوە و عیراق لەناو ولاتانی خاوەن ئەوتا بوو بە ولاتێکی نموونەیی .

وە لەبارەی یەکێتی نیشتمانی و ئەتەوایەتی پێشکەوتنخوازەوە بەپێی بڕیاری ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ی دەرکرد . وە لەدوای گەڕانەوەی ئاشتی بۆ ناوچەکانی ئوتونومی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ی لەبارەی چاککردنی باری فەلاحەکانەوە دەرکرد .

هەروەها لە بواری بڕوکردنەوەی خوێندەواریەوە شورش چەند هەنگاوێکی نەخشەکێشراوی بەپەلە ناوە بۆ ئەوەی هەمو هاوولاتیەکان فێری خوێندەواری بێن ، ئەوە بو ساڵی ١٩٧٤ بڕیاری بە خۆڕایی خوێندنی دەرکرد ، هەروەکو حزب دەستی کردوە بە هەوڵدانێکی نیشتمانیانە لەپێناوی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا کە زیاتر لە دوملیون چارەکێك نەخوێندەواری گرتۆتەوە .

وە لەبارەی دەرخستنی چالاکی نافرەتو بەکسانیانەوە لەگەل پیاواندا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ساڵی ڕابوردو بڕیارێکی لەبارەی یەکسانیەوە لەگەل پیاواندا دەرکرد .

ئەو کارانەی کە سەرکردایەتی حزبو شورش لەبارەی بەرهەمهێنانی گەرەستەی پێویستی ڕۆژانەوە بۆ هاوولاتیان کردویتی زۆرن وەکو دەستڕێشتن بەسەر بازاڕی ناوخۆداو دانانی نرخی شتومەك ، هەروەها حکومەت ئەرکی زیادەی نرخی شتومەکی لەدەرەوە هێنراوی گرتۆتە ئەستۆی خۆی کە بە هەرزان بە هاوولاتیەکانی ئەفرۆشێتەوە .

سەرکردایەتی حزبو شورش پشتگیری یەکێتیو ڕێکخراوە پیشەیی و کەلەپەکانی کردوەو هەمو لایەنێکی بێویستو زەمینەی لەباری بۆرەخساندون لەپێناوی بەرەو سوشیالیستی چوندا لە ولاتا بەپێی ڕیبازی ئەتەوایەتی شورش لەناوچەی عەرەبیو جیهاندا .

بەرەی نیشتمانیو ئەتەوایەتی پێشکەوتنخواز بە سەرکردایەتی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دامەزرا ، وە دوای ئەوە حزب هەمو زەمینەیەکی ڕەخساوو لەباری بۆ دامەزراندنی ئەم بەرەیە سازکرد .. وەکو ماوەدان بە دیموکراتیەکان و پارێزگاری کردنیو بەرەنگار کردنی ئەو بەندە سیاسیانەی کە لە سەردەمەکانی بەر لە شورشدا ئەبرابون .. وە گەرانەوەی ئەو سیاسیانەی کە لەسەر کار لابرابون بۆ سەر ئیش و کارەکانیان .

وە لەبارەی سەرلەنوێ بنیات نانەوەی سوپایی بەپێی بڕیاری بەهێز بەپێی بیروباوەڕی حزبی سەرکردایەتی بەعسی عەرەبی سوشیالیست دامەزراند کە لە هەمو کاتێکدا ئامادەی جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانە بوو کە ئەوتۆ لەسەرئەوی پاریزگاری لە بواری قوڕیو ئەتەوایەتیدا .

هەروەها لە ڕوی ڕۆژانی ئابوریو کۆمەلایەتیەوە ، وە لەسەر ڕێبازی بنیاتنانی سوشیالیستیو گەشەکردندا چەندان پڕۆژەی وەکو پاککردنی کۆگردو پیشەسازی کونی کیمیاویو قاقەز دروست کردنو شەکرو ئامیری کشتوکال و چیمەنتۆو دەزگای کارەبایی گەورەی دامەزراند .. وە ئیستا هەریکی جێبەجێ کردنی چەند پڕۆژەیەکی ئیستراتیجی کەورەیە وەکو پڕۆژەی ئاسنو تواندنەوەو کۆکردنەوەی بەترولکیمیاوی و فوسفاتو کەرەسەی هەمو جۆرەی خانوبەرەیە .

سەرکردایەتی حزب و شورش کەلێك بایەخی بە کۆڕانکاری کشتوکال داوە .. وە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش یاسای چارەسەرکردنی کشتوکالی ژمارە (١١٧)ی ساڵی

ڕاپەڕینەکەی «٣٠»ی تەموزی سەدەی شۆڕشێکی نوێ

ـ احمد زەردەشت ـ

خەباتی هەمو پارتێکی ئەقەلانەدا بۆ لە ناوبردنو پێشرەو لە (٣٠ تەموزی شۆڕشگێڕ ، خەباتێکی بڕکردنی ڕژێمە پاشکەوتوەـ ١٩٦٨)دا بۆ جەماوەری گەلی چەماوەری بە ڕەو کۆڕانی خوازەکەو بۆ دروستکردنی خوێندەوە نمونەیەکی وورد بو واقعێکی بۆ ئەمن ، بە هەمو هەلو مەرجێکی تایبەتی بە جوانی سروشتی ئەو هەلو لاوداموو دەزگایە کۆمەلایەتی گونجاو و بۆ مەرجو گیروگرفتەی خستە کۆمەلایەتی گونجاو و بۆ پێش چاو کە شۆڕش تیایدا لەسەر ئەم بناغەیە مەسەلەی داهێنانی نمونەیەکی دەژیا لەو ڕۆژە وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسی شۆڕشگێڕانە کە لەئەل ئاواتی گرنگانەدا .. لە بەیانەکە حزبی بەعسی بکونجێ ، بەرەو دا ئەڵێ .. « کارگوزاری دانانی دەسەلاتداریتی لە پێچانەوەی شۆڕش خزمەتی جەماوەردا ..

وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن حزبی « بەعس عەرەبی سوشیالیستە وە تێپەڕبو ، و بە درێژای ئەم هەشت ساڵە جەماوەری ڕەنجبەران کۆزانێکی بنەڕەتی تەواویان دەستـ گیربووە .. بەڵام هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە شۆڕش ئاوقای گیرمەکێشەو گیروگرفتو جۆلانەوەو مەترسیەکی تەواوبو ، ئەویش بەهۆی چەند لایەکی گومان لێکراوەوە ، ئەم کارە حزبی (بەعس) عەرەبی سۆشیالیستی خستە گیروگرفتو کەرداوێکی مێژووی بەوە کە بە تەواوی سەرزەکرد ، و سەرـ کردایەتی بە شۆڕشگێڕە بێشرەوەکەی خستە بەردەم ناقی کردنەوەیەکی مێژووی بەوە کە لە ئەنجامدا توانیان عەقڵاو بەسەر ئەم کارەدا هەنێنن و ئەم دژایەتی بە بخەن بەلای خزمەتی شۆڕش و جەماوەردا . ئەو بەیانامەیەی کە سەرۆکی سەرەکی هەولو

وا هەشت ساڵ بەسەر شۆڕشی (١٧ ـ ٣٠) « تەموز » و وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن حزبی « بەعس سۆشیالیستە وە تێپەڕبو ، و بە درێژای ئەم هەشت ساڵە جەماوەری ڕەنجبەران کۆزانێکی بنەڕەتی تەواویان دەستـ گیربووە .. بەڵام هەر لەسەرەتای شۆڕشەوە شۆڕش ئاوقای گیرمەکێشەو گیروگرفتو جۆلانەوەو مەترسیەکی تەواوبو ، ئەویش بەهۆی چەند لایەکی گومان لێکراوەوە ، ئەم کارە حزبی (بەعس) عەرەبی سۆشیالیستی خستە گیروگرفتو کەرداوێکی مێژووی بەوە کە بە تەواوی سەرزەکرد ، و سەرـ کردایەتی بە شۆڕشگێڕە بێشرەوەکەی خستە بەردەم ناقی کردنەوەیەکی مێژووی بەوە کە لە ئەنجامدا توانیان عەقڵاو بەسەر ئەم کارەدا هەنێنن و ئەم دژایەتی بە بخەن بەلای خزمەتی شۆڕش و جەماوەردا . ئەو بەیانامەیەی کە سەرۆکی سەرەکی هەولو

پێشرەو لە (٣٠ تەموزی ١٩٦٨)دا بۆ جەماوەری گەلی خوێندەوە نمونەیەکی وورد بو بە جوانی سروشتی ئەو هەلو مەرجو گیروگرفتەی خستە پێش چاو کە شۆڕش تیایدا دەژیا لەو ڕۆژە گرنگانەدا .. لە بەیانەکە دا ئەڵێ .. « کارگوزاری پێچانەوەی شۆڕش ودەرچونی شۆڕش لە « مەبادی » و ئامانجە بنەڕەتیـ کانی خۆی لەپاش هێنانەدی شۆڕش هەر بەردەوامبو ، ئەم ڕواڵەتە بە شێوەیەکی نارەوا خۆی لە ووێنەی شۆڕشی ڕاستەقینەدا دەنوان ، نیشانەی ڕەش لە ئاسۆدا دەرکەوت کە دەنگی ڕودانی کوشتارێکی خوێناوی دەدا لە نیوان ڕیزەکانی گەلو هێزە چەکدارەکاندا .. بەڵام سووربوونی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەر پارێزتنو سەلامەتیو ئاسایشو بەردەوامبونی شۆڕش بو لادانی گەلەکەمان لە کووکەی شەڕێکی ناوخۆی چاوەڕوانکراو ، ئەو هێزە دژانەش ئەیانویست ئالای سپی شۆڕش بە خوێنی گەل سواغ بدەن ، هەرچەندە ئەمە وای لێکردین کە ڕازی ببین بەچەند سیفەتو کارو بارێك کە لە ڕاستیدا فریان نەبو بە کەمترین سنووری بێویستی کانی ئەم سەردەمە مێژوویەمانەوە .. » .

وەکو :

١ ـ دوورخستنەوەی چەند وەزیرێکی پێشکەوتوخوازو بەشدارکردنی چەند (عنصر)ێکی گومان لێکراو .

٢ ـ کۆکردنەوەی (عناصر)ی گومان لێکراو بە ئامانجی لەناوبردنی شۆڕش .

٣ ـ ڕێکا کرتن لە چەند بێهەلسانێکی پێشکەوتو ـ خوازانە کە جەزرەبە لە واقیعی گومان لێکراوی بەکری گیراوو جاسوسیەت ئەکەباند .

٤ ـ ڕێکا پاکردنەوە بۆ داباچینی چەند باسایەکی پێشکەوتوخواز .

ئەم ڕێبازە چەوتە هەولی ئەوەی دەدا کە عیراق بەرەو سالەکانی پێش شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ بکەڕێتەوە ، و سامانی سروشتی عیراق بخاتەوە باوەشی ئیمپریالیزمو بەکری گیراوە کۆنەپەرستەـ کان ..

ئەنجامی ئەم دژکاریانە سەرنەکەوتنێکی تەواوی هێنایەدی ، ئەویش بەهۆی هۆشمەندیو بەرفراوانی سەرکردایەتی شۆڕش وە .

سلاو بۆ هەمور ئەوانەی کە گیانی خۆیان بەخت کردووە لە ڕێگای کامەرانی گەلدا .

سلاو بۆ یادی ڕابەرینە ئەمرە کەی ٣٠ تەموزو سەرـ کردایەتی یە شۆڕشگێڕەکەی کە هەرگیز لە خزمەتی جەماوەردایە .

Institut kurde de Paris

پاشماوەی : لاوانو وەرزش

سامی شیخلی توانی ماوەی ١٠٠مەتر ببریت بە ٣ر١٠ ئانیە بەلام لە ڕۆژی گرەودا ماوەکەی بە ٥ر١٠ سانیە بڕیو بە دووەم . جا ئەم نموونانەم خستە پێش چاوتان بۆ ئەوەی بزانن چەند خوشەلاوەکانمان لە پلەی لەسەرکەوتوی وەرزشدابن لە جیهانی لاوانو وەرزشدا .

ئەی لاوی خوشەویست بێگومان زور زور ناواتتە کەناوی وولاتەکەت لە کندا لە شاری مونتریال ئالاکەی یەکیک بیت لە ئالا شەکاوەکانوە ناوی لاویکی ئەم نیشتمانەت لەسەر (سکوربوردەکە) بنوسریت بەڕاستی زۆر خوش دەبێت .

خونیدەواری خوشەویست ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەمو جیهاندا خو ئامادە کردنیکی زور فراوان هەیە بو بەشداربون لەم گرەوە جیهانیەدا . ئاواتی ئێمەش ئەوەیە بتوانین چەند لاویکی لێهاتو بینرینە مونتریال تا بتوانن لاوەرانە بێگومان وەرزش بێکدێت لە لاوی دلسوزو خورەووشت بەرز تا ئەم بێك هاتنەش شتێکی گران نی یە . تەنها لێبوردنو گوی ڕاگرتنو مەشقو چالاکیو خوو ڕەووشت بەرزی دەوێت وە نەبێ ئەمەش گرانبیت . تا هەفتەی داهاتو هیوادارم بتوانین شتێك لەم بارەیەوە بنیاتبنین سەرکەوتو بو هەموان ئاواتخواستمە . ئالای وولاتەکەیان بەرزبکەنەوە

پاشماوەی : مێژوی نهێنی

.. منیش دەتمارێزم .

بۆی بێکەنی . دلنیابوو کە مێژووی نهێنیی نوومینە نەترسەکان ، پشت نەستووزە . پشت ئەستووریش ڕۆژانێکی بێ لە شادمانی بەدی دێنێ .

لە بەرەبەیانداا لە دەرگا دراو . دەرگای لێکردەوە . لە کانی خۆیدا دێ . بەختیارە . زۆر بەوردی ئەرکەکەی بەجێ هێناوە .

بێکەوە چوونە ژوورەوە . دایکەبە ئاواتی بێکەوە بەستنیانەوە بە پیریانەوە چوو ... گومان سەختە .. ئەومان هەورێکی مردووی بێبارانە .

بارانێکی بەهارە لە ئەل مێژووی نهێنیی شادمانیەدا دادەکا .

بەیان بە پیرەوە چوونێکی تیژی دلنیایی بوو . بەیانی چۆلەکەکان لە نیساندا بەپکەی خوارد . هەمو شتێك وەك ڕووی دەریا بەرین دەبوو . وەك ئاسمان قوول دەبوەوە . سەراپای کەون پڕ دەبوو لە گوڵو گوڵزار . ئاسمان بە سەریدا شمیو بێبن دەبنواند .

هەستیان کرد شادمانی بێکەوە ڕابێچیان دەکا .. سروشتیش لە باراستنی نهێنیەکەدا هاوبەشمیانە .

لە ڕیزی دێرەکان نزیك بوونەوە . لابەرەیەك تەرخانی شۆڕش بوو ، بەکێکی تر بۆ سەبەنێی پیرۆژ . دایکە نزیك بوەوە . دەستو پەنجەـ کان قورسایی یەکیان پێك دەهێنا کە تا دەهات بەوترو بالاتر دەبوو . مێژووی نهێنیی شادمانیش هەردەم بەرتوەیە .

پاشماوەی : ئەدەب ئەچەرخی ..

دەرئەخات ؟ بەڵام ئایا کە خوێنەرێك کتێبێکی ئەدەبی ئەکرێت ناوا بەوردی بیر لەم هەمو شتانە ئەکاتەوە ؟

یا هونەری ئەدەب ڕەشتو خوێەکی مرۆڤایەتیەو حەز بە بیستن ئەکەیتو لە گیرانە وەیدا ئارەزوتە کە خەلکی تریش لەگەلتا ببزدێتو کاری تێبکرێت ؟ ئەگەر وا نی یە ئەی چۆن ئالاکەی یەم بەرزیو شەکاوەیەی ماوەتەوەو نهێنیەکە کردویەتە مایەی ڕوشنبیریو زۆرکەس بەرزترین پلەی ئەدەبیو بایەخێکی مەزنی بێ ئەدەن چونکە ئەدەب بەستراوە بە زرنگیو ژیریو داهێنانەوە .

دوریش نی یە هەر ئەم هویەیەتە وای لە هەندی لە پیاوە بەناوبانگەکانی دنیا کردوە کە حەز بە چونە ناو دنیای ئەدەب بکەنو دوریش نی یە دنیای ئەدەب لە دنیاکەی خۆیان بە بەرینو فراوانتر بزانو لەوانەشە وای تێگەیشتین کە ئەو دنیایە زیاتر جێگای شانازیو سەربەرزی یە .

سەروتارە (پاشماوە)

ڕیزەکانی پێشەوەدا لەگەل دوژمنانی پێشکەوتنو ڕزگاریدا یەکانگیر بێت ، هەروەکو توانیتی ، بە جارێك ، هەمو تاقمێکی باشکەزبوونەوەو کرێگرتەیی لە ولاتەکەمانداا ، بە هێزە خۆیەکانی کە بریتییە لە یەکێتی گەلو جەماوەرمان ، لە ڕیشەوە هەلبکێشێت .

ئەمڕۆکەش کە لەم ناوچە بنەوەی جیهانداو ، باش هەشت ساڵی ڕەنج دانی بەردەوام لە کاری بنیاتنانی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتنخوازانەدا بەرزنەبێتەوە ، بەهومان ئاسۆی نوێی فراوان هەلدێنێت بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی عیراق بخاتە سەر ڕێگای ڕوو لە خێرو خۆشی هەمو ڕۆلەکانو .. زامن کردنی دوارۆژی ڕووناکی هەمو نەوەکان .

جەماوەری گەلەکەمان کە ئەمڕۆ لە یادی سەرکەوتنەکانی ئەژێتو ، بەبۆنەی ڕۆژە نەمرەکانی مانگی تەموز بەکشت واتا بەرزو گەشەدارەکانییەوە ئاهەنگ ئەگێڕێت ، زۆر پێویستە لەسەری هەنگاوی زیاتر بنێتو بەرنگای درێژیدا خێراتر بڕواتو ، بەردەوامیش وریای ئەو هەولانە بێت کە خۆیان بۆی ناوەتەوە .. شۆڕشی عیراقمانی خستە سەر ڕێگای ڕاستو .. هەمیشەش دەست پێکردنی ڕاست ڕوو لە ئەنجامی ڕاست ئەکات .

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو سەرکەوتنی زیاتر لە سای شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزی ئەتەوەیی و سۆشیالیست و ، حزبی سەرکردەیدا .. حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست .

● هاوکاری ●

پاشماوەی : ئەنجومەنی ئاسایش

یەکگرتوەکان پاراستنی ئاسایشی دنیایی لە ئەستۆیە . کەواتە ئەنجومەن چاوەڕوانی ئەوەیە ئاگربی شەڕ دنیا بکرێتەوە ئەوسا ئەو خۆی لە مەسەلەکە بکەیەنێت !. باشە ئەگەر ئەو کاتە خۆی کرد بە خاوەنی مەسەلەکە کەس بە قسەی ئەو ئەکات ؟؟!!

ئەمڕۆکە وڵاتانی دنیای سی هەم لە بەر ئەو مەترسیانەی ڕویان کردۆتە دنیا کە هەوار ئەکەنو سکاڵاکانیان ئەخەنە پێش چاوی ئەنجومەنی ئاسایش لە بنچینەدا ئەو وڵاتانە زەیان خولقاندوە جا ئیتر ئەبێ بلاوی ئەوەی تێبگیرێت گوایە بە دەستنیشان کردنی ئەو کێشانە باوەڕبون بە ئەوە یەکگرتوەکان لەق ئەبێ ؟

بەردەوامی ئارەزایی «پاشماوە»

هەروەها پیری شەو ڕادونی دەنگی فەلەستین ئەوەی دوپاتە کردۆتەوە کە نزیکەی ٥٠٠کەی لە هەدارگەی تەلزعتەردا کوژراون بە هۆی داتەپانی حەشارگەیەکی ژێر زەوی بە سەریاندا ، ئەو هەوارگەیە تا ئیستا لە لایەن هێزە کۆنەـ پەرستەو ئۆشەکیرەکانەوە ئابلوقەدراوە . ئەوی شایانی باسە لە گەل خوێندنەوەی ناوی گوژراوانەدا حسن صبری الخولی ڕاوێژکاری سیاسی ئەمیندارێتی گشتی زانکوی وڵاتانی عەرەب ئەوەی ڕاگەیاندوە کە هەمو ولـ یەك لە سەر ئەوە ڕێکەوتون کە بریندارەکان لە ناو هەوارگەی تەلزعتەردا بهێنەدەرەوە ، ئەو ڕێکەوتنەی کە هێزە هاوبەشەکانو خاچی ـ سور لەوەوپێش ئەیانویست بیگەنێ بەڵام باش چی باش ئەوەی کە هەل لە دەست دەرچو !!

هەروەها پیری شەو بزوتنەوی نیشتمانی لبنانو بەرگری فەلەستین لەو پێشنیارەیان کۆلیوەتەوە کە ڕژێمی سوریا سەبارەت دۆخی شیواوی لبنان پێشکەشی کردبو .. ئەو پێشنیارە بریتی یە لە سێ خالی سەرەکی کە پەیوەـ ندیان بە کۆتایی شەری لبنانو پەیوەندی سوریاو لبنانو پەیوەندی لبنان بە بەرگری فەلەستینەوە هەیە .. ئارانسی دەنگوباس فەلەستینی ئەوەی ڕون کردۆتەوە کە وەفدەکە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە پێشکەشی سەرکردایەتی مەرکەزی ئەکات

تەموز... سەرکردەو... وشە

عثمان محمد فائق

زۆرجار ، بەتایبەتیش لەکاتی هەڵچوونـدا ، وشە دەست کورتو .. بێتوانا دێتە بەرچاو لە دەربڕینـدا ، ئەگەر نەڵێین لە زمانو قەڵەم یاخی‌ئەبێ ، لە گەڵ هەموو ئەو هەستو هەڵچوونەش‌دا کە لە ناخدا هەیەو ، لـە لـە گـەڵ هـەموو دەوڵەمەندیو ، رەسەنییەک‌دا کە لە زمان‌دا هەیە ...

تا بەم جۆرە .. رووداوە گەورەکانو ، هەڵویستە مەزنەکان ، وشە هـەر چەندە گەورەش بێت ، بەشی دەربڕینی ناکات .

نووسەر ، لە وەها حالەتێک‌دا ، هیچ ڕێگایـەکی تری نییە ، لە وشەی ئاسـانو هەستی پاک زیاتر بۆ گەیشتن بە مێشکو دڵی خەڵکی‌تر ...

ئەم بیرانە لە کاتێک‌دا وروژانو ، ئەم هەستانە لە کاتێک‌دا هەڵچوونو، دەروونیان پڕکـردم ، کـە کۆتم بۆ وشەکانی سەرکردەی کەلەکەمان شل کردبوو لە یادی هەردوو شۆڕشـە ئەمرەکەمان‌دا، ئەمە لە گەڵ ئەو وێنانەی سەرۆکی سەرکردەدا تێکەڵ بوو شـەوێک‌دا کە لە سی تەمووزی ئەمرەوە لە یادما ماوەتەوە لە کاتێک کە باسی قەبارەی ئەو بیلانە گەورە .. ناهەموارەی ئەکرد کە مەبەستی لە ناوبردنی کۆڕبەی حەفدەی تەمووز بوو لە سانەکانی ژان گرتن‌دا ...

دواییش ، بە دوایا وێنەی گوڵو کانیاوی ژیانم بە بیردا هات ، لە گەڵ هەمرو ئەو دڕکانەی ئەوانی‌تر چاندیانو ، لـە گەڵ هەمەو ئـەو زەهرانەش‌دا کـە رشتیان .

ئاواتەخواز بووم جوانترین‌وشەدەربارەی باوەڕی ئەم سەرکردەیەو .. هێزو .. توانای بڵێم .

ئاواتـە خوازیش بووم بتوانم خۆشەویستیم بۆ شۆڕشـە مەزنەکـەمانو بیرو باوەڕەکـانیو ، دەورە گەورەکەی لەم جیهانە فراوانـە . بەرینەی . دەورەمان‌دا دەربڕم .

... ئاواتە خوازیش بووم هەموو هاووڵاتییەک ، بەتەواوی هۆشیارییەوە ، لـە گەڵ وانا گەورەکانو ، ئەو ئامانجە مەزنانەدا تێکەڵاوبێت کـە شۆڕشەکەمان هەوڵی جێبەجێ‌کردنی ئەدات .. لە پێناوی جێبەجێ‌کردن ، بەڵکو بـەدی هێنانی تەواوی ، مرۆڤایەتیی ئادەمیزاد لەم وڵاتەداو ، بڵاوبوونەوەی تیشکی شۆڕش بە جۆرێک بێتە رێ‌پێشانەرو مایەی ئیلهامی هـەموو جەوساوەو زوڵم لێ کراوێک .

لە دڵیشمەوە ، ئاواتەکانم هەڵچوون بۆ ئـەوەی وشە کەمەکانم .. بە دڵپاکیو .. بە وەفاییەوە لـە گەڵ خۆمدا ، هەستەکانم‌دا دەست بخەنە ناو دەست . ئیتر ... هەموو پەرەبەیانێک ، گەلی تەمووز بـە بەخشندە تەموزییەکان شادومان بێت ...

شۆڕشی ١٧ ی ٣٠ ی تەموزی نەمرئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم پاڵەوانی کورد و عەرەب دا کردەوە

ئەم وشۆڕش

مختار فائق

ژ ج لایەکی‌فـە مرۆف دێشێت باخئیت لـەر شـۆڕشا (٣٠)ی تیرمەهێ ..

ژلایێ سیاسـەتا بەرەبێدانێ‌فەئەوا قوماندارییا بارتو شۆڕشێ بدەسـتێ‌خۆفە کرتی .. بۆ فەگوهازتنا عیراقێ ژوی بارێ ئابوری‌پێ‌باشکەفتی بۆ ئافاکرنا بنگەهەکا مادی بۆ پێـش ئێخسـتنێو هەڤپشکێ ..

ئانژی مرۆڤ باخفیت لسەربەلاف‌کرنا دیمقراتیەتێ لناف جەماوەران‌و هەلەکێ بدەتـەهێزو شیانا وان ژبۆ ئافاهیو بەرگری‌کەنژبۆ سەرفەرازی‌یاوەلاتی ..

ئانژی لسەر وێ سیاسەتاسەرفرازی‌کرنێ ئەوا بارتو شۆڕش بکاردئینیت لبەرانبەر گەلەک مەسەلەو سەرهاتیت جیهانی ..

بێ‌گومان .. گەلەک لا ئیت‌هەین مرۆڤ لسەر باخفیت .. وەلێ .. مەسەلا کوردی‌ژهەمی مەسەلا پتر هـزرا مرۆڤی رادکێشیت ..

ئەف مەسەلا شۆڕشـی ومرۆڤایەتی کو شۆڕشا (٣٠) تیرمەهێ چارەسەرکری کـوئالزترین ئاسطەنگ وکژسپ بۆ چەند سالان راوەستیابۆ دریا مللەتێ‌مەدا .. و وەلاتی بهایەکێ گران بێدا .. هـەتا بسەرکەفتی ..

بەیاننامـا (١١)ی ئاداری ئێکە ژوان دەست کەفتان بۆ مللەتی کوشۆڕسکێرئیت (٣٠) تیرمەهێ شانازین پێدکەن .. ئو ئێکە ژوان جارەسەریت جیهانی ژبو مەسەلا ئەتەوەیی ئەوا بارتا بەعسا عەرەبیـا هەڤپشکی پێ‌ئاخفتیو جارە سەرکری بۆ ئینانـا ئامانجیت مللەتێ مەیێ کورد .

سلاڤەکا سـەربەرزین و ریزلێ‌گرتنێ بۆ هەلکـرنت ئالایێت هەردوو شـۆڕشیت تیرمەها پیرۆز ..

ئو بلا ئەهد بیت لسـەر هەمی سـەرفەرازان و سەربەستان بۆ قوماندارییا بارتێ و شۆڕشێ بۆ بەردوام بوینا خەباتێ ژبۆ بجهـ ئینانا ئارمانجیت ئیشتمانییت مللەتێ مـە ..

هێزی راستی بەرگەوت

فاضل محمد

ئاهەنگەکانی جەمـاوەری گەلەکەمان بە جـەژنی ٣٠ی تەمووزەوە بەشـێکە لەو ئاهەنگە قەشەنگانەی بەرئەی بیردەوەریکانی ١٧ی تەمووزی ئەمرەوە گەلەکەمان کردیوی .

ئەمـرۆ بیرەوەری ئـەو رایەرینە گەورەیەیە کـە جەماوەری گەلمان دژی ئـەو تاقمە لەری لادەرە کردی کـە دژی جاکەی نیشتمان خەریکی سەربزێوی بونو خەریـک بون لەو رێبازە لابدەن کـە شۆڕشی ١٧ی تەمووز بـە سەرۆکایەتی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب رەنگی ئەخشەکەی رشـتبو ..

سەرکەوتنی شۆڕش بـە سەر مەرامی ئالەباری ئـەو تاقمە گومان لێکراوەدا لـە جاکەو بەرژەوەندی هەمو گەلی عیراق بو وەبەتایبـەتی جەماوەری کورد ، لەبەر هەمی ئەو سەرکەوتنە بەیاننامـەی یانزەی ئازار هاتەکایەوە کـە بوە هۆی گەشانەوەی هەزارو یەک گوڵی بون خوش لەم وڵاتە نازدارەداو هـانی هـەموو جەماوەری کە پێشکەوتنو بەرزکردنـەوەی ناو عیراقـی خۆشەویست هەمو هێـزو توانایان تەرخان بکەن ئـەو تاقمە گومان لیکراوەی کـە خۆیان بە شـۆڕشی ١٧ی تەمووزدا هەڵسپاردبو ئەویان بەدل نەبو کە ئەمرۆکـە لە ژوروی وڵاتدا ئەی بینین‌و نیازیکی تریان بۆ چارە نوسی ئەو ناوچەیە دەست نیشـان کردبو کە زۆر جیاوازی لـە گەڵ ئەو ئاواتەدا هەبو کـە حیزب بۆ دوارۆژی ئـەم ناوچـەیە ئەیخواست .

بەڵام حیزبی بەعەس‌حوکمی ئوتونومیو خۆمالی کـردنی نەوتو بەرەی یەک گرتوی بۆ وڵاتەکەمان ئەویست ، لە بەر ئەو ، بەعس سـەرکەوتو دوژمنانی تەفروتونـا بون .. هەر بۆیت ئەی شۆڕشی ئازای ئەترسو چاوقایم ، هەر بۆی ئەی ئەو شۆڕشەی نـرخو بەهای مرۆڤ ئەزانیت ..

لە سەرکەوتنەکانی تەموزدا خوشەویستی بۆ ئازایەتی "تل الزعتر"

عبدالله عباس

● کە تەموز ....
گوڵیکی نوێی جەژنەکانی ئەخاتە سـەر چەپکی سەرکەوتن ...

● « تل‌الزعتر » رۆژێکی کەیش خۆی ئەگرێتو .. خۆی ئەگرێتو .. ناکەوێ ...

● ئەم وڵاتەدا .. بنیات نان ..
لە « تل الزعتر » خۆراگرتنو ئەمری ..
لێرە .. سەرکەوتنەکانی تەموز ..
(مەرگ ، مەرگـەو لەمئاندانی مەرگا لـە « تل الزعتر » ژیـان لـەدایک ئـەبێو ئاوارەکان .. بەرێگایا .. ئەگەڕێنـەوە بۆ وڵاتی .. چلە زەیتون) .

● لێرە .. لەسەر ئەم‌خاکە پیرۆزەی عیراق .. کە چەندان جار بەخوینی کوردو عـەرەب ئاودرا لـە تەموزاو .. لـە مردنەکـانی تێکوشانی چـەند سـالەدا ...
سەرکەوتن لەدایک بوو ..

● رووبارەکان بەیەک ئەگەن ..
پیرۆزبایی جەژنەکانی‌تەموز ئەکەن ..
رووبارەکان بەیەک ئەگەن ..
لەگەڵ شەپولی ئەوەستان ، دەنگی خۆراگرتنی ئازایانـەی « تل الزعتر » بەدەریا گـەورەکان ئەدەن ...
خۆراگرتن ، بەردەوام خۆراگرتن ..
هەرگیزاو هەرگیز ئەمردن ..

● تەموز ، ئەوەندەی روناکی‌یە ..
ئەوەندەی دەسمگەوتەی پیرۆزە بۆ برایەتی کوردو عـەرەب سەرکەوتنێکە لـە سەرکەوتنە هـەرە گەورەکانی کاروانی ئازادیخوای دنیا ...
« تل الزعتر » قەڵایەکە ، هەر ناروخێت ...
لەگـەڵ هـەموو سـلاویکی خۆشی سەرکەوتن لە جەژنەکانی تەموزا ...
ئەوەندە ... خۆشەویستی بۆ ئازایەتـیو خۆراگرتنی سەربەرزانەی دەوارە سـوتاوەکانی « تل الزعتر » ...
ئەو دەوارانەی « ئەسوتین »و هەر بەپێوە رائەوەستنو ناکەون ، تا منانە ئاوارەکان ، گەورە ئەبن ..

● لەگەڵ جەژنەکانا .. جلی زەیتون ..
ئەڕێتە سەر دەسمگەوتەی سەرکەوتنیان ..

لەیادی جەژنەکانی تەموزدا

ئەوکردنی یەکێتی ریزی گەلەکەمان جەک جەرگی بری ئیمپریالیستەکانە

مەربەست بامەرانی

گومان لەوەدا نییە
شۆڕشی ١٧ی تـەموز
رابەرینەکەی ٣٠ تەموزی ئەمرەی هەموو ئـەو گورانانەن کە لە مـەودای هەشت سالەی رابوردوودا روی داونو ئـەگەر میللی کردنی نەوتو دامـەزراندنی بەرەی نیشتمانیو هێنانە دی‌دەسکەوتی چینایەتی گەلک بۆ کرێکاران‌و رەنجدەران ، هەنگاو دەسکەوتی پێشکەوتوخوازو نیشتمانی بن ، مەسەلەی دانان بە مافـە نەتەوەییەکانی گەلی کوردمان‌ودامەزراندنی دەزگاکـانی ئۆتۆنومی لە هەنگاوە هـەرە گرنگەو پێشکەوتووەکانەو بارو دوخێکی لەباری دروست‌کردووە بۆ بەهێز خسـتنی یەکێتی نیشتمانیو چەسپاندنی‌گیانی برایەتی راستەقینە دا.

دیاریشە خەباتی ناوکۆیی گەلەکەمان بە کوردو عەرەبو کەمائیە نەتەوەییەکانـەوەدەستەبەری باراستنی هەموو ئەو دەسکەوتە پێشکەوتووانەیەکە شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەموز هێناوەتە دیو تاوەکو بەکێتی ریزی گەلەکـەمان پتـەوتر بێت ، تاوەکو بەگـەرئیمپریالیزم‌دا چۆنو پـوچ کردنی پیلانە کلاوەکـانی ئیمپریالیستو کۆنەپەرستان سەرکەوتو تر ئەبێت .

دەبا لە یادی جەژنەکانی‌تەموزدا ، تێکرا بۆ بەختیاری ئەواوی گەلی عیراقمانو لـە پێناوی بەرەو پێشـەوە هنگاونانی کاروانی سەرفیرازی‌میللەت‌دا ، بەرە بە تێکۆشانی دیموکراسیانە بدەین‌و یەکێتی ریزی گەلەکەمان پتەو تـر بکەین .

لە یادی دا

نوری حیران

● هەرگیز گوڵ بێ دڕک‌نابێت‌و سەرکەوتن بە بـێ خەبات وەدی نایەت ..ئەوەی گوڵچین بێت ، نابێت لە چزەو ژانو کـەپەی دڕک‌و دوودڵوپ خوێنی تکاوی سـەر پەنجە دڵی کەرد بکرێت ... ئەمە بەتەنیـا رای من نییە ! بەڵکو زۆر لە شـاعیرو گەلێکیش لە ئەدیبە روح سوکە قۆشمەکان ئـەم راسـتی‌یەئەسەلمێنن .

ملۆ ک ئەصوز

میحنەت وهەڵبژاردنی رێگا

احمد جزراوی

● ئەوەی مرۆڤێـک یـالایەک بێتو گـومان لە جەوهەری قووڵو مرۆڤانـەی‌ئەو شورشە بکات کە جەماهیر بشتگیریو دڵسۆزی خـۆی‌پێ بەخشیوە ، کارێـکی ئاسایی‌یەو زۆر جارو لـە زۆر کۆمەڵگادا دووبات دەبێتەوەو لە نێوانی یەوە گەلێ نموونەی‌نەخۆش کە رۆژان بـێ دەستەڵاتی یانی دەرخستوە لەجیا کردنەوەی شۆڕش لـە کودەتا ، سـەر دەبزێوونو دەکەونە جم‌و جوول .

● ئەوە بوو لـە (٣٠)ی‌تەمووزی ١٩٦٨ دا شتێك لەم بابەتە لە وڵاتی ئێمەدا رووی‌دا .. زۆر پەنجەی گومـان کـردن لە ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەی (٣٠) تەمووز بە ناوی بە تەنگەوە هاتنـی‌پاکیو خاوێنی‌ی بیـرو باوەڕەکانی شورشـی (١٧)تەمووزی (١٩٦٨)ەوە بەرز بوونەوە . زۆر تەرەفیـش‌بە هاوکاری لەگەڵ دەزگـا گومان لێکراوەکانی‌مخابرات‌لـە دەرەوەی سـنوور ، بریاری هاوبەشی نەکردنیان دالە حکومـەتی (٣٠)ی تەمووزدا کە پێشترو وەختی‌عبدالرزاق نایف لە کایەدا بوو شانازی‌یان پێوە دەکرد .

● بەڵام کام دەسـتەوتاقم لە بازرگانیکەران بـە فیکری سیاسی‌یەوە ، توانـی‌بە درێژایی هەشت سـال کارەسات‌و رووداو توانـاودەسەڵاتی نیشتمانی‌و بـە تەنگەوە هاتنێکی راسـتگۆسەبارەت بە بەردەوام بوونی پاکیو بوختی بیرو باوەڕەکانی شـۆڕشی حەفدەی تەمووز ، بۆ جەماهیری گەلمان پێـك‌بهێنێ .

● گەلێ لە نەخوشەکـانی‌سیاسەت لـەو سـادا ، نەیانتوانی تەنانەت شتێـکی‌زۆر کەمیش لەو میحنەتـە تێ بگەن کـە رووبەرووی‌حزبی ـبعثـی سۆشیالیستی عـەرەبی دەبوەوە ، لە دواساتەکانی پێش تەقانـدنی شۆڕشی (١٧) تەمووزدا ، بەچونێتی سەپاندنی هەنـدێ ناو بە سەر شۆڕشدا کە لـەرووی تێکۆشانەوە تەزکیـە نەدەکران‌و جـێی باوەڕنەبوون . بەڵێ حیزب لـە ناکاودا رووبەرووی ئابڵووقەدانێکی نەگریـس بوو ، لە کاتێکدا ژمارە بەرەو سـاتی‌سفر دا دەبەزی . کـە وابوو دەسنیشان کردنی هەڵویست‌وچۆنێتی‌هەڵسووڕاندن بریاریان لەسەر نەدرا بوو . دەبێ ئەو بەپێی هوشیاریو ئاگاداری بنوێنرێ . دەبێ بە خێرایـی‌بە زۆر حیـابو باس‌و خوازدا بچنەوە . لە دوو رێگازیاتر لە بەردەمدا نی‌یـە . یا واز هێنان لـە ساتی‌تەقاندنی شۆڕش‌و دوایـی ماوە دان بە کەسانی پەربووت‌کە نەخشەی شۆڕشگێڕانەی حیزب ئاشکرا بکەن‌و تووش‌هاتنی قەسابخانەیەکـی تر . یاخود بۆ ماوەیەکی کـورت(سومعەی) حیزب بکرێتـە قەبەڵی شۆڕشی جەماهیرەوەو هاوکاری لە گەڵ چەنـد کەسێکدا بکرێت کە گومان لەجۆری بەیوەندی‌یەکانیـان دەکرێت ، لە گەڵ بزووتنێکی هوشیارانەی مەبدەئی بـۆ دانانی نەخشەیەك کە لە چەندرۆژانێکی داهاتوو تێیـەڕ نەکات ، بۆ رزگار کـردنی‌شۆڕش لەو میحنـەتەی . کارەسات ئاوەها رووی دا .. ئاوەها جەماهیرو حیزبـە پێشرەوەکەی لە بەرە بەیـانی‌حەفدەی تەمووزی ١٩٦٨ دا، شۆڕشـیان تەقاندەوە . وەهەر ئاوەهاش دوای سیانزە ڕۆژو بە پێی ئەو نەخشەیەی‌دانـرابوو ، ئەو سـەرە سەپێنراوانە رووخێنران .

● لەگەڵ ئەوەشـدابازرگانی کردن‌بە سیاسەتەوە هێشتا لای گەلێ لە وانـەی‌ناتوانن مۆرکی نیشـتمانی خۆیان بسەڵمێنن ، رەواجـی‌هەر هەیە .

● لەگەڵ بیرەوەری جەژنە پیرۆزەکانی تەمموزدا یـادی ئەو سەرکەوتنە مەزنانەمـان‌دێتەوە یاد کە لە دەمێـکی دێرینەوە ئاواتی گەورەی ئەم‌گەلە بوە .. ئەبێ کی بـێ خەوی بە خۆمالی کـردنی‌نەوتو چاک کردنی کشتوکاڵو یاسای زامنـی دوارۆژی‌کرێکاران‌و ئۆتۆنومی بـەوە نەبینێو بە دڵو بە گیـان‌ئازارو سزاو دەربـەدەری‌و ماڵ ویرانی لە پێنـاودانەجەشتبن !؟ .. دوێنـی ئـەوانە خەو بینین بـون ،ئەمرۆ بە سایەی شـۆڕش‌و خـەبات‌و خۆ راگرتنـی‌جەماوەری کۆنـەدەری گـەلی عیراقەوە شـتێکی راستین‌ولـە ژێر سـێبەریاندا ئەجەستینەوە ..

● هەمو دەستکەوتێـکی گەورە پێویستی بە خەبـات‌و بەرگە گرتن‌و خۆ راگرتنێـکی گەورە هەیە ، وە بۆ ئەوەی لە وەدەست هێناندا ئـەوسەرکەوتنانە لە دەست نەچن، پێویستی بە وریایی‌یەکی زۆرو جاونە ترسانێـکی بێ سنور هەیە .

● ئەو زەبرو زیـانو کوتەکە بە ئازارانـەی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرسـتان‌بە دەستی شۆڕش لەم وڵاتـە نازدارەدا خواردویـەتی .. نابێ ئەوەی لێ‌بگیرێت کە بـە هەمو جۆرێک دوژمنایەتی لەگەڵ گەلو شـۆڕش‌و دەستکەوتە گەورەو مـەزن‌و بایەخدارەکانیدا بکات .. بەڵام خەیاڵیان خاوە . شۆڕشێک‌گەلی وەک گەلی عیـراقی هەبێت ، لە دوژمنایەتی ئەوان‌ناترسێت‌و لە هەرەشـەو گورشەی ئەوان سل ناکاتەوەو هەنگاو ئەنێت ، بەرەو پێشەوە هەمو دەم هەنگاو ئەنێت بـەهیوای پێ‌گەیاندنی گەلێـکی وریاو زیرو پێشکەوتو وە بـزبەدی هێنانی دوارۆژێکی پـر بەختیـاری .. با ئەوانیـش‌بەردەوام زورنای خۆیـان لێدەنو پێژنگەکانیان بـدەنەبەر تیشکی خۆری راسـتی‌و پروباگاندەی ژەهراوی خۆیان‌بڵاو بکەنەوە .. بەڵام شۆڕش هـەر بەرەو پێش هەنگاودەنێت .. دەنێت . دەنێت.. و هەمو تاریکی دنیا روناکـی‌مژمیکی پێ ناشاردرێتەوە ..

Institut Kurde de Paris

سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

● چوارشەممە ٤ی ئابی ١٩٧٦ ژمارە ٣٢٩ ●

● الاربعاء ٤ آب ١٩٧٦ العدد ٣٢٩ ●

رۆژنامەیەکی لەفنانەی گشتی یە لەدەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

ئەو مەبەستو بەرنامە شۆڕشگێڕییە بەرفراوانەی کونگرەی هەشتەمی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەسەرەتای سالی ١٩٧٤دا دیاری کردونو لە رابۆرتی سیاسی کونگرەکەدان لە چوارچێوەی ئەو قوناغانەی سەرکردایەتی دیاری کردوە لەبلەیەکی باشداو بە هیمەتو چالاکیەکی بەر فراوانەوە جێبەجێ کراون .
سەرۆك احمد حسن البكر

ڕژێمی سوریا بوە بە کۆسپ لە ڕێگای هەرەس هێنانی پیلانەکانی ئیمپریالیزم دا

سەرۆك بەکر

چاوی بەوەزیری کاروباری ئاینی پاکستان کەوت

سەرۆك احمد حسن البكر لە مەکتەبی رەسمی خۆی لە کوشکی کۆماری چاوی کەوت بە کوثر نیازی وەزیری کاروباری ئاینی پاکستان .

وەزیری پاکستانی سلاوی سەروك فضل الهی چودری سەرۆك کۆماری پاکستانی ئیسلامی بە سەرۆك بەکر گەیاند لەگەل هیوا خواستنیابە سەرکەوتنی ئەلی عیراقی براو بەسەرکردایەتی شارەزاو دانایی سەرۆك بەکر .

لەم چاوپێکەوتنەدا کە دوکتور احمد عبدالستار جواری وەزیری ئەوقافیش ئامادەبو باسی بەیوەندی دوو قولی هەردوو وڵات کرا .

بۆ ئەمەش هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە ، گەلێك کۆنگرەو کۆبونەوەی فراوانی دەوڵەتیان بەستوە ، بۆ دانانی بنکەو دەستوری زانستی کواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا ، بە شێوەیەك کە ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئیمپریالزمو مۆنۆپولیەتی •

(٢)

لە کاتێکدا هەموو هەوڵێك دەدرێت بۆ ئامادکردنی پێویستەکانی مەسەلەی کواستنەوەی تەکنەلۆژیا ، کە کۆلکەی پەرەپێدان و ئەشونمای وڵاتە ، جگە لەوەی کە هۆیەکیشە بۆ کەمکردنەوەی دەسەلاتی مۆنۆپۆلەکانوکەشەسەندنی ئابوری وڵات ، هەر لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان بە دەیان پلان نەخشی دەکەن کە لە ئەنجامدا دیاردەیەك سەر هەڵئەدا ئەواو بە پێچەوانەی ئاواتو ئامانجی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانە ، کە ئەویش کۆچی بەهرەدارو شارەزاکانی ئەو وڵاتانەیە بۆ وڵاتە سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان ، لە ئەنجامی ڕێ خۆش بوونو هەڵگیرانی هەموو کوسپێك و دابین کردنی ژیانیان لە و وڵاتانەدا •

لە ڕاستیدا سەرکەوتنی ئەم پلانەی وڵاتە سەرمایەدارەکان لە ڕاکێشانی بەهرەی تەکنەلۆژیایی وڵاتە تامیەکان دا دەبێتە هۆی مانەوەی ئەو وڵاتانە لەو ئاستە نزمەی کە تیایدان‌و لە دوایشدا کۆسپی گەشەسەندنیانە • کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەلدانی کەلێك دیاردەی تر کە بە زیانی ئەو دەوڵەتانە تەواو دەبێت • بۆ نمونە ، ڕازی بوونی ئەو وڵاتانە بە هەموو نرخێك کە بۆ سامانە نیشتمانیەکانیان دادەنرێ ، ئەوەش بۆ بە کڕا چوونی ئەم وڵاتانەو وە وەکو ئەنجامێکی ئەم کارە نارەوایەی وڵاتە سەرمایەدارەکان تاکو ساڵی (١٩٧٢)وە نزیکەی (٣٠٠) هەزارکەس لەوانەی کە شارەزاو خاوەن بەهرەی تەکنەلۆژی‌و شەهادەن ڕوویان کردۆتە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو هەروەها کەندا‌و ئینگلستان • ئەمەو ئەگەر بێت‌و پێکهاتنی بیشەیش وەربگرین : زۆربەی زۆری ئەوانەی وڵاتی خۆیان جێ‌هێشتووە ، ئەندازیارو دکتۆرو زانای سروشتن ، چکە لە فەنی‌یەکان • هەر لە بەر لە فەنی‌یەکان . هەر لە بەر (تصنیف)دا گرینگی بیشەیمان بۆ دەر دەکەوێت لە دیاری کردنی ئەو دەسکەوتانەی کە ئەم بەهرە دارانە بۆ وڵاتە سەرمایەدارەکانی بەرهەم دەهێنین • لە هەمان کاتیشا چ زەرەرو زیانێك بە وڵاتە نامی‌یەکان دەکەوێت (واتە ئەو وڵاتانەی کەلێیەوە کۆچ دەکەن) • بۆ نمونە ئەو دکتۆرانەی کە لە ئەمریکدا کار دەکەن ٣٠٪ی لە شارەزاو بسپۆرە کۆچ کردوەکانن و ٥٠٪ی دەسکەوتیشان هەبووە لە نێوانی ساڵەکانی (١٩٦١ ـ ١٩٧٢) . ئەوە بێجگە لەو خەرجی‌یە کە لە بۆدجەی وڵاتە نامیەکانەوە تەرخان کراوە هەر لەو کاتەی کە ئەم شارەزاو دکتورانە دەستیان بە خوێندن کردوە تاکو دانشگاشیان تەواو کردوەو هاتوونەتە مەیدانی کارکردن •

ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە ، ئەگەر بێت‌و سەیری کۆی ئەو یارمەتیانە بکەین کە (ئەمەریکا کەندا‌و ئینگلیستان) لە نێوانی ساڵەکانی (١٩٦١ ـ ١٩٧٢)دا داویانەتە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم و بەراوردی بکەین لەگەل ئەو دەسکەوتانەی کە لە ڕێی بە هرەی کۆچەرەکانی دەسەکەوتووە .

چاپدا لە ساڵی ١٩٥٩یش یەکەم ڕۆژژمێری بەرباخەلم لە چاپدا ، لەوساوە تا ئەمڕۆ وەك مامۆستا هوشیار ئەفەرموێ (بەزەبری یارمەتی ئەمو ئەو ناوبەناو چەند ڕۆژژمێری ئەرم بلاوکردوەتەوە) •

٢ ـ هەر کە لە ساڵانی ڕابوردودا بیستم مامۆستا هوشیار خاوەن چاپخانەی (کامەران)ی ئەوسا ، دەستی داوەتە ڕۆژژمێری پیرەمێردی (ئەو ساڵە چاپ نەدراو)م بۆ برد وە گفتوگۆ کەوتە بەینمان سەری‌نەگرت •

٣ ـ لە شەڕی دووەمی جیهانەوە کەم تا زۆر هەر ڕووداوێك بووە کە وەرگەڕانی نوسیومەتەوە بۆ ئەمەش کەلێ سەرچاوەی جۆر بەجۆرم پشکنیوەو شتم لێ کراندوتەوە بەلام هەر کە سەرچاوەیەکی باوەرپێکراوترم بەر چاوکەوتبێ لەوا چاوم خشاندوەتە ڕووداوەکانی پێشوەوە ، جا ئەمەش وای‌لە مامۆستا هۆشیار کردوە کە دووی ئەوانە بکەوێ‌و ئاگای لە ئۆرینی دوایی نەبێت، وەك مێژوی ئەو قوتابخانەیەی کە عبدالرزاق بەدرخان دایمەزراندوە •

٤ ـ لە هاوکاری ڕۆژی ٢/٢٧دا لە ئۆخلدا کەلێ هەلەی هاوسەرم بۆ ڕاست کردوەتەوە •

٥ ـ بەلێ ساڵی (٢٦٧٦)ی کوردی کەبیسمەیە وانە ژمارەی ڕۆژەکانی (٣٦٦) ڕۆژە ئەبی دوا مانگی کوردی کە ڕەشەمێیە (٢٩) ڕۆژبێت وە ئەمە هیچ کار ناکاتە سەر مانگی ساڵی زایینی ئەگەر حیسابانی ڕۆژمێر نووس دروست بێت ، ئەبێت بۆ ئەو ڕۆژە چاو بخشێنینە ساڵانی پێشوو ئەك ساڵی داهاتوی زایینی •

٦ ـ گومانی تیدانیە لە کاتی چاپکردندا (هەڵەی چاپ) هەر ئەبێت وەك لە ڕەخنەکەیدا شێخ لەتیفی دانساز بوەتە شێخ لەتیفی (دانشاز)وە هەرچی ووشەی (ڕۆژژمێر) هەیە بونەتە (ڕۆژمێر) تەنانەت ناوی مامۆستاشمان کە لە بیرو هۆشەوە هانوو حەوتەکەی پەڕیوە ، جا هیچ سەیرو سەمەرەیش نیە مێژوی کەیشتنی شێخ مەحمود ئەبێتە (١٩٩٢) وە هەندێ ڕووداو ! لاپەڕەیەکەوە باز ئەداتە لاپەڕەیەکی تر •

٧ ـ مامۆستا هۆشیار لە هەموو ڕۆژژمێرەکانیدا داوای لە خوێنەران کردوە ڕەخنەی لێ بگرن بۆیە لە (ڕۆژشمێری نوێ) ڕەخنەم لە ڕۆژژمێرەکەی ساڵی٩٧٥یی گرت‌و ئەمجارەیش پێنج مانگ لە مەوبێش لە هاوکاریدا ڕەخنەم لە ڕۆژژمێرەکەی ١٩٧٦یی گرت • مامۆستا چی فەرموبێت لێری وەر ئەگرم‌و بەو شێوازەی ئەو وەڵامی نادەمەوە چونکە زۆرجار بوە قوتابی لە ڕووی مامۆستادا وەستاوەو ناچار مامۆستاکەی کشاوەتەوە خۆ چار بەجاریش منداڵ بەرد لەداڵو بابیان ئەڕن‌و ئەویش بە دەمیانەوە بێ ئەکەنێت .

وەڵامێکی برایانە بۆ مامۆستا هوشیار

ـ ڕوونکردنەوەیەك لە « هاوکاری »یەوە ـ

ئەم ڕۆژنامەیە ، لەو ژمارەیەیدا کە ٢٧ـ٢ـ١٩٧٦ دەرچوە وتاریکی کاك مصطفی نەریمانی دەربارەی ڕۆژمێری « هاوسەر » بڵاوکردەوە •

وە بە پێی سەربەستی دەربڕینی بیرورا لەو ژمارەیەدا کە لە ١٤ـ٧ـ١٩٧٦دا دەرچوە لە خاوەنی ڕۆژمێری « هاوسەر »ەوە ڕونکردنەوەیەکمان بڵاوکردەوە •

هەر بە پێی سەربەستی دەربڕینی بیرورا ڕونکردنەوەیەکمان لە سەر ڕونکردنەوەی ناوبراو لە لایەن کاك نەریمانەوە بۆ هاتوە وا بڵاوی ئەکەینەوە •

ئەوەی جێگای دڵتەنگیە ، سەرنجمان دا وتارەکەو ڕونکردنەوە لە سەر ڕونکردنەوەکە شتی تایبەتی‌و شەخسیە کە چوارچێوەی پرویاگەندەی وەر ئەوە بە مەبەستی هەڵوەرگرتن‌و دەرچون لە سودی گشتی •

لە بەر ئەوە ، ئێمە وامان بە باش زانی کە « ئەم ڕونکردنەوەیە لە سەر ڕونکردنەوەکەی بێشمو » دوا شت بێ لەم بارەیەوە بڵاوبکرێتەوەو ••• داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز ئەکەین •

ـ هاوکاری ـ

ـ ئەریمار

لە ژمارە (٣٢٦)ی ڕۆژی ١٤ـ٧ـ١٩٧٦ی ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەڕێزدا ڕوون‌کردنەوەیەکم خوێندەوە کە بە قەڵەمی خاوەن ڕۆژژمێری (هاوسەر) مامۆستا هۆشیار فەفتان لەسەرنوسینەکدا گیرا بوو کە لە ژمارەی (٣٠٦)ی ڕۆژی ٢٧ـ٢ـ١٩٧٦ی ئەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکرابوەوە ، وا لە خوارەوە بەم جەند خاڵە وەڵامێکی برایانەی مامۆستای بەڕێز ئەدەمەوە :

١ ـ گەلانی جیهان هەر بەکە ساڵی جەند ڕۆژمێرێك بڵاوئەکەنەوە لە کوردەواری خۆشماندا بۆ یەکەم جار پنەماڵەی بەدرخانەکان لە پەیروت لە ساڵی ١٩٤٤ یەکەم ڕۆژژمێری کوردی‌یان بڵاوکردەوە ئنجا لە ئێرانیش کۆمەڵەی (ژ٠ك) لە ساڵی ١٩٤٥دا ڕۆژژمێریکیان لە چاپدا ، لێرەش لە ساڵی ١٩٥٧دا ڕۆژژمێریکی دیوارم لە چاپدا لە ساڵی ١٩٥٩یش یەکەم ڕۆژژمێری بەرباخەلم لە چاپدا ، لەوساوە تا ئەمڕۆ وەك مامۆستا هوشیار ئەفەرموێ (بەزەبری یارمەتی ئەمو ئەو ناوبەناو چەند ڕۆژژمێری ئەرم بڵاوکردەوەتەوە) •

٢ ـ هەر کە لە ساڵانی ڕابوردودا بیستم مامۆستا هوشیار خاوەن چاپخانەی (کامەران)ی ئەوسا ، دەستی داوەتە ڕۆژژمێری پیرەمێردی (ئەو ساڵە چاپ نەدراو)م بۆ برد وە گفتوگۆ کەوتە بەینمان سەری‌نەگرت •

٣ ـ لە شەڕی دووەمی جیهانەوە کەم تا زۆر هەر ڕووداوێك بووە کە وەرگەڕانی نوسیومەتەوە بۆ ئەمەش کەلێ سەرچاوەی جۆر بەجۆرم پشکنیوەو شتم لێ کراندوتەوە بەلام هەر کە سەرچاوەیەکی باوەرپێکراوترم بەر چاوکەوتبێ لەوا چاوم خشاندوەتە ڕووداوەکانی پێشوەوە ، جا ئەمەش وای‌لە مامۆستا هۆشیار کردوە کە دووی ئەوانە بکەوێ‌و ئاگای لە ئۆرینی دوایی نەبێت، وەك مێژوی ئەو قوتابخانەیەی کە عبدالرزاق بەدرخان دایمەزراندوە •

٤ ـ لە هاوکاری ڕۆژی ٢/٢٧دا لە ئۆخلدا کەلێ هەلەی هاوسەرم بۆ ڕاست کردوەتەوە •

٥ ـ بەلێ ساڵی (٢٦٧٦)ی کوردی کەبیسمەیە وانە ژمارەی ڕۆژەکانی (٣٦٦) ڕۆژە ئەبی دوا مانگی کوردی کە ڕەشەمێیە (٢٩) ڕۆژبێت وە ئەمە هیچ کار ناکاتە سەر مانگی ساڵی زایینی ئەگەر حیسابانی ڕۆژمێر نووس دروست بێت ، ئەبێت بۆ ئەو ڕۆژە چاو بخشێنینە ساڵانی پێشوو ئەك ساڵی داهاتوی زایینی •

٦ ـ گومانی تیدانیە لە کاتی چاپکردندا (هەڵەی چاپ) هەر ئەبێت وەك لە ڕەخنەکەیدا شێخ لەتیفی دانساز بوەتە شێخ لەتیفی (دانشاز)وە هەرچی ووشەی (ڕۆژژمێر) هەیە بونەتە (ڕۆژمێر) تەنانەت ناوی مامۆستاشمان کە لە بیرو هۆشەوە هانوو حەوتەکەی پەڕیوە ، جا هیچ سەیرو سەمەرەیش نیە مێژوی کەیشتنی شێخ مەحمود ئەبێتە (١٩٩٢) وە هەندێ ڕووداو ! لاپەڕەیەکەوە باز ئەداتە لاپەڕەیەکی تر •

٧ ـ مامۆستا هۆشیار لە هەموو ڕۆژژمێرەکانیدا داوای لە خوێنەران کردوە ڕەخنەی لێ بگرن بۆیە لە (ڕۆژشمێری نوێ) ڕەخنەم لە ڕۆژژمێرەکەی ساڵی٩٧٥یی گرت‌و ئەمجارەیش پێنج مانگ لە مەوبێش لە هاوکاریدا ڕەخنەم لە ڕۆژژمێرەکەی ١٩٧٦یی گرت • مامۆستا چی فەرموبێت لێری وەر ئەگرم‌و بەو شێوازەی ئەو وەڵامی نادەمەوە چونکە زۆرجار بوە قوتابی لە ڕووی مامۆستادا وەستاوەو ناچار مامۆستاکەی کشاوەتەوە خۆ چار بەجاریش منداڵ بەرد لەداڵو بابیان ئەڕن‌و ئەویش بە دەمیانەوە بێ ئەکەنێت .

بەڕێز ئەدەمەوە :

ئەوەی جێگای دڵتەنگیە ، ئەوەیە کە تشت وڵاتێك چاچ ناس بێت چ لە ڕیزی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانا بێت ، بێویستیەکی سەرەکی بە شارەزاو پسپۆڕو بەهرەداری مەیدانی زانستو تەکنەلۆژیاوە هەیە • بە واتایەکی تر ، بەهرەدارەکان کۆلکەیەکی گرنگن لە بەرەوپێش چوونو ئاوەدان کردنەوەی وڵات ، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە تازە خەریکن پێبگەنو ڕادەی ئابوری‌و کۆمەلایەتیان بەرزبکەنەوە ، ئەمە دەڵێن ، چونکە زۆربەی دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکان دوای جەنگی جیهانی دووەم ، خەریکن ببووژێنەوەو لە بازنەی ئەو دواکەوتنە ئابوریەیاندا بچنە دەرێ ئەمەش لە سەرەتاوە بە کردنەوەو پێکهێنانی چەند پیشەسازیەکی چکۆلەی بەکار هێنان (استهلاکی) وە دەستی پێکرد ، کەوا لەبری هێنانیان لە دەرەوە ، خۆمالی دروست دەکران و سەرەتای پیشەسازی قورسن ، کە لە شەستەکانەوە بکرە تاکو ئیستاش ئەم وڵاتانە تەلێك بە کەرەو گوڕیەیەوە ببری لێدەکەنەوە وپلانی بۆ دەکێشن، کە ئامرازو دەزگای تەکنەلۆژی ئەم جۆرە پیشەسازیانە زامن بکەن لە پێناوی بەرهەم هێنانی زیاترو بەردەوامی بەرپێدانەوە•

بۆ ئەمەش هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە ، کەلێك کۆنگرەو کۆبونەوەی فراوانی دەوڵەتیان بەستوە ، بۆ دانانی بنکەو دەستوری زانستی کواستنەوەی تەکنەلۆژیا لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا ، بە شێوەیەك کە ئەبێتە هۆی سەرهەلدانی کەلێك دیاردەی تر کە بە زیانی ئەو دەوڵەتانە تەواو دەبێت • بۆ نمونە ، ڕازی بوونی ئەو وڵاتانە بە هەموو نرخێك کە بۆ سامانە نیشتمانیەکانیان دادەنرێ ، ئەوەش بۆ بە کڕا چوونی ئەم وڵاتانەو وە وەکو ئەنجامێکی ئەم کارە نارەوایەی وڵاتە سەرمایەدارەکان تاکو ساڵی (١٩٧٢)وە نزیکەی (٣٠٠) هەزارکەس لەوانەی کە شارەزاو خاوەن بەهرەی تەکنەلۆژی‌و شەهادەن ڕوویان کردۆتە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاو هەروەها کەندا‌و ئینگلستان • ئەمەو ئەگەر بێت‌و پێکهاتنی بیشەیش وەربگرین : زۆربەی زۆری ئەوانەی وڵاتی خۆیان جێ‌هێشتووە ، ئەندازیارو دکتۆرو زانای سروشتن ، چکە لە فەنی‌یەکان • هەر لە بەر لە فەنی‌یەکان . هەر لە بەر (تصنیف)دا گرینگی بیشەیمان بۆ دەر دەکەوێت لە دیاری کردنی ئەو دەسکەوتانەی کە ئەم بەهرە دارانە بۆ وڵاتە سەرمایەدارەکانی بەرهەم دەهێنین • لە هەمان کاتیشا چ زەرەرو زیانێك بە وڵاتە نامی‌یەکان دەکەوێت (واتە ئەو وڵاتانەی کەلێیەوە کۆچ دەکەن) • بۆ نمونە ئەو دکتۆرانەی کە لە ئەمریکدا کار دەکەن ٣٠٪ی لە شارەزاو بسپۆرە کۆچ کردوەکانن و ٥٠٪ی دەسکەوتیشان هەبووە لە نێوانی ساڵەکانی (١٩٦١ ـ ١٩٧٢) . ئەوە بێجگە لەو خەرجی‌یە کە لە بۆدجەی وڵاتە نامیەکانەوە تەرخان کراوە هەر لەو کاتەی کە ئەم شارەزاو دکتورانە دەستیان بە خوێندن کردوە تاکو دانشگاشیان تەواو کردوەو هاتوونەتە مەیدانی کارکردن •

ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە ، ئەگەر بێت‌و سەیری کۆی ئەو یارمەتیانە بکەین کە (ئەمەریکا کەندا‌و ئینگلیستان) لە نێوانی ساڵەکانی (١٩٦١ ـ ١٩٧٢)دا داویانەتە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم و بەراوردی بکەین لەگەل ئەو دەسکەوتانەی کە لە ڕێی بە هرەی کۆچەرەکانی دەسەکەوتووە .

ئەمە دوایی‌یە ئەگەر بێت‌و ئەو ئەرکەی کە مامۆستای فەیلەسوفان سولاکرد ••• جا لەم بیارەدا شاعیری بەناوبانگی ڕێیازی ئەیقۆر (ئۆکریش) دێتە کایەوە کە بەجوانترین شیعر ئەژێر ناونیشانی (دەربارەی سروشتی شتەکان)(٢) فەلسەفەی ئەیقۆری مامۆستای پارامیدو بەرەی پێدای ئەیاندیە خەلکی ئرو ئەوەی داهاتوو ، هەر بۆیەشە ئەژووناسانی پیر ئەئێن لوکریش باشترین بەرهەمو دانسۆزترین قوتابی مامۆستاکەی بووەو بەشعر بەرهەمو بابەتەو ناوەڕۆکی فەلسەفەی مامۆستاکەی ئەوەی کردوە • وە هەڵبەستەکەش ناوەڕۆکیکی فۆرلی فەلسەفەی یانەی هەیە ، باسی ئاکار (ئەخلاق)و مەرگ‌و ئەو شتانەی کە چۆنیەتی خۆسەرفرازکردن ئەکات لەترس‌و لەرزی مردن‌و گیان‌دەرچوون •

پاشماوەی فیکری خۆیان بپارێزن ، لەبایەخی ئاستی بەرهەمو ژەانەکەیان کەم نەکەنەوەو ڕێبازێکی دایمو پتەویان هەبێت‌و خەونکی سادەش تریان بکات •••

پاشماوەی ـ نموونەیەکی شیعر

ئەم دوڕەتە دەڵێك‌بوو بۆ شیعر هاتە پێشەوەو ئەو ئەرکەی لەسەرمانی فەیلەسوفان سولاکرد ••• جا لەم بیارەدا شاعیری بەناوبانگی ڕێیازی ئەیقۆر (ئۆکریش) دێتە کایەوە کە بەجوانترین شیعر ئەژێر ناونیشانی (دەربارەی سروشتی شتەکان)(٢) فەلسەفەی ئەیقۆری مامۆستای پارامیدو بەرەی پێدای ئەیاندیە خەلکی ئرو ئەوەی داهاتوو ، هەر بۆیەشە ئەژووناسانی پیر ئەئێن لوکریش باشترین بەرهەمو دانسۆزترین قوتابی مامۆستاکەی بووەو بەشعر بەرهەمو بابەتەو ناوەڕۆکی فەلسەفەی مامۆستاکەی ئەوەی کردوە • وە هەڵبەستەکەش ناوەڕۆکیکی فۆرلی فەلسەفەی یانەی هەیە ، باسی ئاکار (ئەخلاق)و مەرگ‌و ئەو شتانەی کە چۆنیەتی خۆسەرفرازکردن ئەکات لەترس‌و لەرزی مردن‌و گیان‌دەرچوون •

لوکریش لەشیعری (دەربارەی سروشتی شتەکان) وەستایانە ورد بۆ کێشەی یەکێك خواردوی ناو دەروون‌و ناخی مرۆڤی سەردەمی خۆی ئەچێ ••• ڕازو نیازەکانی بەکاڵائەکاتەوە ، خەون‌و ئاواتەکانی دەرئەبڕێ ••• هەڵویستی مرۆڤی حەپەساوی سەرسام ئەدرکێنی کەوەکو پەرەمو چیك زریانی ڕۆژگار بەملاو بەولای‌دا ئەدات ••• وەك کەشتی‌یەك شەپۆل‌و ڕەشەبا لەدەریای هەڵخوی بێ‌بێ‌دا یاری پێ‌ئەکرێت ••• مردن ، ژیان ، هەتاهەتایی ، زەمانە ، چاو بریتە ئەمری‌ی‌و تەمەن‌درێژی پاشەڕۆژوو ترس‌و لەرزەکانی ••• تێکرا وەك دانە مرواری ملوانەکەی شیعری (دەربارەی سروشتی شتەکان)ی لوکریش پێك ئەهێنن •• ئەمەش هەڵبەستەکەیە :

دەربارەی سروشتی شتەکان

ـ لۆکریش ـ

هەموو ئادەمزادێك لەدەستخۆی ڕاەکات
بەلام هیچ کەسێکیش ئەوەی پی نەکراوە
ناچارە هەر دەست بەئامێزی‌دەوە بگرێت !
لێی‌بتزارە ••• بەدەستی‌یەوە دەردەداره •
کەچی ناتوانێ هۆی ئەخۆشی‌یەکەی بەزێنەوە •••
ئەگەر بیتوانیبایە •••
هەموو شتێکی ئەخستەلاوە •

یەکەم جار بایەخی بە لێکۆڵینەوەی سروشتی
ئەم جیهانە ئەدا •••

چونکە ئەوەی جێگای ئومان‌لێ‌کردنە ••
حاڵەتانە بەدرێژایی زەمانە هەتاهەتایەکەوە •
ئەك ئەم سانەی کە ئەئوزەرێ •••
دوای ئەوەی دەستی مەرگ
ئەیانگاتێ •••

پەرلەوەی بگەیتە دهۆك جەند دێ یەك هەیە کە باخێکی گەورەیان لە بەردایە ، کەلێی نزیك ئەبێتەوە وەکو دێی‌یەکی تازە دێتە بەر چاوت ، مریشك‌و ئاژەلێکی زۆری تیایە .. ئەوە جێگای بەخێو کردنی مریشك‌و مەلبەندی بەروەردە کردنی ئاژەلە..لەم مەلبەندەدا چاومان بە کاك ئیسرائیل بێتان بەرێوەبەری مەلبەندەکە کەوت‌و جەند پرسیارێکمان لێ کرد ..

مەلبەندی بەروەردەکردنی ئاژەڵ لەماڵتە

● ئەم مەلبەندە لە کەیەوە کراوەتەوە ؟

ـ ڕۆژی ٢٨ـ١٠ـ١٩٧٤ کراوەتەوە ..

● لەساڵی ١٩٧٥ دا بەرهەمی ئێوە چۆن بوو ؟

ـ ئەم مەلبەندەی ئێمە ئاژەڵ‌و جۆرو ڕەگەزەکانی تاقی ئەکاتەوەو باشترین جۆریان هەڵ ئەبژێرێ ، هەروەها ئێمە جوجەڵە لەبەغدا دێنین لەپاش جەند ڕۆژێك کە دەرمانی (نیوکاسل)یان پێ ئەدەین ئینجا بەسەر فەلاحەکانا دابەشی ئەکەین .

● ئیستا جەند سەر ئاژەڵتان هەیە ؟

ـ ئیستا ٥٠٠ سەر ئاژەڵی مەرەزمان هەیە ، وە نزیکەی ٧ـ٨ هەزار جوجەلە شمان هەیە .

● مەلبەندە کەتان جەند بەشە ؟

ـ بەشی ئاژەڵ ، پەلەوەر ، مووتوربە کردن ، شیرەمەنی، تەندروستی ئاژەڵ .

● بۆچی پیشانگایەك لە دهۆك ناکەنەوە کە جوجەلەی تیا بفرۆشرێ ..

ـ لەبەرئەوەی کادیری شارەزامان نیە .

● مەلبەندە کەتان چ کەمو کورتەکی تیایە ؟

ـ کادیرو کرێکارو کەرەستەی پێویستی کەمن .

● ئەو مریشکانەی بەروەردەیان ئەکەن هینی ناو خۆیان بۆ تەندروستی باشترە یان هی دەرەوە بن .

ـ ئەوانەی لە دەرەوە ئەیان هێنین بەرلەوەی سەریان ببڕن لیژنەیەکی ئاژەڵ شوناسی شارەزا بەباشی سەیریان ئەکەن ئەگەر باش بون ئینجا سەریان ئەبڕن ، بەلام هینی گوندەکانی خۆمان ئەگەر نەخۆش کەوتن هەوڵ ئەدەین بەداوو دەرمان چاکیان بکەینەوە .

● بۆچی تامی ئەو مریشکانەی کە لە گوندەکانا بە خێوئەکرێن لەگەل ئەو مریشکانەی لە دەرەوە ئەیان هێنن جیاوازن ، وە هەندێکیان تەنانەت بۆنێکی ناخۆشیان لێ دێت .

ـ ئەو دانە مریشکەی لە دەرەوە ئەیدەن بەمریشك لەگەل هینی ناوخۆی عیراق جیایە ، چونکە دانەمریشکی ئەوان دەستکردەو شتی هەمە جۆرەی تیایە ، ئەمانە کارئەکەنە سەر گۆرینی تامو مەزەی گۆشتە کەیان . بەلام لای خۆمان مریشك بەرەئلایەو بە ئارەزوی خۆی چینە ئەکاتو خواردن ئەخوات ، دیسانەوە هەندێك وڵاتان ماسی وشك کراوە ئەکەنە ناو دانە مریشکە کەوەو ئەیدەن بە مریشکەکان ئە وبۆنەی لە ناو ماسیە کەدایە لە ناو گۆشتی مریشکە کەشدا (تا ڕادەیەك) جێگیر ئەبێ ••

● ئەگەر گۆشتی مریشك زۆر لە ناویەخچالدا بمێنێتەوە چی لێ دێت ؟

ـ نەخێنك وشك ئەبێتەوەو تامیشی نەخێنك ئەگۆڕێ • •

● ئەبێ ئەو شوێنەی جوجەلەی تیا بەخێو ئەکرێ چۆن‌بێو ڕوبێوی چەندبێ ؟

ـ لە هەر مەترێکی چوار گۆشەدا پێنج مریشك بە خێوئەکرێ ئینجا بەوبێیە جێگای هەموویان دیاری ئەکرێن .

پ • هاوکاری

لە دهۆك

---

(١) لەسەدەی بیستەمدا هەندێ ڕێباز هاتونەتە کایەوەو ئەدەبیان کردوە بە ڕێگایەك بۆ دەربڕینی فەلسەفەکەیان ••• هەروەها هەندێجار چەند شاعیرێکیش لاف لێ‌ئەدەن کوایە شیعری فەلسەفی‌و میتافیزیقی دانەنێن •

(٢) ئەم شیعرە لەژێر ناونیشانی
The nature of the things
دا لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی بێرترانەد ڕەسل
History of Western Philosophy
بڵاوکراوەتەوە ••• ئەویش ئەلێ میستەر • ر•س• ترفلیان لەزمانی یۆنانی‌یەوە کردویە بە ئینگلیزی •

پاشماوەی : تۆمنت خۆش •••
دەربارەی دامداری دەرێنسیت
ڕەنگە لەوکاتەدا ، مێمش بۆ پیاسە بێتە دەرێ‌و سەرلەنوێ پێك‌بگەین •

⊙

بەلای هاوڕێکەتا ، خۆت لار دەکەیتەوە
نەخێنکیش سەر دادەبەزێنیت
ئنجا بەکاوەخۆ ، دەڵێی : « ئیژارە باش »
مێمش وەلامت دەدەمەوە « ئیژارە باش خاتوون »

⊙

هیچ شتێك گیانم ناشلەژێنێ
هیچ شتێك گیانم ناڵەرژێنێ
کەسێك دلدار بوبێ . جارێکی‌تر دلداری ناکا
ئەگەر کەسێك بێشتر سوتابێ ،
جارێکی‌تر بۆ نایسوتێنیت •

---

(١) کایەسین کولیف • « دەرخستیش ئاوا هەڵدەچێ » « چاپی ڕووسی » لاپەڕە ١٢٩ •
(٢) سیرگی یەسینین • موسکۆ ١٩٥٨ • لاپەڕە ٢٩٧ ـ ٢٩٨ •

پاشماوەی : وشکە ساڵی

بێشوی . چونکە لە مانگی حوزەیرانی ڕابردودا فەرەنسا ترش بێ بارانی‌و وشکەساڵیەکبوە کە ١٠٠ ساڵە وێنەی نەبینراوە .

هەفتەی ڕابردو جوتیارێکی فەرەنسا لەترسی ئەوەی ترێی ڕۆژێك بێ کە ناچاربێ مەرومالاتەکەی بێرێتە گوشتارگە (المسلخ) خۆی کوشت . چونکە وەرزێرو ئاژەڵدارەکان زۆریان لەدل گرانە کە ناچاربن هەمو مالاتی خۆیان بفرۆشن . ئەمە نیشان دەداکە لەسەر ئەمەش بێویستە ناو بەرێزی سیی‌دا بنێین‌و هەمومان لەوڵاتی خۆمان حیساب بۆ هەر دڵێرە ناوێك‌بکەین .

حەسەن دارقاش

Institut kurde de Paris

لەنموونە ناڕەواییەکانی ڕێژیمی سەرمایەداری ..

ئەکتەرێکی لێ نەهاتو نارنجۆکێك لە ژێر پێی فریشتەی کۆنگریسی ئەمەریکادا ئەتەقێنێتەوە

● بەشی لێکۆڵینەوە ●

ئیستا لە نێوان سکرتیرەووە کچەو کاربەدەستە بچکولەکانی کونگرەسی ئەمەریکادا هەر باوی باسکردنی کارەساتی ناشیرینەهەر کەسە ئەیەوێ لاپەڕەی کۆنی هەڵداتەوە کە باسی هەر روداوێکی دڵدارانەی کۆنی تیایێ - تەنانەت ئەگەر باسەکە ئەندیشەیی بێت - لە نێوان خۆیو یەکێك لەئەندامانی کونگریسەکەدا . وە ئەیەوێ لە چاو تروکانێکاوەکو سکرتیرە ئەلیزابت رای وەیان (لیز)ی لێبێو حەزئەکا بەو جۆرە ناوی بەرن .

لیز زۆر بە گورجی گەیشتە پلەی ئەستێرە ، وە بو بە خاوەنی دارایی‌یەکی زۆروناوبانگێکی فراوان کە چەندان ساڵ بو خەوی پێیانەوەئەبینیو .. لە پێناویانا چو بۆ هولیوود وە زۆر هەوڵی ئەوەیدا کە بکاتە ئامانجەکەی وە ببێتە ئەستێرەیەکی سینەمایی لە جیاتی ئەوەی ببێتە ئەستێرەیەکی سیاسی . وە ئەمەش دوای ئەوە کە کتێبێك دەربارەیەوە دەرچونهینیەکانی خستەروو کە بەیوەندی لە گەل ١٣ ئەندامی کونگریسدا هەیە ، وە ساڵی ١٤ هەزار دۆلاری وەرئەگرت .. وە ئەو کتێبە لە سەرانسەری وڵاتی ئەمەریکادابایەخی هەبو .

دوای ئەوە سکرتیرەی‌دووەم هەمان تاوانی دایە پال (تشالزفینك) ئیستا نۆبەی‌سکرتیرەی سێیەمە کە ناوی (کولین جاردنر)ە ئەیەوێ‌بچێتە ناو بەربەرەکانێی ئەم پیشە تازەیەوە ، ئەمەیان‌ئەیویست وای بسەلێنێ کە لە (لیز) بەهادارترە .. وە(چون یونج)ی نوێنەری ئەمەریکای بەوە تاوانبار کردکە ٢٦ هەزار دۆلاری ئەداتێ کە هەمان دەوری (لیز)ی‌بۆ ببینێ .

جاردنر لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدایەو کچێکی ١٢ ساڵانی هەیە ، وتویە : چەند فەرمانبەرێکی لاو لە تەنیشت هەندێك ئافرەتی جوانەوەدائەنیشن ئەویش لەسەر خواستی هەندێك لە ئەندامانی پەرلمان . وە هەمو ئەو کەسانە ئەناسێو نایەوێ‌خۆیانی پێ بناسێنن .. بارێزەرێك وتویە ئەوتاوانانەی لە بارەی مەسەلەی (جنس)یەوە دراوەتە پال‌ئەندامانی پەرلمان هەمویان راستن ..

کولین جاردنر جارێکی تر ئەوەی سەلماندۆتەوە کە ئەو خۆیەویستی (جون یانج)ی ئەندامی دیموکراتی پەرلمان بوە لە وڵاتی تەکساس وە هەر ساڵێك ٢٦ هەزار دۆلاری وەرئەگرت لە سەر ئەرکی بودیجەی کونگریس .

ئەو بە سەرهاتەی کە زۆرتر کۆنگریسی ئەمەریکای داچڵەکان باسی داهاتی پێیەهاو کچە ئەکتەری لێئەهاتو (ئەلیزابیت رای) بو کە باسی کوێرەوەری بە سەرهاتەکانی خۆزی ئەگێڕایەوە .

ناوبراو دانی بەوەدا ناوە کە (واین هیز)ی نوێنەری پەرلمانی ئەمەریکا لەکونگریسدا کردی بە سکرتیرەو بۆ کاروباری تایبەتی خۆزی ، وە ئەمە لە دوای کارەساتە بو ، لەوانەیە بۆ لە شورەییەکەی وتەرکێت بو بە کارەساتێکی ناشیرین تر .. وە قولای سیاسەتو نوێنەرانی ئەمەریکای بە شورەییەوە لەرزان ، بە تایبەتی لیدوانەکانی (لیز) کە بۆ ڕۆژنامە نوسەکان داواە وتویە : لە گەل زیاتر لە ٢٠٠ ئەندامی کونگریسی ئەمەریکادا رای بواردوە ، وە ئەمە تەنیا کەسێك نیە ئەم کاری کردبێ بەلکو لە کونگریسدا بەدەیان وزیاتریش کچە فەرمانبەرو سکرتیرە لە مەکتەبەکانی کونگریسدا لە گەل لیاو کەورەو ئەندامانی پەرلمانەکەدا رائەبوێرن .

لە کاتێکدا کە ئەم لیدوانو قسە کردنانە ئاڕاوەکی گەورەی لە ناو تێکڕای کۆمەڵگای ئەمەریکادا خولقاند وە ئەمە لە دوای کارەساتە پڕ لە شورەییەکەی وتەرکێت بو بە کارەساتێکی ناشیرین تر .. وە قولای سیاسەتو نوێنەرانی ئەمەریکای بە شورەییەوە لەرزان ، بە تایبەتی لیدوانەکانی (لیز) کە بۆ ڕۆژنامە نوسەکان داواە وتویە : لە گەل زیاتر لە ٢٠٠ ئەندامی کونگریسی ئەمەریکادا رای بواردوە ، وە ئەمە تەنیا کەسێك نیە ئەم کاری کردبێ بەلکو لە کونگریسدا بەدەیان وزیاتریش کچە فەرمانبەرو سکرتیرە لە مەکتەبەکانی کونگریسدا لە گەل لیاو کەورەو ئەندامانی پەرلمانەکەدا رائەبوێرن .

لە کاتێکدا کە ئەم لیدوانو قسە کردنانە ئاڕاوەکی گەورەی لە ناو تێکڕای کۆمەڵگای ئەمەریکادا خولقاند چەند هۆیەکی تر هەیە کە وەکو خواردەمەنی گەرمایی ، داوودەرمان ، و چەند شتێکی تر کاریگەرن .

زانایانی تر بە جۆرێکی تر سەرنجی باری (سەعاتی بایولوجی) ئەدەن ئەوانە لەو باوەڕەدائین کە سەعاتی بایولوجی لە ناوەوە هەبێ بەلکو ئەلین ئیقاعی ڕۆژانە بەیوەندە بە هۆیەکانی دەرەوە، وەکو : ڕۆژ ، مانگ ، تیشکەکانی گەردون ، تیشکەکانی کەهرو مگناطیسی لە هەوادا .

ئەوانەی بەیرەوی تیئوری (سەعاتی بایولوجی) ئەکەن زۆر بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کاریگەریتی (ضبط) ریکخستنی ساعاتی بایولوجی ئەدەن لەسەر ئەندامە دروست کراوەکان . تاقیکردنە وەیەك لە بارەی مێشەوە بە درێژی کردنەوەی ئیقاعەکانی روناکی ڕۆژانە کراوە (١٢ سەعات روناکیو ١٢ سەعات تاریکی) کە هەمو هەفتەیەك شەش سەعات درێژ بکرێتەوە (تاکو بە ئەندازەی ماوەی نێوان ئەنگلتەرەو ئەمەریکا) کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بۆتە هۆی مردنی مێشەکان ، ئەو زانایانە لەو باوەڕدان تێکدانی بارسەنگی سەعاتی بایولوجی ناوخۆ مەترسی زۆری بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ هەیە بە نەخوشیو ، پیربونو تەنانەت مردنیش .. زانایەك لەو باوەڕە دایە پالەپەستۆ خستنە سەر ئیقاعی ئاسای یان تێکدانی ڕەوتی ساعاتی بایولوجی بە خواردنە وەی قاوەی زۆر بۆ نمونە لە بەیانیانا مەترسی ئەوەی لێ ئەکرێ کە نەخۆشی (سەرەتان) شیرپەنجە دروست بکات .



هەمو زیندەوەرێك لە بچوکترینەوە تا گەورەترینیان ناوخۆیی ڕۆژانەیە ، هەمو زیندەوەرێك بە پابەندی چەند ئیقاعاتێکی وردی بەو ئیقاعە تایبەتیەی ەبێتە هوی داهێنانی (سەعاتی بایولوجی)

ئەوە دەرکەوتوە کە ئیقاعی ڕۆژانەی دەرخت‌و گیان لە بەرەکان پیشکەوتوە بە پێی سنوری توانای زیندەوەرەکان .. هەندێك زیندەوەر بە ڕۆژدا چالاکیان لە شەو زیاترە .. وە زوربەی درەختەکان بە ڕۆژا گەلاکانیان ئەکرێتەوەو بەشەوا کۆئەبێتەوە .. بە پێی تاقی کردنەوە دەرکەوتوە ئەم دیاردەیە گوایە بە هۆی روناکیەوەنیە ، چونکە ئەو درەختانە یان ئەو زیندەوەرە گیان لەبەرانە تەنانەت ئەگەر روناکیشی بەرنەکەوێ تا ماوەیەکی زۆر هەر ئەمێنێتەوە ، چونکە بەیوەندی بەئیقاعی ڕۆژانەی خۆیەوە هەیە .

ئیقاعی ڕۆژانە لەناو گیان لەبەرەکانا بە زۆر شێوە هەیە کە دیاردەی خۆیان ئەنوێنن وەکو هەست کردن بە ئازار زور بونی جولانی خوێن ، توانای بینین ، شت لە بیرنە کردن ، هەست کردن بە بۆن‌و خواردەمەنی ، هەست کردن بە نەخۆشیەکان ، هەروەها بەرامبەر بە ئازاوەو کاری توڕەبون و ..

ئەم ئیقاعانە لە ناو چالاکیەکانی ژیانا دەرئەکەون وەکو لە کاتی دروست بونی (خلیە) کانا ، یان لە کاتی کرداری بایوکیمیاویدا بو وینە لەوانەیە لە سەعات شەشی بەیانیانا خواردنی دەرمان بێتەهۆی گیروگرفتی رودانی دروست بونی هرمون لە سەعات حەوتا وە پەیدابونی حالەتێکی تایبەتی لە سەعات هەشتا . بەلام ئەگەر هاتو دەرمانەکە لە سەعات هەشتا بخورێ هیچ حالەتیکی وا بە شوێنیا رونادات .

هەمو چالاکیەکی ژیان لە هەرجۆرە ئەندامێکی زیندوا کە تەنیایێ دوچاری حالەتی کەم بونەوەی بایولوجی ئەبێ .

ئەو تاقیکردنەوانەی لەم بارەیەوە کراون بە تایبەتی ئەوەیان دەرخستوە کە رەنگ بێ چالاکی گیان‌لەبەرە وردەکان بە نیسبەتی ٨٥٪ سودی لێوەربگرێ . وە هیچ جیاوازیەك لە کاریگەریتی کەم ناکاتەوە لە هەر کاتێکی ڕۆژدا بێ لەبارەی زیندەوەرە گیان لەبەرە کانەوە بەلکو مرۆڤیش هەربەم جۆرە ئەگرێتەوە .. بەکار هێنانی جۆرە دەرمانێکی تایبەتی بۆ ئەوانەی دڵیان نەخۆشە لە سەعات چواری بەیانیانا ٤٠ ئەوەندەی ئەوە باشترو سودمەند ئەبێ کە لە کاتەکانی تری ڕۆژدا بیدرێتی . هەروەها بەکار هێنانی ئەنسولین کاریگەرترە بۆ ئەوانەی نەخۆشی شەکریان هەیە کە لە سەعات چواری سەر لە بەیانیا بیان درێتی ، هەروەکو دەرکەوتوە زوربەی خەلك لەم کاتەدا لە دایك ئەبن وە یان ئەمرن .

ئامیری ئیش کردنی (سەعاتی بایولوجی) لای هەندێك کیان لەبەر بە میراتی بۆی ئەمێنێتەوە ، لە گەل ئەوەدا روناکی هەمیشە لەنگەری راگرتنی ئەم ئیقاعەی گرتوە ، لە گەل روناکیەکەدا پابەندی چەند ئیقاعاتێکی تر هەیە کە ئەمە ئیقاعی ئەندامی دەرەکی لەگەل ئەوەدا ئەگونجێ کە ئەم ئیقاعانە لە ئەنجامی کاریگەری روناکیدا گۆڕانکاریان تێدا بکرێ .

زانستی سەدەی بیستەم

سەعاتی بایولوجی بەندروستی: هەمووشتێك ئیقاعێکی تایبەتی هەیە

● **ئەم بەسەرهاتە چۆن دەستی پێکرد ..؟**

(لیزاری) ئەڵێ :

یەکەمجار کە هاتم بۆ واشنتون کچێکی لادێیی بوم، هەرچیم ئەبینی سەرنجم ئەدا ، هیچ بیاوێکی سیاسی خاوەن پایە نەبو لەلام خواوەندەکان نەبێ .. لەو باوەڕدا نەبوم ئەوانە هەندێك شت بکەن وەکو نانخواردنو خەوتنو دڵداری تاکو خۆم هەمو ئەوانەم لە گەلا کردن .

کە چۆم بۆ نیشتەجێکەی سەناتور (واین هایز) کە بیاوێکی سیاسی دەرکەوتو ژیانی سیاسیدا گرت .

● **بەشی کاروباری دڵداری**

یەکەم کەس کە بە هۆی سەناتورەوە ناسیم (ئالان برایت) بو کە ئەرکی سیاسی ئەو رازیکردنی ئەندامانی کونگریس بوو لە سەر ئەو بریارانەی کە لە گەل قازانجی کومپانیا گەورەکانی ئەوتا ئەڕوات ، وە ئیشی راستی منیش لە گەل جۆری ئیشەکەی ئەوا جیاوازیەکی ئەوتۆی نەبو ، سێ ساڵ لە ئیشو کاری دەولەتدا مامەوە بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر لە دو دێو لەسەر دەزگای چاپ بنوسم ، وە لە راستیدا ئیشو کاری من خۆ ئارایشت کردن بو بۆ ئەو سیاسیانەی کە خزمەتی سیاسەت ئەکەن .. وە ئەبوایە ئەو بەشەی من ئیشم تیا ئەکرد ناوی بنرایە (بەشی کاروباری دڵداری) .

بەردەوام دەستم کرد بە جێبەجێ کردنی ئیشو کاری خۆم ، (برایت) داوای لێکردم کە بیەوێ‌ندی لەگەل دو کەسدا بکەم کە وێنەیانم لە ڕۆژنامەکانو سەر روی تەلەفزیونداا ئەدی .. یەکێکیان ناوی (کیفین) بو ، ئەمە بارێزەرێکی بە ناوبانگ بو ، وەلە کارەساتەکەی (ووترگێت)دا دەستێکی بالای هەبو ، (برایت) داوای لێ کردم بیم بە خۆشەویستی .. جو بۆ زورێکی سەرەوەو من‌و کیفینی لە گەل خۆیا برد بەلام پێموت من ئەمە ناناسم ، بۆی وتم ئەمە ئیشی من‌نیە من چیم پێ بسپێرن ئەوە ئەکەم ، ئینجا (کیفین) لە گەل خۆیا بردمی ..

● **(ناوبانگی ناو کۆنگریسەکە**

بەرەبەرە ناوو ناوبانگم لە کۆنگریسەکەدا بلاو ئەبۆوە ، بە وردی سەرنجیان ئەدام ، تاوام لێ هات هەمویان ئەیان ناسیمو بەگەرم چاکو چۆنیان لەگەل ئەکردم ..

لە لایەن ئەندامانی کۆنگریسەوە گەلێك نامەم بۆ ئەهات‌و بۆم ئەناردن ،بیکومان ئەو نامانە سامناك بون ، بەلام لە هەندێك کاتا جۆرە نامەیەکم بۆ ئەناردن کە سۆزی دلداریان بجوڵێنێ .. تەنانەت بە جۆرێکیوا کاری ئەکردەسەر هەستوگفتوگۆی گۆڕبونەوەکانیان ، تا رادەیەك سەناتور لە گەورەترین گۆڕبونەوەیانا ئەهاتە دەرەوەو ئەهات بۆ لامو بۆی ئەوتم چیت ئەوێ ؟

سروشتی ئیش کردنەکەم گۆڕا لە کاتێکدا کەوتمە راوکردنی کچە جوانەکان .

● **وێنەگری کۆشکی سپی**

لە ئاهەنگێدا وێنەگری کۆشکی سپی‌مان لە گەلا بوو، لە کاتێکدا کە ئیمە روتبوین وێنەی ئەگرتین .. ئیمە لە کاتی وێنەگرتنەکەدا هەمو شتێکمان ئەکرد بەبێ بەرواو ئیکدانەوە ، لە ناکاو وێنە گرەکە ئیمەی بەجێ هێشتو جو بۆ کۆشکی سپی کەوێنەی خێزانی سەرۆك بگرێ ، ئەو جارە بە پیچەوانەوە رویدا ، لە کاتێکدا کە پیاوگەورەیەکی پیشەسازی یاری (جولف)ی ئەکردو وازی هێنا ، لەکاتێکدا کە لەگەل سەرۆك خەریکی یاری کردن بو ، بۆ ئەوەی دەست بکات بە رابواردنو دڵداری لە گەلمنا ، (ئەلیزابیت‌رای) چەند ناوێکی ژمارد ، ئاگادار بوم ئەو پیاوانەی کونگریس لە ناو تیشکی دڵداریا ئەترانەوە ..

ئەوەم بۆ دەرکەوت کە نان خواردنو خەوتن لە گەل منا هیچ گەردێکی لە سەر نەنیشتوە ، بەلام دەرچون لە گەلم بۆ سەر رێگای گشتیو بەرچاوی خەلك بە هەلە ئەزانرا ، ئینجا بیرم لەوە کردەوە کە چۆن لە گەل پیاوێك بم خاوەنداریم بکاتو من خاوەنداری ئەو بکەم ، درۆم لە گەل نەکاتو بە درێژای شەوان لە گەلم بێت .. بەلام بە داخەوە نەبو ..

بیموت بە یارمەتیت ئەخێنك ماوەم بدە ، با لە گەرماوەکە جلەکانم دانێمو بەیشتماڵەك خۆم بپیچمەوە. لە دوای زیاتر لە ساعاتێك هێشتا لەسەر جێگاکەی بوو پێی وتم زۆر دواکەوتی، ئیستە ئەوانە وای داینێن ئەم ماوەیە هەموی لای من بوی .

ماوەی سێ ساڵ لە واشنتون مامەوە ، بەیوە ندیم لە گەل سەناتوردا بەهێزبو ، دوای ئەوە ئیشو کارەکەی گوێزرایەوە بۆ شوێنێکی تر،(٧٠)جار بە یەك گەیشتین .. بەم جۆرە جێگایەکی دلگیرم لە بواری سیاسیدا گرت .

فتح اللەعەر

ئەکتەرێکی کۆمیدیە

کەمال سەعدی

ئامادەی‌کردوە

ئەکتەرێکی ناسراوی شاری هەولێرە ، لە سەرەتای شەستەکانەوە رێبازی خۆنواندنی لە شانۆکەریدا دەستنیشان کردوە کە لەو رێگایەوە خزمەتی گەلەکەی بکاتو تائیستا بەردەوام بەیرەوی ئەکات .. ئەیەوێ لەناو بەهرەو توانای هونەریدا واقیعی گەلەکەی نیشان بدانەوە .. ئیستا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیە لە هەولێر .

لە یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردیدا خۆی بە گەلێك لە هونەرمەندو هونەردۆستان ناساند ..

لە چاوپێکەوتنێکا بەر لە چاکوچۆنکردن لیمان پرسی :

● **چۆن لە جولاندنەوەی نواندن ئەگەی لەم قۆناغەدا ؟**

- هونەری نواندن لە گەشەکردنێکی تەواودایە وەکو هەموو لقەکانی تری هونەر بەرەو پێشکەوتن ئەڕوات ..

● **چۆن ئەم هونەرە پێش ئەکەوێ ؟**

- پێویستە یانەیەك دروست بکرێ بۆ هونەرمەندان بۆ ئەوەی توانای هونەری هونەرمەندەکانمان لەم رێگاوە یەکانگیربن‌و ئەمە بێتە دەبەستو دەگەڕان بە دوای بناغەیەك بۆ دامەزراندنی یەکێتی هونەرمەندان کە لە مێژە بیری لێکراوەتەوە .

● **یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لەم بارەیەوە هیچ شتێکی داوا نەکردوە ؟**

- هونەرمەندان لە هەمو سوچێکەوە بەشداریان لە میهرەجانەکەدا کردبو ، ئەو شوێنەش کە تیایا یەکانگیربوبون شوێنی نواندنی چالاکی‌یەکانیان بو .. ئەمە ئەوەی سەلماند کە یەکێتیو کۆبونەوەی هونەرمەندان پێویستەو بایەخی هەیە .

● **لە چەند شوێن‌و شانۆدا دەورت بینیوە ؟**

- لە سەر شانۆکانی شاری هەولیرو سلێمانیو دهۆك‌و شەقلاوەو چۆمان‌و زۆر شوێنی‌تر بەشداریم کردوە .

● **دوا ئاواتت ؟**

- سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاری‌ئەکەم ماوەی دەربڕینی ئەم چەند وشەی دام ..

Institut Kurde de Paris

ئاگادار بە: چێشتی عێراق



نابێت سەرت سوربمێنی لەوەی ئەگەر پسزیشک پێتی وت پێویستیت بە فیتامینانە!! ئەگەرچی هەمو رۆژی زیاد لە دوو ژەم خواردەمەنی بخویت ! ئەوش راستی بەکە ئاو لیل ناکات و خەتاش لە خۆتەوەیە ! چۆن ؟ چێشت لێنان لەم ولاتەدا زۆر گەرم ئەکرێت و زۆربش ئەکولێنرێت لە مانەوە کاتی چێشت لێ ئەنرێت خواردەمەنێکە ئەگەر پێش لێنانی ١٠ فیتامینی تیادابێت ، دوای لێنانی تەنیا فیتامینێک یا هەر فیتامینی تیادا نامێنێتەوە !!

بلام تۆ بڵێی ئەم کارە بەم چەشنە بەردەوام بێت ؟ درامی ئەم بڕسیارە لەوانەیە لە خوێندنگای خواردەمەنی نیشتمانی جنگمان بکەوێت ، لەو خوێندنگایەدا شارەزایان خەریکی سازکردنی ئەخشەیەکن بۆ چاک کردنی جوری خواردەمەنی و شێوەی لێنانی ..

چێشت لێنان و .. خرابی خواردەمەنی ..

بەڕێز دکتۆر ریاض الشاوی بەڕێوبەری خوێندنگاکە ئەڵێت : ئەزانی و ئاشنیتی کەیبانوکان وا لە خواردەمەنی ئەکات کە کەلکی لێوەرنەگیرێت بەوەی ئەوەندە چێشت ئەکولێنن تا فیتامینانەکانی تیانامێنێتەو کەلکی لێ ئەبڕێت !

● چ جیاوازیەک لە نیوان خواردەمەنی ولاتی ئیمەداو دراوسێکانماندا هەیە ؟ چێشتی ئەم ولاتانە هەموی لە جوغزی خواردەمەنی رۆژهەڵ گیدان و زیاتر بایەخ بە نیشاستەکەری و رۆن و بەهارات ئەدەن بە پێچەوانەی خواردەمەنی رۆژئاوایی کە بایەخ بە پروتینات و زولالیات و سەوزەوات ئەدات .

● **بە فیرودان چ کارێک ئەکاتە سەر ئابوریمان ؟**

دکتۆر مارسیل جۆگری بەڕێوبەری خوێندنگاکە سەبارەت بە فیرودان و لە کیس چونی زوربەی فیتامینانی ناو خواردەمەنی یەوە دواوەو وتویەتی : (ئەو کارە زیانێکی گەورەی بۆ سەر ئابوریمان هەیە .. وە ئەو کارە رویەکی ناجایزی ئابوریمان ئەنوێنێت) .

● **دەوری خوێندنگاکە لە چارەسەری ئەوروداوەدا ؟**

خوێندنگاکە ئەخشەیەکی تیروتەسەلی سەبارەت روی ئەو بە فیرودانی خەسارە خستنەی خواردەمەنی یە ئەم ولاتە ئامادە کردووە . لەو ئەخشە یەدا بڵەی بە فیرودانی شەکر دەست نیشان کراوە . بە گوێرەی ئەو ئەخشەیە ئەوە دەرکەوتوە کە لە هەر پیالە چایەکدا نزیکەی ٨ غرام شەکر بە فیرو ئەدرێت .. وانە ئێمە ١٥ غرام شەکر لەباتی ٧ غرام ئەکینە پیالەیەک چای یەوە .. بەوپی یە ئەوە دەرکەوتوە کە سالی نزیکەی بای ملیونێک دینار شەکر بە فیرۆ ئەدەین . هەروەها خوێندنگاکە ئەخشەیەکی تری بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بزانێت چەند فیتامین لە چێشت لێنانی ئەم ولاتەدا بە فیرو ئەدرێت ئەم سەرژمێرو ئەخشەیە هەمو خوارەمەنێکانی ئەم ولاتە ئەگرێتەوە . هەروەها سەرژمێریکی تر بەدەستەوەیە بۆ دەست نیشان کردنی بە فیرۆدانی سەمونو هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەوکارە لە رێگای داهێنانو دروست کردنی جۆرە سەموونێکەوە کە ئەوەندەی پێستای لێ بە فیرو نەچێت .

● **چۆن بە نرخێکی هەرزان خواردەمەنیەکی چاک ئەخوێت ؟**

بەگوێرەی لێکولینەوەی خوێندنگاکە .. ئەو خواردەمەنیانەی کە ئەیان خویت ئاکو کەلکێکی تەواویان لێوەرگریت پێویستە هەمە جۆرە لەو عونسوری خواردەمەنیانەی تیادابێت کە لەشی ئادەمیزاد پێویستی پیانە تا بەشێوەیەکی چاک بتوانی بە ئەرکی رۆژانەی خۆی هەستێتو جێبەجیان بکات .. چاکی جۆری خواردەمەنی بەندنی یە بە زۆری و کەمیەوە یا بە گرانی و هەرزانی یەوە ، لە بازاڕەکاندا زۆر کەرەت خواردنی زۆر چاک و بە کەلک بە نرخێکی هەرزان ئەفرۆشرێت و هەمو کەسێک ئەتوانی بیکرێت و دەست هەمو کەسێک ئەکەوێت ... جۆری خواردەمەنی ئەکرێت بە پێنج بەشەوە .. یەش یەکەم بڕێتی یە لە شیرو شمیرەمەنی ئەم جۆرە خواردەمەنیانە ماددەی کالسیومیان تیادایە کە ئەم ماددەیە یە ئیسقانی لەش و ددان بەهێز ئەکات و بۆی بەروەردە ئەبێ هەروەها ئەم خواردەمەنیانە ماددەی زولالیان تیادایە ئەم ماددەیە هەمو جورە شانەیەکی لەشی ئادەمیزادی پێ بەروەردە ئەبێت

جۆری دووهەم .. بڕێتی یە لە گوشت .. هەمو جۆرە گۆشتێ .. هەر وەها بڕێتی یە لە هیلکەو دانەویلەی وەک نیسک و نۆک و باقلەو ماش و ماشەسمی و هەمو ئەم جۆرە خواردەمەنیانە ماددەی زولالیان تیادایە .. ئەشتوانین لە باتی گوشت ئەم جۆرە دانەویلانە بخوین چونکە زۆرە و هەرزانیشە ... بەلام جۆری سێهەم .. ئەو خواردەمەنیانە ئەگرێتەوە کە چەورایی زۆر تیایە وەک کەرەو رۆن و زەیت و ماکرین .. ئەم خواردەمەنیانە سەرچاوەی گەرمایی لەشمن . وەک بە تاقی کردنەوە دەرکەوتوە رۆنی گۆگیا لە رونی ئاژەڵ و مەرومالات بۆ خواردن باشترە .. جۆری چوارەم ئەو خواردەمەنیانەن کە نیشاستەو شیرینیان تیادایە .. وەک نان و ساوەرو برنجو مەکەرۆنی و هەرشتەو مورەباو مەکولو دۆشاو خورماو شەکر

● **خواردەمەنی چۆن هەڵدەگرین ؟**

دکتۆر شاوی لەو بارەیەوە ئەڵێت : باشترین رێگای خواردەمەنی هەڵگرتن ئەوەیە کە ئەو خواردەمەنی یە لە جێگایەکدا هەڵبگیرێت کە بی بەستێ ، چونکە بەو چەشنە تامو بۆنو بەرامەی خواردەمەنیکە ناروات .. بەمەرجێک بزانین چۆن ئەو خواردەمەنی یە ئەپێچینەوەو هەڵی ئەگرین .. وە ئەم رێگایە بو چێشتیش دەست ئەدات .. وا چاکە ئەو خواردەمەنی یەی بەم جۆرە هەڵدەگیرین بەهارات و خوێی کەم بێت و باشتر وایە کە پێش بەستنیان ساردکرینەوە ، وە ئەو چێشتەی دوای بەستنی گەرم کرایەوە جارێکی تر هەڵنەگیرێتەوە ..

سەبارەت بەوەی بۆ ماوەی چەند ئەتوانین خواردەمەنی هەڵگرین .. دکتۆر شاوی لەو بارەیەوە ئەڵێت : گوشت و مریشک دەتوانین تا سالێک هەڵبگیرین بەلام مراوی و قازلە ٦ ـ ٩ مانگ بەلام ماسی و هیلکەو کەرە ئەتوانین تا ٦ مانگ هەڵبان گرین هەروەها روبیان و سوسح ئەتوانین بە بەستەڵەکی تا ٣ مانگ هەڵگرین .. لە کۆتایدا خیزانی عیراقی چەند ئەتوانی پەیرەوی ئەم ئامۆژگاریانە بکات بەتایبەتی لە لێنانی چێشت و هەڵگرتن و پارێزگاری خواردەمەنیدا .. ئەگەر پەیروی ئەم ئامۆژگاریانە بکەین و لەسەری بڕوین بێگومان قازانجێکی گەورە ئەکەوینو خۆمان لە زۆر نەخۆشی ئەپارێزین و تەندروستیەکی بەتین و چاک

دیاردەیەکی ناپەوای کۆمەڵایەتی

پێشکەوتن و گۆڕان و گۆڕین سروشتێکی ئاسایی مرۆڤە ، جا ئەو پێشکەوتنەچ پێشکەوتنی تەکنیکی و تەکنۆلۆجیایێ وە چ پێشکەوتنی مرۆڤ لە ئەنجامی گۆڕانی بیر بینت ، گۆڕانیش هەروەهاخۆی شت ئەگۆڕێ .. بێگومان گۆڕانی ئەم سەردەمەیە زۆری هەر بەرە وباشتر ئەچێ ، بەلام پێشکەوتنی شارستانیتی شتێک نیە بە دەستەوەبێتو هەرشوێنکیت ئەوێ لێی دای بنێی . بەلکو شارستانیتی خۆ ئامادەبونێکی تەواوی ناوەرۆکو رواڵەتی مرۆڤی ئەوێ .

بوخۆمان پەیدا ئەکەین .

ئەو دیاردەیەی کە باسی ئەم هەفتەیەمانە ، دیاردەیەکە کە زۆر جار باسی کراوە ، ئەك هەر ئێستا بەڵکو لە مێژە باس ئەکرێ ، تەنانەت ئەو کاتەی کە باسی کراوە من هێشتا لە دایك نەبوبوم . وە بیورن لێرەدا من خۆم بە منال دانانێم بەڵکو مەبەستم هۆشیاری و روشنبیری نوسەرەکانمانە کە لە زوەوە هەستیان بەم دیاردە ناپەوایە کردوە .

ئەم دیاردەیە هەر چەند هەمو رۆژ بۆ چەند جار کە چاووم پێی ئەکەوێ دڵم گران ئەکا ، چونکە ئەزانم ئەوانە چ ناخۆشیەکی بنوە ئەبینن ، دوای ئەوەی خۆم بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەو ئەرکە گرانەم کێشاوە .. بەلام ئەم رووداوەی کە لە گەلم رویدا هانی دام بۆ ئەوەی جارێکی تر دژی ئەم دیاردە ناهەمواره رابوەستین.

کات زەردەپەڕی ئێوارە بوو لەم رۆژانەدا لە گەل خوشکم لە مال دەرچوین و چوین بۆ سەردانی یەکێك لە هاوڕێکانمان .. ئەوەندە سەرنجی ئەم لاو ئەولامان نە ئەدا لە رێگاکەدا وە باسی ئیش و کارو رووداوەکانی ئەو رۆژەمان ئەکرد . لە ناکاو ئافرەتێك بە رەوروی ئێمەوە هات ، خۆی لە عەبایەکی رەشەوە پیچا بۆوەو لە بەر ئەوەی نەمناسیەوە بە سواردیەکەوە چاکو چۆنیمان لە گەلا کرد ، هەر چەند ئەو ژانی کە لە بەر ئەوەی یەچەی داداوەتەوە بۆیە ئێمە نایناسینەوە ، بەلام بێ ئەوەی خۆیمان پێ بناسینەوە دەستی کرد بە گلەیی کردن و دڵی تەنگ کردین .

خوێنەری بەڕێز ..

ئێستا کە ئەم باسەت بۆ ئەگێرمەوە زۆر بەشتێکی ئاسان وەری ئەگری بەلام گومانت لە قسەکانم نەبێ ئەگەر پێت بڵێم زۆر روداوی جەرگبڕ بە هۆی ئەم ئەم ئەناسینەوەیە روی داوە .

لێرەدا من چارەسەر نادۆزمەوە بەڵکو تەنیا ئەوە ئەڵێم خۆزگە ئەو پیاوانەی کەوا حەز ئەکەن ژنانو کچانیان عەبا بپۆشن خۆشیان رۆژێك تەنیا بۆ ماوەی سەعاتێك لەبەر گەرمای تیشکی رۆژی هاوینو قورو چلپاوی زستان عەبا بپۆشن ئەوسا دەردی ژنی بە عەبا ئەزانن .

بەلام گوناهی ئەم کارە لە ئەستۆی خوشکانە ... چونکە خۆیان بەوە رازین عەبا بپۆشن کە ئەمەش دیاردەیەکی باشکەوتوانەی کۆمەڵو دروشمی قۆناغێکی رابوردوی چەوساندنەوەو دەست بەسەرا گرتنی ئافرەتە لە لایەن پیاوانو کە سوکاریانەوە .

ـ بەشارەت ـ

پاشماوەی : باڕۆڵەکە .....

مەرجیکی بە پێزی کورتە چیروکی هونەری تیا بەدی ناکات ، بەلام بە پێچەوانەی جارانەوە ئەو سەرکەوتنەی دوکتۆر ـ لەم نووسینەدا بە دەستی هیناوە تەنها هەڵە نەکردنی ریزمانە .. ئەمەو زور چیروکی تری ئەم دوایەی دوکتۆر ـ نیشانی ئەدەن کە لە ـ دوکتۆر ـ وەرسن و ئەیانەوێ دەست لە کەولیان هەڵبگرێ ! کەچی ـ دوکتۆر ـ دەسپەرداریان نابێت !!.

● **بە چارەکی ئەوشمارەی مەحەمەد مەولوود دەست ئابین !**

ئەم چیروك نووسینە (مەم) وەك زۆری تر لە چیروك نووسەکان ، کەلێن بەرهەمی لە باوەشی ئەدەبی کوردی خزاندووە ، هەندیکیان هەر خزاندنو بەس ، هەندیکیان ئایاب . (مەم) لە سەرەتا نووسینیا بە شیوازیکی ساکارو لە شیوەی ـ مۆباسان ـیدا کە هاتە ئاراوەو چیروکی (بەنجا فلس)و (قینی لیم بوو)ی لە لایەن ئیتر بالای بۆ نەکێشا ، لەم سالانەی دوایشا (مەم) لە پاش هەموو ئەو تاقی کردنەوەی ژیانی چیروك نووسینەی هەیەتی شوین جارەکێ ئەفسانە و تەقلید کردنی هەندێ نووسەری بیگانە کەوتووە کە خۆی بێ لە قەست داوە ، لە کاتیکدا من وەکو نووسینی ـ عاجیاتی ـ هەشتەم ـ بە چیروك دابنێم و رەمزو هێمای (فەیلەسوفە کیرەکە ، مریشکەکە ، لەم سەر شیوانە زیاتر لە سەرکەوتوو نی یەو وەك خوی بیا هەڵواسی بیت وایە . هەموو چیروکەکانی ـ ئەڵەمان کوردی ـ حەوت هەشت سال لەمەوبەر ئەوەی ئەشیاوە لەم چیروکەی دکتۆر دا بەکار هینانی دوو شیوە ـ الهجە ـ زمانە لە نووسینی چیروکدا کە رەنگە دکتۆر وا خەیال بکات واقیعی یەت وا پیشان ئەدرێ جگە لەوەی ئەو سەرنجانەی ـ دکتۆر مارف ـ بۆ ئەم کۆمەڵە چیروکەی داناوە نیشانی ئەدا کە ـ دکتور مارف ـ وا ئەزانێ هەر ئەدەبەکەی جارانە بە ئارەزووی خوی شەنو کەوی تیا بکات . لە کاتیکا ئەدەب مەسەلەیەکی هونەرو بیرە بەشەنو کەو کردن لە سەر بیرورایە ئەك لەسەر فۆرم . جونکە بیرورا ئەبێتە ناوەرۆکو فۆرم دیاری ئەکات . بە هەر دووکیان هونە لە پەرز یز

بەم ورد بوونەوەیە لە چیروکەکانی ـ چیروکی هەڵبژاردە ـ ئەگەینە ئەوەی بڵێین :

چیروکی چیروك نووسەکان لە خزمەتی ئازارو ئەشکەنجەی مروڤی کوردا نی یە بەڵکو خەیاڵیکی ناو مەیخانەیە و چاخانەکانە ، بەمە کورتە چیروکی کوردی لە ریگادا جەقیوەو پیوستی بە تەکانو شارازایی هونەرمەندان هەیە زەك چولەکە پاساری !..

پاشماوەی : کاودیا کاردینالی

من دوسێ ساڵە دوچاری گیروگرفتێکی زۆر بووم ، هەمو ئەو دەورانەم دا هەواو کە بۆ منیان پێشنیار کردوو، من ئەمەوێ دەورێك ببینمو بچمە قەوارەی کەسانی وەهاوە کە لەناو دەرونیاا بتوبمەوەو نیشانی چەماوەری بدەم .

لەمەوبەر هیچ بایەختك بەسیاسەت نەئەدا ، وەهام ئەزانی کە پێویستم بە ئەوی نیەو نامەوێ ، بەلام ئیستا لەو کاتەوە کە پیر لە مەسەلەی ئافرەت ئەکەمەوە لە کۆمەڵە کەمانا ، هەڵویستم بەرامبەر بە سیاسەت گۆڕا

ئەوە چیرۆکە قازانجی کەی دەکات ؟

ئەوە چیرۆکە ئەوە دەکات کە ئەو کەسانە کە ئەو چیرۆکە ئەنوسن ،

بە یارمەتی ئێوە !

● گۆناهکار نابم ئەگەر بڵێم : دزینی سۆزو عاتیفە بەتەلەکە بازیو فرسەت لێهێنانی (مەعنەوی) ، دوو دیاردەی ئاشکرای پەیوەندیی کۆمەڵایەتین لە نێوان هەندێکماندا ، ئەمە وەك رەبازێکی گشتیی بنیات نراو سەر ئەوەی پێی دەوترێ « دوو روو . کۆمەڵایەتی » .

● هەن تا رادەی ناز کردن هەر داوا دەکەنو کەچی هەندێ جار هەر نارازیشن ...

هەشن بەنیازی یاریدەدانو ئەنجامی گەرمو گوڕی سۆزو عاتیفەی رۆژهەڵاتییان کەلێن زۆر دەبەخشن .

● جا هەستی هۆگریو خۆشەویستی کە لە دڵو دەروونی هەندێکماندایە ، دەبێتە بەهێزترین چەکێ کە ئەو دزە تەڵەکە بازانە بەکاری دێنن . ئەوانە هەرچی لاوازیو بووەدەئەیی و خۆپەرستنێکیان تێدایە دەیهاوێنە سەر شانی ئەو کەسەی دەس پێشکەری یەکی یاریدەدانو هاوکاریو دەستێزی لێدەردەکەوێ .

● ئەم بابەتە پەیوەندیی یە دەبێتە هۆی تەمەلیو تەوەزەلی کەلن کەس ، بگرە دەبێتە هۆی نەگریسیو کەندەلیان . جگە لەوەی کە هێزو توانای کەسانێکی تر بەنیرۆ دەبات .

● ئەم بابەتە لای ئێمە وەك بەشێك لە کۆمەڵگای جیهانی سێهەم کە بوودەلەیی و خۆپەرستیو چاوچنۆکی بۆ مادەو بۆ سۆزو عاتیفەی تیا باوە ، نەخۆشیەکەو دووچاری بووین .

● ئەو نەریتانەی ئەم بابەتە رەووشتەدرووست دەکەن ، دەبنە کۆسپ لە ریگای تەقەلادانی کارکردن و بەرهەم هێنانی سوود بەخشیو ماوە لە گەشە سەندنو خستیو پتەوی کۆمەڵایەتی دەبڕن .

● لە ئەنجامدا ئەمو نەریتانەو ئەم رەووشتەی دەیچەسپێنن ، دەبنە کۆسپو کەند لە ریگای پێشکەوتنو بیناکردندا بەگشتی .

ئاخۆ تێدەگەین و چاودەکەینەوە ؟!.

– عەثمان محمد فائق –

مێشکی ئەلکترۆنی بەختت ئەخوێنێتەوە



تازەترین بەرهەمی زانیاری ئەمرو چەندجۆرێك ژمیارداری ئەلەکترۆنییە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە .. ئەم ئالەتە لە توانایدا هەیە رۆژی لە دایك بونی مرۆڤو چاکترین رۆژ بۆ چالاکیو جموجۆڵو بیرکردنەوەو هەمنی دەروونی دەست نیشاکات .. زورەی ئۆفارە زانستییەکانی دنیا بابەخیان بەم داهێنراوە داوەو پێشکەشی خوێنەرانیان کردوە .. ریکی تەپەکردن (ایقاع) سیفەتکی ژیانە جا ئەو ژیانە لە بزوتنەودی ئەنزیمەکانی لەشەوە بیگرین یا گەورەبونی لەشو خەوتنو بەخەبەرهاتن ئەمانە گۆرانکی رۆژانەن ، بەلام هەندی شتی تر وەك زاوزێ کردنو گەرمیانو کیوستان کردنی هەندی پەلەورو باڵندە ئەمانە گۆرانکی ساڵانەنو خۆر دەورکی گرنگی لە چەسپاندنی ئەم کارانەدا هەیە هەندیەك لەم ایقاعانە پەیوەندیان بە مانگیشەوە هەیە ..

وەك سەرنج دراوە مرۆڤ جوڵانی ناودودو دەردەو کاریان تیئەکاتو ئەو کارتێ کردنە بێئەوترێت ئیقاعێکی زیندو . ئەم ئیقاعانە دەکرێن بە سێ بەشەوەو بە شێوەیەکی رێکوپێك لە رۆژی لە دایك بونی مرۆڤەوە تا رۆژی گۆڕایی ئەو کەس سێ جار دوبارە دەبێتەوە .. درێژی ئەم دەورانەش هەرێکە بە جۆرێك کورتو درێژ کەوتوە .. کورتو درێژیەکی تایبەتی هەیە .. ئەم رۆژانە نیوان برێتین لە رۆژێکی چاك و ئەو نیوەیتری رۆژانی خراپ لە نیوان رۆژی چاکو خرابدا رۆژێك هەیە کە بێی ئەوترێت رۆژی سەرسورمان.

چەند جورێك ژمیریاری ئەلەکترونی هەیە کە بەیوەندیان بە لە دایك بونی مرۆڤەوە هەیەو شوێنی مرۆڤ سەبارەت بەو گۆڕانانە دەست نیشان ئەکەن .. سەبارەت ئەم ژمیریارانە زۆرلە رۆژنامەو گۆفارە راستەوخۆکانی زانیاری لە سەری نوسیون ، یەکێك لەو گۆفارانەی لە سەر ئەو جۆرە ژمیریارانەی نوسیوە گۆفاری زانستی ئینگلیزییە.

بەلام ئایا چ کەلێك لەو دەورەو ئیقاعاتانە وەردەگرین .. بێگومان ئەوە دەست نیشان کردنی بەخت نییە یا باسەکە وەك قەزاوقەدەر وەرگرێت .. بەلکو ئەو هەڵبژاردنی ئەو رۆژیە کە دەست ئەدات ئەو کارەی تیا بکەیت کە نیازتە جێبەجێ بکەیت بۆ نمونە ئەگەر کەسێك هونەرمەند بو یا شاعیر یا نوسەرێك و ئیلهامی بۆ نەهات چاك وایە زۆر لە خۆی نەکاتو واز لە ماندو کردنی خۆی بێنیت بەوەوە کە توانای داهێنانی نەماوە ،

ڕەی شیعرو گۆرانی ئەڵێت ..

گۆرانی کوردی

جوانیەکی تایبەتی خۆی هەیە

ڕەسول بێزار گەردی (فەوزیە حەسەن)و هەندێکی شاعیرو هونەرمەندکە خەڵکی هەولێرەو بەدەگمەن رەفەکانی تومارکەی دەنگ ، ئەر لە ئیزگەو تەلەفزیۆن یان لە دوکانەکانی دەنگ تۆمار کردن یان لەو ماڵانەی حەزیان لە گۆرانیی کوردییە ، دەنگو گۆرانیو هەتاراوە بەگۆرانی کراوەکانی ئەوی تیدا نەبێت .

لەگەل – گەردی – دا ، دانیشتنێکمان پێك هێنا .. دانیشتنێکی دۆستانەو گفتو گۆیەکی راستەو ڕەوان دەربارەی دەست پێکردنی و سەرەتای گۆرانی وتنیو بەرهەمە شیعریەکانیو دەربارەی فۆلکلۆر لە گۆرانیی کوردیدا .

– گەردی – دەڵێت :

لەسەرەتاوە کە لەسەر تەختەی خوێندنەوە دەستی پێکرد ، لە ڕۆژانی بەرز کردنەوەی ئالاداو لە نێوان قوتابیە سرودبێژەکانا دەنگێکی جیاوازم هەبوو وورده وورده بووم بە یەکەم سرود بێژی قوتابخانە ، بۆیە ڕووم کردە گۆرانیی گۆرانیبێژە گەورەکان بەم کارەم توانیم بەرێك وبێکی سەرکەوتووانە گۆرانیەکانیان بڵێمەوە .. ئەمە وای کردە خەڵکی دەربارەی دەنگم بدوێنو ناوم دەنگی دایەوە .

● لەگەل ئیزەگەی رۆژئاری ئەوسادا ●

لە ساڵی ١٩٤٧دا بۆ یەکەم جار بێم نایە ئیزگەی کوردی کە بە ئەوبەری هاندانو دەست گرتنەوە یارمەتیی دام ، لەم ساڵەدا یەکەم مەقامم لە مایکرۆفونی رادیۆزە بڵاو کرایەوەو گوێی لێگیرا ، لە دوای ئەوە چەند گۆرانییەکی وەکوو کیژۆلە ئەسمەری و خانم خانمو هەوری لارم تۆمارکرد لە چەند ئاهەنگێکی ناوبەناوی ئیزەگەدا شان بەشانی هونەرمەندە بە ناو بانگەکان وەك (عەلی مەردان)و (تایەر و (ئەحمەد مەحموود) وخۆیانا هەڵگرتبوو .

دەربیرێت بەرامبەر ڕۆژبەی هونەرمەندە بەناوبانگەکان ئەوانەی کاریان کردووەتە سەر چێژو تام وەرگرتنی جەماوەری گۆرانیی عێراقی ئەو هونەرمەندانە ئەمانەن : محمد قوربانچی ، نظم غەزالی ، داخل حەسەنو هەندێکی تر .

● گەردی شاعیر ●

دەربارەی شیعریش لەزیانی هونەریدا ڕەسول گەردی لەسەری دەڕوات و دەڵێت : تا وەکوو ئێستا چوار دیوانم لە چاپداوە زۆربەی ئەو هۆنراوانەی لە ساڵانی ١٩٥٤ – ١٩٧٦ ووتوومن تێیدایە ، ئێستاش دیوانی پێنجەم بەڕێوەیە بەم زووانە دەکەوێتە بازاڕەوە چەند هۆنراوەیەکی نوێی نیشتمانیو دلداریو فۆلکلۆری تێدایە .

دەربارەی دوایەمین شتی لە ئیزگەدا وتی کە لەم ڕۆژانەدا گۆرانیی « سوێند دەخۆم » و « خۆی نافرۆشن بەزێری » ی لە ئیزگەی کوردی تومار کردووە .

– فاضل محمد –

خوێنەوەی ڕوو

– بەشی پێنجەم –

● ناوچەوان

ناوچەوانیش ئاوێنەیەکی تری ناوەوەی خاوەنەکەیەتیو لە گەل باری دەروونی ئەو کەسەدا ئەگۆڕێت ، بەلام جگە لەم گۆڕانەشی هەندێ نیشانەی گشتی لە گەل خۆیدا هەڵئەگرێ .

بپاوی ناوچەوان بەرزوپان خاوەنتوانای بیرکردنەوەیەکی زۆرە ، بەلام ئەبێ بەشەکانی تری ڕوو لە بیرنەکەین،چونکە « دیکارت » ناوچەوانێکی بچووك نزمی هەبوو بەلام چاوو لووتیئیشانەی زیرەکیو بیر فراوانییان لە گەل ناوچەوانی بێلۆچ نیشانەی سادەیو دڵپاکیە ، بەلام هەندێ لە ناوچەوانی هەندێ نیشانەی توانای خۆگۆڕین لەسەر یەك بارەکان بیر نەوەستانە . خۆ ئەگەر ناوچەوانەکە چڕو لۆچ بوو ڕووڕەی خۆ نەگرتنو بەشۆکاویە ، ئەگەر ناوچەوان تەنك بوو خاوەنەکەی بەوەفایە .

ناوچەوانی قژقز لەلای کورد نیشانەی بێرزقیە بە تایبەتی لە منالدا .

خۆ ئەگەر ئەم لاوئەولای ناوچەوان بەرزو دیاربوو ئەوا نیشانەی گیانباریو خۆ فڕیدانە ناو چەرمەسەرئیە .

کلودیا کاردینالی

ئەگەر لە جیهانی سەرمایەداری داجوان نەبی ئەوا ناوت لە ئەریانا ئەکوژێتەوە

کلودیا کاردینالی کچە ئەکتەرێکی ماوەیەکی زۆرە بەشداری جوڵانەوەی ئافرەتانی ئیتالیای کردوە ،وەبەیەکك لە پیشکەوتنخوازە بەرزەکانی دانەنرێ .

گۆفاری (بایزاسیرا) گیانمیان پشکنی ، هیچ ئەنجامی چاوپێکەوتنێکی بەدورو درێژی لەگەل ئەم ئافرەتە هونەرمەندە دا بڵاو کردۆتەوە ئێمەش هەندێکی لێبڵاو ئەکەینەوە :

لەسەرەتاوە ، یەکەم جار کەچومە ناو جیهانی سینەماوە هەستم بەوە ئەکرد کە بومەتە مرۆڤێکی تەواو ،بەلکو هەروام ئەزانی شتێکمو بەس ، دێتەیادم کە لە یەکێك لە کومپانیا سینەمایەکانی ئەمەریکا بردمیانە ژورێکەوە خەڵکێکی زۆری تیابوو ، لە ناچمەوە تاکو سەرم هەمو بەناوبانگەو کۆمەڵایەتی ئەندامە کە ئەوەی کە ئەکرا بەرامبەر ئەو کەسان